# بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا

هەواڵنامەی کتێب

میران جەلال محەمەد

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

**هەرێمی کوردستان**

**سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران**

**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**


- ناوی کتێب: بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا
- نووسەر: میران جەلال محەمەد
- پیتچنین: نووسەر
- دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی
- بەرگ: رەنج شوکری
- ژمارەی سپاردن: ١٣٣٥/ ساڵی٢٠٠٩
- چاپخانە: رەنج/ سلێمانی
- تیراژ:١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- زنجیرە: ٣٣


هەواڵنامەی کتێب


مەڵبەندی کوردۆلۆجی

ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، کۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥

تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣

www.kurdology.com

kteb@kurdology.com

# ناوەڕۆک


| بابەت | لا |
|---|---|
| **پێشەکی** | ٧ |
| **بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆریی بۆ رووداو** | ١١ |
| رووداو | ١٣ |
| پێگەو گرنگیی رووداو لەرۆماندا | ١٦ |
| پەیوەندی رووداو بەرەگەزەکانی دیکەی رۆمانی (کەسێتیی، شوێن، کات)ەوە | ٣٤ |
| جیاوازیی نێوان رووداوی رۆمانو رووداوی مێژوویی | ٤٨ |
| **بەشی دووەم: بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا** | ٥٧ |
| **چەمکی بنیات** | ٥٩ |
| یەکەم: بنیاتی شوێنکەوتە | ٦٦ |
| دووەم: بنیاتی تێهەڵکێش | ٨٦ |
| سێیەم: بنیاتی هاوسەنگ | ١٠٧ |
| چوارەم: بنیاتی بازنەیی | ١٢٤ |
| **بەشی سێیەم: شێوازەکانی گێڕانەوەی رووداو لە رۆمانی کوردیدا** | ١٥٣ |
| **چەمکی گێڕانەوە** | ١٥٥ |
| یەکەم: گێڕانەوەی بابەتیی | ١٥٨ |
| دووەم: گێڕانەوەی خودیی | ١٦٧ |
| **ئە نجام** | ١٩٠ |
| **سەرچاوە** | ١٩٢ |
| **کورتەی باسەکە بەزمانی ئینگلیزی** | ٢٠٣ |


هەواڵنامەی کتێب

## لیستی هێما کورتکراوەکان

### یەکەم: ڕۆمانەکان:

پ. ك: ڕۆمانی پاشایان کوشت

ئە: ڕۆمانی ئەژدیها

ك. ك: ڕۆمانی کۆچڕەو.. کۆچڕەو

د. هە: ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا

پ. کا: ڕۆمانی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

بو: ڕۆمانی بوهژین

ئـ. پە: ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە

سە: ڕۆمانی سەگوەر

### دووەم: سەرچاوە جۆراوجۆرەکان

#### أ- کوردییەکان:

گ: گۆڤار

ژ: ژمارە

ب. س: بێ ساڵی چاپ

ب.ش: بێ شوێنی چاپ

ل: لاپەڕە

#### ب- عەرەبییەکان:

ت: ترجمة

ط: طبعة

م: مجلة

ع: عدد

د.م: دون مكان طبع

د. ت: دون تأريخ

ص: صفحة

پەڕتووکخانەی کتێب

# پێشەکی

## بابەتی توێژینەوەکە :

لە سەردەمی ئێستادا، یەکێك لەو بابەتانەی جێگای گرنگیی پێدانێکی گەورەی توێـژەرانو رەخنەگرانی ئەدەبە، توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیە لە ژانری رۆمان، چونکە بەدانپێدانانی خودی توێژەران، سەدەی بیستەم بە سەردەمی رۆمان* دادەنرێت، سەرەڕای بەرفراوانیی ژانرەکە لە رووی لە خۆگرتنی لایەنە فیکریی‌و هونەرییەکان، بە جۆرێك رۆمانی نوێ لە توانایدایە تایبەتمەندیی سەرجەم ژانرەکانی دیکە لە خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەم توێژینەوەیەشمان "بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا"، کە لە سێ بەشی سەرەکیی پێکهاتووە" بەشێکی تیۆریی‌و دوو بەشی پراکتیکیی، هەوڵێکە بۆ تیشکخستنەسەر "رەگەزی رووداو ــ یەکێك لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی ژانری رۆمان" لە رۆمانە کوردییەکانی باشووری کوردستاندا.

## هەڵبژاردنی بابەتەکە :

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییەی ئەم بابەتە لە ئەدەبی کوردیدا هەیەتی، چونکە رۆمان لە ئەدەبەکەماندا" سەرەڕای نوێیی بەراورد بەژانرەکانی دیکە، گەیشتووەتە ئاستێك کە بە پێی سروشتی ئەدەبەکەمان تەواوی بنەماو تایبەتمەندییەکانی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوانەی تواناکانی خۆیان تەرخانکردووە بۆ توێژینەوەو لێدووان لە لایەنو رەگەزەکانی ئەم ژانرە، لە چەند هەوڵێك تێناپەڕن، بە تایبەتی کارکردن لەسەر "رەگەزی رووداو لە رۆمانی کوردیدا"، کە تائێستا توێژینەوەیەکی سەربەخۆی لەبارەوە نەکراوەو هەوڵێکی جدیی بەرچاوناکەوێت کە

---

* بڕوانە: زمن الرواية، جابر عصفور، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.

کارێکی ئەکادیمی لەبارەوە بەرهەم هێنابێت، ئەمەش هانیداین بابەتەکە بکەینە ناوەڕۆکی نامەکەمان، بەئامانجی بەشداریکردنێکی بچووک لەپڕکردنەوەی کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردیدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە :**

لە پێناو بیناکردنی پەیکەری توێژینەوەکەمان لەسەر بنەمایەکی زانستیی، پشتمان بەست بە پراکتیزەکردنی ئەو دابەشکرنە زانستییەی کە (فۆرمالیستە رووسەکان ــ ڕێبازی فۆرمالیزم) بۆ ڕەگەزی ڕووداو لە ڕۆماندا کردوویانە، واتە کارەکەمان دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی جۆری ئەو نەسەقانەیە کە ڕووداوەکانی ڕۆمانە کوردییەکانی باشووری کوردستانی لەسەر بنیات نراوە، بەڵام تەنها ڕێگایەکی پەسنکەرانەمان نەگرتووەتەبەر، بەڵکو ڕێڕەوێکی شیکارانەو تا ئەندازەیەك ڕەخنەگرانەمان پەیڕەوکردووەو لە کۆتایشدا لەو ڕۆڵە دوواوین کە بنیاتە جیاوازەکانی ڕووداوەکان دەیبینن لە بەرهەمهێنانی گوتاری دەقەکاندا.

هەواڵنامەی کتێب

**پرۆگرامی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکیی پێکهاتووە، بەشێکی تیۆریی‌و دوو بەشی پراکتیکیی.

بەشی یەکەم کە بەشێکی تیۆرییە، زیاتر تەرخانمان کردووە بۆ تیشکخستنەسەر دیارترین پێناسەو تێڕوانینەکانی توێژەران‌و ڕەخنەگران سەبارەت بە ڕەگەزی ڕووداو، دابەشمانکردووە بەسەر سێ پاردا.

لە پاری یەکەمدا کەپارێکی تیۆرییە، دیارترین ئەو پێناسانەمان خستووەتە ڕوو کە بۆ ڕەگەزی ڕووداو کراون لە دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا، لە پاری دووەمدا لە پێگەو گرنگیی ڕەگەزی ڕووداو دوواوین لە ڕۆماندا‌و پاشان تیشکمان خستووەتەسەر پەیوەندیی ئەو ڕەگەزە بە ڕەگەزەکانی دیکەی (کەس‌و شوێن‌و کات)ەوە، بە پێی پێویستیش نموونەی پراکتیکیمان خستووەتەڕوو، لە دوا پاریشدا لە جیاوازیی نێوان ڕووداوی ڕۆمان‌و ڕووداوی مێژوویيمان کۆڵیوەتەوە، بە هۆی نزیکیی ئەو دوو بابەتەوە لە یەکتری.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان، کە بەشێکی پراکتیکییەو ناوونیشانی نامەکەی هەڵگرتووە، تەرخانکردووە بۆ دەستنیشانکردنو پاشان توێژینەوە لەو نەسەقانەی رووداوەکانی رۆمانەکانی لەسەر بنیاتنراوە، بەسەر چوار پاردا دابەشمان کردووەو لە هەر پارێکدا لە بنیاتێك دوواوین، لە کۆتایشدا لەو گوتارە دوواوین کە بنیاتەکان بەرهەمی دەهێنن.

لە بەشی سێیەمدا" کە ئەویش بە هەمان شێوەی بەشی دووەم بەشێکی پراکتیکییە، لە رێی پراکتیزەکردنی ئەو دابەشکردنەی فۆرمالیستە رووسەکان کردوویانە، لە رۆڵو شێوازەکانی گێڕانەوەی رووداوەکانی رۆمانە کوردییەکانمان کۆڵیوەتەوە، ئەم بەشەشمان بەسەر سێ پاری سەرەکیدا دابەشکردووە:

لە پاری یەکەمدا تیشکمان خستووەتەسەر دیارترین ئەو پێناسانەی بۆ پرۆسەی گێڕانەوە کراون، پاشان لە رۆڵی گێڕانەوە دوواوین لە گواستنەوەی رووداوەکانی رۆماندا، لە پاری دووەمو سێیەمیشدا لە "گێڕانەوەی بابەتیی"و "گێڕانەوەی خودیی"و جۆرەکانیان دواوینو لەسەر رۆمانەکان پراکتیزەمان کردون.

**گرفتەکانی توێژینەوەکە:**

لە میانی کارکردنماندا لەسەر ئەم بابەتە رووبەڕووی چەند گرفتێك بووینەوە، بە تایبەت دروستبوونی ئەو پرسیارەی کە چۆنو لەسەر چ بنەمایەك رۆمانەکانمان هەڵبژاردووە؟ لێرەوە ئەوە رووندەکەینەوە کە دەقەکانمان بە پێی بنیاتەکان هەڵبژاردووە، نەك بە پێی رۆماننووسەکان یان وەرگرتنی ماوەیەك یاخود مێژوویەکی دیاریکراو، ئەمەش بوتە هۆی وەرنەگرتن یاخود هەندێك جار دووبارەبوونەوەی بەرهەمەکانی رۆماننووسێك، هەروەها بۆ هەر بنیاتێك یان پێوەرێك یەك رۆمانمان بە نموونە وەرگرتووە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

# دەروازەیەکی تیۆریی بۆ ڕووداو

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# دەروازەیەکی تیۆریی بۆ ڕووداو

## ڕووداو:

ڕووداو "کردارێکە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی هەیە"[1] یان "زنجیرەیەك (ڕاستیی - واقیع)ن لە ڕووی ئۆرگانییەوە پەیوەندیدارن بەیەکەوەو لە ڕێی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتاییەکەوە خۆیان دەنوێنن"[2]، یان بە پێی ئەو چەمکەی کە "ڕۆلان بارت ــ ١٩١٥ - ١٩٨٠" بۆی داڕشتووە "بریتییە لە کۆمەڵێك ئەرکی کارتێکراو لە لایەن هۆکارێك یان چەند هۆکارێکی تایبەتەوە"[3]، یەکێکە لەو ڕەگەزانەی لە پاڵ (کەسێتی *، کات، شوێن)دا ڕەگەزە هونەرییەکانی ڕۆمان پێك دەهێننو هەریەکەیان بەڕێژەیەكو بە پێی پێویستیی بەشداریی لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا دەکەن، بەڵام ئامادەیی بەردەوامی ڕەگەزی ڕووداو لە نێو ڕەگەزەکانی دیکەدا دیاردەیەکی هەستپێکراوو تێبینیکراوە، چونکە "سروشتی پەیوەندییەکانی کەسێتییە جۆراوجۆرەکانی نێو دەقی ڕۆمان، لە خۆشویستنو

---

1 هونەری شیعر (شیعرناسی)، ئەرەستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیو پێشەکیو پەراوێزی: عەزیز گەردی، خانەی چاپو پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٣٣.

2 المصطلح السردي (معجم المصطلحات)، جيرالد برنس، ت: عابد خزندار، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣، ص ١٩.

3 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

*بەگەڕانەوە بۆ واتا و یاسای بەکارهێنانی زاراوەکانی (کەس و کەسێتیی) لە فەرهەنگەکانی تایبەت بە بواری ئەدەب و زاراوە ئەدەبییەکاندا، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە بەکارهێنانی (کەسێتیی) دروستترە لە (کەس)، چونکە (کەس ــ شخص) بەرامبەرە بە (person)ی ئینگلیزی (مرۆڤ ــ human)، بەڵام (کەسێتیی ــ شخصية) بەرامبەرە بە (parsonage)ی فەرەنسیو هاوواتاکەی (character)ی ئینگلیزی، کە دەشێت لە هەمان کاتدا ئاماژەبن بە مرۆڤیشو ئاژەڵێکیش، بۆ نموونە دەشێت دەقێك مرۆڤیشو ئاژەڵیش ڕۆڵی تێدا ببینن، وەك ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)ی نووسەر (George Orwell)دا، کە ژمارەیەك ئاژەڵو مرۆڤ لە هەمان کاتدا ڕۆڵی تێدا دەبینن، یان نۆڤلێی (خەونی جاڵجاڵۆکەکان)ی شێرزاد حەسەن، کە نووسەر خۆی لە نێو چەند مێروویەکدا دەبینێتەوەو.

رقلێبوون، سەرکەوتن‌و شکستخواردن، لە دایك بوون‌و مردن، بزاوتن‌و وەستان‌و کڕین‌و فرۆشتن، سەرجەمیان هەڵچوونێك دەخوڵقێنن کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك رووداو لە دەقی رۆماندا"[1]، واتە سادەترین هەڵسوکەوتێك کە کەسێتییەکان دەینوێنن یان هەر چالاکی‌و کردارێك کە بەدرێژایی رێڕەوی بەرەوپێشچوونی رۆمانەکە ئەنجامیدەدەن، سەرەڕای "ململانێکانی نێوانیان بە هۆی پێگەو ئاستی کۆمەڵایەتییانەوە"[2]، لە پرۆسەیەکدا یەکدەگرنەوە کە ئەویش بەرهەمهێنانی رووداوێك یان زیاد لە رووداوێکە، چونکە رووداوە ئاساییەکانی دەرەوە" کاتێك لە چوارچێوەی دەقێکدا دادەڕێژرێنەوە، بە (کردار) گوزارشتیان لێدەکرێت، هەر چالاکییەکیش یان بزاوتنێکی کەسێتییەکان*و ئەو رووداوانەی دەیخوڵقێنن، یان دەبنە بەرکاری‌و شوێنەوارەکانی لە سەریان رەنگدەداتەوە، سەرەڕای ئەو دیاردەو رووداوە سروشتیی‌و ئاسمانییانەی لە دەرەوەی توانا‌و دەسەڵاتی کەسێتییەکاندا روودەدەن، هەموویان دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك رووداوی جۆراوجۆر.

لێدووان‌و توێژینەوە لە رووداو یان هەر رەگەزێکی سەرەکیی دیکەی رۆمان بەجیا کارێکی سانا نییە، چونکە پەیوەندی نێوان رەگەزەکانی رۆمان (رووداو، کات، شوێن، کەسێتیی) پەیوەندییەکی تەواوکارییەو لە رووکەشدا وەك یەك یەکە دەردەکەون،

---

[1] مکونات السرد في الرواية الفلسطينية (دراسة)، د. يوسف حطيني، من منشورات اتحاد الالكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩، ص ٤٩.

ئەوانیش وەك کاراکتەر رۆڵیان هەیە لە دەقەکەدا. هەروەها بەڵگەیەکی دیکەی دروستیی بەکارهێنانی (کەسێتیی) لە بری (کەس)، پەیوەستە بەو دەلالەتانەی ئەو دوو وشەیە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەیانە، چونکە "(کەس) ئاکار ـ تایبەتمەندیی مرۆڤو (کەسێتیی) ئەدگارە ـ واتە هەڵسوکەوتە"، کەسێتیی رۆمانیش هەڵسوکەت‌و چالاکییەکانی رۆڵی پێدەبەخشن.

بڕوانە: أ-Oxford French Minidictionary، (French – English، English - French)، edited by Oxford University، 2004، Oxford University Press p: 44، third edition،

ب- Animal farm، George Orwell، jungle pup، Hopkins، popper، Jocelyn، 2004، first edition ، الكتابخانة مللي ايران، اصفهان.

پ- خەونی جاڵجاڵۆکەکان‌و ژنێکی منگن، دوو نۆڤلێت، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

ت- ئاوەزداریی‌و رێزمانی ناوەرۆك ـ وابەستە، د. محەمەدی مەحوی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.

[2] النقد التطبيقي التحليلي، د. عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٦، ص ٨٢.

لەبەرئەوە جیاکردنەوەیان لە یەکتری بەتەنها لە ئاستی تیۆریدا دەبێت، بۆ نموونە رستەیەکی وەك (نامەیەکم بۆ هات)، ئەگەر بەرووکەش لێی بڕوانین، وەك یەك یەکەی پێکەوە گرێدراو هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا رستەیەکە هەموو رەگەزەکان تێیدا بەشدارنو دەتوانین لە رووی تیۆرییەوە بەم شێوەیە جیایان بکەینەوە:

١- رووداو: هاتنی نامەکە (ناردنی لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە).

٢- کات: رووداني کارەکە لە دەمێکی رابردوودا، دەمی کرداری (هات)، دەمی رابردووە.

٣- شوێن: لەم رستەیەدا راستەوخۆ هەست بە بوونی شوێنێکی کۆنکرێتی ناکرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئاماژەکانی شوێن بوونیان هەیە.

٤- کەسێتی: نامەکە کەسێکی نادیار بۆ (من)ی ناردووە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێگەو گرنگیی رووداو لە رۆماندا

بەدرێژایی مێژووی رەخنەی ئەدەبیی، ئەو تێڕوانین‌و توێژینەوانەی لە بواری دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا* ـ هەر لە ئەفسانەو داستان‌و چیرۆکە میللییەکانی سەردەمانی پێشینەوە تا دەگاتە ژانرە نوێیەکانی چیرۆك ـ بە فۆرم‌و ناوەڕۆك‌و جۆرە نوێیەکانی‌و سەرجەم جۆرەکانی رۆمان ـ بەرهەمهێنراون، کۆك‌و هاوڕان لەسەر گرنگی‌و پێویستیی بوونی (رووداو) لەو دەقانەدا وەك رەگەزێکی سەرەکی‌و پێیان وایە کە "رووداو بڕبڕەی پشتی رەگەزە هونەرییەکانی تری کەسێتیی، کات‌و شوێنە"[1] و "گرنگترین رەگەزە لە بنیاتی دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا."[2]

یەکەم کەسێك کە بەبایەخ‌و گرنگییەوە لە رووداوی کۆڵیبێتەوەو تێڕوانینەکانی خستبێتەڕوو، (ئەرستۆ ـ ٣٨٤-٣٢٢ پ.م)ە، چونکە ئەو بیرە رەخنەییانەی پێش (ئەرستۆ) بوونیان هەبووە، تەنها چەند بیرێکی ساکاربوون یاخود بە شێوەی گشتی پشتگیرییان لەو تیۆرییە نەکردووە، تێڕوانینەکانی (ئەفلاتوون)یش (کە دەیانگێڕێتەوە بۆ سوکرات) ناتوانرێت بکرێنە بنەما، چونکە:

---

* ئەم زاراوەیەم بەرامبەر بە (narration text) بەکارهێناوە، کە بە بۆچوونی بەڕێز (د. محەمەدی مەحوی) بەکارهێنانی دروستترە لە هەردوو زاراوەی (گێڕانەوەیی یان گێڕانەوەگەریی)، کە بە شێوەیەکی گشتی توێژەرانی دیکە لە توێژینەوەکانیاندا بەکاریانهێناوە، چونکە: (گێڕانەوەبەند) بە واتای دەقێك دێت کە بەپلەی یەکەم پشت دەبەستێت بە گێڕانەوە لە پرۆسەی بنیاتنانی دەقێکدا، بەڵام:

أ- گێڕانەوەیی ئاوەڵناوە.

ب- گێڕانەوەگەری: ناگونجێت بۆ هونەرێکی وەك رۆمان بەکاربهێنرێت، چونکە شێوازی دروستکردنی وشەکە دەچێتەوە سەر وشەکانی (مزگەر، ئاسنگەرو... تد)، کە بۆ ناونانی پرۆسەیەك بەکاردێن کە کانزایان تێدا بەکاردێت.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (د. محەمەدی مەحوی)، رێکەوتی ٢٠ – ٢ – ٢٠٠٨.

[1] تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، آمنة يوسف، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، سورية، ١٩٩٧، ص ٢٧.

[2] أركان القصة القصيرة، عزيزة مريدن، www.awu-dam.org

١- تراجیدیای رەتکردووەتەوەو بە بەرهەمێکی ناهەقیقیو نا ئەخلاقییو دژ بەلۆگۆس[1]و لە خشتەبەری وەسفکردووە "جگە لە سروودە ئاینییەکانی تایبەت بە ستایشی خواوەندەکان."[2]

٢- تێڕوانینەکانی لە روانگەیەکی فەلسەفیو لە دەرەوەی دەقەکانەوە بوونو بە پێی بنەما فەلسەفییەکان مامەڵەی لەگەڵ هونەرو ئەدەبدا کردووە، واتە بە شێوەی ماتماتیکی[3].

ئەرستۆ لە چوارچێوەی کتێبی (هونەری شیعر ـ Depoetica)دا، بەوردیی لە بنیاتو تایبەتمەندییەکانی شیعری درامیو داستانی، سەرباری چەند لایەنو بابەتێکی تر ـ کە لە دەرەوەی ئامانجەکەی ئێمەن" دوواوەو ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەخشینی قورساییەکی بەرچاوی لێدووانو شیکردنەوەکانێتی بە چەمکی (رووداو) کە فراوانترین پانتایی توێژینەوەکانی داگیردەکات.

ئەرستۆ کاتێك رەگەزە سەرەکییەکانی تراجیدیا دەستنیشان دەکات، کە خۆی بە "لاساییکردنەوەی کردارێکی جدیی کاملّی خاوەن درێژییەکی دیاریکراو"[4] پێناسە دەکات، بەسەر شەش رەگەزدا دابەشیان دەکات، کە بریتین لە: "رووداو، کەسێتی، دارشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی. دوانیان وەسیلەی پێشکەش کردنی کردەوەنو رەگەزێکیش بریتییە لە شێوازی لاساییکردنەوە"[5] ولە رووی ئەرکو گرنگییانەوە ریزبەندییان دەکات، بە لێدووان لە گرنگیی رەگەزی رووداو و لێکدانەوەی پێگەو رۆڵی لە تراجیدیادا دەست پێدەکاتو لەمبارەیەوە دەڵێت "لە هەموو رەگەزەکان گرنگتر رووداوە، چونکە بێگومان تراجیدیا لاساییکردنەوەی کەسەکان نییە، بەڵکو لاساییکردنەوەی کردەوەو

---

[1] جیرارد جینیت، مدخل الی النص الجامع، ت: عبدالعزیز شبیل، الهیئة العامة لشؤون المطابع الأمیریة، بغداد، ١٩٩٩، ص ١٣.

[2] في نظریة الأدب، د. شکري عزیز الماضي، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزیع، لبنان — بیروت، ١٩٨٥، ص ٣٨.

[3] کۆمار، ئەفلاتوون، و: سۆران عومەر حەمە، رێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن چۆمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

[4] الکتاب أرسطو (فن الشعر)، انجرام باي وتر، ترجمة وتعلیق: د. إبراهیم حمادة، هلا للنشر والتوزیع، الطبعة الأولی، ١٩٩٩، ص ١١١.

[5] هونەری شیعر (شیعرناسی)، ل ٢٨.

ژیانو بەختەوەریو بەدبەختییە ــ بەختەوەریو بەدبەختی مرۆڤیش بە کردەوەوە بەستراوەتەوە. مەبەست لە (ژیان) ئەنجامدانی جۆرە کردەوەیەکی دیاریکراوە نەك خاسیەتێك، کەسەکان بەو خاسیەتەی هەیانە، کەسێتییان دەردەکەوێت، بەلاّم بەختەوەریو بەدبەختییان بەهۆی کردەوەکانیانەوە دێتەدی."[1]

بەلای ئەرستۆوە بنیاتنانو چنینی رووداوەکان لە قالبێکی رێکخراودا، گرنگترین رەگەزی تراجیدیایەو دەکرێت بە رۆحی پرۆسەی بەرهەمهێنانی بچوێنرێت، چونکە مرۆڤەکان خاوەنی هەر تایبەتمەندییەك بن (لە رووی بایۆلۆجیو کەسێتییو دەروونییەوە)، ئەو تایبەتمەندییانە شتێکن لە سنوورێکی بەرتەسکی کەسەکاندا دەسوڕێنەوە، بەلاّم هەلّسوکەوتو کردەوەکانیان لە ژیاندا ئاراستەی داهاتوو و چارەنووسیان بە هەردوو باری بەختەوەرییو بەدبەختیدا دیاری دەکاتو لە پاشەڕۆژیاندا رەنگدەداتەوە، لەبەرئەوە ئەرستۆ پێیوایە "دەقی درامایەکی تراجیدیی دەشێت بنیات بنرێت بەبێ ئەوەی کەسێتییەکانی خاوەنی تایبەتمەندییەکی دیارو بەرز بن ــ کە ئەم بنەمایە لەو سەردەمەدا باوبوو، بەلاّم ناشێت بەبێ رووداو بنیات بنرێت"[2]، لەم روانگەیەشەوە دەیچوێنێت بە بەکارهێنانو رێکخستنی رەنگەکان لەسەر رووپەڕی تابلۆیەك لە هونەری شێوەکاریداو دەلّێت "دانانو بەکارهێنانی جوانترینو سەرنجڕاکێشترین رەنگ بە شێوەی هەڕەمەکییو نارێکخراو لەسەر تابلۆیەك، ناتوانێت هەمان ئەو چێژە ببەخشێت کە هێلّکاریی وێنەیەکی سادەی رەنگ رەشو سپی دەیبەخشێت."[3]

دەتوانین ئەم چواندنەی ئەرستۆ دابڕێژینەوە، بەوەی رەنگەکان بریتی بن لە کەسێتییەکانو رێکخستنو بەکارهێنانیشیان لەسەر رووبەری تابلۆکە بە پەیوەندیی نێوانیان لە ململانێو کردەوەو کاریگەرییان لەسەر پێگەی خۆیانو دەوروپشتیان، بۆیە ئەگەر نووسەری تراجیدیا لە بەکاربردنو نەخشەکێشانی کردارو ئەرکی کەسێتییەکاندا سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا بەرهەمەکەی ئەو ئامانجەی کە هەیەتیو بریتییە لە چێژبەخشین یان پاککردنەوەی دەروونی بینەران بەهۆی هەردوو هەستی سۆزو

---

[1] هونەری شیعر، ل ٢٩.

[2] الکتاب أرسطو (فن الشعر)، ص ٣٤.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥.

ترسەوە" ناپێکێت، چونکە چێژبەخشین ئامانجی سەرەکیی بەرهەمی ئەدەبییەو رووداوە جۆراوجۆرەکان ئەرکی خولقاندنی ئەو پرۆسەیە لە ئەستۆ دەگرن.

بەم بەڵگانەو بە پێی ئەو توێژینەوانەی لە پێشەوە بەکورتیی ئاماژەیان پێدرا، ئەرستۆ دەیسەلمێنێت کە رووداو برِبرِەی پشتی بنیاتنانە لە تراجیدیاداو سەرکەوتنی نووسەر لە بەکاربردنو دانانی رووداوو کردەوەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا، زامنی سەرکەوتوویی بەرهەمەکەیەتی.

ئەو دەستورو پێوەرانەی ئەرستۆ بۆ تراجیدیای کێشاوە لە رووی بنیاتنانو بەکاربردنی رەگەزی رووداوەوە، پەیوەست بەداستانیشەوە هەمان شتن، چونکە هەردووکیان لە یەك شێوەی هونەریدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش گێرِانەوەبەندە، ئەو خۆی ئەمە دووپات دەکاتەوەو دەڵێت (داستانیش بە هەمان شێوەی تراجیدیا گێرِانەوەی کردارێکی کامڵەو ئەوەی داستان لە تراجیدیا جیادەکاتەوە شێوازی گێرِانەوەیە، کەداستان پشت بەگێرِانەوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەبەستێت، بەڵام تراجیدیا بە نمایش رووداوەکان پێشکەش دەکات، سەرەرِای رەگەزی کاتو چەند تایبەتمەندییەکی تر.)[1]

ئەم دەستورانەی ئەرستۆ بوونە بناغە، توێژەرانو رەخنەگرانی دوای خۆی پەرەیان پێداو لەسەر پەیرِەوکردنیان بەردەوام بوون (وەك لای هۆراس بەدی دەکەین، کە کاری لە پراکتیزەکردنیاندا کرد)[2]، یان تەنها لە چەند لایەنێکی تایبەتەوە گۆرِانکارییان تێدا کردو بە جۆرێکی وەها دایان رشتنەوە کە لەگەڵ تایبەتمەندیو چێژیی سەردەمدا بگونجێن. بۆ نموونە توێژەرانو رەخنەگرانی رێبازی کلاسیکی، کە لەو سەردەمەدا یەکەمین سەرەتاکانی ژانری رۆمان دەرکەوتنو چەند دەقێك بەرهەم هێنران، وەك رۆمانی (دۆنکیشۆت)ی (سێرڤانتس ١٥٤٧ – ١٦١٦)و (رۆبنسۆن کرۆسۆ)ی (دانیال دیفۆ ١٦٦١ – ١٧٣١)[3]، لە بنیاتنانی دەقە گێرِانەوەبەندەکاندا پەیرِەوی هەمان ئەو دەستورانەیان دەکرد کە ئەرستۆ دایانبوون، "یاساکانی تایبەت بە بنیاتنانو رێکخستنی

---

[1] الکتاب أرسطو (فن الشعر)، ص ٢٣٧.

[2] برِوانە: هونەری شیعر، هۆراس، و: حەمید عەزیز، طبع بمطبعة الزمان، بغداد، ١٩٧٩، ل ٢٣ – ٢٤.

[3] رێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردنو وەگێرِانی لە فرەنسییەوە: د. فەرهاد پیربال، دەزگای چاپو بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤، ل٤٢.

ڕەگەزی ڕووداو لە دەقەکانداو بە تایبەت یەکێتیی ڕووداو."[1]

گۆشەنیگای ڕۆمانسییەکانیش بۆ ئەم بابەتە، "کە لە سەردەمی ئەماندا ڕۆمان تا ڕادەیەك بوژاندنەوەیەکی بەخۆوە بینیو بۆ یەکەم جار چەند جۆرێکی ڕۆمان، هاتنە ئاراوە، وەك: مێژوویی، عەشق، دەروونی، شەخسی"[2]، لە چەند بوارێکدا خۆی دەبینییەوە، کە بریتی بوون لە:

١- دارشتنەوەی پێناسەکەی ئەرستۆ بۆ تراجیدیا، بە "گۆڕینی چەمکی لاساییکردنەوە بۆ (گوزارشتکردن ــ Express)"[3]، چونکە بە بۆچوونی ئەوان "لێکدانەوەو ناونانی ئەم پرۆسەیە بەم جۆرە، دەربڕینێکی سەرەتاییەو لە ئاست بەرزیی ئەو بەرهەمە ئیستاتیکییەدا نییە کە پێی دەوترێت هونەر."[4]

٢- وازهێنان لە پەیڕەوکردنی یەکێتیی ڕووداو لە دەقدا (زنجیرەیی بەدوای یەکدا هاتنی بنەماکانی سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی).

٣- سەرەڕای ئاوێتەکردنی ڕووداوی تراجیدیو کۆمیدی لە هەمان دەقدا[5] وەك لە بەرهەمەکانی (ولیام شکسپیر ــ ١٥٦٤ – ١٦١٦)[6]دا بەدی دەکەین.

هەروەها ڕێبازی ڕیالیزمیش" کە مێژووی سەرهەڵدانی هاوکاتی مێژووی لەدایکبوونی ڕاستەقینەی ژانری ڕۆمانە[7]، ڕۆماننووسانی وەك (ستاندال ــ ١٧٨٣ – ١٨٤٢)و (بەلزاك ــ ١٧٩٩ – ١٨٥٠)و (فلۆبیر ــ ١٨٢١ – ١٨٨٠)و چەند توێژەرو ڕەخنەگرێك یەکەمین دامەزرێنەرانی ئەو ڕێبازە بوون، (داوایەکرد بەرهەمە ئەدەبییەکان

---

1 النقد الأدبي الحديث، د. علي عبدالرزاق محمود، بغداد، ١٩٩١، ص ٩٩، ب. ش.

2 ڕێبازە ئەدەبییەکان، ل ٦٥.

3 خمسة مداخل الى النقد الأدبي (مقالات معاصرة في النقد)، تصنيف: ويلبر س. سكوت، ت: عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق الخليلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ١٤٤.

4 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤.

5 النقد الأدبي الحديث، ص ١٠٤.

6 ئۆتێللۆ، ولیام شکسپیر، و: ئەحمەد سالار، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٧٨، ل ٧٦–٨٥، ل ١٨٣–١٩٩.

7 سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، ئیان وات، و: ڕەووف بێگەرد، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد، ١٩٨٦، ل ٧-٩.

ڕەنگپێدەرەوەی واقیعی ژیانی ئاسایی بن‌و دووربـن لـە ڕازاندنـەوە)[1]، واتـە ڕووداوەکـان ڕەنگپێدەرەوەی واقیعی دەرەوەی ژیان بن‌و بکەرەکانیان ئەو کەسە ئاساییانە بن کە لـەژێر باری قورسی نەهامەتییەکانی ڕۆژگاردا دەناڵێنن.

بەڵام دیارترین کارێك کە لەسەر ڕەگەزی ڕووداو و دەرخستنی پێگەو گرنگیی لە دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا کرابێت لە دوای ئەرستۆوە، ئـەو توێژینـەوانـە بـوون کـە (فۆرمالیـستە ڕووسەکان — الشكلانيون الروس) لە هەرێزی ئەو دەقانەدا ئەنجامیاندا، چونکە ئـەوان لـە میانی توێژینەوەو لێکدانەوەیان لە دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا، ئەو نەسەقانەیان ئاشکراکرد کە ڕووداوەکانیان لەسەر بنیاتنراوەو بۆ یەکەم جار دابەشـکردنێکی زانـستییان دەربـارەی ئەو نەسەقانە خستەڕوو، بە پەیڕەوکردنی یاسا زمانییەکان‌و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقـەکان وەك یەکەیەکی زمانیی، چونکە پێیانوابوو "ئـەدەب بنیـاتێکی بـچووکە لـە چوارچـێوەی بنیاتێکی گشتگیرتردا کە ئەویش زمانە"[2]و "ئەو یاسایانەی دەقە گێڕانەوەبەندەکان لـە بنیاتنانیاندا پەیڕەویدەکەن، یاساکانی لێکدانی دەنگ‌و یاساکانی ڕۆنانن."[3]

یەکەم کەس کە لەم بوارەدا هەوڵی دەرخستنی ئەو نەسەقانەی دا (ڤلادیمێـر پـرۆپ ـــ ١٨٩٥ — ١٩٧٠) بوو، کە دیارترین کەسێتیی قوتابخانەی فۆرمالیستی ڕووسی بوو و لە ڕێـی پەرتووکـەکـەی (مۆرفۆلۆجیـای حیکایەتـە ئەفـسانەییە ڕووسـییەکان ـــ ١٩٢٩)وە گۆڕانێکی مـەزنی لـە بـواری توێژینـەوەی دەقـە گێڕانەوەبەندەکانـدا بـەرپاکرد، لـە ڕێـی "توێژینەوەی حیکایەت لە میانی (بەش ـــ جزء)ە پێکهێنەرەکانییـەوەو پەیوەنـدی ئـەو بەشانە بەیەکەوەو سەرەنجام بەتێکڕاوە ـ المجموع"[4]، لـە توێژینەوەیەکیـدا بـەناوی (سـەد چیرۆکی میللیی ڕووسی)یەوە، کە تایبەتی کردبوو بە توێژینەوەو لێدووان لـە ڕەگـەزەکانی دەقە گێڕانەوەبەندەکان‌و ڕۆڵ‌و گرنگیـی ئـەو ڕەگەزانـە لـە بنیـاتی دەقەکانـدا، کەسـێتیی چیرۆك‌و تایبەتمەندییە دەروونییـەکانی فـەرامۆش دەکـرد، بـەوەی کـە "چـەند یەکەیـەکی

---

[1] النقد الأدبي الحديث، ص ١٠٥ — ١٠٦.

[2] دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي ـ د. سعد البازعي، المركز الثقافي العربي، ص ٣٧ (ب. س)

[3] نقد النقد (رواية تعلم)، تزفتيان تودوروف، ت: د. سامي سويدان، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٨٦، ص ٢٧.

[4] السيميائية من نظرية المحاكاة إلى النظرية الشكلية، د. أحمد طالب (أستاذ الأدب الحديث و المعاصر- كلية الآداب - جامعة تلمسان)، www.ahmed-talib.com.

گۆڕدراوو ناجێگیرنو بەشداری لە بەرهەمهێنانی بەهای وەزیفی دەقەکەدا ناکەن"[1]و ئەوەی تەنها بەلایەوە گرنگ بوو، کردارەکان بوو، چونکە "ئەگەرچی کەسێتییەکان بگۆڕدرێن، کردارەکان بەجێگیریی دەمێننەوەو بەردەوام دەبن لە گەیاندنی ئەو ئامانجەی کە خۆی لەراستکردنەوەی هەڵەکانو قەرەبووکردنەوەی دەستپێڕاگەیشتنەکاندا دەبینێتەوە، لە ڕێگەی بەدوایەکدا هاتنی کردارەکیو حەتمیی ڕەگەزی ململانێکانەوە، کە زۆربەی جار بە ئەنجامی پۆزەتیڤو گەیشتن بە کامەرانییو سەرکەوتن کۆتایی دێت."[2]

ئەم تێڕوانینانەی پرۆپ بۆ پێگەو گرنگیی ڕەگەزی ڕووداو، دەکرێت بە تێکەڵەیەك لە دووپاتکردنەوەی تێڕوانینە ئەرستۆیییەکەو هەوڵێك بۆ پراکتیزەکردنی بنەما ڕەخنەییە نوێیەکانی دابنێین، چونکە:

١- پەیوەندی ئەنجامی سەرکەوتوو و شکستخواردوو بە کردەوەو هەڵسوکەوتی مرۆڤەوە، بۆچوونێکە ئەرستۆ دایهێناوە (پێشتر لێی دوواوین).

٢- مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان وەك تەنێکی زمانییو لێدووان لە کردارەکان لە چوارچێوەی نەسەقێکی زمانیدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی نوێ.

ئەم توێژینەوانەی پرۆپ بوونە سەرەتایەكو (ڤیکتۆر شکلۆڤسکی ـــ ١٨٩٣ — ١٩٨٤) کردنیە بناغەو لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (بنیاتی کورتە چیرۆكو ڕۆمان)ەوە هەوڵی دا ئەو خاڵانەی پرۆپ پێیان گەیشتووە، لەسەر چەند دەقێکی چیرۆكو ڕۆمان پراکتیزە بکات.

شکلۆڤسکی لە میانی توێژینەوەو لێکدانەوەی نەسەقی چەند چیرۆكو ڕۆمانێکەوە، گەیشت بەو دەرەنجامەی کە "دەکرێت بە چەند ڕێگەیەك ڕەگەزی ڕووداو لەو دەقانەدا بنیاتبنرێت، کە ئەوانیش بریتین لە بنیاتەکانی: شوێنکەوتە، تێهەڵکیشان ـ لە خۆگرتن، هاوسەنگی، بازنەیی، تێکەڵ، (النضد، التأطير)"[3]، کە ئەم دوانەی دوایی زیاتر لە "چیرۆکەکانی (مغامرات)ی چەتەکانی ڕێگاو چیرۆکەکانی تایبەت بە جادووگەرەکاندا

---

[1] چەند وێستگەیەکی ئەدەبیو فیکری (بەهای شێوە ـ فۆڕمالیستە ڕووسەکان)، وەرگێڕانو نووسینی: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٦، ل ٢٣٨.

[2] السيميائية من نظرية المحاكاة إلى النظرية الشكلية، www.ahmed-talib.com.

[3] نظرية المنهج الشكلي (نصوص الشكلانيون الروس) ف. شكلوفسكي، ت: إبراهيم الخطيب، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٢، ص ١٢٢-١٥٢.

بەکاردێن"[1]، بەڵام (تزفتیان تۆدۆرۆف ــ ١٩٣٩) پێیوایە دەکرێت ئەم نەسەقانە لە سێ جۆری سەرەکیدا کۆبکرێنەوە، کە ئەوانیش: "شوێنکەوتەو لە خۆگرتن‌و نۆرەیین‌و لە فراوانکردنی ئەم سیانەدا نەسەقەکانی تر دەردەکەون."[2]

بەلای تۆدۆرۆفەوە، هەر رۆمانێك لە رێی گێڕانەوەی چیرۆكێك یان چەند چیرۆكێكەوە كە رووداوەكانیان لە رووداوی ژیانی راستەقینە دەچن، پەیامێك یان گوتارێك بەرهەم دێنێت، بۆ بەخشینی ئاراستەیەکی فیکری بە خوێنەرەکەی، "چونکە رووداوە گێڕدراوەکانی نێو دەقێك کە بە چەند کردارێکی زمانیی نێو رستەکان دەنوێنرێن‌و لە رێی گێڕەڕەوەیەکی راستەقینە یان دروستکراوەوە دەگوێزرێنەوە، بە هۆی ئەو نەسەقەی کە لەسەری بنیاتنراون ــ بەهەریەك لە رێگەکانی شوێنکەوتن‌و لە خۆگرتن‌و نۆرەیی یان زیاد لە یەکێکیان لە هەمان کاتدا، یەکەیەکی نوێ پێکدێنن کە بەرەنجامەکەیان بەرهەمهێنانی گوتارێك یان پەیامێکە کە ئاراستەیەکی فیکری دەبەخشێت بە خوێنەرەکەی."[3]

تۆدۆرۆف لە رێگەی زمانەوە لە بنیاتی دەقەکان دەکۆڵێتەوەو کردارەکانی نێو رستەکان ــ کە رەنگپێدەرەوەی رووداوەکانن ـــ و ئەو نەسەقانەی لەسەری بنیاتنراون، دەکاتە بنەمای سەرەکی بەرهەمهێنانی ئەو گوتارەی کە دەقەکەی لە پێناودا بەرهەمهێنراوەو لەوبارەیەوە دەڵێت "بە پێی سروشتی گێڕانەوەی رووداوی چیرۆکەکان، ئەو نەسەقانەی کردارەکانی نێو رستەکانی دەقێکیان لەسەر بنیاتنراوە چەند شێوەیەك وەردەگرن"[4] بۆ ئەمەش ئاماژە بە جۆرەکانی ئەو نەسەقانە دەداتو دەڵێت "یەکێك

---

1 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

2 البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم دغيم العاني، أطروحة دكتوراه، كلية الأداب ــ جامعة بغداد، ١٩٨٧، ص ٥ — ٦.

3 شعرية السرد والنحو السردي عند تزيفيتان تودوروف، د. عمر عيلان، مجلة اتحاد الكتاب العرب. www.awu-dam.org

4 شعرية السرد والنحو السردي عند تزيفيتان تودوروف ، www.awu-dam.org.

* کرۆنۆلۆجی یان کرۆنۆلۆجیا ــ Chronology: بریتییە لە وەرگرتنی رووداوێك لە واقیعی دەرەوەی دەقەوەو تۆمارکردن‌و رێکخستنەوەی لە زنجیرەیەکدا بە شێوەیەك کە راستەخۆ وێنەدانەوەی ئەوە بێت کە روویداوە.

بڕوانە: الرواية (الشكل والمضمون)، بيرنارد برجونزي، ت: د.سليم الأسيوطي، الأقلام - مجلة فكرية عامة تصدرها وزارة الإعلام، العدد: ١٢، السنة: ١٢ — اب ١٩٧٧، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد، ص ٤٦.

لەو نەسەقانە رێکخستنی کرۆنۆلۆجییە*، کە تێیدا رووداوەکان لە زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکدا دێن، بەڵام بە پێی پێویستییو سروشتی چیرۆکەکە دەکرێت ئاراستەی بگۆڕدرێت. بۆ نموونە کاتێك کە رووداوێك ئەنجامەکەی بەرهەمهێنانی رووداوێکی نوێ بێت بەدەر لەرێڕەوە سروشتییەکەی خۆی یاخود لە هەمان کاتدا رووبە رووی زیاد لە واقیعو هەڵسوکەوتێك بووینەوە کە چانسی فەرامۆشکردنیانمان نەبێت، ناچارین پەنا ببەینە بەر نەسەقەکانی تر بۆ بەردەوامیدان بە چیرۆکەکەو گەیاندنی رێڕەوی رووداوەکان بەو ئەنجامەی ئەو دەقەی لە پێناودا بەرهەمهێنراوە."(1)

تۆدۆرۆف لە میانی ئەم توێژینەوانەوە دەگات بەو ئەنجامەی کە، دەقە گێڕانەوەبەندەکان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو گوتارەی کە لە پێناویدا خولقێنراون، بە پلەی یەکەم پشت بە رەگەزی رووداو دەبەستن، چونکە رووداوەکان ئەو کەرەستەیەن کە لەو دەقانەدا زۆرترین دەرکەوتنیان هەیەو بە هۆی ئەو نەسەقانەی لەسەری بنیاتنراون ئاراستەی ئەو پەیامە دیاری دەکەن کە دەقەکە ئامانجیەتی.

گرنگیی ئەو ئەنجامانەی فۆرمالیستەکان لە توێژینەوەکانیاندا پێیگەیشتنو خستیانەڕوو، لەوەدابوو کە:

١- لە ناخی دەقەکانەوە هەڵێنجرابوون، واتە لە میانی توێژینەوەیان لە نەسەقی دەقەکانەوە ئەو دەستورانەیان دانابوو کە دەقەکانیان لەسەر بنیاتنرابوو.

٢- سەرەتایەکیان دامەزراند بۆ سەرلەنوێ گرنگیدانەوە بە رەگەزی رووداو و یاسابەندکردنی بنیاتنانی لە دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا، کە پێش ئەمان تاڕادەیەك فەرامۆش کرابوو، بە جۆرێك لە دوای تێڕوانینەکانی ئەرستۆوە بەرهەمێك بەدی ناکرێت هەوڵەکانی تایبەت کرابێتن بە توێژینەوەو لێدووان لەم بابەتە بەراورد بەرەگەزو بنەما هونەرییەکانی تری دەقە گێڕانەوەبەندەکان، بە تایبەت لە ژانری رۆماندا، ئەگەرچی چەند سەدەیەکی لە تەمەنی تێپەڕاندبوو.

ئەم سەرەتا نوێیەی فۆڕمالیستەکان، بووە خاڵی دەستپێکردنی سەردەمێکی تازە لە گرنگیدان بە توێژنەوەکانی تایبەت بە رەگەزی رووداو لە دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا بە گشتیو رۆمان بە تایبەتی لە فۆرمو ناوەڕۆکێکی نوێ لەژێر رۆشنایی ئەنجامە

---

[1] شعرية السرد والنحو السردي عند تزيفيتان تودوروف، www.awu-dam.org.

بەدەستهاتووەکانی ئەواندا و گێڕانەوەی سەرنجی توێژەرو رەخنەگران بەلای ئەو رەگەزە بنچینەییەی کە بڕبڕەی پشتی دەقەکانەو پشتگوێخستنی، فەرامۆشکردنی گرنگترین رەگەزی دەقە گێڕانەوەبەندەکان بە گشتیو ژانری رۆمانە بە تایبەتی، ئەمەش وایکرد توێژەرانو رەخنەگرانی رێبازو میتۆدە نوێیەکان پەیڕەوی دەستورەکانی ئەوان بکەنەوەو لەسەری بەردەوام بن بە تایبەتی رەخنەگرانی سەر بە رێبازی بونیادگەری، کە "یەکێك لەسەرچاوەکانی دامەزراندنو گەشەسەندنی خودی ئەم رێبازە، رێبازی فۆرمالیزمە"[1]، ئەمەیش "دوای وەرگێڕانی بەرهەمەکانی فۆرمالیستەکان لە لایەن تۆدۆرۆفەوە."[2]

بۆ نموونە رەخنەگرێکی بونیادگەری وەك (رۆلان بارت ـــ ١٨٩٦ - ١٩٨٢)، لە میانی توێژینەوەیدا لە بنیاتی دەقی رۆمانو رەگەزە پێکهێنەرەکانیدا، هەمان تێڕوانینەکانی فۆرمالیستەکان دووپات دەکاتەوەو رەگەزی رووداو بەگرنگترین رەگەزی بنیاتی دەقی رۆمان ئەژمار دەکات، ئەو لە کتێبی (نوسین لە پلەی سفردا) جەخت لەسەر گرنگیی رەگەزی رووداو دەکاتەوەو بە رەگەزێکی بنچینەیی دادەنێت لە بنیاتی دەقی رۆمانداو پێیوایە کردارەکان کە رەنگپێدەرەوەی رووداوو واقیعەکانی دەرەوەی جیهانی دەقن، قاڵبێکی هونەریی دەبەخشنە پرۆسەی گێڕانەوەکە، بە تایبەت کرداری رابردووی سادە، کە وا لە چیرۆکە گێڕدراوەکان دەکات وەك راستیی دەربکەون، ئەوەش دەبێتە مایەی دروستکردنی هەستی دڵنیایی لای خوێنەرو بەخشینی تایبەتمەندیی داهێنەرانە بەدەقەکەو لەو بارەیەوە دەڵێت "کرداری رابردووی سادە بە بەردی بناغەی پرۆسەی گێڕانەوە دادەنرێتو رۆڵەکەی بریتییە لە گۆڕینی کاتە جیاوازە یەك لە دوای یەکەکانی ژیان بەسەربردن بۆ چەند رووداوێکی گۆکراو، کە بە ئەزموونێکی بوونگەرایی ئاراستە دەکرێن بەرەو پەیوەندییەکی لۆجیکی لەگەڵ چەند رووداوێکی تردا، چونکە کرداری رابردووی سادە پرۆسەی گێڕانەوە بە لۆجیکی دەکات، لە میانی بنیاتنانی چەند جیهانو گەردوونو ئەفسانەو مێژوویەکی دروستکراوەوە، هەروەها کرداری رابردووی سادە، کاتێك

[1] النظرية الأدبية المعاصرة، رامان سلدن، ت: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط ١، ١٩٩٦، ص ١٥.

[2] تحليل الخطاب الأدبي على ضوء المناهج النقدية الحدثية، محمد عزام، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، ص ١٥ www.awu-dam.org.

گوزارشتی لە رووداوێك پێدەکرێت، وادەکات دیاردەکان راستەقینەو ئاشنا بەخوێنەر دەربکەون، ئەمەش بەڵگەی داهێنەرایەتی دەقەکەیە."[1]

بارت لەم رایەیدا دەربارەی هێزی کرداری رابردووی سادە لە قەناعەت پێهێنانی خوێنەر بەرامبەر راستەقینەیی ئەو رووداوانەی لە دەقی رۆمانێکدا نمایشکراون ــ ئەو بنەما دەروونییە دووپات دەکاتەوە کە پرۆسەی گێڕانەوەی هەواڵ لە کاری رۆژنامەنووسیدا پشتی پێ دەبەستێت، کە ئەویش بریتییە لە "گێڕانەوەو گەیاندنی هەواڵ بە وەرگر لە قاڵبی دەمی رابردووی سادەدا یەقینیی زیاتری تێدایە لە دەمەکانی ترو وەك زانیارییەکی حاشاهەڵنەگر خۆی نمایش دەکات"[2]، مەبەستیشی ئەوەیە، کە دەبێت رووداو و هەڵسوکەوتەکانی نێو دەقی رۆمان بە جۆرێك نمایشبکرێن، کاتێك خوێنەر دەیانخوێنێتەوە وا هەست بکات چووەتە ناو جیهانێکی نوێی ئەوتۆوە کە کەرەستەکانی واقیعی بنوێنن، تا ئەو چێژەی پێبگات کە لە پێناوی بەدەستهێنانیدا ئەو دەقەی خوێندووەتەوە، بۆ ئەمەش رەگەزەکانی دەقی رۆمان بەسەر دوو ئاست بەشدا دابەش دەکات لە رووی گرنگییو ئەرکەوە، ئەوانیش بریتین لە:

١- کردارەکان: ئەو یەکانەن کە دەبنە سەنتەری هەڵسوڕاندنی یەکەکانی دیکە لە بنیاتی رستەکانداو سەرەنجام لە بنیاتی دەقی چیرۆکەکەدا. چونکە پرۆسەی کردارەکیی روو دەدات یان روونادات، ئەمەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی رێڕەوی چیرۆك بە دوو ئاراستەدا، کە یەکێکیان بە هۆی پێگەی رووداوە گرێدراوەکان بەوانەی پێشو پاش خۆیانەوە لە قاڵبێکی لۆجیکیدا، یارمەتی گەیاندنی رێڕەوی حیکایەتەکە دەدات بە ئەنجامێکی دیاریکراو، ئەوی تریشیان لە چوارچێوەی سیاقی گشتی رێڕەوی رووداوەکانەوە بوار بۆ پێشبینیکردنی ئەنجامێك دەڕەخسێنێت، کە ئاشکرا نەکراوە.

٢- بەڵام یەکەکانی دیکە بەهاکانیان لە رێی رێڕەوی رووداوەکانەوە دەست دەخەن، بۆ نموونە کەسێتییەکان ئەگەرچی ناو یان تایبەتمەندییان گۆڕانی بەسەردا بێت، گرنگییەکی ئەوتۆیان نابێت، بەڵام کاتێك کردارێکیان دەدرێتە پاڵ، یان دەبنە بەرکارو

[1] الالكتابة في درجة الصفر، رولان بارت، ت: د. محمد نديم خشفة، مركز الإنماء الحضاري، الطبعة الأولى، حلب، ٢٠٠٢، ص ٤٠ – ٤٢.

[2] بنەماکانی هەواڵنووسین، پرۆفیسۆر کۆرتێس ماکدۆگاڵ، و: هەندرێن شێرزاد، لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپو بڵاوکردنەوەی رادیۆ نەوا، سلێمانی، بەرگی یەکەم، ل ٢٤٧، (ب. س).

شوێنەواری ڕووداوێکیان دەکەوێتە سەر، چالاك دەبن. بە هەمان شێوە ژینگە* و کاتیش.[1]

بارت لەم توێژینەوەیەیدا لە بارەی ڕەگەزەکانی دەقی ڕۆمان، کە پەیڕەوی بنەما زمانییەکانی کردووەو بە هۆی پێگەی ئەو ڕەگەزانە لەنەسەقە زمانییەکاندا لە گرنگییان دوواوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە کردارەکان ئەو یەکانەن کە لە بنیاتی دەقەکاندا بنچینەییترین پێگەیان هەیەو لە ڕووی گرنگییەوە لە پلەی یەکەمدا دێن، بە هەمان شێوە لە (چێژی دەق ــ La plaisir du texte)یشدا ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە، بەڵام بە جۆرێکی جیاوازتر لە تیڕوانینەکانی پێشووی، چونکە لەم بەرهەمەیدا زیاتر گرنگیی بە چەمکی خوێندنەوەو دەسەڵاتی خوێنەر دەدات، ئەوەیش لە میانی چەندبارەکردنەوەی گوتەزاکانی (چێژی من، منی خوێنەر، خوێندنەوەی ئەو دەقە بە چێژەوەو ... تد)[2]

بارت دەڵێت "ئەگەر من ئەم ڕستەیە یان ئەم چیرۆکە بە چێژەوە بخوێنمەوە، لەبەرئەوەیە کە بە چێژەوە نووسراوە (ئەو چێژەی کە لەگەڵ ئازارەکانی نووسەردا دژ ناوەستێت)، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە چیمان دەبێت بیڵێین؟ ئایا نووسین، بە چێژەوە، گەرەنتی بە ــ من، منی نووسەر ــ دەدات، چێژ ببەخشمە خوێنەرەکەم؟ .. هەرگیز، کەواتە ئەوە دەکەوێتە سەرشانم کە بە شوێن ئەو خوێنەرەدا بگەڕێم، بەبێ ئەوەی بزانم لەکوێیە، بۆ ئەمەش ئەوەی پێویستمە دۆزینەوەی (کەسێك) نییە، بەڵکو ئەوەی پێویستمە، خولقاندنی کەشێکە، خولقاندنی جیهانێکە، کە ئەگەری جەدەلو (ویست ــ رغبە)، ئەگەری موفاجەئەو خۆشیی بینینی لەخۆگرتبێت، بەڵام دەبێت ئەو جیهانە جووڵەیەکی دینامیکی ئەوتۆی تێدا بێت کە بواری گەمەی تێدابێت، گەمەیەك کۆتایی

---

* لە هەندێك سەرچاوەدا لە جیاتی چەمکی (شوێن) توێژەران (ژینگە ــ فضاء)یان بەکارهێناوە، چونکە پێیانوایە بازنەی واتایی ژینگە فراوانترو گونجاوترە بۆ ناونانی ئەو ڕەگەزە.
بڕوانە: السرد في الرواية العربية المعاصرة، أ. د. عبدالله إبراهيم، www.abdullah-ibrahem.com

[1] السيميائية من نظرية المحاكاة إلى النظرية الشكلية، www.ahmed-talib.com.

[2] لذة النص، رولان بارت، ت. د. منذر عياش، General Organization of the Alexandria library، بإتفاق خاص مع دار لوسوي للنشر، الطبعة الأولى، باريس، ١٩٩٢.

نەهاتبێت."[1] بارت جارێکی دیکە جەخت لەسەر گرنگیی رەگەزی رووداو دەکاتەوە لە بنیاتی دەقدا لە پێناو خولقاندنی کەشێکدا کە خوێنەر بەرەو خۆی کێش بکاتو ئەو (چێژو خۆشی)*یەی پێ ببەخشێت کە لە پێناویدا ئەو دەقەی خوێندووەتەوە. بارت هەرچەندە راستەوخۆ ناوی رەگەزی رووداو یان کرداری نەهێناوە، بەڵام دەتوانین بە لێکدانەوەی دەربڕاوەکانی (جیهان، جووڵەی دینامیکی)یەوە ئاماژەکانی ناوبراو بەو رەگەزە ئاشکرا بکەین، چونکە وەك پێشتر لێیدووایین، هەڵسوکەوتو چالاکیی کەسێتییەکان، کردارەکانیان، ئەو رووداوانەی دەیخولقێنن یان لێیان روو دەدات، سەرجەمیان دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی جۆرێك لە بزاوتنو جووڵە، کە دەقە گێڕانەوەبەندەکان بە پلەی یەکەم پشتی پێدەبەستن بۆ بنیاتنانیان.

لە ئەدەبی کوردیشدا چەند نووسەرو توێژەرێك، ئەگەرچی کەمیش بن، هەوڵیان داوە تێڕوانینەکانیان سەبارەت بەم بابەتە بخەنەڕوو لە روانگەی چەند لایەنێکی تایبەتەوەو بەپێ چەند بنەمایەکی دیاریکراو، یەکەم تێڕوانینێکیش کە نزیکایەتی هەبێت لەم بابەتەوە" تێڕوانینەکانی (شێخ نوری شێخ سالح)ە، کە لە رۆژنامەی (ژیان)دا بڵاویکردووەتەوە.

شێخ نوری لە باسکردنی ئەرکو پەیامی دەقی ئەدەبیدا، شوێنەواری ئەو کاریگەرییەی دەقەکە لە دەروونی خوێنەردا بەجێیدەهێڵێت" دەکاتە بنەماو دەڵێت "ئەو تاپیرەی لە قصەیەکی جوان بۆمان حاصل ئەبێ لەگەڵ چاوپێکەوتنی لەوحەیەكو بنایەکی چاكو جوانو گوێ لە مۆسیقا گرتنێکی خۆشدا عینی تاپیرە"[2]، پێیشوایە کاریگەریی (قسە ــ رووداوێکی گێڕدراوە) لەو واقیعو رووداوە تراجیدیو بەسەرهاتە کاریگەرانەدایە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

* بارت لە بەکارهێنانی چەمکەکانی (چێژ ــ لذة، خۆشیی ــ متعة)دا مەبەستی جیاوازیکردنە لەو شوێنەوارەی دەقێك لەسەر خوێنەرەکەی جێیدەهێڵێتو دەڵێت "دەقێك ئەگەر بە چێژەوە نووسرابێت، خۆی خوێنەر بۆخۆی کێش دەکاتو ئەو چێژەی بۆ دەگوێزرێتەوە"، بەڵام "هەندێك دەق هەن هەوڵ دەدەن لەمیانی دروستکردنی هەندێك واقیعەوە خۆشیی ببەخشنە خوێنەرو سەرخۆشی بکەن، وەك (رووداوە سێکسییەکانو دیاردەی لەو بابەتە)".

بڕوانە: لذة النص، ص ٢٥، ٣٥ -٤١.

[2] رەخنەسازی (مێژوو و پەیڕەوی کردن)، د. کامل حسن عزیز البصیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٨٣، ل ١٣١.

کە وا لە خوێنەر دەکات هەژانو داخورپانێك لە دەروونیدا بخوڵقێتو دەڵێت "کە قصەیەکی جوانمان بیست یا وچعێکی مۆپرمان تەماشا یا حیکایەتێکی فاجعمان کە ئیستماع کرد ئەو هیجانەی بۆ ئێمە پیدا دەبیٚ پێی دەڵێن هیجانی بدیعی"[1]، لە مەشدا رەگەزی رووداو دەکاتە بنەمای دروستکردنی ئەو کاریگەرییەی سەر دەروونی خوێنەر یان بیسترو ئەو (هیجانی بدیعی)یە، کە ئەمە دووپاتکردنەوەی تێڕوانینە رەخنەییە جیهانییەکانە سەبارەت بە رۆڵی رەگەزی رووداو "پێویستە رووداو بنەمای چێژو موفاجەئەی تێدابێت بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر"[2]، بۆ زیاتر روونکردنەوەی تێڕوانینەکەشی نموونەی رووداوێکی ئاسایی دەهێنێتەوەو دەڵێت "من دەچم بۆ مەکتەب، ئەم قصەیە بۆ ئێمە هیجانێکی بدیعی حاصل ئەکا؟ نەخێر."[3]

هەروەها (حسێن عارف)و بە پێی ئەزموونی تایبەتی خۆی لە بواری نووسیندا، کاتێك باس لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی چیرۆك دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە رووداو گرنگترین رەگەزی هونەرە چیرۆك ئامێزەکانەو تەنانەت دەکرێت خودی چیرۆك بە رووداو پێناسە بکرێتو دەڵێت "چیرۆك بریتییە لەو زنجیرە رووداوو کارەساتانە (بەدیوی ناوەوەو دەرەوەدا) کە بەسەر کەسانی چیرۆك دێنو تێدەپەڕن"[4] پێیشی وایە رووداوو کارەساتە خوڵقێنراوەکانی نێو جیهانی چیرۆك، ئەرکێکی داینامۆ ئاسایان هەیەو هەڵسوڕێنەری پرۆسەی گێڕانەوەکەن، لەبەرئەوەی "لە هونەری چیرۆك نووسیندا، کارەساتو رووداو و بەسەرهات، دەبنە مایەی هەڵسوڕاندنی کەرەستەی سەرەکییو نیشانەی زیندوێتییو جموجۆڵی بیڕاوەستانی ژیان لە دەقەکەدا."[5]

(شێرکۆ بێکەس)یش لە میانی لێدووانیدا لە رەگەزە هونەرییەکانی چیرۆك، گرنگیی

---

1 سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.

2 تطوّر البنية الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة (١٩٤٧ – ١٩٨٥)، شريبط احمد شريبط، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٨، ص ٢١، www.awu-dam.org.

3 رةخنةسازي ، ل ١٣٢.

4 چیرۆکی هونەری کوردی، حسێن عارف، دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی، بغداد، ١٩٧٧، ل ١١١، لە (بینای رووداو لە چیرۆکدا، محەمەد ئەحمەد حەسەن، گۆڤاری رامان، ژ: ١١٥، خولی سێیەم، سالی یازدە، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری رامان، ل ١١١)ەوە.

5 نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا (سالانی ١٩٥٥ - ١٩٨٨)، حسین عارف، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢٧٤.

ڕووداو لە بنیاتی ئەو دەقانەدا دووپات دەکاتـەوە، بـەڵام پێیوایـە بـۆ بەرهـەمهێنانی چیرۆکێك ناکرێت تەنها پشت بە ڕووداوەکان ببەستین، چـونکە ڕووداو بـەبێ ڕەگـەزەکانی ترو بەستنی پەیوەندی لەگەڵیاندا، ناتوانێت بینای چیرۆکەکە تەواوبکاتو دەڵێت "ڕاستە چیرۆك گێڕانەوەی ڕووداوە، بەڵام ئەم بینایەش بە تەنیا ناتوانێ چیرۆکێکی هونەری پیشان بـدات، یـان بیکـات بـە بابـەتێکی هونـەری، چـونکە هـەموو ڕەگـەزەکانی نـاو هونـەری چیرۆکنووسین یەکتری تەواودەکەنو هیچکام لەو ڕەگەزانـە بـە تـەنها نـاتوانێ چـیرۆکێکی جوان بخولقێنێ."[1]

لە بواری ئەکادیمیشدا، چەند نامەیەکی زانکۆیی کە تایبەت بوون بەیـەکێك لـە دەقـە گێڕانەوەبەنـدەکان، لـەم بابەتـە دواونو لێیـان کۆڵیوەتـەوەو هـەمان ئـەو تێڕوانینانـەی توێژەرانو ڕەخنەگرانیان دووپات کردووەتـەوە کـە جـەختیان لـە گرنگی پێگـەی ڕەگـەزی ڕووداو کردووەتەوە لە پەیکەری دەقەگێڕانەوەبەندەکانـدا، بـۆ نموونـە (یاسـین ڕەشـید) کـە نامەی ماستەرەکەی لەسەر (دراما)یە، باسێکی تایبەت کردووە بە لێدووان لە (ڕووداو)و چۆنیەتی بنیاتنانیو گرنگیی ئەو ڕەگـەزە لـەدرامادا و باس لـە پێویـستیی بـوونی ئـەو ڕەگەزەو گرنگییەکەی دەکات لەو دەقە گێڕانەوەبەندەدا، بۆ ئەمـەش پـشتی بەسـتووە بـە ڕایەکەی (ستیوارت کریفشن)، کە دەڵێت "بەرلەوەی نووسەر یەك وشە بنووسێت، پلانـی هەڵکشانی کردار بەرەو (بەرزە ڕووداو) بەرەو ترۆپك دەکشێو دواتـریش ڕووداوی داکـشاو بەرەو چارەسەر"[2]و بە هێڵکارییەك شی دەکاتەوە، بەم شێوەیە:




**هێڵکارییەکەی ستیوارت کریفشن**

---

[1] چەند پەیڤێك دەربارەی چیرۆکی کوردی، شێرکۆ بێکەس، گۆڤاری ئایندە، ژ: ٤٩، ساڵی ٢٠٠٣، ل ١١٩.

[2] ناوەرۆكو تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١ - ٢٠٠٢)، یاسین ڕەشید حەسەن، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٦٥.

هەروەها (جەلال ئەنوەر سەعید)یش لە نامەکەی ماستەرەکەیدا (تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا، لە بەشی یەکەمدا لە بنیاتی رووداوی رۆمانەکەی کۆڵیوەوەتەوەو دوای خستنەڕووی بنیاتەکان، کاری لە پراکتیزەکردنیاندا کردووە لەسەر رۆمانەکە.[1]

بەخوێندنەوەو لێکدانەوەیەکی وردی ئەو تێڕوانینو توێژینەوانەی، لەم پارەو لە هێڵێکی مێژووییدا، بە کورتیی تیشکمان خستنەسەرو تایبەت بوون بە دەستنیشانکردنی پێگەو رۆڵو گرنگیی رەگەزی رووداو لە بنیاتی دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا بە گشتیو ژانری رۆمان بە تایبەتی، دەگەینە چەند ئەنجامێك، کە لە چەند بڕگەیەکدا لێیان دەدوێین:

١- رووداو" یەکێکە لە رەگەزە هونەرییەکانی بنیاتی دەقە گێڕانەوەبەندەکان بە گشتیو رۆمان بە تایبەتی، هەروەها دەکرێت پێناسەی بکەین بەوەی کە:- بریتییە لە کردارێك یان زیاتر لە کردارێك، کە هۆکارێك یان چەند هۆکارێکی تایبەتی کار لە خولقاندنی/یاندا دەکەن، هۆکارەکانیش دەشێت بەرهەمی سەرچاوەی جۆراوجۆر بن، وەك "رووداوی سروشتیی، ئەو هەڵسوکەوت چالاکییانەی کەسێتییەکانی نێو دەقی رۆمان ئەنجامی دەدەن ــ بەویست یان ناخودئاگایی، هەندێك کردەی دەروونییو میتافیزیکیی ــ وەك مۆنۆلۆگ"، وەکو پێکهاتەش، رووداو سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی هەیە، بەڵام بە پێی ویستو توانای هونەریی نووسەرو لە پێناو بەخشینی رواڵەتێکی ئیستاتیکی تایبەتدا، دەشێت ئەم بنەمایانە جێگۆڕکێیان پێبکرێت.

٢- رووداو" کە لە دەقدا بە کردارەکان دەنوێنرێت، گرنگترین رەگەزی هونەریی بنیاتی دەقی رۆمانەو سەنتەری بەرهەمهێنانی ئەو گوتارە یان ئەو پەیامەیە کە دەقەکەی لە پێناودا خولقێنراوە، بەڵام ئەم هۆکارە بەسنییە بۆ ئەوەی رۆڵو گرنگیی رەگەزەکانی دی کەی (کەسێتیی، شوێن، کات) فەرامۆش بکەین، چونکە ئەگەرچی لە بنیاتی دەقی رۆماندا کردارەکان ئەرکێکی تایبەتی لە ئەستۆدەگرنو سەنگێکی زیاتریان دەکەوێتەسەر، بەڵام رەگەزەکانی دیکەش بە پێی پێگەی خۆیان رێژەیەك رۆڵو گرنگییان هەیە، کە دەکرێت بەم شێوەیە لێیان بدوێینو تیشکیان بخەینەسەر:

---

[1] تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا، جەلال ئەنوەر سەعید، نامەی ماستەر کۆلێژی پەروەردە (ئیبن روشد) ــ زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦، ل ٥ — ٢٣.

أ- کەسێتیی: ئەگەر بکەرێك بوونی نەبێت، چۆن دەتوانرێت کردەیەك، چالاکییەك، رووداوێك بخولڤێنرێت؟ چونکە ئاشکرایە هەر رووداوێك سەرچاوەی خولڤاندنی هۆکارێك یان زیاد لە هۆکارێکی دیاریکراوەو بەبێ ئەوان نایەتە بەرهەم. (بازنەی ئەم بۆچوونەمان هەردوو تێڕوانینی ماتریالیو ئایدیالی ـ میسالی لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە: کردەیەکی مرۆیی یان هێزێکی سروشتییو ئاسمانیی لە هەمان ئاستدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین)، هەروەها ئەگەر تێبینی بکەین، لە میانی خوێندنەوەی دەقێکدا بە تایبەتی ئەو چیرۆكو بەسەرهاتانەدا کە تراجیدین، دەبینین "کاتێك رووداوێکی تراجیدی روو دەدات، ئەگەر لە کەسێتییەك رووبدات کە خاوەنی پلەو پایەیەکی دیاری کۆمەڵایەتی بێت، یان کەسێتییەکی بەناوبانگ بێت، زیاتر کارمان تێدەکات"* وەك "ئۆدیب، پیستس[1]، هاملێت[2]، ئۆتێللۆ[3]"، بۆیە لە بارێکی هاوشێوەدا کەسێتیی رۆڵی دەبێت لە دەرخستنو زیاتر کاریگەرکردنی رووداو و بەخشینی چێژێکی زیاتر بە دەقەکە، بەڵام لە دەقێکدا دەشێت واقیعێك بخولڤێنرێت کە کەسێتیی رۆڵی تێدا نەگێڕێت، بۆ نموونە وەك گێڕانەوەی دیاردەیەك یان رووداوێکی سروشتیی، کە لە بارودۆخێکی هاوشێوەدا کەسێتیی بەدی ناکرێت.

ب- شوێن: بە شێوەی گشتی هەڵسوکەوتو چالاکییەکانمان لە شوێنێکدا روودەدەن، بەڵام دەکرێت لە رووی فیزیکییەوە تا رادەیەك لە رۆڵی ئەم رەگەزە کەم بکەینەوەو گۆڕانێك لە بەهایدا بەرپابکەین، بۆ نموونە پرۆسەیەکی وەکو مۆنۆلۆگ" کە لە هزردا روو دەدات، پێویستی بە ژینگەیەکی کۆنکرێتیی نییە، بە هەمان شێوەش گۆڕانو کردە دەروونییەکان.

---

* ئەم رایە، بەرهەمی راڤەکردنی بەڕێز (پ. ی. د. دڵشاد عەلی)یە بۆ تێڕوانینەکەی ئەرستۆ بۆ تراجیدیا، منیش وەك خوێنەرێك هەوڵمدا لە میانی خوێندنەوەی چەند دەقێکەوە دەریبخەم کە ئایا دەشێت بە هەمان ئەزموون‌دا تێپەڕم؟ ئەنجام بۆم دەرکەوت منیش لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی بارێکی هاوشێوەدا ئەو هەستەم لەلا دەخولڤێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێم کە ئەم دیاردەیە هێشتا شیانی ئەزموونکردنو بەدواداچوونە.

وانەکانی (ڕەخنەی ئەدەب) لە قۆناغی ماستەردا، پ. ی. د. دڵشاد عەلی، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی

1 الکتاب أرسطو، ص ١٥٩.

2 1996، Great Britain، Wordsworth Edition Limited، William Shakespear،Hamlet

3 ئۆتێللۆ، ولیام شکسپیر، و: ئەحمەد سالار، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٧٨.

ت- کات: یەکێکە لەو ڕەگەزانەی هاوتای کردار لە جووڵەدایەو بەردەوامییەکی دیاری هەیە، تەنانەت خودی کردار لە ناوەڕۆکیدا ئاماژەکانی کاتی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ نموونە: دەبینین ڕستەیەکی سادەی وەك "دانیشتووانی دێی کانی توو لە سایەی گومەتو مەزاری باوە یادگاردا دەژیان"[1]، کە ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە کاتێکی دیاریکراو نەداوە، بەڵام لە میانی پێکهاتەی کردارەکەوە دەتوانین بە شێوەی گشتی کاتی ئەو ڕووداوە دەستنیشان بکەین، کە بریتییە لە (کاتێکی دوور، کە ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕیوەو کۆتایی پێهاتووە ــ تەواوبووە). بەڵام تەنها خاڵێك کە پێگەی کات لە بەرامبەر ڕووداودا لاواز دەکات (تیۆری ڕێژەیی)ە، کە زانا (ئەلبێرت ئەنیشتاین ــ ١٨٧٩ – ١٩٥٥) دایهێناوەو تێیدا ئاماژە بەوە دەکات: "دەشێت کار لە ڕەگەزی کاتدا بکرێتو بۆ نموونە هێواش بکرێتەوە"[2]، ئەمەش وادەکات گۆڕانێك لە هاوتایی جووڵەی ڕووداوو کاتدا ڕووبداتو جووڵەی کات هێواشتر بنوێنێت بەرامبەر بە ڕێکردنی ڕووداو.

بۆیە دەکرێت بڵێین" ڕەگەزە هونەرییەکانی بنیاتی دەقی ڕۆمان، هەریەکێکیان گرنگیی تایبەتی خۆی هەیەو بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی کامڵی هونەریی پێویستمان بە هەریەکێکیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕیزبەندییەك هەیە بۆ پلەی گرنگیی‌و ئاستی بەشداریکردنی هەریەکێك لەو ڕەگەزانە لە دەقدا، کە لە بارێکی وەهادا ڕەگەزی ڕووداو پێگەی پێشەنگی بەردەکەوێت، بە هۆی ئەوەی لە بەرهەمهێنانی ئەو گوتارە یان ئەو پەیامەی دەقەکەی لە پێناودا خولقێنراوە، ڕۆڵێکی بنچینەیی دەگێڕێت.

[1] دەربار (ڕۆمان)، خوسرۆ جاف، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل ٦.

[2] انيشتاين والنظرية النسبية، د. محمد عبدالرحمن مرحبا، منشورات مكتبة النهضة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٣، ص ٦٢ – ٨٠.

## پەیوەندی رووداو

## بە رەگەزەکانی تری ( کەسێتیی، شوێن، کات )ەوە

بوونی پەیوەندی لە نێوان رەگەزە هونەرییەکانی دەقی رۆمانو سەرجەم دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا پێویستییەکی بنەڕەتییە، چونکە ئەو رەگەزانە بە تەنها توانای لە ئەستۆگرتنی هیچ ئەرکێکی هونەرییان نییەو ئەو هۆکارەی لە چەند چەمکێکی ئاساییەوە دەیانکاتە کەرەستەیەکی گرنگ لە دەقێکی هونەریی وەك رۆماندا، سروشتی ئەو پەیوەندییانەیە کە لە نەسەقەکاندا پێکیانەوە دەبەستێتەوەو وایان لێ دەکات ببنە هەڵگری کۆمەڵێك واتاو دەلالەتی نوێو بە پێی پێگەو تایبەتمەندییان زیاد لە ئەرکێك لە ئەستۆبگرنو رۆڵ ببینن، لە پێناو بەرهەمهێنانی ئەو پەیامەی دەقەکەی لە پێناودا خوڵقێنراوە، بەڵام تێبینی دەکەین یەکێك لەو رەگەزانەی بەردەوام لە جەمسەرێکی پەیوەندییەکاندا دووبارە دەبێتەوەو گرنگییەکی دیاری هەیە" رەگەزی رووداوە، کە هەر جارە لە فۆرمو رووخسارێکدا خۆی دەنوێنێت، وەك (کردەو هەڵسوکەوتی ئاسایی یان گۆڕانو رووداوە دەروونییەکانی کەسێتییەکان، رووداوەکانی دەرەوەی ویست یان تواناو دەسەڵاتیانو..تد)، ئەمەش وادەکات رووداوەکان گرنگییەکی زیاتریان هەبێت لە نەسەقەکانداو تەنانەت هەندێك جار ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ئەو پەیوەندییانە بگرنە ئەستۆ، چونکە:

١- رۆمان هونەرێکی زمانییە، واتە بە رستەکان گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی دەکات، ئاشکراشە "لە رستەدا ئەو یەکەیەی زۆرترین قورسایی دەکەوێتە سەرو هێزی رستەکەی تێدا کۆدەبێتەوە، کردارە، چونکە کردار بڕیار دەدات تایبەتمەندیی بکەرەکەی چۆن بێت، ئەو شوێنەوارەی دەکەوێتە سەر بەرکار لە چ ئاستێکدابێت، سەرەڕای ئەوەی لە ناوەڕۆکدا ئاماژەکانی کات لەخۆدەگرێت"[1]، تەنانەت "پرۆسەی بنیاتنانی رستەیەك یان

[1] مۆدێلی رێزمانی کوردیی، د. محەمەد مەحویو نەرمین عومەر ئەحمەد، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٤.

گۆکراوێك، خۆی لە خۆیدا کردارێکە"[1]، هەروەها دەتوانرێت "سەرجەم یەکەکانی رستە لە کرداردا کۆبکرێنەوەو بەدەر لە کردار هیچ یەکەیەکی تر گۆنەکرێت، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر توانستی واتاکەی."[2]

بۆ نموونە: من نانم خوارد. {بکەر + بەرکار + کردار}

نانم خوارد. {بەرکار + کردار} راناوی لکاوی (م) لەجێی بکەر هاتووە

خواردم. {کردار} راناوی لکاوی (سفر، م) لەجێی بەرکارو بکەر بەرکارهاتوونو واتا گەیشتووە بە گوێگر/ وەرگر.

٢- رۆمان یەکێکە لە دەقە گێڕانەوەبەندەکان، واتە لە رێگەی گێڕانەوەوە پەیامەکەی دەگەیەنێتە وەرگر، گێڕانەوەش پرۆسەیەکە بە پلەی یەکەم پشت بە رەگەزی رووداو دەبەستێتو ئەگەر رووداو نەما ـ ئەگەرچی هەموو رەگەزەکانی تریش بوونیان هەبێت ـ کردەی گێڕانەوە دەوەستێت، کە ئەمە نابێت.

بۆ زیاتر تیشکخستنەسەر پەیوەندی رووداو بە رەگەزە هونەرییەکانی تری دەقی رۆمانو کاریگەریی ئەو رەگەزە لەسەر رەگەزەکانی دیکە، بە چەند خاڵێك لێیان دەدوێین:

هەواڵنامەی کتێب

[1] مدخل الى علم لغة النص، ڤولڤگانگ هاینەمان ـ دیتر فیهڤگەر، ترجمة وتعلیق: أ. د. سعید حسن بحیري، مکتبة زهراء الشرق، القاهرة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤، ص ٦١.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ پ. د. فاررووق عومەر سدیق، رێکەوتی ٢٩/ ١/ ٢٠٠٨.

# یەکەم: کەسێتیی

کەسێتیی" "ئەو ڕەگەزەی لە بنیاتی دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا وەك یەکەیەکی (ڕێکخراوی ڕۆنراو ــ ترکیبی نحوی) دەردەکەوێت"[1]، ڕەگەزێکە تەواو پەیوەستی ڕووداوە، واتە کاتێك کەسێتییەکمان لە دەقێکی ڕۆماندا بەرچاوکەوت (لە پرۆسەی گێڕانەوەدا ــ زیندوو بێت یاخود مردوو)، ڕاستەوخۆ، لانیکەم کردارێك یان ڕووداوێك ئامادەیی دەبێت، چونکە لە گێڕانەوەدا هەمیشە کەسێتییەکان کردەیەك ئەنجام دەدەن یان کاریگەریی کردارێکیان دەکەوێتەسەر، واتە "کەسێتییەکان کاتێك دەبنە خاوەنی پێگەیەك لە بنیاتی دەقی ڕۆمانێکدا، کە ڕووداوێکیان درابێتە پاڵ ــ بکەری بن یان بەرکار"[2]، تەنها حاڵەتێکیش کە تێیدا هاوتایی نێوان کەسێتییو ڕووداو تێکدەچێتو پەیوەندییان نامێنێت، ئەو حاڵەتەیە کە ڕووداوێك دوور لە ویستو تواناو ژینگەی کەسێتییەکان ڕوو دەدات، بۆ نموونە وەك ڕووداوێکی سروشتیی دوور لە ژینگەو شوێنی ژیانی کەسێتییەکان، وەك "هێدی هێدی باران دەبارێت... کەمە کەمە زیاد دەکات... کەمە کەمە دەبێتە بارانێکی مەزن، کەمە کەمە شتەکان دەکەونە سەرئاو... ماشێن، کەلوپەل، کورسی... بە کوچەکاندا ڕاپێچیان دەکات بەرەو خوارووی شار"[3]، کە ڕستەیەکە چەند ڕووداوێك تێیدا ئامادەییان هەیەو کەسێتیی تێدا نییە، بەڵام دەشێت لە داهاتوودا کاریگەریی بکەوێتەسەر.

ئەو توێژینەوەو لێکدانەوانەی لەسەر ڕەگەزی کەسێتیی کراونو ئەو پێناسانەی لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا دەربارەی ئەم ڕەگەزە بەرچاو دەکەون، پەیوەستییو

---

[1] السيميائية من نظرية المحاكاة إلى النظرية الشكلية، www.ahmed-talib.com.

[2] بناء الشخصيات في روايات غسان كنفاني، سرور عبدالرحمن عبدالله، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤، ص ٣.

[3] دواهەمین هەناری دونیا (ڕۆمان)، بەختیار عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، ل ١٣ — ١٥.

کاریگـەربوونی تـەواوی ڕەگـەزی کەسـێتیی بـەرووداوەوە لـە ڕۆمـانو سـەرجەم دەقـە گێڕانەوەبەندەکاندا دووپات دەکەنەوە[1]و پێیـان وایـە "کەسـێتییەکان" چـەند ڕەگـەزێکی ئەندێشەکراون (دەشکرێت لە واقیعدا ببینرێنـەوە)، کـە ڕووداوەکـانی نێـو دەقـی ڕۆمـان دەخولقێنن یان شوێنەواری ڕووداوەکانیان دەکەوێتەسەر"[2]و "تەنها ژمارەیەك بوونەوەری سەر ڕووی لاپەڕەکانن"[3]، ئەو هۆکارەشی دەیانکاتە خاوەنی پێگەیەك لە بنیـاتی دەقـی ڕۆماندا و گرنگییان پێدەبەخشێت، "کردەو هەڵسوکەوتەکانیان یـان بەشـدارییەکانیانە لـە ڕووداوێك یان زیاد لـە ڕووداوێـکدا"[4]، واتـە کەسـێتییەکان بـەو چـالاکییانەی ئـەنجامی دەدەنو بەو ڕووداوانەی وەك لایەنێك بەشداریی تێدا دەکـەن" دەبنـە خـاوەنی پێگـەیـەك، نەك بە جیاوازیی لە تایبەتمەندیی یان ناو و پایەی کۆمەڵایەتییاندا.

بۆ نموونە لە ڕۆمـانی (دواهـەمین هـەناری دونیـا)دا سـێ کەسـێتیی بـە هـەمان نـاوی (سەریاسی سوبحدەم)ەوە بوونیان هەیە کە نووسـەر بـۆ جیاکردنـەوەیان بـە ژمـارە یەکـەم، دووەم، سێیەم سەریاس[5] ناوی ناون، هەرسێکیشیان لە ڕووی تایبەتمەندیی بایۆلۆجییـەوە تا ڕاددەیەکی زۆر لەیەك دەچن "باریکەلەو لاواز، کەمێك ئەسمەرو.. تـد"[6]، بـەڵام ئـەو چیرۆکە تایبەتییانـەی هەریـەکێکیان لـە ژیانیـدا هەیـەتی، ئـەو کـردەوەو چـالاکییانەی ئەنجامی دەدەن، یەکێکیان دەکاتە ژەنەڕاڵی عەرەبانـەکانی ناوشـارو لـە خۆپیـشاندانێکدا دەکوژرێت، دووەمیان دەکاتـە پێـشمەرگەو دواتـر ترسـناکترین زینـدانیی شـەڕی نـاوخۆ،

---

[1] ئەم رایە ئەنجامی توێژینەوەی "محەمەد ئـەمین عەبـدوڵڵا"یـە لـە "شـاکەس لـە ڕۆمـانی کـوردی کوردسـتانی عێراقـدا ـــ ١٩٩٠-١٩٩٧، محەمـەد ئـەمین عەبـدوڵڵا، نامـەی ماسـتەر، کـۆلێجی ئـاداب، زانکـۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٠، ل ١٠ — ٢٠.

[2] شعرية الخطـاب الـسردي (دراسـة)، محمـد عـزام، منـشورات اتحـاد الكتـاب العـرب، دمـشق، ٢٠٠٥، ص ٥، www.awu-dam.org.

[3] مدخل الى التحليل البنيوي للقصص، رولان بـارت، ت: منـذر عيـاش، دار طـلاس، الطبعـة الأولى، سـوريا، ١٩٩٣، نقلا عن (بنية الـشكل الروائـي، حـسن بحـراوي، المركز الثقـافي العربـي، الطبعـة الأولى، بـيروت، ١٩٩٠، ص ٢١٣).

[4] فن الكتابة الرواية، ديان دوات فاير، ت: د. عبدالستار جواد، دار الـشؤون الثقافيـة العامـة، الطبعـة الأولى، بغداد، ١٩٨٨، ص ٤١ — ٤٥.

[5] دواهەمین هەناری دونیا، ل ١٠، ١٠٣، ١٥٤، ٢٧٣.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

سێیەمیشیان دەکاتە کوڕە جوتیارێکی نەدارو سەرەنجام قوربانییەك (بە پشكۆ بوویەك)ی یەكێك لە هێرشەكانی دوژمن[1]، ئەم چیرۆكانەش دووپاتكردنەوەی هەمان بۆچوونی ئەرستۆیە سەبارەت بە كەسێتیی لە تراجیدیادا (كە لە رووی گرنگییەوە لە پلەی دووەمدا لە دوای رووداوەوە ریزبەندیی دەكات)[2]و دەڵێت "كەسەكان بەو خاسیەتەی هەیانە، كەسێتییان دەردەكەوێت، بەڵام بەختەوەریو بەدبەختییان بە هۆی كردەوەكانیانەوە دێتەدی."[3]

لە بواری رەخنەی ئەدەبیشدا، یەكێك لە رێبازە رەخنەییەكان كە بە (رێبازی دەروونشیكاریی ـ المنهج النفسی) ناسراوەو (لە روانگەی زانستی دەروونناسییەوە لە تایبەتمەندیی دەروونیی كەسێتییەكانی دەقێك دەكۆڵێتەوە)[4]، ئەو رێگایەی دەیگرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەكانی، هەڵسوكەوتو ئەدگارەكانی ئەو كەسێتییانەیە كە بە درێژایی رێڕەوی چیرۆكەكە یان رۆمانەكە ئەنجامی دەدەن، چونكە "بەكارهێنانی زانستی دەروونناسیی لە توێژینەوەو لێكدانەوەی كەسێتییەكانی نێو پانتایی چیرۆكێكدا، پشت دەبەستێت بە شیكردنەوەی رەفتارو هەڵسوكەوتی ئەو كەسێتییانە، سەرەڕای پەرچەكردار ـ Reactionە پێشبینی نەكراوەكانیان بەرامبەر بە رووداوێك یان واقیعێك"[5]، ئەمەش پیادەكردنەوەی بنەماكانی زانستی دروونناسییە، كە بە هەمان شێوە "بۆ تێگەیشتن لە پێكهاتەی دەروونیی كەسێكو دیاریكردنی باری تەندروستیی، پزیشكی دەروونناس بەوردیی چاودێریی هەڵسوكەوتو رەفتاری ئەو كەسە دەكات بە شێوەی گشتیو بە تایبەتیش تێبینیكردنی پەرچەكردارەكانی بەرامبەر دیاردە ئاساییی یان

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ۹۲ — ۱٤۰، ل ۱٤۷ — ۲٤٥، ل ۲٥۷ — ۲۸٥.

[2] الكتاب أرسطو، ص ۱۱۲.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۱۳.

[4] Jeremy Hawthorn ، (an introduction)،Studying the Novel p ، 1989، New York، fourth edition،British Library Cataloguing in Publication data، 79

[5] خمسة مداخل الى النقد الأدبي، ص ۷۸.



کتێبخانەی کوردی

چاوەڕواننەکراوەکانی دەوروبەر، چونکە زانست نەگەیشتووەتە ئاستێك بتوانێت بچێتە ناو پێکهاتەی مێشكو ئاوەزەوە."[1]

کەواتە لە بنیاتی دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا، کەسێتیی پەیوەستییەکی دیارو تێبینیکراوی بە رەگەزی رووداوەوە هەیە، ئەم دیاردەیەش لە دەقی رۆماندا بە تەواوی رەنگیداوەتەوە، چونکە رۆمان" کە (جۆرج لۆکاش ــ ١٨٨٥ – ١٩٧١) بە داستانی (سەردەمی بۆرجوا)[2] پێناسەی دەکات ، ژانرێکە هاوکاتی لەدایکبوونی سەردەمی پیشەسازیو کۆمەڵگای بۆرجوایە، ئەو گۆڕانو پێشکەوتنانەیشی لەوکاتەوە تا ئێستا لە بواری زانستو تەکنەلۆجیادا بەدیهاتوون "رۆڵێکی گەورەو تا رادەیەك نێگەتیڤیان هەبووە لە خولقاندنی کۆمەڵگایەکی رۆبۆتیکدا، بە شێوەیەك تاك تێیدا گۆڕدراوە بۆ مرۆڤێك، کە کارو فەرمانەکانی رۆژانەی لە شێوەی ئامێرێکدا بە خێراییەکی میکانیکی بەجێدەگەیەنێت"[3]، ئەم شێوە ژیانەیش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانو پێگەیاندنی نەوەیەك لە مرۆڤ کە بەردەوام لە جووڵەدا بن، هەروەها لەبەرئەوەی "نووسەری رۆمان کەسێتییەکانی لە ژیانی راستەقینەوە وەردەگرێت"[4]، ناچارە وێنەو رووداوەکانی ژیانیان وەك خۆی یان هیچ نەبێت نزیك لە خۆی نمایش بکاتەوە، هەربۆیە تێبینی دەکەین کەسێتیی لە دەقی رۆماندا، بە تایبەت لە رۆمانی نوێدا، وەك یەکەیەکی پەیوەستو لێکدانەبڕاو لە رەگەزی رووداو دەردەکەوێت، تەنها لە بارێکدا نەبێت، کە ئەویش راوەستانی جووڵە (گێڕانەوە)و باڵادەست بوونی وەسفە، کە "پرۆسەیەکە، تیشك دەخاتە سەر هەندێك وێنە، بارودۆخ، تایبەتمەندیی، جوانیی، هەستو سۆزو.. تد، بەمەبەستی دەرخستنی جوانیی یان ناشیرینیی بەرهەمهێنانی وێنەیەکی ئیستاتیکی لە دەقدا."[5]

---

1 المدخل الى علم النفس الإجتماعي، د. باسم محمد ولي، أ. د. محمد جاسم محمد، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، عمان، ٢٠٠٤، ص ١٧١ - ١٧٣).

2 مدخل الى نظرية الرواية ، د. جميل حمداوي، مجلة الأقلام الثقافية، www.aklaam.net.

3 التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة الإنگليزية والعربية والكردية القصيرة، نيان نوشيروان فؤاد، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥، ص ١.

4 Studying the Novel، p 1 .

5 في نظرية الرواية (بحث في تقنيات السرد)، د. عبدالملك مرتاض، المجلس الوطني للثقافة والفنون والأداب، الكويت، ١٩٩٨، ص ٢٨٣ – ٢٩٥.

## دووەم: شوێن

شوێن" کە توێژەران بە "ئەو ژینگە خەیاڵییەی* تێیدا رووداوەکانی رۆمان روودەدەن"[1]و "کەسێتییەکان تێیدا هەڵسوکەوت دەکەنو دەجوڵێن"[2] پێناسەی دەکەن، رەگەزێکە بەراورد بە رەگەزە هونەرییەکانی تر، لە بنیاتی دەقی رۆماندا کەمترین بەشداریی هەیە، چونکە ئەم رەگەزە "زیاتر رەگەزێکی وەسفییە"[3]و نووسەر دەتوانێت لە میانی بەکاربردنیدا تەنها تایبەتمەندییەکانی نمایش بکاتو لە رووی هەڵکەوتەو پێگەوە دەستنیشانی بکات، بەڵام لە توانایدا نییە جووڵەی پێ ببەخشێت وەك چۆن بە رەگەزەکانی دیکەی دەبەخشێت، ئەگەرچی هەندێك هەن کە پێیان وایە" دەکرێت جووڵە بە رەگەزی شوێن ببەخشرێت، وەك چۆن جووڵە بە رەگەزەکانی تری کەسێتییو کات دەبەخشرێت"[4]، بۆ ئەمەش (هۆیەکانی گەیاندنی وەك: ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر، کەشتییو فرۆکەو ... تد) دەکەنە نموونەو ئەو جووڵەیەی ئەو ئامێرانە ئەنجامی دەدەن، دەکەنە بەشێك لە رێرەوی ئەو رووداوانەی لە ناویاندا روودەدەن، بەڵام ئەگەر بەوردی لە دیاردەی جوڵانی هۆیەکانی گەیاندن بکۆڵینەوە، دەردەکەوێت ئەو جووڵەیەی ئەنجامی دەدەن، پەیوەست بە تەنێك یان شوێنێکی بەدەر لە خۆی گۆران لە شوێنەکەیدا روو دەدات، نەك پەیوەست بە سەرنشینەکانی ناوی، یان ئەو رووداوانەی تێیدا روودەدەن، لەبەرئەوە لە بارودۆخێکی وەهادا رۆڵی هەمان ئەو ژینگە وەستاوە دەبینێت کە هەر ژینگەیەکی دیکەی ئاسایی دەیبینێت، چونکە شوێن تەنها بە ئامادەبوونی وەك ژینگەیەك ــ کە رووداوەکان تێیدا روودەدەنو کەسێتییەکان تێیدا هەڵسوکەوت دەکەنو

---

* مەرج نییە هەموو شوێنێك خەیاڵیو ئەندێشەکراو بێتو دەشێت وێنەیەکی کتومتی واقیع بێت.

[1] دراسات نقدية (من الأسطورة الى القصة القصيرة)، د. احمد زياد محبك، دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، الطبعة الأولى، دمشق، ٢٠٠١، ص ١٤٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧.

[3] شعرية الخطاب السردي، ص ٤٤.

[4] دراسات نقدية، ص ١٥٠ – ١٥١.

چالاكییەكانیان ئەنجام دەدەن ــ بەشداری لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا دەكات، نەك بە هاوبەشیكردنی لە دیاریكردنو گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەكاندا. پەیوەندی ڕەگەزی شوێن بەڕووداوەوە" جیا لە كەسیتیی تایبەتمەندیی خۆی هەیەو بەشداریی ڕاستەوخۆ لە خولْقاندنی ڕووداودا ناكات، بەلاْم بە پێی ئەو شێوازەی نووسەر لە داڕشتنی وردەكارییەكانیدا پەیڕەوی دەكات، دەشێت ببێتە یەكەیەك كە كاریگەریی لەسەر سروشتی ڕووداوەكان هەبێتو "لە هەندێك بارودۆخدا، بەدەر لەوەی شوێن شانۆیەك بێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەكان" ڕۆڵێكی زیاتر ببینێتو ببێتە یەكێك لە كەسێتییە سەرەكییەكان، یاخود گوزارشتكەر لە باری دەروونییو كۆمەلاْیەتیی كەسێتییەكان، بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی لە ڕووی پێگەوە"[1]، ئەم هۆكارەش وادەكات ڕەگەزی شوێن ناڕاستەوخۆ بەشداریی لە دیاریكردنو گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەكاندا بكات، یان بەلای كەمەوە كاریگەری لەسەر سروشتی ڕووداوەكان هەبێت.بۆ نموونە" لە ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موكری)دا، چەند شوێنێك ناویان هاتووە، وەك: (بەندیخانە، چیا، پێدەشت، شار، دێ ... تد)[2]و هەریەكەیان بە پێی تایبەتمەندیی خۆی ڕۆڵی لە دیاریكردنی سروشتو سنووری ئەو ڕووداوانەدا هەیە كە تیایدا ڕوودەدەن، بۆ نموونە:

بەندیخانە ⟵ - خوێندنەوەی ئەو ڕستە بە زنجیر نووسراوانەی سەر دیواری ژوورەكە.
- ئەو كەسەی پاش تۆ دێتە ئەم ژوورە، لە چاوەڕێكردنی چارەنووسی سەختی خۆیدا.
- بەجێهێنانی فەرمانی لە سێدارەدان.
- جیابوونەوەی ڕۆحو جەستە؟[3]

چیا، پێدەشت ⟵ - دانیشتن لە پەنای تاوێرێكدا.
- بیانكوژینو چەكەكانیان وەدەستبێنین.
- ڕێكردن بەناو سەربازو جاشا.

---

[1] الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان (دراسة نظرية تطبيقية)، د. علي إبراهيم، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، دمشق، ٢٠٠٢، ص ١٠٢.

[2] سەگوەڕ (ڕۆمان)، محەمەد موكری، چاپخانەی داناز، چاپی چوارەم، سلێمانی ١٩٩٨.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩ — ١٤.

- لەملاو ئەولای رەبییەکانەوە کەوتنە بەر دەستڕێژ.[1]
شار ←——— - بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی نهێنی.
- ئیشکردن بە نانەسکێ.
- بەرگریکردن لە برسییەتیو رووتی.
- ژیان بە سەرشۆڕیو داماوی.[2]

بە لێکدانەوەیەکی وردی ئەو نموونانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدان، دەردەکەوێت کاریگەریی رەگەزی شوێن لەسەر دیاریکردنی سروشتو تایبەتمەندیی رووداو لە چ ئاستێکدایەو چۆن رەگەزی شوێن دەتوانێت لە هەندێك دەقدا "سنووری ئەو ئەرکەی تێپەڕێنێت کە تەنها بریتی بێت لە شوێنێك کە رووداوەکان تیایدا روودەدەنو بگۆڕێت بۆ یەکەیەك کار لە سەرجەمی بنیاتی رۆمان بکات"[3]، بەڵام لە هەندێك باری دیکەدا دەشێت پەیوەندیی نێوان رەگەزی شوێنو رووداو گۆڕانی بەسەردا بێتو لە دەقێکدا رۆڵی رەگەزی شوێن لە بنیاتی دەقی رۆماندا لاوازبکرێتو وەك یەکەیەکی کۆنکرێتیی/ فیزیکیی، یان ژینگەیەکی سروشتیی بوونی نەمێنێت، بەوەی رووداوەکان لە جیهانێکدا روودەدەن کە ئاراستەکانی (درێژی، پانی، بەرزی)ی نەبێتو یەکەیەکی ئەبستراکت بێت، لەم روانگەیەشەوە" پرۆسەکانی (مۆنۆلۆگ، دیاردەو گۆڕانە دەروونییەکان)ی نێو هەندێك رۆمان، دەشێت وەك نموونە وەربگرین. بۆ نموونە" لە رۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك)ی (حسین عارف)دا، کەسێتیی (م. سابیر) چەند جارێك لەگەڵ مێشكو بیری خۆیدا دەکەوێتە وتووێژو تاووتوێکردنی ئەو رووداوانەی لە یادەوەرییدا چەسپیونو بەردەوام "وەك پشکۆ ئاگرێك دەچزایەوە بە مێشکیداو تەوژمێکی هەژانو تووڕەبوون لە دەروونیدا سەری هەڵدەدایەوە"[4]، لەبەرئەوە زیاد لە جارێك رەگەزی مۆنۆلۆگ دێتەناو پێکهاتەی دەقەکەوەو بەشداری لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا دەکات، وەك:

---

[1] سەگوەڕ، ل ١٥، ٤٣ — ٤٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠، ٥٣ - -٥٨.

[3] دراسات نقدية، ص ١٥٠.

[4] ئەندێشەی مرۆڤێك (رۆمان)، حسين عارف، مطبعة الأجيال، چاپی یەکەم، بغداد، ١٩٩٠، ل ٢١.

- دەیزانی کاتێك لەگەڵ خۆیدا لە باسێك دەدوێت، ملی پێوەدەنێ‌و تا خەیاڵ‌و بیرو هۆشی بڕ بکا لق‌و پۆپی لێ دەکاتەوە[1]،

- کە دانیشتەوە، لە مێشکی خۆی بە گلەیی بوو، وەك بی بینێ دەستەونەزەر بەرامبەری راوەستاوەو چاوەڕوانی رازو گلەییە، رووی قسەی تێکردو وتی:

- بۆ وادەکەیت؟! .. یانی بۆچی دەبێ لەناو ئەو ملیارەها خەڵکەدا کە هەن، گڕگڕ تۆ بێیت‌و ئەم گۆی زەمینە بە کۆڵەوە بگریت؟! .. سەرجەم ئازارو ئەندێشەکانی لە خۆت باربکەیت؟! .. بۆچی پێم بڵێ بزانم!. گوایە هەر بە تەنیا جەنابت دەزانێ زوڵم‌و زۆرو چەوساندنەوە هەیە؟![2]

ئەگەر بەوردیی ئەم نموونانەی پێشەوە لێکبدەینەوە، دەردەکەوێت رەگەزی شوێن وەك یەکەیەکی جوگرافی یان کۆنکرێتی تیایاندا بوونی نییە، چونکە چەمکەکانی بیر، مێشك ــ بە واتا فەلسەفییەکەی نەك وەك ئەندامێکی بایۆلۆجی، دەروون.. تد، چەند چەمکێکی ئەبستراکتین‌و ئەو رووداوانەی تیایاندا روو دەدات پێویستیان بە بوونی شوێنێك یان ژینگەیەکی کۆنکرێتیی نییە بۆ روودانیان، ئەم هۆکارەش رێمان پێدەدات بڵێین: دەشێت لە دەقی رۆماندا کەشێکی وا بخولقێت، یان رووبەڕووی بارودۆخێکی وەها ببینەوە کە تێیدا رووداوەکان لەو چوارچێوەیە دەرچووبن" پێویستیان بە ژینگەیەکی ئاشنا ــ مەئلوف هەبێت بۆ روودانیان، لە بەرامبەریشدا رەگەزی شوێن ئەو پێگەیەی نەمێنێت کە لەباری ئاساییدا هەیبووە، بەڵام ئەم هۆکارە بەس نییە بۆ ئەوەی بتوانین وەك یەکەیەکی لاوەکیی یان رەگەزێکی نابنچینەیی مامەڵە لەگەڵ رەگەزی شوێندا بکەین، چونکە ئەو نموونانەی پێشەوە دەشێت لە هەندێك دەقدا‌و بە رێژەیەك بەدی بکرێن، بەڵام لەباری ئاساییدا هەڵسوکەوت‌و چالاکیی کەسێتییەکان، دیاردەو رووداوەکان پێویستیان بە شوێنێك هەیە بوونی خۆیانی تێدا بسەلمێنن، چونکە بە شێوەی گشتی "کاتێك کەسێتییەکانی دەقی رۆمانێك بەشداریی لە رووداوێکدا دەکەن، یان لەگەڵ خودی خۆیان‌و کەسانی دەوروبەردا دەکەونە ململانێوە، ئەو رووداوانە لە بۆشاییدا روونادەن، بەڵکو پێویستە لە شوێنێکی دیاریکراودا رووبدەن"[3]، بۆیە "ناکرێت شوێن بەیەکجاریی لە رەگەزە هونەرییەکانی دیکە دابڕدرێت"[4]، وەك چۆن ئەوانی تریش ناتوانن بەبێ ئەم بنیاتی هونەرییە دەقەکە تەواوبکەن‌و بەردەوام بن لە گەیاندنی رێڕەوی رووداوەکانی رۆمانێك بەو ئامانجەی لە پێناویدا خولقێنراوە، ئەوەشی گۆڕانی بەسەردا دێت تەنها بەهاو تایبەتمەندییەکانی ئەو رەگەزەیە.

---

[1] ئەندێشەی مرۆڤێك، ل ٣٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

[3] النقد التطبيقي التحليلي، ص ٨٢.

[4] الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، ص ١٠٢.

# سێیەم: کات

کات لە رۆماندا“ کە بریتییە لە "ئەو کاتە رێژەییەی کە چۆنیەتی گێڕانەوەی رووداوەکانو جولانەوەی کەسێتییەکان لە ئێستاو رابردوو و ئایندەدا بە گوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە رێکدەخات"[(1)]، رەگەزێکە“ لە بنیاتی دەقی رۆماندا گرنگییەکی ئێجگار گەورەی هەیە، تەنانەت هەندێك رەخنەگر رۆمان بە "هونەرێکی زەمانیی"[(2)] پێناسە دەکەنو پێیان وایە "چیرۆك سەرنجمان بەلای زەمانو بەدوایەکدا هاتنی رووداوەکاندا لە رووی کاتەوە، رادەکێشێت."[(3)]

پەیوەندی نێوان رەگەزی کاتو رووداو، تەواو جیاوازە لە پەیوەندی رەگەزەکانی دیکە بەرووداوەوەو پەیوەندییان تا ئاستی ئاوێتەبوون دەڕوات، واتە نە رووداو بێ لە خۆگرتنی کات دەخولقێنرێتو نە کاتیش دەتوانرێت لە رووداو دابڕدرێت، چونکە "کردار خۆی لە ناوەڕۆکدا ئاماژەکانی کاتی لە خۆگرتووە"[(4)]، لەم روانگەیەشەوە دەتوانین سەرجەم کردارەکانی زمان وەك نموونە وەربگرین، "کاتیش یەکەیەکی شاراوەیە لە هۆشدا"[(5)]و "ئەو هۆکارەی لە رێگەیەوە گوزارشت لە خۆی دەکات، رووداوە خولقاوەکانە، چونکە کات هەمیشە جوولە لە پێکهاتەیدایە“ خودی (جوولەیش جۆرێکە لە کردار)."[(6)]

بۆ تیشك خستنەسەر پەیوەندی نێوان رەگەزی کاتو رووداو لە رۆمانداو گرنگیی

---

[1] بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، راز)، نەجم خالید نەجمەدین ئەلوەنی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٥٤.

[2] الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، ص ١٠٤.

[3] نظرية الأدب، رينيه ويليك - أوستن وارين، ت. محي الدين صبحي، ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٧، ص ٢٧٩، نقلا عن (الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، ص ١٠٤).

[4] في نظرية الرواية، ص ٢٠٩.

[5] الوجود والزمان والسرد (فلسفة ثول ريكور)، ديفيد وورد، ت: سعيد الغانمي، المركز الثقافي العربي، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٩، ص ٦٣.

[6] أهمية الزمان في الفلسفة والأدب (مدخل نظري)، آسية البوعلي ـ مدرس بقسم اللغة العربية، جامعة سلطان قابوس، www.nizwa.com.

رووداو پەیوەست بەکاتەوە، دەتوانین پشت بەو شێوازە ببەستین کە توێژەرانو رەخنەگرانی ئەم بوارە بۆ بنیاتنانی رەگەزی کات لە رۆماندا دەستنیشانیانکردووە، چونکە لە رێیەوە ناراستەوخۆ ئەو کاریگەرییەیان دووپات کردووەتەوەو دەڵێن:

دەتوانرێت کاتی تێکستی رۆمان بکرێت بە دوو بەشەوە:

١- کاتی حەکایەت: ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە رووداوەکانی رۆمانەکەی تێدا لە دایکدەبێت.

٢- کاتی گێڕانەوە: ئەو کاتانەی رووداوەکانی رۆمانەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە.[1]

واتە رەگەزی کات" بۆ بنیاتنانی پشت دەبەستێت بەرووداو و لە میانی ئەوەوە گوزارشت لە بوونی خۆی دەکات، چونکە کات کە لە دەقدا بە دووجۆر دەردەکەوێت (کاتی دیاریکراو، وەك: بەیانی، دوێنێ، ساڵێك لەمەوبەر ... تد)و (کاتی شارراوە لە پێکهاتەی کرداردا)، لە هەردوو بارەکەشدا پێویستی بە کردارێکە بۆ گەیاندنی ئەرکەکەی، بەم شێوەیە:

١- ئاوەڵکردارەکانی کات: سەرلە بەیانی، ماوەی دوو ساڵ، دوێنێ، ئەمڕۆ، هەفتەی ئایندە ...تد، ئەگەر لە رستەدا بەکاریان بهێنین، بۆ تەواوکردنی واتای ئەو رستەیە پێویستمان بە کردارێك هەیە، وەك: دوێنێ گەشتم کرد.

ماوەی دوو ساڵ لە خوێندن دابڕام.

٢- کاتی شاراوە لە پێکهاتەی کرداردا: کردارەکانی زمان بە شێوەی سروشتی لە پێکهاتەیاندا ئاماژەکانی کاتیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، ئەو پۆلێنکردنەشی لە رووی کاتەوە بۆ کردارەکان کراوە، دەبنە بەڵگە.

بۆ نموونە: نامەکەم نووسی. (کرداری ئەم رستەیە پێمان دەڵێت" ئەو پرۆسەیە لە کاتێکی رابردوودا روویداوەو پێش کاتی قسەکردن تەواوبووە/ رابردووی سادە).

واتە لەگەڵ ئاشنابوونمان بە رووداوێك، بە رێژەیەکیش ئاگاداری کاتەکەی

---

[1] بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردیدا، ل ٥٥ ـ دراسات في الرواية العربية، نزيه أبو نضال و آخرون، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٨، ص ٤٥ ـ التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ (دراسة في تجليات الموروث)، د. محمد أحمد القظاة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠٠٠، ص ١٧٧ — ١٨١.

دەبیـن، بـەڵام ئـەو ڕێژەیە دەستنیشانکردنی تەواوی کاتەکەی تێدا نییە، وەك لە نموونەکانی خاڵی یەکەمدا هەبوو.

جۆرێکی دیکەی پەیوەندی نێوان ڕەگەزی کاتو ڕووداو پەیوەستە بە خێرایی جوولـەی هەریەکێکیانەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، کە (جیرارد جینێت ــ ١٩٣١) بە (خێرایی دەق) ناوی دەبات، هەوڵ دەدەین ئەوەی پەیوەست بێت بە توێژینەوەکەمانەوە لێی بدوێین، لـەم ڕوانگەیەشەوە لە دوو خاڵدا کورتیان دەکەینەوە:

١- فراوانکردنـی کـات، کـە تـۆدۆرۆف بـە فرەئاراسـتە پێناسـەی دەکـات و دەڵێـت "کاتی چیرۆك (حیکایەت)، کاتێکی فرەئاراستەیەو دەشێت زیاد لە ڕووداوێك لە هـەمان کاتدا ڕووبدەن"[1]، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی پەیوەندی نێوان ڕەگـەزی کـاتو ڕووداو لە ڕۆماندا، بە جۆرێك هەندێك جار تێبینی دەکـەین لـە کـاتێکی دیـاریکراودا زیـاد لـە ڕووداوێـك ڕوودەدەن، بـۆ نموونــە ڕســتەیەکی وەك: "بــەو ڕەوەزە تــووشو ســەختەدا هەڵدەکشایو... هەڵدەکشای... وا ئەمێستا... دڵی جەنگەڵە چڕەکەی ئەم مەزنە چیایە ڕاتدەکێـشیو... بـازێکی چـیایی نـزم، هـەرە نـزم دەفـڕێو سـێبەرەکەی سـەرت پێهەڵدەبڕێ"[2]. ئەم نموونەیە کە سەرچاوەکەی دەقی ڕۆمانێکـە، لـە هـەمان کاتـدا سێ ڕووداو دەگێڕێتەوە کە لە یەك کاتدا ڕوویان داوە، ئەوانیش:

أ- هەڵکشانی کەسێك بەسەر شاخێکدا.

ب- ڕوانینی بە ئاسماندا.

ت- فڕینی باڵندەیەك بە نزمیی، واتە سێ ڕووداو لە یەك کاتدا:




٢- هێواشکردنەوەی کات: جۆرێکی ترە لە تەکنیکی بنیاتنـانی کـات لـە ڕۆمانـدا، کە تێیدا خێرایـی تێپـەڕینی کـات بـەراورد بـە ڕووداوە خولقاوەکـان هێـواش دەبێتـەوەو

---

[1] التحريف الزمني للسرد في قصص زكريا تامر، د. ظاهرلطيف كريم ــ ئەڤین رمزي حسن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ــ بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەریدەکات، ژمارە ٦، ساڵی ٢٠٠١، ل٢.

[2] کۆچڕەو (ڕۆمان)، عەبدوڵڵا سەڕاج، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٥.

هاوتای خێرا ڕووداوانی ڕووداوەکان تێپەڕنابێت، لەم ڕوانگەیەشەوە" کردەکانی "دیالۆگو مۆنۆلۆگ"[1]، گۆڕانو ڕووداوە دەروونییەکان، سودیان لێدەبینرێت بۆ پرۆسەی هێواشکردنەوەی کاتی ڕۆمان.

بۆ نموونە" کردەی دیالۆگ "گفتوگۆی نێوان کەسێتییەکان لە چیرۆکێکدا"[2]و هەروەها مۆنۆلۆگ "گفتوگۆی کەسێك لەگەڵ مێشكو دەروونی خۆیدا"[3]، چەند کردەیەکن" تیایاندا ڕەگەزی کات ئەو چالاکییو بەشدارییەی نامێنێت کە لە هەندێك باری ئاساییدا هەیەتیو دەتوانرێت هەست بە هێواشبوونەوەی تێپەڕینی بکرێت.

پەیوەندی ڕەگەزی کاتو ڕووداوە خۆڵقاوەکانی ڕۆمان بەتەنها لەم چەند خاڵەدا کورتنابنەوە، چونکە هەندێك لایەن هەن لە ڕۆماندا" کە تێیاندا سەنگی گرنگیی ڕوو لە ڕەگەزی کات دەکات، وەك خێراکردنی کات لە ڕێی "کورتکردنەوەی ڕووداو یان لە هەندێك باردا، فەرامۆشکردنو نەگێڕانەوەی هەندێك ڕووداوی کەم بایەخ لە ڕێڕەوی ڕۆماندا"[4]، بەڵام هەرگیز ناتوانرێت لە پرۆسەی گێڕانەوەدا ڕەگەزی کات لە ڕووداو داببڕدرێتو تەنها حاڵەتێك کە ئەم دوو ڕەگەزە تێیدا ئامادەییان نامێنێت، نەمانی پرۆسەی گێڕانەوەو هاتنەکایەی پرۆسەی وەسفە، کە "پرۆسەیەکە، تیشك دەخاتە سەر هەندێك وێنە، بارودۆخ، تایبەتمەندیی"[5]و "پتر پەیوەندی بە سیفەتی بینراوو هەستپێکراوەوە هەیە"[6]

پەڕتووکخانەی کتێب

---

[1] الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، ص ١٠٦ – ١١٠.

[2] تطوّر البنية الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة، ص ١٩.

[3] الحوار القصصي (تقنيات وعلاقات السردية)، فاتح عبد السلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٩، ص ١٠٩.

[4] تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، يمنى العيد، دار الفارابي، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٠، ص ٧٩ – ٨٨.

[5] في نظرية الرواية، ص ٢٨٥.

[6] بەرەو.. ئاستانەی ڕۆمانو گۆشەنیگاکان، عەبدوڵڵا سەراج، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٠ و ٤٦.

# جیاوازیی  نێوان ڕووداوی ڕۆمان و ڕووداوی مێژوویی

سروشتی پەیوەندی دەقە چیرۆك ئامێزەكان بە گشتیو ڕۆمان بە تایبەتی بە مێژووەوە لە ئاستێكدایە" هەندێك توێژەرو ڕەخنەگر لە گۆشەنیگایەكی مێژووییەوە لەو بەرهەمە هونەرییانە بڕوانن‌و پێناسەیان بكەن، بە جۆرێك ڕەخنەگرێكی وەك (گراهام هۆف ـــ ١٨٤٧ – ١٩٢٢) جەخت دەكاتەوە كە "هەموو ڕۆمانێك مێژووییە، ئەگەر بەواتا گشتییەكەی لە ڕۆمان بكۆڵینەوە، ئەمەش بە هۆی پەیوەندیی توندوتۆڵی ئەو هونەرەوەیە بە واقیعی ژیان‌و جیهانەوەو ڕەنگپێدانەوەیان بە شێوەی هونەریی"[1]، هەروەها هەندێك ڕەخنەگری دیكە ڕۆمان بە "میراتگری شەرعیی مێژوو"[2] وەسف دەكەن‌و ئەو هونەرە بە "چیرۆكێكی خەیاڵئامێز، كە سروشتێكی مێژوویی قوڵی هەیە"[3] پێناسە دەكەن.

ئەم جۆرە لە تێڕوانینی توێژەران‌و ڕەخنەگران دەربارەی ژانری ڕۆمان، لەو شێوازەوە سەرچاوەی گرتووە، كە بە شێوەی گشتی ڕۆماننووسانی پێشین لە بنیاتنانی ڕەگەزەكانی ڕۆمان بە گشتیو ڕووداوەكانی ئەو هونەرەدا بە تایبەتی پەیڕەویان دەكرد، بەوەی كاتێك ڕووداوو واقیعە ڕاستەقینەكانی جیهانی دەرەوەیان دەكردە هەوێنی داهێنانی ڕۆمانێك، هەوڵیان دەدا تا بەرزترین ڕێژە واقیعییەتی ڕووداوە گێڕدراوەكانی ناو ڕۆمانەكە بپارێزن، بە "داڕشتن‌و ریزكردنی ڕووداوە خوڵقاوەكان لە زنجیرەیەكی یەك لەدوای یەكی مێژووییداو دەرخستن‌و گرنگیدان بە ڕۆڵی كەسێتییەكان لە دروستكردنی مێژوودا"[4]، چونكە ژانری ڕۆمان "سەرەتاكانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنیسانس‌و دەركەوتنی كۆمەڵگای بۆرجوازی"[5]، واتە هاوكاتی سەردەمێكە كە "ململانێی نێوان كڵێساو قەڵا لە ئاستێكی

---

[1] توظیف التراث في الروایة العربیة المعاصرة، د. محمد ریاض وتار، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢، ص ١٠٤، www.awu-dam.org.

[2] الأدب والأنواع الأدبیة، مجموعة من المؤلفین، ت: طاهر حجار، دار طلاس، الطبعة الأولى، دمشق ١٩٨٥، ص ١٣١.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

[4] توظیف التراث في الروایة العربیة المعاصرة، ص ١٠٤، www.awu-dam.org.

[5] مدخل الى نظریة الروایة، www.aklaam.net.

پەرەسەندوودا بوو و بە هۆی جەنگی یەك لە دوای یەكو بەردەوامەوە، هێزی دەرەبەگ لە لاوازیی و لە بەرامبەردا چینی بۆرجوا لە دەركەوتنو بەهێزبوونێكی هەستپێكراودابوو، كە چینێك بوو بەشداریی كارای لە دروستكردنو فراوانكردنی شاردا دەكرد"[1]، سەرەڕای "لاوازبوونی پێگەی گوندو نەمانی سەردەمی سادەیی، لە بەرامبەردا دروستكردنی شاری نوێ، بەئاگاهاتنەوەی چینی ناوەندو لەدایكبوونی شۆڕشی پیشەسازی"[2]، لە هەمووشیان گرنگتر "بڵاوبوونەوەی ماددەی بارووت لە ئەوروپا، كە بووە چەكێكی كوشندە بەدەست چینی بۆرجواوە دژی دوژمنە دەرەبەگەكانیانو هەڵگیرسانی چەندین جەنگی درێژخایەنو خوێناوی."[3]

ئەم رووداو و گۆڕانە زۆرو فرەلایەنانەش رۆماننووسانیان خستبووە بەردەم وێستگەیەك، كە پێویستبوو تێیدا خاوەنی دەنگو پەیامێكی تایبەت بێت، لە میانی بەرجەستەكردنو تۆماركردنی ئەو واقیعو رووداوانەی كە لە ژینگەی دەوروبەریاندا روویاندەدا" لە بەرهەمەكانیانداو سەرەنجام پیشاندانی هەڵوێستو تێڕوانینی خۆیان بەرامبەریان. بەڵام كاریگەرترین هۆكارێك كە زیاتر هانی رەخنەگرانیدا بە دیدێكی مێژووییەوە لە ژانری رۆمان بكۆڵنەوە، داهێنانو بڵاوبوونەوەی (رۆمانی مێژوویی) بوو، كە رۆمانێكە كارەساتو جەنگو رووداوە مێژووییە دیارەكان دەكاتە سەرچاوەی خوڵقانیو "لە پێناو سەرلە نوێ رێكخستنەوەی ژیاندا هەوڵ دەداتو دووبارەكردنەوەی كەشوهەوای سەردەمێكە جیاواز لە سەردەمی نووسەرەكەی"[4] و هۆكاری سەرهەڵدانیشی "رووداو و جەنگە یەك لە دوای یەكەكانی كیشوەری ئەوروپابوو لە دوای چاخی رێنیسانسەوە تادەگات بە هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی ناپلیۆن لە سەرەتاكانی

---

[1] من تأريخ الرواية (دراسة)، حنا عبود، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢، ص ١٤٢، www.awu-dam.org.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٧.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٠.

[4] مدخل الى الرواية الإنكليزية، ارنولد كيبتل، ت: هاني الراهب، مطبعة وزارة الثقافة، المجلد الأول، دمشق، ١٩٧٧، ص ٣٩ ـــ لە (رەنگدانەوەی روداوی مێژوویی لە رۆمانی كوردیدا، ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحموود، نامەی ماستەر، زانكۆی ئیبن روشد، بەغداد، ٢٠٠٤، ل ٢٥).

سەدەی نۆزدەدا"[1]، سەرەڕای بەرپابوونی چەندین گۆڕانی گەورە لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئەورووپیدا.

تێبینی دەکەین" ئەو هۆکارەی وای لە توێژەرانو رەخنەگران کردووە بەم شێوەیە (لە روانگەیەکی مێژووییەوە) لە ژانری رۆمان بکۆڵنەوە، ئەو تایبەتمەندییەیە کە بە رەگەزی رووداو بەخشراوە لەو هونەرەدا، لە رووی شێوازی بنیاتنانو مامەڵەکردنی رۆماننووسان لەگەڵیدا، چونکە سروشتو تایبەتمەندیی رووداوەکان دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی رۆمانێکی ئەڤین لە رۆمانێکی مێژوویی یان دەروونیی. بەڵام دەپرسین: ئەم هۆکارانە بەسن بۆ ئەوەی بمانگەیەننە ئەو رایەی کە بڵێین" رووداوەکانی رۆمانو مێژوو جیاوازییان نییە؟ یان رۆمان میراتگری مێژوو و تەواوکەریەتی؟

بۆ وەڵامدانەوەیەکی زانستیی" بە پێویستی دەزانین توێژینەوەیەکی بەراوردکارانە لە بارەی جیاوازیی نێوان رووداوی رۆمانو رووداوی مێژووییەوە ئەنجام بدەین، بە تیشکخستنە سەر تایبەتمەندیی هەریەکێکیانو پشتبەستن بە دیارترین رای توێژەران لەوبارەیەوە.

یەکەم کەسێك کە لەم بابەتەی کۆڵیوەتەوەو دوواوە" ئەرستۆیە، کە دەڵێت (جیاوازی نێوان شاعیرو مێژوونووس لەوەدایە، کە یەکێ ـ مێژوونووس باسی شتێك دەکات کە رووی داوەو ئەوەی تر ـ شاعیر باسی شتێك دەکات کە لەوانەیە رووبدات)[2]، واتە یەکەمینو گرنگترین جیاوازیی نێوان ئەدەبو زانستی مێژوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەدەب باسی دیاردەیەك یان رووداوێك دەکات کە مەرج نییە روویدابێت بەڵام ئەگەری روودانی هەیە*، لە بەرامبەردا" مێژوو "زانستێکە لەو رووداوانە دەکۆڵێتەوە کە

---

[1] الرواية التأريخية، جورج لوكاش، ت. صالح جواد الكاظم، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٦، ص ١١ – ٢٧.

[2] هونەری شیعر (شیعر ناسی)، ل ٣٧.

* هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی واباوە" رووداوەکانی رۆمان شیانی روودانیان تێدابێت، بەڵام داهێنانەکانی بواری زانستو تەکنۆلۆجیاو ئەو گەشەیەی بواری ئەم هونەرە بەخۆوە بینیوێتی، تارادەیەك ئەم بنەمایەیان لاوازکردووە، ئەمەش لە رۆمانەکانی "خەیاڵی زانستی"دا بەتەواوی رەنگیداوەتەوە، کە رووداوەکانیان بە جۆرێکن ئەگەری روودانیان زۆر دەگمەنو چاوەڕواننەکراوە.

پەیوەستن بە مرۆڤەوەو لە مێژوویەكی لەوەوبەردا روویان داوە"[1]، هەروەها نووسینەوەو تۆماركردنی مێژوو پرۆسەیەكی زانستییە" كە "بریتییە لە توێژینەوەیەكی مێژوویی زانستیی دەربارەی رووداوێك، لە میانی بەدواداچوونو لێكدانەوەی ئەو هۆكارانەی لە خولقاندنی رووداوەكەدا بەشدارییان كردووە"[2]، واتە بنەماو مەرجی سەرەكی بۆ زانستی مێژوو وەك مێژووناس (كرۆچە ــ ١٨٦٦ — ١٩٥٢) دیاریكردووە" بریتییە لە:

١- فیلۆلۆجیا: تۆماركردنی دیاردەو رووداوەكانی رابردووە وەك چۆن لە راستیدا روویان داوە.

٢- لێكدانەوە: گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیارەكانی (كەی، لە كوێ، چۆن، بۆچی.. تد) لە میانی لێكدانەوەو توێژینەوە لەو هۆكارانەی رێیان بۆ خولقاندنی ئەو رووداوانە خۆشكردووە یان بوونەتە بەشێك لە پێكهاتەی رووداوەكان.

٣- راڤەكردن: لێكدانەوەی لایەنە شاراوەكانی پشت رووداوەكان لە روانگەیەكی فەلسەفییەوەو بەستنەوەیان بە دیاردەكانی ژیانەوەو پێشبینیكردنی رووداوەكانی داهاتوو.[3]

خودی ئەم بنەمایانەی لە زانستی مێژوودا بوونیان هەیە، رێ بۆ دەستنیشانكردنی جیاوازی دووەمی نێوان شێوازی بنیاتنانی رووداوی رۆمانو تۆماركردنی رووداوی مێژوویی خۆشدەكەن، بۆ نموونە" خاڵی یەكەم ئاماژە بە بابەتێتیی دەكات لە كاری مێژوونووسیدا، بەڵام خولقاندنی دەقێكی رۆمان هەرچەندێك واقیعی بێتو دیاردەو رووداوەكانی دەوروبەر بكاتە سەرچاوەی بەرهەمهاتنی" ناتوانێت بێلایەن بێت، لەم روانگەیەشەوە (جۆن فۆرستەر) دەڵێت "تایبەتمەندیی (گۆشەنیگا ــ Point of View) لە بنیاتی دەقی رۆماندا لە پلەی یەكەمدا دێت"[4]، واتە یەكەم لایەن كە لە نووسینی

---

[1] علم التأريخ ومناهج المؤرخين (في علم التأريخ نشأةً وتدويناً ونقداً وفلسفةً)، صئب عبد الحميد، مؤسسة الغدير للطبع والنشر، بيروت، بدون سنة طبع، ص ١٤.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤ — ١٥.

[3] مفهوم التأريخ (الجزء الأول ــ الألفاظ والمذاهب)، عبدالله العروي، المركز الثقافي العربي، بدون تأريخ الطبع، ص ٨٩ — ٩٠، و فلسفة التأريخ، الإمام السيد محمد الحسيني الشيرازي، مؤسسة المستقبل للثقافة والإعلام، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦، بغداد، ص ٢٦.

[4] السيرة عملا فنيا، اندريه موروا، ت: ناجي الحديثي، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد الرابع، السنة الرابعة، دار الحرية للطباعة، ص ٢٠.

ڕۆماندا پراکتیزە دەکرێت تایبەتمەندیی گۆشەنیگایە، واتە ڕۆماننووس هەر لە سەرەتاوە دەستبەرداری بنەمای بابەتێتیی دەبێتو (بەو واتایەی لە زانستدا بەدی دەکرێت) لە بنیاتنانی دەقی ڕۆمانێکدا "ڕووداوەکانی ڕۆمان بەوشێوەیە دەگێڕێتەوە کە خۆی دەیانبینێت، نەك بەوشێوەیەی کە روویان داوە"[1]، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی "ئەدەب بە گشتیو ڕۆمان بە تایبەتی بەرهەمێکی خەیاڵیین"[2]، بۆیە وەك میشێل بوتۆر دەڵێت "خوێندنەوەی ڕۆمان گەشتکردنێکە بۆ جیهانێکی جیاواز لەو جیهانەی خوێنەر تێیدا دەژیو لەو ساتەوەی کە پەڕتووکەکەی تێدا دەکاتەوە، دەچێتە نێو جیهانێکی خەیاڵییەوە" کە لە داهێنانی نووسەری ڕۆمانەکەیە."[3]

خاڵێکی دیکەی جیاوازیی نێوان ڕووداوەکانی ڕۆمانو ڕووداوی مێژوویی، پەیوەستە بەو وردەکارییانەی لە ڕووداوەکانی ڕۆماندا هەنو لە مێژوودا نین، بەو لایەنانەی ڕۆماننووس تیایاندا قووڵدەبێتەوەو مێژوونووس فەرامۆشیان دەکات، چونکە کەرەستەی مێژوو "ئەو ڕووداوانەن کە لەسەرئاستی داهاتووی کۆمەڵو نەتەوەو لە دواجاردا جیهان پێگەیەکی گرنگو کاریگەرییەکی دیاریان هەیە"[4]، واتە ئەو ڕووداو و دیاردانەی کە بوونەتە هۆی گۆڕینی باری ژیانی مرۆڤ، یان ڕۆڵیان هەبووە لە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتێك یان ڕژێمێكو هێنانەکایەی بارودۆخێکی نوێ، دەبنە کەرەستەی مێژوونووسان. واتە" مێژوو ڕووداو و واقیعە بەرجەستەو هەستپێکراوەکان تۆماردەکات، لەم ڕوانگەیەشەوە" ئەو جەنگو ململانێو ڕووداوانەی لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمارکراون، دیارترین نموونەن، بەڵام لە بەرامبەردا ڕۆماننووس بە جۆرێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکاندا دەکات، لە ڕووی هەڵبژاردنی ئەو ڕووداوانەوە کە دەیانکاتە کەرەستەو سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقەکەی، لە مەشدا سەنگی گرنگیی ڕوو لە هونەری ڕۆمان دەکات، چونکە هەندێك ڕووداوی ڕۆمان هەن، پەیوەستن بە قووڵبوونەوەو توێژینەوەی لایەنە دەروونییو هزرییەکان، ئەمەش لە دەرەوەی سنووری

---

[1] بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ)، سيزا قاسم، مؤسسة التنوير، بدون سنة طبع، ص ١٧٨.

[2] اسرار التخيل الروائي، نبيل سليمان، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، ص ٧. .www.awu-dam.org

[3] بناء الرواية، ص ٩٩.

[4] مفهوم التأريخ، ص ١٤ — ١٦.

کـاری مێژوونووسـیدایەو تەنانـەت یاسـا فیزیکییـەکانیش نایانگرنـەخۆ، کـە زانسـتێکە "تـەنها دان بـەو رووداوانـەدا دەنێـت، کـە بـوونێکی کۆنکرێتییـان هەیـەو مـەرجی سەرەکیشی، بوونی جوولەی هەستپێکراو و دیاردەی (کردار ـــ پەرچەکردار/ action – reaction)ە لە کار لە یەککردنی تەنەکاندا"[1]، ئەمەش بە روونیی لە (یاسای سێیەمی نیوتن)*دا رەنگی داوەتەوە، بەڵام رۆماننووس لە هەڵبژاردنی ئەو رووداوانـەی دەیانکاتـە هەوێنی بەرهەمهێنانی رۆمانێك، زۆر بە وردیی دەگـەڕێتو "لا لـەو دیـاردەو رووداوانـە دەکاتەوە کە خەڵکانی دیکە فەرامۆشی کردوون، ئەو چیرۆکانە دەژێنێتەوە کە خەریکە لە بیر کۆمـەڵو سروشـت دەچـنەوە"[2]، چونکە کاتێـك رووداوێکـی گـەورەو دیـاری مێـژوو دەگێڕێتەوە، یان تابلۆی دیاردەیـەکی واقیعـی نـاو کۆمـەڵگا دەکێـشێت، رۆدەچـێتە نـاو قوڵایی چیرۆکەکانو تیـشك دەخاتـە سـەر ئـەو یەکانـە (گـۆڕانو رووداوە دەروونییـەکان، چالاکییو هەڵسوکەوتی کەسێتییەکانو... تـد)، کـە لـەناو هـەناوی رووداوە گەورەکانـدا شاردراونەتەوەو هەستیان پێناکرێ، بەڵام کاریگەرییان هەیە لـە دیـاریکردنی رێڕەویانـدا، بـەوەش جـارێکی تـر سـەرنجی خوێنـەران بـەلای ئـەو بابـەتو رووداوانـەدا رادەکێـشێتو گرنگییـان دەخاتـەڕوو" کـە لـە بـەهاو گرنگییـان بێئاگـابوونو تیـشك دەخاتەسـەر ئـەو راستییانەی کە مێژوو هەوڵی شاردنەوە یان کەمکردنەوەی بایەخیان دەدات، یاخود نائاگا فەرامۆشی کردوونو پشتگوێی خستون، لەم روانگەیەشـەوە (سـەلمان روشـدی ـــ ١٩٤٧) دەڵێت "رۆمان حەقیقەتەکەی لەوەدایە ئـەو شـتانە تۆماردەکـات کـە مێـژوو فەرامۆشی

---

[1] Physics، Others، T. B. Akrill، British library cataloging in publication data، 1st edition، 1979، p12–13.

* یاسای سێیەمی نیوتن، کە یاسایەکە تێیدا پێناسەی کردار/ رووداو ـ Action کراوە، تێیدا هاتووە "کردار دیاردەیەکە پەیوەستە کاریگەریی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان دوو تەنو ئەگەر یەکێکیان بە هێزێـك کـاری کـردە سـەر ئەوی دیکەیان، دووەمیان هەمیشە کاردەکاتەوە سەر یەکەمیان، بە هێزێکی یەکسان لە رێژەدا بەڵام پێـچەوانە لە ئاراستەدا، ئەم کاریگەرییە ئاڵوگۆڕکراوەی نێوان تەنەکانیش بریتییە لە کـارو کاردانـەوە ـــ action – re action".

بڕوانە: Physics، p13.

[2] چەند چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ (شێرزاد حەسەن)ی رۆماننووسدا، (کە بەرهەمێکە ئامـادەکراوە بـۆ چاپو بڵاوکردنەوە لە لایەن چاپخانەی (رەنج)ەوە، ل ١٣٢.

کردوونو ئەو شتە لە بیرکراوانە دەنووسێتەوە کە مێـژوو نایانلێـت"[1] هـەروەها (شـێرزاد حەسەن)ی رۆماننووسیش جەخت لەسەر هەمان تێڕوانین دەکاتـەوەو دەڵێـت "رۆمـاننووس لـە بەرهـەمهێنانی رۆمانێکـدا مێـژوو کـۆپی یـان دووبـارە ناکاتـەوە، رۆمـاننووس ئـەو بۆشاییانە پڕدەکاتەوە کە مێژوو جێیان دێڵێ، یان ئەو سـاتانە تۆمـار دەکـات کـە مێـژوو فەرامۆشیان دەکات، رۆماننووس بە مانا مردووەکەی کاری بە مێژوو نییـە، لـە ئەدەبـدا مێژوو دێتەوە سەر لاپەڕەکان، بەڵام هەمیشە وادێتەوە کە مرۆڤ سەرسام دەبێ" کە بۆچی ئەو هەموو تەفاسیلە سـەیر و سـەمەرەیەی نـەدیوە کـە مێـژوو بـوواردونی، رۆمـاننووس پـەردە لەسـەر ئـەو فەزاحەتانـە هەڵدەداتـەوە کـە مێـژوو چـاوی خـۆی دەنوقێنێـت لـە ئاستیاندا."[2]، چونکە زۆربەی کـات "ئـەوەی مێـژوو تۆماردەکـات رێـڕەوو ئـەدگارێکی تایبەتی دەداتێ کەسی براوەیە، سەرکەوتوو بە ئەنقەست دەیـەوێ رۆڵو بایـەخو ئازایـەتی خۆی لەسەر حسابی ژێرکەوتوو دەربخات"[3]، بەڵام ئـەم تایبەتمەندییـە لـە ئەدەبـدا بـەدی ناکرێتو شتێك نییە لە ئەدەبدا بە ناوی براوە یان دۆڕاو.

بە دانپێـدانانی توێـژەرانو رەخنـەگران، ئـەم تایبەتمەندییـەی لـە ئـەدەب بـە گشتیو هونـەری رۆمانـدا بـە تایبـەتی هەیـەو بریتییـە لـە هەڵدانـەوەی پـەردە لەسـەر واقیعـە فەرامۆشکراوەکانی کۆمەڵگاو لایەنە شاردراوەکانی هەڵسوکەوتی تاکـەکانی، لـە میـانی گێڕانـەوەی چـیرۆكو بەسـەرهاتە تایبەتەکانیانـەوە، لـە هەنـدێك بـاردا دەیانکاتـە کەرەسـتەیەکی گرنگـی توێژینـەوەی توێـژەرانی پـسپۆڕییە جیاوازەکـان، بـۆ نموونـە کـە (مەکسیم گۆرکی ــ ١٨٦٨ – ١٩٣٦) رۆمانی (دوژمنـەکان)ی نووسـی، (پلیخـانۆف ـــ ١٨٥٦ – ١٩١٨)ی تیۆریستی مارکسیو داهێنـەری بزوتنـەوەی سۆشـیال دیموکرات لـە رووسیا وتی "کۆمەڵناسە هەرە مەزنەکان، ئـەوانـەی لـە زەریـای زانستـدا مەلە دەکـەن،

---

[1] چەند چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ (شێرزاد حەسەن)ی رۆماننووسدا، ل ١٣٣.

[2] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (شێرزاد حەسەن)ی رۆماننووس، گۆڤاری سپی تر، گۆڤارێکی ئەدەبی ــ فەرهـەنگی ـــ هونەرییە، ناوەندی ژیوەر، ژ: ١، پاییزی ٢٠٠٣، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ل ٤٥.

[3] تیشکێك بۆ سەر رۆمان، عەبدولرەحمان مونیف، و: شیرین .ك، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧٧.

زۆر شت لـە گۆركییـەوە فێردەبن"[1]، هەروەها (جۆرج لۆكاش ـ ١٨٨٥ – ١٩٧١)یـش لە میانی توێژینەوەو لێكدانەوەی رۆمانە مێژووییەكانەوە، گەیشتبووە ئـەو دەرەنجامـەی كـە بلێـت "ئـەو گۆشـەنیگایانەی لـە رۆمانـەكانی (سـێر واڵتـەر سـكۆت ـــ ١٧٧١ – ١٨٣٢)دا سـەبارەت بـە رووداوەكـانی ئینگلتـەرا خراونەتـەڕوو، دەبنـە چـەند وانەیـەكی گرنگی فیكریی بۆ توێژەرانی دوای خۆیانو لەئاستی ئەو بەرهەمە فیكرییو زانستییانەوە نزیكن كە لە لای گەورە بیریارو زاناو نووسەرە ناودارەكان بەدی دەكرێن."[2]

كەواتە" بەدەر لەوەی كە رۆمان دەتوانێت بە هۆی ئەو وردەكارییانـەی لـە گێڕانـەوەی چیرۆكو بەسەرهاتە تایبەتو شاردراوەكانەوە دەیانخاتەڕوو، ئـەو كەلێنانـە پڕبكاتـەوە كـە مێـژوو بەجێیهێـشتوون، لـە تواناشـیدایە ببێتـە سەرچـاوەیەكی بەسـوود بـۆ تێگەیـشتنو توێژینەوە لە هەندێك دابونەریتو تایبەتمەندیی تاكەكانو سەرەنجام كۆی كۆمەڵو نەتەوە.

---

1 قارەمـانو رووداو لـە چـیرۆكی كوردیـدا، حەمەسـەعید حەسـەن، كـۆواری شـین، ژ: ١٠، دەزگـای چـاپو بڵاوكردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٥، ل ٧٥.

2 الرواية التأريخية، ص ٣١.



هەواڵنامەی كتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

# بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا

هەوالنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# چەمکی بنیات

زاراوەی (بنیات ــ Structure)، بە پێی ئەو پێناسەیەی لە فەرهەنگی زاراوەکانی (لاروس لیتەرــ Larousse Littre)دا بۆی کراوە "ئەو ڕێگایەیە کە شتێکی پێ دروستدەکرێت، یان بەشەکانی هەموو گشتێك یان ماددەیەکی کانزایی یاخود کارێکی پیشەیی پێ ڕێکدەخرێت"[1]، زاراوەیەکە لە (Stuere)ی لاتینییەوە هاتووەو لە زمانە ئەوروپییەکاندا لە بواری هونەری بیناکاریدا بەکارهاتووەو بریتی بووە "لەو ڕێگەیەی کە تەلارێکی پێ دروستدەکرێت"[2]، واتە زاراوەی بنیات بریتییە لە ڕێکخستنی چەند یەکەیەکی بچووك لە یەکەیەکی گەورەتردا، بە پێی سیستەمێك کە لە پەیوەندیی ئەو یەکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە.

هەرچەندە زاراوەی بنیات بە فەرمیی "بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٢٩)دا بەکارهاتووە"[3]، بەڵام (بونیادگەری) وەك ڕێبازێك مێژوویەکی دێرینتری هەیەو بە دانپێدانانی خودی بونیادگەرەکان "زانای زمانەوانی سویسری (فێردیناند دی سۆسێر ١٨٥٧ – ١٩١٣) بە دامەزرێنەری بناغەی ئەم ڕێبازە دادەنرێت، لە ڕێی ئەو وانانەی لە بواری زانستی زماندا لە زانکۆی ژنێڤ لە ساڵانی (١٩٠٧ – ١٩١٣)دا وتبوونیەوە"[4]، قوتابخانەکەیشی بە (قوتابخانەی ژنێڤ ــ Geneva school)[5] ناونراوە، سەرەڕای

---

[1] ڕەهەندی تێڕامانو جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ئازاد حەمە، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٥، ل ٢٠ (ناوی دەزگای پەخشی لەسەرنییە).

[2] في النقد الأدبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، د. فائق مصطفى ــ د. عبدالرضا علي، دار الكتب للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، الموصل، ٢٠٠٠، ص ١٧٨.

[3] ڕەهەندی تێڕامانو جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ل ٢٠.

[4] البنيوية، إعداد الندوة العالمية للشباب الإسلام، ص ١، www.saaid.net.

[5] علم اللسانيات الحديثة (نظم التحكم وقواعد البيانات)، د. عبد القادر عبد الجليل ــ أستاذ علم اللسانيات، دار صفاء للنشر والتوزيع، ط ١، عمان، ٢٠٠٢، ص ٢٢٤ – ٢٢٩.

هەندێك تیۆروانینی دیكە كە ئەم سەرەتایە تێدەپەڕێنن، لەم روانگەیەشەوە (كلۆد لیڤی شتراوس ــ ١٩٠٨)ی زانای (مرۆڤناس ــ Anthropologist) جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە "بنجو رەچەڵەكی میتۆدی بونیادگەری دەگەڕێتەوە بۆ رێنیسانسو رێڕەوەكەی بە فەلسەفەی سروشتی (گۆتە ــ ١٧٤٩ - ١٨٣٢)دا تێدەپەڕێت."[1]

بنیات" ئەو لێكدانەوانەی لە بارەیەوە كراون سەلماندویانە كە "فۆڕمی شتێك یان پەیكەرێك یان یەكەیەكی كۆنكرێتیی یان ئەو كەرەستە گشتییە نییە كە تەنها پارچەكان پێكەوە دەبەستێتەوە، بەڵكو سیستەمو پێكهاتەی شتەكان لێكدەداتەوەو راڤە دەكات"[2]و "بۆچوونێكی ئەبستراكتەو پشت بەو رەمزو كردەی گەیاندنانە دەبەستێت كە پەیوەستن بە واقیعەوە"[3]، ئەمەش راستە، چونكە لە هەر سیستەمێكی بووندا" پێویستە سیستەمێكی دیاریكراو هەبێت ئەركی پێكەوە بەستنەوەو رێكخستنی یەكەكان لە گشتو كۆمەڵدا لە ئەستۆبگرێت، لە پێناو بەردەوامیدان بەو بوونەو بەرەنگاربوونەوەی لادانە نایاسایيو دژە سیستماتیكەكان.

بە پێچەوانەی زاراوەكانی پێشووەوە، بنیات بەتەنها لە بوارو پسپۆڕییەكی دیاریكراودا بەكارنەهێنراوە، بەڵكو لە لێكدانەوەو توێژینەوەی چەندین زانستدا سودی لێوەرگیراوە، "لە پێناو دەرخستنی بنیاتی قوڵی (گشت ــ كل)ەكاندا، وەك زانستەكانی (زمان، مرۆڤناسی، كۆمەڵناسی، فیزیك، زیندەزانی، ماتماتیكو.. تد"[4]، یەكێكیش لەو بوارانە ئەدەبو رەخنەی ئەدەبییە، كە "بونیادگەری وەك تەنێكی زمانیی یان كۆمەڵێك رستە مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا دەكاتو لێی دەكۆڵێتەوە"[5]، بەم پێیەش

---

1 مغامرة المنطق البنيوي (البنيوية كما هي)، إبراهيم علي محمود، مركز الأبحاث والدراسات الإشتراكية في العالم العربي، الطبعة الأولى، ١٩٩١، ص ٦، شوێنی چاپی لەسەرنییە.

2 مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية، د. زكريا إبراهيم، دار مصر للطباعة والنشر، ص ٣٣، (مێژوو و شوێنی چاپی لەسەرنییە).

3 نظرية البنائية في النقد الأدبي، د. صلاح فضل، دارالشؤون الثقافية العامة، الطبعة الثالثة، بغداد، ١٩٨٧، ص ٢٩٤.

4 عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، أديث كيرزويل، ت: جابر عضفور، دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥، ص ١٢.

5 Roger Fowler، Linguistics and the Novel، fourth edition، T. J. press (Padstow)، Great Britain، 1989، p123 .

بۆ دۆزینەوەو دەرخستنی ئەو سیستەمەی بەشەکان پێکەوە دەبەستێتەوە بۆ پێکهێنانی گشت لە دەقێکدا "پشت دەبەستێت بە پراکتیزەکردنی (بەرنامە ــ Program)ی زانستی زمانی گشتی، لەم روانگەیەشەوە داهێنانەکانی دی سۆسێر لە بواری ئەم زانستەدا سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ سوود لێوەرگرتن."[1]

دیارترین‌و گرنگترین تایبەتمەندییەك کە داهێنانەکانی دی سۆسێر لە تێڕوانینەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوەو دەیکاتە پێشەنگێك بۆ دامەزراندنی زانستی زمانی نوێباو، سنووردارکردنی بواری کارکردنی زانستی زمان‌و توێژینەوەکانی پەیوەست بەو دیاردەیەوەیە لەناو خودی زماندا، چونکە ئەو پێیوایە "زمان سیستەمێکی داخراو و سەربەخۆیە لەناو خۆیداو ئەرکی هەر رەگەزێك تێیدا پەیوەستە بەو پێگەیەوە کە لە چوارچێوەی گشتێکدا پێی بەخشراوە"[2]، واتە یەکەمین هەنگاوێك کە دی سۆسێر لە توێژینەوەیدا لە زمان پراکتیزەی دەکات، دابڕینێتی لە جیهانی دەرەوەو قوڵبوونەوەیە لە رەگەزو لایەنەکانیدا، لەمەشەوە روودەکاتە پێشکەش کردنی تێڕوانینەکانی لە چەند خاڵێکدا.

یەکێك لەو لایەنانەی دی سۆسێر لە میانی توێژینەوە زمانییەکانیدا دەریخستووە، ناونانی یەکەکانی زمانە بە (نیشانە ــ Signal)، ئەو کاتێك زمان بە "سیستەمێك لە نیشانەکان"[3] پێناسە دەکات، مەبەستی لە نیشانە تەنها چەند یەکەیەکی رووکەش‌و سادەی زمان نییەو دەڵێت "چەمکی نیشانە لە دوو جەمسەر پێکدێت، کە بریتین لە دال ــ Significant، وێنەی دەنگیی‌و مەدلول ــ Signify، کە چەمك‌و واتایە، ئەوەشی دەیانکاتە دوو جەمسەری گرنگ، ئەو پەیوەندییەیە کە بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە"[4]، هەروەها جەخت لەسەر بوونی پەیوەندییەکی سیستەماتیك دەکاتەوە، کە دالەکان پێکەوە

---

1 مدخل الى التحليل البنيوي للنصوص، دليلة مرسلي و آخرون، دار الحداثة، الطبعة الأولى، ١٩٨٥، ص ١٥ (شوێنی چاپی لەسەرنییە).

2 النص والأسلوبية بين النظرية والتطبيق، عدنان بن ذريل، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٠، ص ٢٩.

3 مفهومات في بنية النص (مجموعة المقالات المترجمة)، د. وائل بركات، دار معهد للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، دمشق، ١٩٩٦، ص ١٨.

4 في معرفة النص (دراسات في النقد الأدبي)، د. حكمت صباغ الخطيب ــ يمنى العيد، دار الآفاق الجديدة، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٨٤، ص٣٠.

هەولێنامەی کتێب

دەبەستێتەوە لە نەسەقێكدا، چونكە "نیشانە لە زماندا بەهاكەی لە ڕێی ئەو پێگەیەوە دیاری دەكرێت كە لە سیستمی پەیوەندییەكان لە نەسەقێكدا پێیبەخشراوە"[1]، لەم ڕوانگەیەشەوە ئاماژە بە پەیوەندی دوانە لێكدژەكان ــ Binary Opposition دەكاتو دەڵێت "واتای وشەیەك دیاری ناكرێت، لە ڕێی ئەو پەیوەندییەوە نەبێت كە بە ژمارەیەك وشەی دیكەوە هەیەتی"[2]، بۆ ئەمەش وشەی (ڕەش) بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت: ڕەنگی ڕەش كاتێك واتاكەی دەردەكەوێت، كە لە بەرامبەریدا وشەی (سپی) هەبێت، گەرنا هەموو ڕەنگێك ڕەش دەبوو.

زاراوەكانی (زمان ــ Language)و (ئاخاوتن ــ Parole)و جیاوازی نێوانیان "كە Language بە نەسەقی زمان ناو دەباتو ئاخاوتنیش بە چالاكییەكی تاكەكەسیی"[3]، لایەنێكی دیكەی پرۆژە زانستییەكەی دی سۆسێرن، كە فراوانترین پانتایی توێژینەوەكانی لەخۆ دەگرێت.

دی سۆسێر جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە، ئەگەر بمانەوێت توێژینەوەیەكی زانستیی دروست لە بارەی زمانەوە ئەنجام بدەین "دەبێت توێژنەوەكەمان پەیوەست بێت بە زمان ــ Langueوە"[4]، چونكە بە لایەوە "نەسەقی زمان گشت ــ و ئاخاوتن بەش ــ ە"[5]، بۆیە تێبینی دەكەین زیاتر توێژینەوەكانی دی سۆسێر پەیوەستن بە "پەیوەندیو بەیەكگەیشتنی نێوان نیشانە زمانییەكانی نەسەقەوە."[6]

لایەنێكی دیكەی توێژینەوە زمانییەكانی دی سۆسێر تایبەتن بە چۆنیەتی توێژینەوەی ڕەگەزو نەسەقەكانی زمان، بە جۆرێك پێیوایە" دەشێت توێژینەوە لە نەسەقەكانی زمان ساینكرۆنیی ــ Synchronic یان دیاكرۆنیی ــ Diachronic بنو بەم جۆرە پێناسەیان

---

1 المدخل الى مناهج النقد المعاصر، د. بسام قطوس، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، الإسكندرية، ٢٠٠٦، ص ١٢٨.

2 في نظرية الأدب، د. شكري عزيز الماضي، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٥، ص ١٩١.

3 البنيوية والتفكيك (تطورات النقد الأدبي)، س. رافيندران، ت: خالدة حامد، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد، ٢٠٠٢، ص ٣٤.

4 سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦ — ٣٧.

5 المرايا المحدبة (من البنيوية الى التفكيكية)، د. عبدالعزيز حمودة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والأداب، الكويت، ١٩٩٨، ص ١٣٠.

6 البنيوية والتفكيك، ص ٤٢ — ٤٣.

دەكات "هەرشتێك پەیوەندی بە لایەنی ستاتیكییەوە هەبێت لە كارەكانماندا، دەشێت بە ساینكرۆنیی وەسفی بكەین، لە كاتێكدا دەشێت هەموو ئەو شتانە بە دیاكرۆنیی وەسف بكەین كە پەیوەندییان بە گۆڕانكارییو گەشەسەندنەوە هەبێت"[1]، بەم پێیەش توێژینەوە لە زمانو بابەتەكانی پەیوەست بە نەسەقی زمانەوە لە ساتێكی دیاریكراودا، دەچێتە خانەی توێژینەوەی ساینكرۆنییەوە، لە بەرامبەردا هەرچی ئەو توێژینەوانەی تایبەت دەكرێن بە بابەتەكانی پەیوەندیدار بە گەشەسەندنو گۆڕانەكان لە زماندا، دەچنە خانەی توێژینەوە دیاكرۆنییەكانەوە، لەم روانگەیەشەوە دەكرێت پشت بە نموونەیەك ببەستین، بە خستنەڕووی چەند رستەیەك:

١- ئەڤین نامەكەی نووسی.

٢- ئایا ئەڤین نامەكەی نووسی؟

٣- ئەڤین نامە دەنووسێت.

٤- ئایا ئەڤین نامە دەنووسێت؟

تێبینی دەكەین" لەو رستانەی سەرەوەدا ناوەكانی (ئەڤین، نامە)و لێوەرگیراوەكانی چاوگی (نووسین) دووبارە بوونەتەوە، بەڵام هەر رستەیەك واتای تایبەتی خۆی هەیەو جیاوازە لەوانی دیكە، بۆ نموونە: رستەی یەكەمو سێیەم هەواڵیین، بەڵام یەكەم رابردووەو سێیەم رانەبردووە، هەروەها رستەكانی دووەمو چوارەم پرسن، لە كاتێكدا دووەم رابردوو و چوارەم رانەبردووە. ئەم شێوە ریزكردنەی یەكەكان لەو رستانەی سەرەوەدا، نەسەقی زمان دیارییان دەكاتو ئەگەر بمانەوێت توێژینەوەیان لە بارەوە بكەین بۆ پەسنكردنیان، ئەوا كارەكەمان دەبێتە توێژینەوەیەكی ساینكرۆنی، بەڵام ئەگەر لە بنجو رەچەڵەكو ڕێڕەوی گەشەسەندنی ناوەكانی (ئەڤین) یان (نامە) یاخود چاوگی (نووسین) بكۆڵینەوەو بواری كارەكەمان پەیوەست بكەین بە تیشكخستنەسەر ڕێڕەوی گۆڕانو گەشەسەندنی هەریەكێكیان، بێگومان كارەكەمان دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەیەكی دیاكرۆنییەوە، كە دی سۆسێر زیاتر جەخت لەسەر توێژینەوە ساینكرۆنییەكان دەكاتەوە، چونكە پێیوایە توێژینەوە لە نەسەقی زمان گرنگترینو یەكەمین كاری زانستی زمانە.

---

[1] النظرية الأدبية المعاصرة، ص ١٥.

ئەم داهێنانانەی دی سۆسێر لە بواری زانستی زماندا، بوونە سەرچاوەیەکی گرنگی توێژینەوەکانی دوای خۆیو لە زیاد لە بوارێکدا سوودیان لێ بینرا، بە تایبەتی لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا، لەم روانگەیەشەوە دەکرێت ئاماژە بە قوتابخانەی فۆرمالیستە رووسەکان بدەین، کە توێژەران بە درێژەپێدەری رەخنەی نوێ ناویان دەبەن.

مێژووی قوتابخانەی فۆرمالیزم دەگەڕێتەوە بۆ پێش (شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە تایبەت بۆ "بازنەی زمانناسیی مۆسکۆ لە ساڵی (١٩١٥)دا، هەروەها کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی زمانی شیعریی ـ OPOJAZ"[1]، کە گۆڕانێکی گرنگیان لە بنەڕەتەکانی رەخنەدا بەرپاکرد، لە رێی دابڕینی توێژینەوە ئەدەبییەکان لە زانستە مرۆڤایەتییەکانی دیکە، بۆ نموونە (رۆمان یاکۆبسن) ئەوەی دووپات دەکردەوە کە "ئامانجی زانستی ئەدەب ئەدەب نییە بەشێوە گشتییەکەی، بەڵکو ئەدەبییەتەکەیەتی، واتە ئەو رەگەزە دیاریکراوانەی کە دەیکەن بە بەرهەمێکی ئەدەبیی"[2]، لە مەشدا مەبەستی دوورخستنەوەو دابڕینی توێژینەوەکانی تایبەت بەدەقی ئەدەبی بوو لە هۆکارە دەرەکییەکانی وەك (مێژوو، کۆمەڵناسیی، دەروونناسیی)، ئەم تێڕوانینەش پەیوەستبوو بە فۆرمالسیتەکانەوە بە شێوەی گشتی" کە پێیانوابوو "ئەدەب ئەزموونگەیەکی هونەرییە نەك بابەتییو ئەرکەکەی بریتییە لە بەخشینی رواڵەتێکی نامۆ بە شتە ئاساییو ناسراوەکان، سەرەڕای بوونی بەردەوامێتیی تیایدا"[3]، واتا بە شێوەی گشتی تێڕوانینی ئەم قوتابخانەیە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە "کاری رەخنەگر لە دەقەوە دەست پێدەکاتو لە دەقیشدا کۆتایی دێت."[4]

یەکێك لەو بوارانەی کە توێژەرانی سەر بەم قوتابخانە رەخنەییە کاریان تێدا دەکرد، توێژینەوە بوو لە دەقە گێڕانەوەبەندەکان بە گشتیو ژانری رۆمان بە تایبەتی، بە دەستنیشانکردنو پەسەنکردنی شێوازی بنیاتنانی رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو ژانرە، بە

[1] نظرية البنائية في النقد الأدبي، ص ٧٨.

[2] طريقة جاكبسون في دراسة النصّ الشعري (دراسة)، عبد الفتاح المصري، مجلة الموقف الأدبي (مجلة أدبية شهرية تصدر عن اتحاد الالكتاب العرب بدمشق)، www.awu-dam.org.

[3] بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٧، ل ٩.

[4] القراءة البنيوية، جابر عصفور، www.arraee.com.

تایبەت ڕەگەزی ڕووداو، کە دەشێت بوترێت" گرنگترین کارێك کە لەسەر ڕەگەزی ڕووداو کرابێت لە دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا بە گشتیو لە ڕۆماندا بە تایبەتی، ئەو دابەشکردنە زانستییەیە کە فۆڕمالیستەکان بۆ ئەم ڕەگەزیان کردووە، چونکە لە توێژینەوەکانیاندا میتۆدە ڕەخنەییە نوێیەکانیان پراکتیزە دەکرد، بەوەی ئەو نەسەقانەیان دەستنیشانو پەسەندەکرد کە ڕووداوەکانی نێو دەقەکانیان لەسەر بنیاتنرابوو، لەژێر ڕۆشنایی یاسا زمانییەکاندا، بەڵام توێژینەوەکانی فۆرمالیستەکان لە ڕووداوەکان توێژینەوەیەکی بونیادگەریی مۆرفۆلۆجی بوو، واتە لە میانی لێکدانەوەو شیکردنەوەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانو چیرۆکەکاندا، ڕوویان دەکردە توێژینەوەی پەیوەندیو سیستەمی پێکەوە بەستنی نێوان دیاردەو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، نەك پەیوەندی نێوان دەنگەکان.

ئێمەش لەم توێژینەوەیەماندا و بۆ ئەنجامدانی کارەکانمان، پراکتیزەی ئەو پێوەرو یاسایانە دەکەین کە ئەوان لە میانی کارو توێژینەوەکانیاندا دیارییان کردووەو دایانڕشتووە، لەم ڕوانگەیەشەوەو بە پێی بوارو سروشتی توێژینەوەو تایبەتمەندی ڕۆمانە کوردییەکانی باشووری کوردستان، هەریەکە لەم بنیاتانە وەردەگرینو لەسەر دەقەکان پراکتیزەیان دەکەین:

١-شوێنکەوتە

٢-تێهەڵکێش

٣-هاوسەنگ

٤-بازنەیی

کەواڵنامەی کتێب

# بنیاتی شوێنکەوتە

بنیاتی شوێنکەوتە" یەکێکە لەو بنیاتانەی لە ڕێکخستنی ڕووداوەکانی ڕۆماندا دەبینرێتو "بریتییە لە ریزکردنو بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکان لە زنجیرەیەکی ڕێکخراوی مێژووییدا بە پێی کات، بەبێ پەیڕەوکردنی کردەکانی پچڕاندن یان گەڕانەوە بۆ دواوە"[1]، ئەم بنیاتە" یەکێکە لەو بنیاتانەی مێژووی بەکارهێنانی هاوکاتی مێژووی سەرهەڵدانی دەقە گێڕانەوە بەندەکانە، هەر لە چیرۆكو حیکایەتە میللییەکانەوە هەتا ئەفسانەو داستانەکان، چونکە "حیکایەتخوانە پێشینەکان ڕووداوی چیرۆکەکانیان لە زنجیرەیەکی مێژوویی ڕێکخراودا پێشکەش بە گوێگرەکانیان دەکرد"[2]، بۆیە کاتێك ئەرستۆ تیۆروانینەکانی سەبارەت بە دەقە گێڕانەوەبەندەکان خستەڕوو، "جەختی لەسەر پاراستنی زنجیرەی بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکانی تراجیدیا دەکردەوە، لە ڕووی ڕێکخستنی بنەماکانی (سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی)ەوە."[3]

ئەم بنیاتە" کە هەندێك جار توێژەران بە (بنیاتی تەقلیدی)*ناوی دەبەن، ماوەیەکی زۆر باڵی بەسەر ژانری ڕۆماندا کێشابوو و تاکە ڕێگەیەك بوو کە ڕۆماننووسان پشتیان پێدەبەست بۆ بنیاتنانی ڕووداوەکانی ڕۆمان، بە جۆرێك گێڕانەوەی کرۆنۆلۆجی ــ " وەرگرتنی ڕووداوێك لە واقیعی دەرەوەی دەقەوەو تۆمارکردنو ڕێکخستنەوەی لە

---

[1] البناء الفني لرواية الحرب في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة)، عبدالله إبراهيم، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٨، ص ٢٨.

[2] بناء الرواية، ص ٥٠.

[3] الكتاب أرسطو، ص ١١١ – ١١٣، ٢٣٧.

* بە بۆچوونی من (وەك توێژەرێك)، بەکارهێنانی زاراوەی (تەقلیدی) بەو واتایە لەنگییەکی تێدایەو پێموایە کە (پێشین) دروستترە، چونکە (تەقلیدی) واتای (لاساییکردنەوەو پەیڕەوکردن) دەبەخشێت، بەمپێیەش هەموو ڕێبازەکان بە کۆنو نوێوە تەقلیدینو ئەو واتایە ناپێکێت کە لە بەکارهێنانیدا مەبەست بووە، بەڵام (پێشین) زیاتر لە ڕووی واتاو دەلالەتەوە لە ناوەڕۆکی مەبەستێکی وەها نزیکترە، چونکە ئەو جۆرە بەرهەمانە بەراورد بەمرۆ مێژوویەکی دێرینیان هەیەو بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیون، بۆ نموونە دەتوانین لە هەمان کاتدا بە دەقێکی فۆلکلۆرو دەقێك کە بە پێی بنەماکانی ڕێبازی کلاسیکی نووسراوە" بڵێین پێشین.

زنجیرەیەکدا بە شێوەیەك کە راستەخۆ وێنەدانەوەی ئەوە بێت کە رووی داوە"[1]، ببووە رێگەیەکی باو و وەك هاوتای کردەی گێڕانەوە بەکار دەهێنرا، ئەم هۆکارەش وای لە رەخنەگرانو توێژەران کردبوو پێیان وابێت "رۆمان هونەرێکە کە بە پلەی یەکەم گرنگیی بە زنجیرەییو بەدوایەکدا هاتنی رووداوەکانو تێپەڕبوونی بەردەوامی کات دەدات."[2]

بەڵام ئەو گەشەسەندنەی ئەم هونەرە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا لەسەر دەستی رۆماننووسانی وەك (دانیاڵ دیفۆ ـــ ١٦٦٠-١٧٣١)، (سامویل ریچاردسن ـــ ١٦٨٩-١٧٦١)و (هێنری فیلدینگ ـــ ١٧٠٧-١٧٥٤)* بەخۆیەوە بینی، ئاسۆیەکی نوێی بەخشییە هونەری رۆمانو توێژینەوە رەخنەییەکانیش "گرنگییەکی تایبەتییان دا بە پرۆسەی گێڕانەوەو سەربەستیی زیاتریشیان بەخشییە رۆماننووس لە شێوازی بنیاتنانو بەکاربردنی رەگەزەکانی رۆماندا بە گشتیو رووداو بە تایبەتی"[3]و بوونە سەرەتایەکی نوێ بۆ رۆماننووسو توێژەرانو رەخنەگرانی دوای خۆیان، تا بیکەنە بنەما بۆ بەرهەمو داهێنانی نوێ، بۆ نموونە "بۆریس ئایخنباوم ـــ ١٨٨٦-١٩٥٩" دەڵێت "هونەرەکانی هێواشکردنەوە، دابڕینو پێکەوەلکاندنەوەو گۆڕینی پێگەی رووداوەکان، چەند هۆکارێکن کە کاریگەریی بنەڕەتییان هەیە لەسەر رۆمانو بەخشینی ئاراستەی نوێ بەو هونەرە"[4]، واتە رۆماننووس چیتر مەرج نەبوو

---

[1] الرواية (الشكل والمضمون)، ص ٤٦.

[2] البنيوية وعلم الإشارة، ترنس هوكز، ت: مجيد الماشطة، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعةالأولى، بغداد، ١٩٨٦، ص ٦٠.

* ریچاردسن لە رۆمانی "پامێلا"و "کلاریسا"دا لەسەر شێوازی نامە گۆڕینەوە رووداوەکانی رۆمانەکانی بنیاتناوە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی چەند ئاراستەیەکی جیاواز بۆ رووداوەکان.

بڕوانە: ریالیزم لە رۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، عادل مەجید محەمەد، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی ئیبن روشد، ١٩٩٦، ل ١٧.

بەهەمان شێوەش فیلدینگ لە رۆمانی "تۆم جۆنز"و لە سەرەتای هەر بەشێکدا سەرە قەڵەمێکی کورت دەداتە خوێنەرو بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ خوێنەردا دەدوێت.

بڕوانە: تۆخمەکانی رۆمان، گۆران سەباح غەفور، گ: کاروان، ژ: ١٩٤، ٢٠٠٥، ل ٤١.

[3] المتخيل السردي (مقاربات نقدية في التناص والرؤى والدلالة)، عبدالله إبراهيم، المركز الثقافي العربي، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٠، ص ١٦٦ — ١٢٠.

[4] حول نظرية النثر، بوريس آيخنباوم، ت: إبراهيم الخطيب، مؤسسة الأبحاث العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨٢، ص ١١٢ — ١١٣.

پەیوەست بێت بە شێوازێکی دیاریکراوەوە لە بنیاتنانی رووداوەکانی رۆمانداو سەربەستیی هەبوو لە پەیڕەوکردنی ئەو شێوازەی بە بۆچوونی ئەو دەگونجێت لەگەڵ رێڕەوی چیرۆکەکەی‌و سروشتی ئەو رووداوانەی دەیەوێت لە چوارچێوەی رۆمانەکەیدا پێشکەشیان بکات، ئەمەش هاندەرێکی گەورە بوو بۆ هاتنەئارای زیاد لە شێوازو رێگەیەك لە بنیاتنانی رووداوی دەقە چیرۆك ئامێزەکان بە گشتی‌و رۆمان بە تایبەتی.

ئەگەرچی رۆماننووسانی هاوچەرخ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان خۆیان لە پشتبەستن بەم بنیاتەو رووکردنە بنیاتە نوێیاوو هاوچەرخەکان بەدوور بگرن، بەڵام رەخنەگران پێیان وایە ئەم بنیاتە هاوتاو تەواوکەری هونەرە چیرۆك ئامێزەکانەو "بوونی تایبەتمەندیی شوێنکەوتن، مەرجێکی بنەڕەتییە لە ئەدەبداو لە نائامادەیی ئەم بنیاتەدا، چیرۆك پارچە پارچە دەبێت‌و دەگۆڕدرێت بۆ تابلۆیەکی پەسنکەرانە، کە هیچ شتێك پێکەوەی نابەستێتەوە بەدەر لە هاوسێیەتیی شوێنەکانی"[1]، ئەمەش راستە چونکە هەر رووداوێکی ژیان وەربگرین، خۆی بە سروشتیی لە شێوەیەکی زنجیرەییدا روو دەدات، بە هۆی کاریگەریی سەرچاوەیەکەوە دەخولقێت‌و لەو خاڵەو لەو ساتەی کە تێیدا دەست پێدەکات، دەبێتە سەرەتا، بێگومان هەموو دیاردەو رووداوێکیش لە کاتی روودانیدا بە رێڕەوێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە خاڵێك کە تێیدا کۆتایی دێت، لەم روانگەیەشەوە دەکرێت رێڕەوی ژیانی کەسێك، یان دیاردەیەك یاخود تەنانەت کردەیەکی سادەی رۆژانە وەك نموونە وەربگرین، لەبەرئەوە رۆماننووسێك کاتێك دەیەوێت دەقێك بەرهەم بهێنێت‌و رووداوێك یان چەند رووداوێك بگێڕێتەوە، بەویست یان بەناچاریی پێویستی بە سوود وەرگرتن دەبێت لەم بنیاتە.

هەروەها دەکرێت بڵێین ئەم بنیاتە لەسەرجەم بنیاتە نوێیەکانی دیکەشدا دووبارە دەبێتەوەو بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە کاتێك رۆماننووس پشت بە "بنیاتی تێهەڵکێش" دەبەستێت کە تێهەڵکێشکردنی رووداوێك یان زنجیرە رووداوێکە لەناو یەکێکی دیکەدا، لە شێوە گشتییەکەی‌و کۆی پرۆسەکەدا بنیاتێکی جیاوازە، بەڵام ئەگەر خودی بنیاتەکە شیبکەینەوە، دەبینین پرۆسەکە دەرەنجامی تێهەڵکێشکردنی پتر لە بنیاتێکی شوێنکەوتەیە، بەم شێوەیە:

---

[1] نظرية البنائية في النقد الأدبي، ص ٤١٥.




واتە لە نێوان خاڵی (١)و (٢)دا کە رووداوە سەرەکییەکەیە (مەبەستمان لە نێوان ئەم دوو خاڵە، ئەو زنجیرە رووداوەیە کە بەدرێژایی دەقەکە دەگێڕدرێنـەوە)، چـەند رووداوێـکی لاوەکییـــان تێهـــەڵکیش کـــراوە: (أ)و (ب)و (پ)، بـــەڵام کاتێـــك رێـــڕەوی گێڕانـــەوەی هەریەکێکیان بەجیا وەردەگرین، دەبینین بنیاتێکی شوێنکەوتنە.

هەروەها بنیاتی "هاوسەنگ"یش ـ گێڕانەوەی دوو رووداو کە لەیـەك کاتـدا یـان لـە دوو کاتی نزیك لەیەکدا روویان داوە" بە شێوەی هاوسەنگو نۆرەیی (گێڕانـەوەی بەشێك لە رووداوی یەکەم، دواتر بەجێهێشتنیو گێڕانەوەی بەشـێك لـە رووداوی دووەمو ...تـد)، بە هەمان شێوە دەکرێت شیتەڵ بکرێتەوەو لە میانەیدا بە هەمان ئەنجام بگـەین، چـونکە سەرچاوەی بنیاتەکە دوو زنجیرە رووداوی شوێنکەوتەنو گێڕەرەوە بە شێوەی نۆرەیی دەیـان گێڕێتەوە، ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامـەی کـە بڵـێین: شـوێنکەوتە بنیاتێکـە لـە هەموو دەقێکی گێڕانەوەبەندا بـوونی هەیـەو ناتوانرێـت بـەبێ ئـەو رووداوەکـان بنیـات بنرێنو دەقێکی کامڵیان لێ پێکبهێنرێت.

بنیاتی شوێنکەوتە" بەکارهێنانی زیاتر لە چیرۆکدا بەدی دەکرێت نەك رۆمان، چونکە چیرۆك مەودایەکی کورتی هەیەو درێژییەکی بە شێوەیەکە کە نووسەر دەتوانێت بەئاسانی پراکتیزەی ئەم بنیاتەی تێدا بکات، لە هـەمان کاتـدا هـەر ئـەم تایبەتمەندییـەی بـوار بـە

نووسەر نادات بتوانێت بەئاسانی ئەو هونەرانە بەکاربهێنێت کە لە رۆماندا بەدی دەکرێن، وەك هونەرەکانی (پێشو پاشخستن، گەڕانەوەو تێهەڵکێشکردنی رووداوەکان)، بەڵام ئەو فراوانییەی لە رۆماندا هەیە ـ پەیوەست بە هەر چوار رەگەزەکەوە، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ رۆماننووس کە تواناکانی خۆی لە پڕاکتیزەکردنی ئەو هونەرانەدا بەکار بهێنێتو لە پشتبەستنی راستەوخۆ بەم بنیاتە" دوور بکەوێتەوە.

دوای خوێندنەوەی ئەو رۆمانە کوردییانەی کە لە دارِشتنو رێکخستنی رووداوەکانیاندا ئەم بنیاتە بەدی دەکرێت، پاشان توێژینەوە لە چۆنیەتی پەیڕەوکردنی خودی بنیاتەکە لە لایەن رۆماننووسەوە، بۆمان دەرکەوت" یەکێك لەو رۆمانانەی پشتی بەم بنیاتە بەستووە رۆمانی (پاشایان کوشت)ی (خوسرەو جاف)[1]ە *

رۆمانی (پاشایان کوشت)" بە پێی ناوەڕۆکی رووداوەکانی ـ کە گێڕانەوەی بەشێکە لە مێژووی خێڵی (جاف)، دەکرێت بوترێت (رۆمانێکی مێژوویی)یە، واتە گێڕانەوەو تۆمارکردنەوەی بەشێکە لە مێژووی یەکێك لە خێڵە کوردەکانو لە هەمان کاتدا لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا چەندین دیمەنو بابەتی دیکەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی ئەو خێڵە بەدی دەکرێت، سەرەڕای رەنگ پێدانەوەی چەند لایەنێکی کولتووریو واقیعیی ژیانو هەڵسوکەوتی کورد بە گشتیو تاکەکانی خێڵی جاف بە تایبەتی، لە رووی شێوازی ژیانکردنو هەڵسوکەوتیانەوە لەگەڵ سروشتو ژینگەدا.

کەواتە" بە شێوەی گشتی توێژینەوەمان لەم دەقە، توێژینەوەو کارکردنە لەسەر رۆمانێك کە سیمایەکی مێژوویی هەیە.

---

[1] پاشایان کوشت (رۆمان)، خوسرەو جاف، مطبعة دار الرسالة، بغداد، ١٩٩٣، ل ٧.

* (رێزان عوسمان مستەفا) لە نامەی ماستەرەکەیدا (بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستان)، چەند رۆمانێکی وەك "هەرەس"ی "موکری"، "کانگای بەڵا"ی "حسام بەرزنجی"، "شار ــ بەرگی یەکەم"ی "حسین عارف"، "کوێخا سێوێ"ی "عەزیزی مەلا رەش"، "کۆردەرە"ی "خوسرەو جاف"ی لە خانەی ئەو رۆمانانەدا پۆلێنکردووە، کە بنیاتی شوێنکەوتەیان لە رێکخستنی رووداوەکانیاندا پەیڕەوکردووە، بەڵام بەخوێندنەوەیەکی وردی ئەو رۆمانانە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە هیچ کامیان بە تەواوی ئەو بنیاتەیان بەکارنەهێناوە، هەروەها هەر خودی توێژەر لە پاری دووەمی بەشی دووەمی نامەکەیدا ئەو دەقانە وەك نموونەی ئەو رۆمانانە وەردەگرێت کە سوودیان لە بنیاتی تێهەڵکێش وەرگرتووە بۆ گێڕانەوەی چەندین رووداوو تیشکخستنەسەر هەڵوێستو تێڕوانینی کەسێتییەکانی نێو ئەو رۆمانانە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی رۆمان بە گشتیو رۆمانی مێژوویی بە تایبەتی، بوونی (دەستپێك ــ سەرەتا)ێکی سەرنجڕاکێشە" کە توێژەرانو رەخنەگرانی بواری هونەرە چیرۆك ئامێزەکان پێیان وایە" یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی رۆمان، بوونی دەستپێکێکە کە لە توانایدا هەبێت بەزوویی خوێنەر بەلای خۆیدا رابکێشێتو بەرەو قوڵایی دەقەکە کێشی بکات، چونکە "بوونی دەستپێکێکی ئەوتۆ" کە لە چوارچێوەیەکی گشتیدا سەرەتای رێڕەوی رووداوێکی هەڵکشاو بخاتەڕوو، لەگەڵ دیاریکردنی کاتو شوێنێکی تایبەت پێیەوە"[1] خوێنەر ناچاردەکات هەر زوو بێئاگاو بەچێژەوە کەنارەکان تێبپەڕێنێتو رووەو قوڵایی دەق رێ بکات، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی" کە (یاوس ــ Jauss) ناوینــاوە "شوێنەواری دەق ــ خۆسەپاندنی دەق لای خوێنەر"[2]، بە هۆی هەردوو جەمسەری (هونەری)و (جوانی)یەوە، کە "جەمسەری هونەری پەیوەستە بەو دەقەوە کە نووسەرەکەی دەیخوڵقێنێت، لە کاتێکدا جەمسەری جوانی" نواندنەوەی خوێنەرە لە هەمان دەقدا"[3]، واتە" دەق کاتێك خۆی دەسەپێنێتو شوێنەوارێك لە دەروونی خوێنەردا بەجێ دەهێڵێت، کە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدابێت، بەوەی رووداوێك لە قاڵبێکی هونەریی ئەوتۆدا داڕێژرابێت" کە بڕوا بە خوێنەر بهێنێت لە رووی راستەقینەیی ئەو رووداوانەوە کە گێڕدراونەتەوە، سەرەڕای پەیڕەوکردنی بنەما جوانناسییەکان، بە جۆرێك کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست بە بوونی خۆی بکات لە دەقەکەدا، لەم روانگەیەشەوە پێویستمان بە ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکە بۆ دەستپێکی دەقی "پاشایان کوشت"، لە پێناو دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکەی لەسەر خوێنەر.

---

[1] بڕوانە: أ- کانگای بەلا (رۆمان)، حسام بەرزنجی، مطبعة الحوداث، بغداد، ١٩٨٨.

ب- شار (رۆمان) - بەرگی یەکەم، حسین عارف، مطابع شرکة الأدیب البغدادیة، الطبعة الأولی،بغداد، ١٩٨٦

ت- کوێخاسیۆێ (رۆمان)، عەزیزی مەلای رەش، مطبعة الثقافة والشباب، الطبعة الأولی، بغداد،١٩٨٦ .

ج- کۆردەردە (رۆمان)، خوسرەو جاف، مطابع دار الجماهیر للصحافة، الطبعة ألأولی، بغداد، ١٩٨٩.

چ- هەرەس (رۆمان)، محەمەد موکری، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، چاپی چوارەم، ٢٠٠٥..

البناء الفني لرواية الحرب في العراق، ص ٢٩

[2] نظریات القراءة والتأویل الأدبي وقضایاها، د. حسن مصطفی سحلول، منشورات اتحاد الکتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص ٧٦، www.awu-dam.org .

[3] نظریات القراءة والتأویل الأدبي وقضایاها، ص ٧٦.

له دهستپێکی "پاشایان کوشت"دا هاتووه:

"- قوربان رەسووڵ تەتەر هاتۆتەوە.

- کوا، له کوێیه؟

رەسووڵ، تك تك عارەقی لێ دەچۆڕا، نمی بن دەستی له شانیدا تێکەڵ بوو بوو. که گەیشته بەر دالانی رەشماڵەکه، دەستەسڕێکی له باخەڵ دەرهێناو، سەرو رووخسارو گەردنی پێ سڕیو، دەستێکی به قەفەی هەردوو سمێڵیدا هێناو، له دەوار رۆیشته ژوورەوە..

میر له بنەبانی دەروارەوه بەسەر کورسی یەکەوه دانیشتبوو به چەپو راستیدا بەسەر لاکێشی رەنگاوڕەنگەوه، سمیڵ تا سمیڵ، پیاو ماقوڵانی خێڵ چاو له میر چووبوون به چۆکدا، له دوو لای میرەوه چەند جوان خاسێکی چوار شانەو بالا بەرزو پێ کەوتوو، ئاراستەو، هێمن دانیشتبوون، لەولاتریانەوه گەنجێکی مێرد مندالّ یەشتا موو لێ نەهاتوو، بەوپەڕی ژێرییەوه له حوزووری باوکیدا چووبوو به چۆکدا.. نیگاو نوارینی زیرەکیو هوشیاریو زرنگیو بێداری لێ دەباری.

ڕەسول هەردوو دەستی بەسەر یەکەوه نابووه سەر پشتوێنەکەی هەر که گەیشته نزیکی میر به چۆکدا چوو، دەستی میری ماچ کردو، لەسەر چاوی داناو وتی:

- میر سەر سەلامەت بێت میوانەکان گەیشتوونەته دوو فەرسەخیی هەوارگە، رەنگه بۆ عەسرێکی درەنگ بگەنه بەرەوە..!!" ﴿پ.ك: ٧﴾

دەستپێکی ئەم دەقەی سەرەوە" له رێی نمایشکردنی گرتەیەکی کورتەوه له ساتێکی دیاریکراودا، که پێکهاتووه له جوولەو هەڵسوکەوتی چەند کەسێتییەكو نمایشکردنی هەندێك دیاردەو لایەن له چوارچێوەی تابلۆیەکدا (ژینگەی کۆچبەری کورد/ جاف ــ رەشماڵ، پێگەو شوێنی کەسێتییەکان له رووی پلەو پایەو ئاستەوه ــ تەتەرو پیاو ماقووڵو میر، ئەتەکێتی خێل ــ به چۆکدا چوون له حزوری میردا، دانیشتنی میر له بنەبانی دەروار/ لای سەروو، ماچکردنو خستنه سەر ناوچەوانی دەستی میر) هەوڵی زوو ئاشناکردنو راکێشانی خوێنەر دەدات بەرەو سروشتو قولایی چیرۆکەکەو پێی رادەگەیەنێت: تۆ له سەرەتای ئاشنابووندایت به رووداوێك یان زیاتر" که له داهاتوودا روودەدەن، که یەکەمیان به (هاتنی میوانەکان) دەست پێدەکات" که نەناسراون، ئەوەش هانی خوێنەر دەدات بەدوای رووداوەکاندا بڕوات، تاوەکو بۆی دەربکەوێت: کێن؟ بۆ وا

ئامادەکارییان بۆ دەکرێتو کەسێك بەو پەرۆشییەوە هەواڵی نزیکبوونەوەیان دەگەیەنێت؟ ... ئیتر لێرەوە رووداوەکە پەرەدەستێنێتو رووداوی دیکە بە دوای خۆیدا دێنێت (هەڵکشانی رووداو) تا دەگاتە خاڵێك کە نووسەر تێیدا کۆتایی بە چیرۆکەکان دێنێت.

ئەم دەستپێکە" دەکرێت وەك دەستپێکێکی سادە لێی بڕوانین، لەبەر چەند هۆیەك، وەك:

١- لە ساتێکی دیاریکراو و سەرەتای رووداوێکەوە دەستی پێکردووە، بەبێ پێشکەش کردنی پێشنە یان باکگراوندێك سەبارەت بە سروشتی چیرۆك یان رووداوەکانی چیرۆکەکە، وەك لای رۆماننووسانی هاوچەرخ باوە (محەمەد موکری، عەبدوڵڵا سەراج، بەختیار عەلی).

٢- راستەوخۆ دەستی بە گێڕانەوەی رووداوێك کردووە، بەڵام رووداوێکی ئاسایی نەك دروستکردنی (سوژێت ــ Plot)ێك، کە هەر بە هەمان شێوە گێڕانەوە بەردەوام دەبێت تا کۆتاییهاتنی کردەی گێڕانەوەی رووداوەکان، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات پێویستی بە بەکارهێنانی وزەیەکی ئەوتۆ نەبێت بۆ لێکدانەوەو تێگەیشتنی رووداوەکانو زەمینە خۆشکردن بۆ رۆچوونە نێو قووڵایی دەقەکە، چونکە دەقەکە بە سەرەتایەکی سادەو سانا دەروازەی بە رووی رووداوەکانی داهاتوودا کردۆتەوەو بە زمانو دارشتنێکی ئاسان رووداوەکانی پێشکەش کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکە چێژی خۆی ون نەکردووەو جۆرێك لە سیحری تێدایە، کە خوێنەر بەلای خۆیدا کێش بکات، چونکە گێڕەرەوە لە پاڵ گرنگییدان بە تۆمارکردنو گێڕانەوەی رووداوەکاندا لە هەندێك شوێندا زنجیرەی رووداوی پچڕاندوەو وەسفێکی هونەرییو شارەزایانەی دیاردەو ژینگەی رووداوەکانی کردووە، بەمەش خێرایی رووداوەکانی هێواش کردووەتەوەو تابلۆیەکی هونەریشی لە چوارچێوەی دەقەکەدا خستووەتە روو، لە ئەنجامی ئەوەشدا گێڕەرەوە توانیویەتی هاوسەنگیی بگێڕێتەوە بۆ ئاستی هونەریی دەستپێکەکە.

ئەم چەند رووداوەی لە دەستپێکەکەدا تیشکیان خراوەتەسەر، گێڕەرەوە کردوونی بە سەرەتایەك بۆ رووداوە گێڕدراوەکانی دواترو قووڵبوونەوە لە پەیکەری چیرۆکەکەدا، هەر هەمان ئەو رووداوانەیش بوونەتە یەکەم ئەڵقەی زنجیرەی بنیاتی رووداوەکانی دیکە، کە بەسەر {٣٢} پاردا دابەش کراون.

بۆ تیشکخستنەسەر گرنگترینو دیارترین رووداوەکانی ئەم رۆمانەو دەستنیشانکردنی ئەو بنیاتەی لەسەری رێکخراون، پێویستمان بە وەرگرتنی هەندێك نموونەی زنجیرەی رووداوەکانە، کە بەم شێوەیە لە دەقەکەدا ریزکراون:

**یەکەم** رووداوی رۆمانی (پاشایان کوشت) ــ پاری یەکەم، بە پێشوازیکردن لە میوانێکی گرنگ لە لایەن میر (کەیخوسرەو)ەوە، "مستەر ریچ ــ نوێنەری پاشای ئینگریز" ﴿پ. ك: ٧ - ١١﴾ دەست پێدەکاتو رووداوەکانی دیکە لە دوای ئەم رووداوەوە یەك لە دوای یەك پێشکەش دەکرێن، بەم شێوەیە:

میر کەیخوسرەو میوانداریییەکی کوردانەی مستەر ریچ دەکات، "نمایشی سوارەو جەنگاوەرانی جاف لە پێشوازی میوانەکاندا" ﴿پ. ك: ١٢﴾و هەڵسوکەوتی خێزانی میرو بە تایبەت روونە پۆشینی هاوسەرەکەی، کتێبخانەیەکی بچووك، سەرەڕای هەندێك وتووێژی نێوان میرو مستەر ریچ سەبارەت بە سوپای ئینگلیزو جەنگی (واتر لۆ)، چەند دیاردەیەکن دەبنە مایەی سەرسوڕمانی ریچ، دوای رۆیشتنی ریچ، گێڕەرەوە باس لە گەشتکردنی میر کەیخوسرەو دەکات بۆ شاری سلێمانی، بە مەبەستی "خواستنی گوڵ ئەندامی کچی ئەورەحمان بەگی میرانو پاشان مارەکردنی لە عەبدوڵلا بەگی کوڕی" ﴿پ. ك: ١٨ - ٢٨﴾، پاشان تیشك دەخاتە سەر تەدارەکی ژنو ژنخوازی بەگزادەو میری جافو میرانی بەبە، کە ئەم رووداوانە بە هەموویان ئەڵقەی دووەمی زنجیرەی رووداوەکان پێك دەهێنن.

تێبینی دەکەین" هەر لە سەرەتای گێڕانەوەوە تا کۆتایی پاری دووەمی رۆمانەکە، رووداوەکان لە زنجیرەیەکی یەك لەدوای یەکدا رێکخراون، بەبێ ئەوەی هیچ کردەیەکی گەڕانەوە یان پاشو پێشخستن ئەنجام درابێت، تەنانەت کۆتایی پاری یەکەمو سەرەتای پاری دووەم بە جۆرێك پەیوەستن بەیەکەوە" کە تەنها ناونیشانی پارەکان جیایان دەکاتەوەو هەست ناکرێت دوو پاری جیاوازبن، چونکە لە کۆتایی پاری یەکەمدا ئاماژە دراوە بە پلاندانانی میر کەیخوسرەو بۆ رێکخستنی گەشتێك بەرەو سولەیمانی "بۆخۆت لەسەر سەفەریو بەرەو سولەیمانی دەڕۆیت" ﴿پ. ك: ١٧﴾و پاری دووەمیش بە ئەنجامدرانی ئەو گەشتە دەست پێدەکات.

رووداوەکان تا کۆتایی پاری سێیەم بە ئاسایی تێدەپەڕنو زیاتر تایبەتن بە باسکردنی هەڵسوکەوتو رەفتاری پاشاو ئەندامانی خێلی جاف لە شێوەی ژیانکردنو گەشتو

گەڕاندا "هەر کە کزەبای ساردی کوێستان هەڵی کردایەو نەرمە شنەی لە رووخسارو لەش‌و گیان بخشایەوە، تاکە تاکە کەلا جوجمومەك لە زەوی کەوتایە، فەرمانی خێڵ بەرەو خواری دەداو خێڵیش بەرەو دەشتی شارەزوور، دۆڵی قەرەداغ هوروشیان دەکردو پەخش‌و بڵاو دەبوونەوە" ﴿پ. ك: ٢٩﴾، بەڵام لە سەرەتای پاری چوارەمەوە باسەکانی شەڕو پیلانگێڕیی دوژمنان‌و کۆبوونەوەو ئامادەکارییەکان بۆ جەنگ‌و رووبەڕووبوونەوە دەست پێدەکەن.

رووداوەکانی پاری چوارەم‌و پێنجەم‌و شەشەم تایبەتن بە گێڕانەوەی وردەکارییەکانی جەنگێك کە لە نێوان میرنشینی بابان‌و ئەردەڵاندا روو دەدات، بە هۆی پیلانێکەوە کە میری ئەردەڵان‌و ئێرانییەکان تێیدا هاوبەشن دژی بابان "ئەوە بڵێ، ئەم عەجەمانە چییان لێمان دەوێ؟ ئەمانوڵا خانی ئەردەڵان چ خوێنێکمان پێ دەگێڕێ؟!" ﴿پ. ك: ٣٧﴾، پەیوەندی خێڵی جافیش بە جەنگەکەوە، ئەو بانگهێشتەیە کە لە لایەن میری بابانەوە ئاراستەیان کراوە بۆ پشتیوانیکردنی خێڵی جاف لێیان لە جەنگەکەدا "ئەی لەشکری جاف بۆ نەگەیشتن؟ قوربان، بەڕێگەوەن هاکا زانیت، خرۆشان‌و گەیشتن" ﴿پ. ك: ٣٨﴾و بەشداریکردنی دڵسۆزانەیانە لەو شەڕەدا دژی دوژمنەکانی میرنشینی بابان‌و ناوچەی شارەزوور "لەشکری جاف لەگەڵ دوژمندا بەرەنگار بوونەو دیارە زۆریان لە دوژمن کوشتووەو دە پانزە کەسێکیان لێ دەستگیر کردوون" ﴿پ. ك: ٥٠﴾.

پارەکانی حەوتەم تا دوانزەیەم تەرخان کراون بۆ گێڕانەوەی چەند دیاردەو رووداوێك لە پاش جەنگی ئەردەڵانەوە، لەوانە: دروستبوونی دووبەرەکیی لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی بابان لەسەر کورسی‌و دەسەڵات‌و پەنادانیان بە دوژمنەوە لە پێناو هەندێك مەرامی تایبەتدا "کاکە بەم کەسوکارو خزم و خۆیشە نۆکەر سفەتانەوە، وا لە مەڵاسدان، پێم وانییە بتوانین هیچ تۆڵەیەك لە هیچ کەسێك بکەینەوە، وا حەسەن بەگی براشمان کەوتووەتە کلکە لەقەو، هاکا زانی ئەویش بەرەو ئاخوڕێك کلکی نایە ناوگەڵی‌و بۆی دەرچوو" ﴿پ. ك: ٦٣﴾، پاشان رێککەوتنێك لە نێوان سوپای ئێران‌و میری باباندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشێك کە والی بەغدا کردبوویە سەر سلێمانی "بە سبەینێدا محمد علی میرزا، فەرمانددەی سوپای ئێران لەگەڵ چەند کاربەدەستی سوپادا بە پۆست‌و دایەرە نەقارە لێدان‌و بۆقی‌و دەهۆڵ لێدانەوە، هاتنە نێو شارەوەو بوونە میوانی پاشاو تۆماری برایی‌و هاوکارییان لەگەڵ پاشادا ئیمزاکردو فەرمانداریيەکی جەنگی تێکەڵیان پێك

هێنا" ﴿پ. ك: ٦٨﴾، هەروەها باسکردنی ئەو جەنگە خوێناوییەی لە نێوان هەردوو بەرەی بەبەو ئێران لە لایەك (بە پاڵپشتیی جەنگاوەرانی خێڵی جاف)و لەشکری عوسمانلی لە لایەکی دیکەوە" هەڵگیرسا "بارەگای محمد علی میرزاو محمود پاشای بابان لە پانتایی دەشتی گوڵ عەنبەرو دوو ئاوان هەڵیان دابوو، دوو لەشکر تا دەبوو لە یەکتر نزیکتر دەبوونەوە، لە هەردوو هەڕەتی قەرەگۆلدا بەرانبەر یەك دوو لەشکر وەستانەوە ... شەڕ گەرم بوو بوو، ناڵەو هاواری بریندارن مەیدانی سامناك کردبوو ... هەردوولا کوشتارێکی گیانییان لە یەك کردبوو، نەسەرکەوتنو نەبەزینو نەکشانەوە، لە هیچ لایەك وەدی نەدەکرا" ﴿پ. ك: ٦٨ - ٧٢﴾، سەرەڕای برینداربوونی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی میر کەیخوسرەو "سوارەی دوژمن کشایەوە، لە هەمان کشانەوەدا گوللەیەك بەر شانی راستی عەبدوڵڵا بەگ کەوت ... گولله بێ ئەوەی بەر ئێسك بکەوێ دیمەودەر شانی عەبدوڵڵا بەگی سمی بوو" ﴿پ. ك: ٧١ - ٧٥﴾و پاشان کوژرانی لە لایەن حەکیم باشی ـــ پزیشکەوە، بە پێی پیلانێکی عوسمان بەگی بابان، "بە هۆی کینەو بوغزی دەرحەق بە عەبدوڵڵا بەگ" ﴿پ. ك: ٧٥﴾ کە سەرچاوەکەی پەیوەست بوو بە خواستنی گوڵ ئەندامە لە لایەن عەبدوڵڵا بەگەوەو "عوسمان بەگ تێدەفکرا، بە چ شێوەیەك گوڵ ئەندام بەچنگ بێنێت" ﴿پ. ك: ٧٥﴾، لە کۆتاییشدا باس لە رێوڕەسمی بەخاکسپاردنو پاشان پرسەی عەبدوڵڵا بەگ کراوەو ئاماژە بە دروستبوونی ساردییەك کراوە" کە بە هۆی کوژرانی عەبدوڵڵا بەگەوە دەکەوێتە نێوان جافو بابانەوە، ئەمەش لە وەسێتەکەی میر کەیخوسرەودا تەواو رەنگیداوەتەوە، کاتێك لە سەرەمەرگدا دەڵێت "بۆ لەمەولا مەڕۆنە ژێر رەشماڵێکەوە، مەڕۆنە هانایانەوە، بەڵام نامەوێت نووکی رمو نێزەتان بەرەو سنگیان راوەشێنن" ﴿پ. ك: ٨٦﴾و "بە دوای ئەم وەسێتەدا بەدوو مانگ، کەیخوسرەو بەگی جاف ماڵ ئاوایی کردو، سلێمان بەگی کوڕی جێگەی گرتەوەو زۆری نەخایاند ئەویش بە نەخۆشیی تاعوون دووچار بوو و سەری نایەوەو قادر بەگی جاف بە سەرۆك هەڵبژێرراو جێگەی گرتەوە" ﴿پ. ك: ٨٧﴾.

تێبینی دەکەین" بە درێژایی چەند پاری پێشوو، سێنتەری گرنگیی رووداوەکان بە پلەی یەکەم رووەو یەك کەسێتیینو گرنگیدانو دەرخستنی رۆڵو پێگەی کەسێتییەکی دیاریکراو ـ میر کەیخوسرەو لە لایەن گێڕەرەوەوە لەسەر حسابی کەسێتییەکانی دیکە، دیاردەیەکی هەستپێکراوەو هەمیشە گێڕەرەوە هەوڵ دەدات زۆرترین رێژەی رووداوەکانی

تایبەت بەو بخاتەڕوو، پاشان بە پلەی دووەم ئەو کەسێتییانەی نزیکن لەوەوەو تەواوکەری پلەوپایەی ئەون، رووناکییان دەخرێتەسەر، هەربۆیە دەبینین بە مردنی (میر کەیخوسرەو)و نەمانی رۆڵی، راستەوخۆ گێڕەرەوە پێگەکەی بە کەسێتییەکی دیکە پڕدەکاتەوەو ناهێڵێت زنجیرەی رووداوەکان بەبێ بوونی کەسێتییەکی سەرەکییو گرنگ بەردەوامبن، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی رۆمانە مێژووییە کلاسیکییەکان، چونکە لەو جۆرەی رۆماندا "هەمیشە بایەخێکی زۆر بە پاڵەوانی سەرەکیی دەدرێتو پاڵەوانەکانی تریش کە لە پەراوێزدا ناویان دێتو وەسفیان دەکرێت، لە دەوری ئەو پاڵەوانە سەرەکییە دەسوڕێنەوە"[1]، هەربۆیە دەبینین دوابەدوای کۆچی دوایی میر کەیخوسرەو میر سلێمان دەبێتە جێگرەوەی، راستەوخۆش دوای ئەویش قادر بەگ دەبێتە سەرۆك خێڵ ـ کەسێتیی سەرەکیی رووداوەکانی رۆمانەکە.

هەروەها پەیوەست بە سروشتی رووداوەکانیشەوە، تێبینی دەکەین رووداوەکان راستەوخۆ لە لایەن گێڕەرەوە دەگێڕدرێنەوەو لە زنجیرەیەکی رێکخراودا ریزکراون، بە جۆرێك کە فۆڕمێکی لۆجیکییان پێ بەخشراوەو گفتوگۆیش کە رێگەیەکی دیکەی خستنەڕووی رووداوەکانە، زۆر بەکەمیی بەدی دەکرێتو لە گێڕانەوەدا پشتی پێ بەستراوە، ئەمەیش بە هەمان شێوە تایبەتمەندییەکی دیکەی رۆمانی کلاسیکییەو تێیدا "گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا گرنگیی بە لۆجیکییەتی روودانیان دەدات، بە جۆرێکیش دەیانخاتەڕوو کە وادەربکەون وێنەدانەوەی ژیانو ژینگەی راتەقینەی دەرەوەن"[2]، لەبەر ئەوە بە درێژایی رۆمانەکە رەگەزێکی لە ناکاو یان لادانێکی هەستپێکراوی ناسروشتیی بەدی ناکرێتو زنجیرەی رووداوەکان بە هەمان رێڕەوی ئاساییدا تێدەپەڕن، بە جۆرێك هەر پارە درێژکراوەو تەواوکەری پاری پێش خۆیو هۆو سەرچاوەی خولقاندنی رووداوەکانی دوای خۆی، ئەمەش لە خستنەڕووی درێژەی رۆمانەکەدا بەتەواوی رەنگدەداتەوە.

---

[1] گەمە هونەرییەکانی تاریکستانی لم، سابیر رەشید، گۆڤاری رامان، ژ: ٢١، ئایاری ١٩٩٨، دەزگای رۆشنبیریو راگەیاندنی گوڵان، هەولێر، ل ٢٠

[2] الرواية العربية البناء والرؤيا (مقارنات نقدية)، د. سمر روحي الفيصل، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، ص ١٤ – ١٥، www. Awu-dam.org

دوا بەدوای خستنەڕوویەکی خێرای دەستبەدەستکردنی جڵەوی سەرۆکایەتی خێڵی جاف لە نێوان (میر کەیخوسرەو ـ سلێمان بەگ ـ قادر بەگو سەرەنجام ئەحمەد بەگ)دا، گێڕەرەوە درێژە بە ڕێڕەوی ڕووداوەکان دەداتو پاری دوانزەیەمو سیانزەیەم تایبەت دەکات بە خستنەڕووی ئەو پیلانگێڕییانە کە ئەحمەد بەگی وەلەد بەگی خاڵی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان بە هاوکاریی خوشکەزاکەی دایدەڕێژێت، بۆ دەستگرتن بەسەر خێڵی جافدا "تۆیش باش بیری لێبکەرەوە، ئەگەر بێتو ریاسەتی ئاوا عەشرەتێك بەدەست منەوە بێت، دەیکەمە چ پاڵپشتێکی پاش تۆ" ﴿پ. ك: ٨٩﴾، بە تایبەت دوای ئەوەی "سلێمان پاشای بابان سەری نایەوەو ئەحمەد بەگی کوڕی لە لایەن داود پاشاوە کرا بە پاشاو جێگەی باوکی گرتەوە" ﴿پ. ك: ٩١﴾و قادر بەگی جافیش لە ناوبژی شەڕێکدا کە لە نێوان "قادر میروەیسیو تایشەیی" ﴿پ. ك: ٩١﴾دا هەڵدەگیرسێت، بەردەکەوێتو دەکوژرێتو دەسەڵاتی جاف دەکەوێتە دەست حەمە بەگی برای کە هێشتا مێردمنداڵە، ئەحمەد بەگ هەوڵەکانی چڕتر دەکاتەوەو بە پیلانێك دەنێرێت بەدوای حەمە بەگدا ـــ کە دوا نەوەی کەیخوسرەوە، "بنێرە بەدوای حەمە بەگی کەیخوسرەو بەگدا بێ بۆ دیدەنیت، کە هات دەستبەسەری بکە" ﴿پ. ك: ٩٦﴾، بۆ ئەوەی خۆی جێگەی بگرێتەوە.

ڕووداوەکانی پاری چواردەیەمو پانزەیەم کە دەرئەنجامو درێژەپێدەری ڕووداوەکانی پاری پێشوون، تیایاندا گێڕەرەوە ئاماژە بە وەڵامی پیرو پیاوماقوڵانی خێڵی جاف بۆ بانگهێشتنامەکەی میری بابانو ئەحمەد بەگی خاڵی دەدات "لە جیاتی حەمە بەگ چەند بەگزادەیەکی دی دەنێرین، بەم شێوەیە پێویستی سەرشانی خۆمان ئەنجام داوەو دڵو دەروونی پاشایشمان بۆ ڕوون بۆتەوە" ﴿پ. ك: ٩٩﴾و پاشان دەستگیرکردنی بەگزادە نێردراوەکانی جاف لە لایەن ئەحمەد پاشاوە "یاساوڵەکان هەر دووانیان قۆڵو بازووی یەکێك لە میرەکانی جافیان گرتو هەر لەوێدا کۆتو پێوەندیان خستە گەردنو پایانو بەرەو دەر پەلکێش کران" ﴿پ. ك: ١٠٥﴾، هەروەها بڕیاردانی دەم چەرمووانی خێڵ بە تۆڵەکردنەوە لە ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ، چونکە "تەواوی ڕووداویان لەو دەزانی" ﴿پ. ك: ١٠٥﴾و "ئەحمەد بەگی وەلەد بەگیان بە کراسو دەرپاوە لەناو جێگەدا وەدەرهانیو بەرەو حەمە بەگ هانی یان" ﴿پ. ك: ١٠٥﴾.

رووداوی فڕاندنی[1] ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ لە لایەن خێڵی جافەوە، دەبێتە سەرچاوەی هەڵگیرسانی شەڕو ململانێیەکی گەورە لە نێوان خێڵی جافو بابانەکانداو سەرەنجام چڕتربوونەوەو خێرابوونی رووداوەکان "بە ئاگادار بوونی ئەحمەد پاشا لە رووداو، لەشکرو سوپایەکی زۆری هەنارده سەر جاف، تا ئۆردوو گەیشت، خێڵانی جاف لە سیروان کردیانە ئەوبەرەوەو لە خاكو زەویی ئێراندا گیرسانەوەو لە ناوچەکانی داڵەهۆو زەهاو و سەرقەڵاو جێ گیرانو قەسری شیریندا پەخشو بڵاو بوونەوە" ﴿پ. ك: ١٠٦ - ١٠٧﴾

پارەکانی شانزەو حەڤدەو هەژدە تەرخانن بۆ گێڕانەوەی گەشتی حەمە بەگ بۆ تارانو بینینی شای ئێران "خوسرەو میرزا دەیوت، تا تاران ١١٤ فەرسەخە، ئەم سەدو چوارده فەرسەخە ئەگەر بەشێنەیی ببڕین، رەنگە بە دە رۆژ بگەین ... وەك دەزانیت شەرەفیابیو بە خزمەت شا گەیشتن بەر هەموو کەسێ ناکەوێت، ئەم لوتفە دەرحەق بە جەنابت کراوە، شایانی خۆشبەختی یە" ﴿پ. ك: ١٠٩ - ١١٦﴾، پاشان بەخشینی نازناوی خانی بە حەمەبەگو دەستنیشانکردنی ناوچەیەکی تایبەت وەك قەڵەمڕەوێ بۆی "ئافەرین ئافەرین خانی جاف، تۆ لە ئێستاوە نازناوی خانیمان پێ بەخشیت. ئینجا شا پەنجەیەکی بۆ مستوفی الممالیك راوەشاند، وتی: فەرمانی خانی بۆ بنووسەو هەروەها فەرمان دەدەین ئەو بناری قەسری شیرینو ناوچەی زەهاوو سەرقەڵاو جێ گیرانەش لە ژێر دەستیدا دەبێت" ﴿پ. ك: ١١٩﴾، لە کۆتایشدا ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان خێڵی جافو بابانەکان "من لەسەر داوای ئەحمەد پاشا هاتووم بۆ لات، نابێت دەست بخەیتە رووم، ئێوە دەبێت بگەڕێنەوە هەوارگەکانی خۆتان" ﴿پ. ك: ١٢٦﴾

گێڕەرەوە لە پارەکانی (١٩ - ٢٧)دا باسی دروستکردنی قەڵای شیروانە دەکات، کە لەسەر داوای حەمە بەگو بەسەرپەرشتیی ئەندازیارو تەلارسازانی ئێران ئەنجام دەدرێتو لە لایەن شای ئێرانەوە راسپێردراون "وەك بۆم مەعلوم بووە قەڵایەك دەتەوێت دروستی

---

[1] ئەم چاوگە کە بەرامبەر بە (إختطاف ــ Kidnap) بەکارمهێناوە، لە هەندێك سەرچاوەدا بە هەڵەو بە (رفاندن) هاتووە، بەڵام فڕاندن دروستترە، چونکە سەرچاوەکەی لە چاوگی (فڕین)ەوە وەرگیراوەو واتاکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگو سەرچاوە دێرینەکان بۆمان دەرکەوت (رفاندن) بنجو رەچەڵەکی دیارنییەو مێژووی بەکارهێنانیشی بەراورد بە (فڕین، فڕاندن) زۆر نوێیە.
بڕوانە: فڕاندن یان رفاندن (توێژینەوەیەکی ئێتیمۆلۆجی)، میران جەلال محەمەد، رۆژنامەی هاوولاتی، ژ: ٢٢٤، رۆژ: ١٨-٣-٢٠٠٦.

کەیت، تەنها بۆ ژیانو حەسانەوە نی یە، بەڵکو تا رادەیەك هەواو هەناسەو بۆنی بەرگریو بەرانبەرکێشی تیادایە" ﴿پ. ك: ١٥٦﴾، لە پاشان ئەمەش ئاماژە بە سەفەرکردنی شای ئێران دەدات بۆ ئەوروپاو قۆستنەوەی بێئاگایی ئەو لەو وڵات لە لایەن کاربەدەستانەوە "شا مانگێك بوو لە ئێران دەرچوو بوو، لە رێگای ئەستاراو رووسیاوە بەرەو دیارو بناری ئەوروپا گەشتی دووەمی دەست پێ کردبوو، هەڵچەرخاندنی وڵات کەوتبووە دەست بڕکەو جەماعەتێك، بێ رەحمانە ئاگریان لەسەر پشتی کەساسانو رەشو رووتەکە دەکردەوە" ﴿پ. ك: ١٧٣﴾و پەرەسەندنی ئەو زیادەڕوییە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر دەسەڵاتی حەمە بەگو خێڵی جاف، بە تایبەت دوای کوشتنی (کوێخا برایمی یەزدان بەخش) بە فەرمانی حەمە بەگو لە لایەن رۆغزادی سوارەی جافەوە، بە هۆی ناپاکییەوە "حەمە پاشا دوای کوشتنی کوێخا برایمی یەزدان بەخش خۆی بۆ هەر رووداوێك ئامادە کردبوو، ئەو مل هوڕیو قینو دڵ رەقی زۆلو سوڵتانی دەناسیو دەیزانی لە کوشتنی برایمە دێز خۆش بوونی بۆ نی یەو ئەمڕۆ بێو سبەی، بتوانێت چزەی لێ هەڵدەسێنێت" ﴿پ. ك: ١٧٤﴾، سەرەنجام فەرماندانی زۆلو سوڵتان بەهێرشبردن "زۆلو سوڵتان فەرمانی دا بە سەرتیپ عەلی ئەشرەف خانی قەرە گوێز لوو بەخۆیو تیپەیەکەوە هێرش ببەنە سەر خێڵانی جاف ... هێزی دەوڵەتی گەیشتبوونە ناوچەی دەورو بەری خێڵاتو هەوارگەکانی جاف" ﴿پ. ك: ١٧٤﴾، ئەگەرچی لە سەرەتادا زیرەکیی حەمە بەگ لەو شەڕەدا شکست بە هێرشەکە دێنێت "تەواوی بیرو ئەندێشەی پاشای جاف ئەوەبوو هێزی دەوڵەت بخاتە ئەو داوەوە وا بۆی ناوەتەوە ... لەپڕ دوو سەد سواری عەشایەریان چوو مێردەزمە لێ تاین بوو، تا چاویان کردەوە کوشتارێکی باشیان لێ کراو شپرزەیان کردن" ﴿پ. ك: ١٧٥﴾، بەڵام دەستکردنی جەنگاوەرانی جاف بە تاڵانیی دەبێتە هۆی دۆڕانی لەشکری حەمە بەگ لەو شەڕەدا "تاڵانو چەپاوو شڕە خۆری دەستی پێ کردبوو، چەکیان خستبووە لاوە ... لە پڕ لە دوو سێ لاوە ئابڵۆقە درانو درانە بەر گوللە تۆپ ... بە تێکشکانی هێزی عەشایەر، سوپای دەوڵەت بێ ئامان کەوتە نێو عەشایەرە نیشتەجێکانو تاڵانو بڕۆو رەشبگیری دەستی پێ کرد" ﴿پ. ك: ١٧٦﴾

گێڕەرەوە لە پارەکانی دواتردا (٢٧ - ٣٢) ئاماژە بەچەند رووداوێك دەدات، کە سەرەتاکەی بە زیندانییکردنی "عەزیزی شاوەیس"و رەتکردنەوەی ئازادکردنی لە لایەن حەمە بەگەوە دەست پێدەکات:

"- جەماعەتێك هاتوون دەیانەوێ بگەنە خزمەت.

- کێن؟

- مەلا مارفی بەرزنجەو کوێخا رەمەزانو برا حەمەی چوار کلاو ...

- قوربان هاتووین عەزیزی شاوەیسمان بۆ بەرەڵا کەیت، ئەوە چەند مانگە لە بەندیخانەدایە" ﴿پ. ك: ١٧٩﴾، پاشان ئەم رەتکردنەوەیەی حەمە بەگ دەبێتە هۆی دروستبوونی نیگەرانیی لای بنەماڵەی عەزیز شاوەیسو سەرەنجام پاڵدانیان بە عوسمانییەکانەوە بۆ سەندنەوەی مافیانو تۆڵەکردنەوە لە حەمە بەگ "ئەوە شەش مانگی رەبەقە عەزیز لە بەندیخانەی حەمە پاشادا دەکارژی هەلداو کەس خۆی نەکردە خاوەنی ... عومەر پاشا لە پشتی مێزەکەیەوە هەستاو وتی نەك مـن، خودی سوڵتانیش بڵێ، حەمە پاشا باوکت بەرەڵا ناکات! ئیتر بۆ خۆتان دەخەڵەتێنن، هەستن بڕۆن چارەسەری خۆتان بکەن ... سادەو ئاسان بیکوژن، حەمە پاشا بکوژن" ﴿پ. ك: ١٨١ - ١٨٢﴾، سەرەنجام بە پێی پیلانێکی نهێنی، عومەر پاشا هەوڵی لەناوبردنی (عەزیز) دەدات لە بەندیخانەدا، بۆ زیاتر جۆشپێدانی ئاگری دووبەرەکیی لە نێوان خێڵی جافدا "کەوتوومەتە سەر کەڵکەڵەی سەر تیابردنی عەزیزەوە لە بەندیخانەدا، ئەگەر بتوانم بە شێوەیەك دەرمان خواردی کەمو فرە دڵ گەرمتر دێنە پێشەوە" ﴿پ. ك: ١٨٤﴾، ئەم پیلانەیش سەردەگرێتو لە کاتی چوونەدەرەوەی حەمە بەگدا بۆ راوو شکار، عەزیز لە بەندیخانەدا دەکوژرێت، رووداوی کوشتنەکەش بنەماڵەی عەزیز دڵگران دەکاتو بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدەن "خزمینە هەل لەمە باشترمان وە چنگ ناکەوێ ... بۆ ئەوە کۆتانم کردەوەتەوە، تا پێتان راگەیەنم، ئەگەر دەتانەوێ خوێنی عەزیز پامال نەکرێو نەفەوتێ، وا پاشا بە بیست سی کەسەوە خەیمەگای لە چیمەنی برایم سەمین دا هەڵداوەو خەریکی راوە ... دانیشتووان هیچ کامیان دوو دڵی یان وەدەرنەخستو هەر هەموان ئامادەبوون بۆ کوشتنی حەمە پاشا" ﴿پ. ك: ١٩٦﴾، پاشان لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا هەڵدەکوتنە سەر هەوارگەی خێڵو حەمە بەگ دەکوژن "شکارگای پاشا سەری خەوی لەسەر باڵی خەیاڵ دانابوو، بێ دەربەست، بێ خەم ... پاشا لە ئاشوفتە بازاڕی رۆژگارا پا بەرجاو ئارام بەهەزار ئاواتی گەورەو سەرەو هەزار مەرام لەگەڵ کوردەواریو عەشرەتو خۆیشا لەخەوا بەرنامەی ململانێی تێکڕایی دەکێشا ... پەردەی دەوار هەڵدرایەوە، دە دوانزە چاوی خوێن گرتوو، چوو کاسە خوێن، دەست بە تفەنگۆ خەنجەر رووبە رووی

راوەستان ... فارس خەنجەری لە کێلان دەرهێناو بەهەموو هێزی خۆی دای هێنایەوەو دای لەسەر پۆپەی دڵی پاشاو، لە جێگەی دەمی خەنجەرەکەوە خوێن بازەڵەی بەستو روخساری فارسی خوێن ئالۆود کرد" ﴿پ. ك: ٢٠٠ – ٢٠١﴾، ئەم تاوانەی تیرەی کەرەم وەیسی (بنەماڵەی عەزیز بەگ) دژ بە خێلەکەیان کردیان، بە پشتبەستن بە والی بەغدا ئەنجامی دەدەن، بەڵام وەك رەفتارێکیٚ هەمیشەیی دوژمنان والی پشتیان تێدەکات، ناچار ئەوانیش هانا بۆ جوامێر ئاغای هەمەوەند دەبەن "ئێمە تیرەی کەرەم وەیسی جافین بە لەوەڕو هانا بە بنچك لێمان قەوماوە، لە خواو جوامێریو کەڵەمێردی جوامێر هەمەوەن زیاتر لەژێر ئەم ئاسمانەدا کەسێك شك نابەین ... قوربان خراومان لێقەوماوە، خەتای گەورەمان لیٚ وەشاوەتەوە، ئەمانەی وا پەنایان هێناوەتە ئەم ئاستانەیە، دەستیان بە خوێنی حەمە پاشای جاف رەنگین بووە" ﴿پ. ك: ٢٠٥ – ٢٠٦﴾، جوامێر ئاغا دەیانگرێتە خۆ، بەڵام پشتیوانیی هەمەوەندەکان سوودی نابێتو بکوژانو سەرو ماڵیان لە تۆڵەی حەمە بەگدا لەناودەبرێن "کوڕەکانی حەمە پاشا بە سەرۆکایەتی محمود بەگی برایان لەگەڵ سیٚ هەزار سوارو چەکداری جافدا لە دامێنی ناوچەی هەمەوەندا پەخشو بڵاو بوونەوە ... ژمارەی هێزی جاف چەندین بەرانبەری سەنگەر گیران بوو، مۆڵەتیان پێنەدان وەڵامیان بدەنەوە ... هێرشی جافەکان تا دەبوو بەتین ترو زۆرتر دەبوو، سەنگەرگیران لە سەنگەرەکانیان هەڵ کەنرابوون، لاشەو بریندارانیان بەجیٚ دەهێشت ... هێزی جاف هەموو تواناو زەبرو زۆری خۆی بەکار برد بۆ گەمارۆدانی پاشماوەی هێزو سوارەو تاك تاکی کەرەم وەیسی یەکان، جوامێر هەمەوەند بە ناچاری لە کەرەم وەیسی یەکان جیابۆوە ... لە زەردەی ئێوارەیەکی خوێناویدا شەڕکەرانی کەرەم وەیسی بە نائومێدییەوە چەکیان فڕێدا، سوارەو سوپای جاف لە هەمان جێگەدا هەر هەموویان گەورەو بچووكو پیرو جوانیان دا بەدەم رمو شمشێرەوە، هەر بۆ نموونە منداڵێکیان بە زیندوویی نەهێڵایەوە" ﴿پ. ك: ٢١١ - ٢١٢﴾، بەم تۆڵەسەندنەوەیەی میراتگرانی حەمە پاشای جاف، کۆتایی بە رۆمانەکە دێت.

بە سەرنجدانو لێکدانەوەیەکی وردی ئەو نموونانەی پێشەوە ـ کە کورتکراوەی رووداوە سەرەکیو دیارەکانی رۆمانی (پاشایان کوشت)ن، بۆمان دەردەکەوێت" ئەو بنیاتەی لە داڕشتنو رێکخستنی ئەو رووداوانەدا بەکارهێنراوە، پراکتیزەکردنێکی تەواوی بنیاتی شوێنکەوتەیە، چونکە گێڕەرەوە لە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکدا رووداوەکان

دەگێڕێتەوەو "ڕووداوەکان وەکو ڕستەی سەر کاغەز بە شێوەی ڕاستەهێڵێك بەدوای یەکدا هاتوون"[1] لە دەقەکەدا، بەبێ پشتبەستن بە پرۆسەکانی تێکشکان یاخود پاش‌و پێشخستنی ڕووداوەکان‌و هەر لە سەرەتای دەقەکەوە تا کۆتایی، ڕووداوەکان لە زنجیرەیەکدا ریزکراون‌و لەو ڕێڕەوە مێژووییەی بۆیان کێشراوە" لایان نەداوە، واتە لە واقیعدا چۆن ڕوویان داوە، ئاواش لە دەقەکەدا گێڕدراونەتەوە، هەربۆیە دەبینین هەر ڕووداوێکی نێو زنجیرەکە پەیوەستە بە ئەڵقەی پێش‌و پاش خۆیەوەو کۆتایی هەر ڕووداوێك بووەتە سەرەتای ڕووداوی دوای خۆی‌و تا بە کۆتایی گەیشتوون، ئەمەش "سادەترین شێوەی چیرۆکە پەخشانە، کە باس لە زنجیرە ڕووداوێك بکات"[2]و چیرۆکنووسان‌و ڕۆماننووسانی پێشین لە داڕشتن‌و ڕێکخستنی ڕووداوەکانی بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێناوە.

بۆ زیاتریش قووڵبوونەوە لە کاریگەریی ئەم بنیاتە "بنیاتی شوێنکەوتە" لەسەر کۆی پەیکەری ڕۆمانەکەو ئاست‌و نرخی ئەو گوتارەی بەرهەمی هێناوە، پێویستمان بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك هەیە" لەسەر دوو تەوەر:

**یەکەم:** بە گەڕانەوە بۆ ئەو بنیاتەی کە لە ڕێکخستن‌و ریزکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا بەکارهاتووە، دەشێت بڵێین" ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی کلاسیکییە، چونکە گێڕەرەوە لە زنجیرەیەکی مێژووییدا ڕووداوەکانی ریزکردووەو لۆجیکیبوونی ڕوودانیانی پاراستووە، سەرەڕای پشتگوێ نەخستنی دیاریی ڕۆڵ‌و پێگەی کەسێتیی سەرەکیی، بەڵام ئەو شێوازەی لە گێڕانەوەو داڕشتنی ڕووداوەکاندا پەیڕەوکراوە، یان ئەو وردەکارییانەی لە نمایشکردنی وێنەو دیمەنەکاندا کراون جێی سەرنجن، چونکە" لەگەڵ ئەوەی ناوەڕۆکی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە تەرخانە بۆ تیشکخستنەسەر بەشێك لە مێژووی خێڵی جاف‌و بە تایبەت بابەتەکانی پەیوەست بە شەڕوشۆڕو لایەنی سیاسییەوە، بەڵام گێڕانەوەی ڕووداوەکان گێڕانەوەیەکی مێژوویی ڕووت یان گێڕانەوەیەکی کرۆنۆلۆجی نییە ـ نواندنەوەی ڕووداوەکان" دەقاودەق وەك ئەوەی لە واقیعدا ڕوویان داوە (وەك لە ڕۆمانە

---

[1] الألسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة، د.موريس ابو ناصر، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩، ص ٨٨.

[2] بناء الرواية، أدوين موير، ترجمة إبراهيم الصيرفي، الدار المصرية للتأليف والترجمة، مصر، ص ١٢ (ساڵی چاپی لەسەرنییە).

کلاسیکییەکاندا باوبوو)، بەڵکو لە میانی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا گرنگیی بە باسکردنی وردەکاریی هەندێك دیاردەو لایەن دراوە، کە لە ڕووی مێژووییەوە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام لە ئەندێشەی خوێنەردا دەبنە نیگارێكو ڕووخسارێکی هونەریی بە دەقەکە دەبەخشن، بۆ نموونە "هەوارگە لە دوورەوە زللەی دەهات، دوورو نزیك، تا چاو بڕی دەکرد، ڕەشماڵ هەڵدرابوو ... دەواری ڕەنگین، چوو ئافرەتێکی نازدارو ڕازاوە، چەن دەستەخوشکێکی جوانکیلە دەوریان دابێت، خانمانە لەنگەری خستبوو" ﴿پ. ك: ١٢﴾، یان لە باسی کۆچو ڕەوی خێڵی جافدا هاتووە "هەر کە کزەبای ساردی کوێستان هەڵی کردایەو نەرمە شنەی لە ڕووخسارو لەشو گیان بخشایەوە، تاکە تاکە کەلا جوجمومەك لە زەوی کەوتایە، فەرمانی خێڵ بەرەو خواری دەداو خێڵیش بەرەو دەشتی شارەزوور، دۆڵی قەرەداخ هوروشیان دەکردو پەخشو بلاو دەبوونەوە" ﴿پ. ك: ٢٩﴾، واتە گێڕەرەوە لەگەڵ گرنگییدان بە تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان، بەڕێژەیەکیش گرنگیی بە لایەنی جوانییو هونەریی دەقەکە داوە، لە ڕێگای پشتبەستن بە هونەری وەسفەوە بۆ هێواشکردنەوەی پرۆسەی گێڕانەوەو تیشکخستنەسەر وردەکاریی هەندێك بابەتو دیاردە، کە باسکردنیان کاریگەریی لەسەر لایەنی مێژوویی‌و ڕاستەقینەیی ڕووداوەکان نییە، بەڵام کاریگەریی لەسەر لایەنی هونەریی دەقەکە هەیە.

**دووەم:** بنەڕەتەکانی ئەم تەوەرە لە تەوەری پێشووەوە سەرچاوەدەگرێت، چونکە دەقێکی چیرۆك ئامێز کە ڕووداوەکانی بە پێی بنیاتی شوێنکەوتن ڕیزکرابن، قاڵبێکی مێژوویی وەردەگرێتو شێوازی گێڕانەوەکەی دەبێتە گێڕانەوەیەکی ڕاپۆرت ئاساو ئەو گوتارەشی کە بەرهەمی دەهێنێت" دەبێت بە گوتارێکی (ڕاپۆرتیی)، کە (ئیمیل بینڤیست ـ ١٩٠٢ – ١٩٧٦) بە گوتارێکی کلاسیکی ناوی دەبات. بنفیست گوتارە ئەدەبییەکان بەسەر هەر سێ جۆری ڕاپۆرتیی ـــ Declarative، پرسیاریی ـــ Interrogative، داخوازیی ـ Imperativeدا دابەش دەکاتو دەڵێت ئەو گوتارەی دەقە ئەدەبییەکان بەرهەمی دەهێنن جیاوازن لە یەکتر، "بۆ نموونە دەقە پرسیارییەکان ڕوویەکی نامۆیان هەیەو وا لە خوێنەر دەکەن زیاتر بچێتە ناو بازنەی پرسیارو خەیاڵەوە، چونکە بەشێکە لە نائامادەیی گوتار، ئەمەش لە دەقی ڕاپۆرتیی جیای دەکاتەوە" کە دەقێکی کلاسیکییە، لە کاتێکدا دەقی داخوازیی لە ماناکەیەوە دەردەکەوێت" کە

داوایەك ئاراستەی خوێنەرەکەی دەکات"[1]، واتە کاتێك ڕۆمانێك ڕووداوەکانی بەتەنها لە شێوازێکی ڕاپۆرت ئاسادا پێشکەش کرد، ئەوا ئەو دەقە دەبێتە دەقێکی کلاسیکی، چونکە نمایشکردنەوەی ڕووداوەکان وەك خۆیانو بە هەمان ڕێڕەو کە لە واقیعدا ڕوویان داوە، ئەو کاریگەرییەی نابێت لەسەر دەروونی خوێنەر کە دەقێکی پرسیار ئامێز یان داخوازی دەیبێتو بە تەنها ڕۆڵی تۆمارکردنو پیشاندانەوەی ڕاستییەکان دەبینێت، لە کاتێکدا گوتارەکانی دیکە ڕێبەریی خوێنەر بۆ قوڵبوونەوە لە دیاردەو ڕووداوەکان دەکەن، لە پێناو گەیشتن بەو لایەنانەی لە ڕووخساردا ئامادەییان نییەو بە ڕۆچوون بەناخی دەقدا پێیان دەکات، کە ئەم تایبەتمەندییە لە گوتاری ڕاپۆرت ئاسادا بوونی بەدی ناکرێت. ڕۆمانی (پاشایان کوشت)یش" ئەگەرچی لە میانەی کردەی گێڕانەوەدا وردەکاریی ئەو ڕووداوانەی خستووەتەڕوو کە نمایشیکردوون، بەڵام سەرەنجام لە سنوورێکی ڕاپۆرت ئاسادا ڕووداوەکانی پێشکەش کردووەو لە هێڵێکی مێژوویی یەك لە دواییەکدا ڕێکیخستوونو گێڕاونیەتیەوە.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی" کە ئەو ڕۆمانەی لە ڕێکخستنو داڕشتنی ڕووداوەکانیدا پشتی بە بنیاتی شوێنکەوتە بەستووە، ڕۆمانێکە زیاتر ئامانجی تۆمارکردنو بە زیندوویی هێشتنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووە، ئەمەش وا پێویست دەکات کە زنجیرەی مێژوویی‌و لۆجیکیی ڕووداوەکان بپارێزرێتو لێی لانەدرێت، لە پێناو بەخشینی ڕووخسارێکی واقیعی بەو ڕووداوانەو قەناعەت پێکردنی خوێنەر بە ڕاستەقینەییان، لەبارێکی وەهاشدا" ئەو گوتارەی ڕۆمانەکە بەرهەمی دەهێنێت گوتارێکی ڕاپۆرتیی دەبێت.

---

[1] الممارسة النقدية، كاثرين بيلسي، ت: سعيد الغانمي، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الأولى، دمشق، ٢٠٠١، ص ٨٠ – ٨١.

# بنیاتی تێهەڵکێش

بنیاتی تێهەڵکێش“ "تێهەڵکێشکردنی چیرۆکێکە لەناو چیرۆکێکی دیکەدا"[1] یان "تێهەڵکێشکردنی چەند ڕووداوێکی جیاوازە لە هەمان ڕۆماندا، بەبێ ڕەچاوکردنی زنجیرەی بەدوایەکدا هاتنی ڕاستەقینەیی ڕووداوەکان لە ڕووی کاتەوە"[2]، واتە لە میانی گێڕانەوەدا“ چەند ڕووداوێك تێهەڵکێشی یەکتر دەکرێن بەبێ گرنگیدان بە زنجیرەی کاتی ڕوودانیان، چونکە کاتێك زیاد لە ڕووداوێك لە میانی گێڕانەوەدا تێهەڵکێشی یەکتری دەکرێن، زنجیرەی بەدوایەکدا هاتنی کاتی ڕووداو تێکدەشکێت، ئەمەش بە هۆی گرنگیدانە بە چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان نەك زنجیرەیی ڕوودانیان. ڕۆماننووس لە پرۆسەی تێکشکاندنو تێهەڵکێشکردنی چەند ڕووداوێك لە ڕۆماندا، مەبەستی "خستنەڕووی لایەنی جوانکارییو ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی کارەکتەرەکانە لە ئاستی ڕووداوەکاندا، بەبێ گوێدانە ڕیزبوونی ڕووداوەکان لە هەر جۆرێکی بنیاتەکان بن"[3]، چونکە یاریکردن بە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکانو پاشو پێشخستنیان کارناکاتە سەر واتایان، بەڵکو جوانییەك دەبەخشێت بە ڕووخساری دەقەکەو ڕۆڵێکی زیاتر دەبەخشێت بە کەسێتییەکان“ لەوەی کە تەنها چەند کەرەستەیەك بن ڕووداوەکانیان لێ ڕوووبداتو ڕێیان پێدەدات گوزارشت لە بیروبۆچوونو تێڕوانینەکانیان بکەن سەبارەت بە دیاردەو ڕووداوەکانی دەوروبەریان، چونکە گێڕەرەوە لەم بنیاتەداو "لە ریزکردنی ڕووداوەکاندا ڕەچاوی بەدوایەکدا هاتنی سروشتییان ناکات، بەڵکو پشت بەو تێڕوانینانە دەبەستێ کە لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا ڕووداوەکانیان پێ ڕێکدەخرێن"[4]، مەبەستیش لە

---

1 معجم مصطلحات نقد الرواية (عربي ــ إنجليزي ــ فرنسي)، د. لطيف زيتوني، دار النهار للنشر، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠٠٢، ص ٥٦ — ٥٧.

2 البناء الفني لرواية الحرب في العراق، ص ٣٨.

3 بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان (١٩٨٥ - ١٩٩٠)، ڕێزان عوسمان مستەفا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان — زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٩٤.

4 السرد عند الجاحظ (البخلاء نموذجاً)، فادية مروان احمد الونسة، رسالة دكتوراه، كلية الأداب- جامعة الموصل، ٢٠٠٤، ص١٣٧.

تێڕوانینەکان، تیشکخستنەسەر ویستو خولیاو تێڕوانینەکانی کەسێتییەکانی نێو دەقی ڕۆمانەکەیە.

بنیاتی تێهەڵکێش" یەکێکە لەو بنیاتانەی لە ڕۆمانی هاوچەرخدا بەکارهێنراوەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست، دوای ئەوەی چەند ڕۆماننوسێکی وەك (جەیمس جۆیس ــ ١٨٨٢ – ١٩٤١)و (مارسێل پرۆست ــ ١٨٧١ – ١٩٤٤)(و (ڤێرجینیا وۆلف ــ ١٨٨٢ – ١٩٤١)* لە میانی دارشتنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانیاندا لە بەکارهێنانی بنیاتی شوێنکەوتە دوورکەوتنەوە ــ کە ئەو سەردەمە باوبوو، ئەمەش بۆ بەخشینی ئاراستەیەکی نوێ بە هونەری ڕۆمانو دوورخستنەوەی ئەو ژانرە لەو پێناسانەی کە بە تۆمارکەرێکی ڕووتی مێژوویان دادەنا، لە ڕێی داهێنانی جۆرێکی نوێی ڕۆمانەوە" کە بە ڕۆمانی (تەوژمی هۆش ــ Stream of Consciousness) ناسراوەو زاراوەیەکە بۆ یەکەم جار زانای دەروونناسی ئەمەریکی (ولیام جەیمس ــ ١٨٤٢ – ١٩١٠) دایهێناوەو مەبەست لێی "ئاستی بیرکردنەوەی هۆشو (پەیوەندیکردن ــ Connect)ە بە ئەوانی دیکەوە، سەرچاوەی ئەم هۆشەش" ناوچەی بەر لە هۆشمەندیی مێشکەو دوای تێپەڕینی بەچەند ئاستێکدا، دەگاتە بەرزترین ئاستی هۆشمەندیی، کە ئەم ئاستەیە"[1]، دواتر ئەم زاراوەیە لە بواری ئەدەبو ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکارهێنرا، بە تایبەت لە بواری توێژینەوەی چیرۆكو ڕۆماندا، دوای ئەوەی چیرۆکنوسانو ڕۆماننووسان لە میانی بەرهەمهێنانی دەقەکانیاندا ڕوویانکردە قوڵبوونەوەو ڕۆچوون بە ناخو دەروونی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەو ڕەخساندنی بوار بۆیان، تا گوزارشت لە تێڕوانینیان بکەن سەبارەت بە دیاردەو ڕووداوەکانی دەوروبەریان، ئەمەش ڕێی بۆ توێژەرانو ڕەخنەگران خۆشکرد لەو ڕوانگەیەوە دەقەکان شیبکەنەوەو لێیان بدوێن.

---

* ئەم ڕۆماننووسانە بە رابەرەکانی نوێکردنەوەی ژانری ڕۆمان دادەنرێن، بەهۆی ئەو شێوازە تایبەتییانەی لە نووسینی ڕۆمانەکانیاندا پراکتیزەیان دەکردو لە بری وێنەکێشانەوەی ڕووداوە ئاساییەکانی ژیان، ڕوویانکردە توێژینەوەو لێکدانەوەی لایەنە دەروونییو هۆشمەندییەکانی کەسێتیی نێو ڕۆمانەکانیان.
بڕوانە: أعلام الرواية التحليلية، سعد عبدالعزيز، المطبعة الفنية الحديثة، بغداد، ١٩٧٠.

[1] تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ترجمة وتعليق: د. محمود الربيعي، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٧٥، ص ١٦ – ١٧.

بۆ نموونە (ڕۆبەرت هەمفری ــ ١٩٥٤) لە میانی توێژینەوەی رۆمانەکانی "هێنری جەیمسو مارسێل پرۆست"و شیکردنەوەی ئەو شێوازەی بەکاریانهێناوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەسێتییەکانی رۆمانەکانیاندا، گەیشت بە دیاریکردنی چوارچێوەیەك بۆ پێناسەی ئەم دیاردەیەو دەڵێت" رۆمانی تەوژمی هۆش "بریتییە لە جۆرێکی چیرۆك، کە لە بنەڕەتدا جەخت دەکاتە سەر (ئاڵوگۆڕ ــ ارتیاد)ی ئاستەکانی بەر لە گوتن لە هۆشدا، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی پێکهاتەی سایکۆلۆجی کەسێتییەکان"[1]، واتە رۆماننووس چیتر ئەو گێڕەرەوەیە نییە کە هەموو رووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوەو شارەزای هەموو شتەکانەو "گێڕەرەوەیەکی هەموو شت زانەو زانیاری لە هەموو کەسایەتییەکان زیاترەو لە هەموو شوێنێکدا هەست بە بوونی دەکرێتو ئاگای لە باری دەروونیو جۆری بیرکردنەوەی ئەوان هەیەو هەنگاو بە هەنگاو لە رووداوەکاندا دەبێتە رێ پیشاندەری ئەوان"[2]، بەڵکو "ڕوودەکاتە توێژینەوەی هزرییو دەروونیی کەسێتییەکانو هەڵچوونو ویستو خەونو ئەندێشەکانیان، لە رێی بەرجەستەکردنی رووداوەکانی چیرۆکەوە"[3]و رێیان پێدەدات بەشداری کارای رووداوەکان بکەنو گوزارشت لە ویستو خەونەکانیان بکەن. کەواتە خوێنەر کاتێك رۆمانێك دەخوێنێتەوە کە پشتی بەم بنیاتە بەستبێت، رووبە رووی زیاد لە چیرۆكو بەسەرهاتێك دەبێتەوەو چیتر ئەو خوێنەرە نییە کە سەرتاپای رووداوەکانی لە زنجیرەیەکی مێژوویی سادەدا بۆ ریزکرابێتو پێشکەشی کرابێت، بەڵکو خۆی لە بەردەم چەندین وردە بەسەرهاتو رووداوی جۆراوجۆردا دەبینێتەوە، کە هەریەکەیان دەشێت هەڵگری چەندین واتاو دەلالەتی تایبەتی بنو هەوێنی بەرهەمهێنانی دەقو چیرۆکی سەربەخۆ بن. بە تەنها لە دیوی دەرەوە تایبەتمەندییو هەڵسوکەوتی کەسێتییەکانی پێشکەش ناکرێت، بەڵکو بە هزرو بیرو ئەندێشەکانیان، بە خەونو حەزەکانیان، بە تێگەیشتنەکانیان سەبارەت بە رووداوەکانی دەوروبەریان ئاشنا دەکرێت،

---

1 تیار الوعي، ص ٢٠.

2 بونیادی گێڕانەوە لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحیسنو شتی تریش)، نەجم ئەڵوەنی، گ. رامان، ژ. ٦٨، ٥ی شوباتی ٢٠٠٢، مانگانەیەکی رۆشنبیری گشتییە، ناوەندی رۆشنبیری گولان دەریدەکات، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٩.

3 الحوار القصصي (تقنيات وعلاقات السردية)، فاتح عبد السلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٩، ص ١٠٣.

هەموو ئەمانەش لە کۆتاییدا پەیامێکی تایبەتی پێ رادەگەیەنن‌و دەیخەنە بەردەم گوتارێگی جیاواز لەوەی کە دەقێکی راپۆرت ئاسا بەرهەمی دەهێنێت.

بە خوێندنەوەیەکی شیکارییانەی رۆمانە کوردییەکانی باشووری کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت" زۆربەیان ئەم بنیاتەیان تێدا بەکارهاتووە بۆ دارشتن‌و رێکخستنی رووداوەکان، چونکە بنیاتی تێهەڵکێش سەرەرای ئەوەی یەکێکە لە هونەرە تازەکانی گێرانەوەو بەکارهێنانی" دەبێتە بەڵگەیەك بۆ ئاگاداربوونی رۆماننووسانی کورد لەو پێشکەوتنانەی لە بواری ژانری رۆماندا بەدیهاتوون، یارمەتیدەرێکی باشیشە بۆیان، بۆ قوڵبوونەوە لە دیاردەکان‌و تیشکخستنەسەر هەندێك بەسەرهات‌و رووداو لە دەرەوەی زنجیرە ئاساییەکەی گێرانەوەداو بەخشینی سیمایەکی ئیستاتیکیی بە بەرهەمەکەیان، چونکە دەکرێت پرۆسەی بنیاتنانی رووداوەکان بە پێی بنیاتی تێهەڵکێش "وەك هەوڵدانێك لێی بروانرێت بۆ پرکردنەوەی بۆشایی کار، لە ئاستێکی دیکەشدا، گەرانێك بێت بەدوای جۆراوجۆریدا"[1]، واتە پرۆسەیەك بێت بۆ هەمەرەنگکردن‌و هەمەجۆرکردنی رووداوەکان‌و پرکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لە کردەی گێرانەوەی زنجیرەییدا دەخولقێن.

بە بۆچوونی تۆدورۆف" کردەی تێهەڵکێشانی رووداوەکان ئەرکێکی بنەرەتیی لە پرۆسەی گێرانەوەدا دەگێرێت، بەوەی لەرێی حیکایەتی یەکەمەوە ـــ کە رووداوی سەرەکییە، درك بەواتای شاراوەی حیکایەتی دووەم دەکرێت ـــ رووداوو دیاردە لاوەکییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆسەی تێهەڵکێشان بەسەر دوو ئاستدا دابەش دەکات‌و دەڵێت "لە دوو ئاستدا تێهەڵکێشان بەدی دێت:

١- ئاستی حیکایەت: لەم ئاستەدا حیکایەتی تێهەڵکێشکراو دەبێتە نموونەیەکی بچووکی حیکایەتە سەرەکییەکە.

٢- ئاستی گێرانەوە: گێرانەوەی حیکایەتی سەرەکیی دەپچرێنرێت بۆ گێرانەوەی حیکایەتی تێهەڵکێشراو".[2]

---

[1] نظرية الأدب، أوستن وارين ــ رينية ويليك، ت: محي الدين صبحي، مراجعة، مطبعة خالد طرابيشي، دمشق، ١٩٧٢، ص ٢٨٩.

[2] الفضاء الروائي عند جبرا إبراهيم جبرا، إبراهيم جنداري، دار الشؤون الثقافية العامة، ط ١، بغداد، ٢٠٠١، ص ٨٤ — ٨٥.

واته" رووداوەکانی ئەو دەقانەی کە پشتیان بە بنیاتی تێهەڵکێش بەستووە، بەسەر دوو ئاستدا دابەش دەبن، ئاستێك کە رووداوی سەرەکییەو ئامانجی رۆماننووسە لە بەرهەمهێنانی رۆمانەکەدا، ئاستێکیش کە رووداوو دیاردە لاوەکییەکانەو رۆماننووس لە میانی گێڕانەوەدا تێهەڵکێشی رووداوی سەرەکییان دەکات لە پێناو چەند ئامانجێکدا، کە بریتین لە:

أ- گواستنەوەی ئەرکی گێڕانەوەی رووداوەکان بۆ کەسێتییەکان، بە مەبەستی رووبەڕووکردنەوەی راستەوخۆی خوێنەر لەگەڵیانداو ئاشنابوونی بە ویستو خەونو تێڕوانینە تایبەتییەکانیان بەرامبەر بەو رووداوانەی کە دەیخولقێنن یان لێیان روو دەداتو راستەوخۆو ناراستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە.

ب- یاریکردن بە کات: کاتێك ئەرکی گێڕانەوەی حیکایەت دەسپێردرێت بە کەسێتییەکان، زنجیرەی سروشتیی کاتی رووداو تێکدەچێت، چونکە کەسێتییەکان دوور لە تێگەیشتنی گێڕەرەوەی دەرەکیی ـ رۆماننووس، تێگەیشتنی تایبەتیان هەیە بۆ دیاردەو رووداوەکانو بە ئاراستەو رێڕەوێکی جیاواز لە رێڕەوی سروشتی رووداوەکان دەگێڕنەوە.

ئەم دوو لایەنەش رێ بۆ چوونە ناو یەکی ئاستەکانی کات لە نێوان رابردوو، ئێستاو داهاتوودا خۆش دەکات "بە جۆرێك کە بواری بەسەرهاتو رووداوەکان دەدات" بە شێوەیەکی نوێ بەکاربرێن، کە لەگەڵ هەوڵەکانی رۆماننووسدا بگونجێن لە هەر نوێکردنەوەیەکی بنیاتی رۆمانەکەدا"[1] بەبێ ئەوەی کاریگەریی نێگەتیڤ بکەنەسەر رەگەزی کات، چونکە "نائامادەیی زنجیرەیی کاتی رووداو، واتای رەتکردنەوەی رەگەزی کات یان تەسککردنەوەی سنووری گرنگییەکەی نادات، بەڵکو بەکارهێنانێکی نوێیە بۆیو لەگەڵ سەرجەمی ئەو پێشکەوتنانەدا کۆکە کە رۆمانی نوێ بەخۆوە بینیوێتی."[2]

رۆمانی (ئەژدیها)ی (محەمەد موکری)[3] یەکێکە لەو رۆمانانەی بنیاتی تێهەڵکێش لە رێکخستنی رووداوەکانیدا بەکارهاتووە.

---

[1] البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (١٩٨٠- ١٩٨٥)، عبدالله إبراهيم علاوي، رسالة ماجستير، كلية الأداب - جامعة بغداد، ١٩٨٧، ص٦٠.

[2] البناء الفني لرواية الحرب في العراق، ص ٣٩.

[3] ئەژدیها (رۆمان)، موکری، چاپەمەنی زاموا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

تێبینی دەکەین" لەم رۆمانەدا رووداوەکان زیاتر پەیوەستن بە کەسێتیی سەرەکیی (کەریم)ەوەو گێڕەرەوەی دەرەکیی ـــ رۆمانووس ئەرکی گێڕانەوەی بەشێکی بەسەرهاتەکانی دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام تەواوکەری رووداوەکانی دیکە لە رێی گفتوگۆی نێوان کەریمو کەسێتییەکانی دیکەی نێو رۆمانەکەو قووڵبوونەوە کەریم بەناخو دەروونیدا" دەخرێنەڕوو و لە هەندێك شوێندا رێ بە کەسێتییەکان دەدرێت گوزارشت لە بیروڕاو هەڵوێستی تایبەتی خۆیان بکەن لەسەر کۆی رووداو و دیاردەکانی دەوروبەریان، سەرەڕای تێهەڵکێشکردنی چیرۆکێکی بێگانەی جیاواز لەگەڵ چیرۆکی سەرەکیداو دەربڕینی تێڕوانینو هەڵوێستە تایبەتییەکانی کەسێتییەکان سەبارەت بەرووداوەکانی نێویان، ئەمەش شێوازی رێکخستنی رووداوەکانی (ئەژدیها)ی لە بنیاتێکی زنجیرەیی سادەوە گۆڕیوە بۆ بنیاتێکی نوێ، کە ئەویش بنیاتی تێهەڵکێشە.

گێڕەرەوە لە دەستپێکی رۆمانەکەدا باسی هەڵاتنی (کەریم) دەکات لە ماڵەوە "بەرەبەیانی شەوێکی بە نهێنی ئاوسی جەڕاو ـ هێشتا نیوە کولێرە پاییزییەکەی مانگ لەرزی تریفەی دەباراند ـــ نهۆمی دووەمی خانوویەکی کەلاوە ئاسا (کەریمی) تفاندە خوارێ" ﴿ئە: ٥﴾، بە هۆی بوختانێکەوە کە خێزانەکەی (حاجی رەزای عەلاف) بۆی دروست دەکەنو هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە بە جۆرێك رووداوەکە دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە "ئەمنە خانی دایکی موعەزەز بۆ دەرو دراوسێی گێڕابووەوە: کەریم چووبووە ژوورەکەی موعەزەزو پەلاماری دابوو، بۆ حاجی رەزای گێڕابووەوە: موعەزەز لە حەمامدا خۆی دەشۆرد، کەریمیش لە کونی حەمامەکەوە سەیری دەکرد، بۆ کەسو کارەکەی: کەریم چووەتە ژورەکەی موعەزەز جلەکانی پشکنیوە ... موعەزەز بە باوکی گوتبوو: لە حەمام بووم، کەریم دەرگای شکاند ... یەڵماز بە برادەرەکانی گوتبوو: کەریم چاوی لە موعەزەز هەڵتەکاندبوو ... شەرافەتی دایکی کەریمیش دەیگوت: بوختان بە کوڕەکەم دەکەن، کوڕەکەم مەلائیکەتێکە بۆخۆی ... دەرو دراوسێش دەیانگوت: موعەزەز، حەیشەرییەو دۆخێن شل، خۆی کەریمی فریوداوە." ﴿ئە: ١٠ - ١١﴾

تێبینی دەکەین" لەم دیمەنەی پێشوودا گێڕەرەوە رووداوەکان راستەوخۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ خستنەڕووی هەڵوێستی چەند کەسێتییەك پەیوەست بە رووداوەکانەوە، بە مەبەستی تیشکخستنەسەر تێڕوانینی هەریەکێك لەو کەسێتییانە سەبارەت بەرووداوەکان، بۆیە دەبینین زیاد لە سیناریۆیەك بۆ هەمان رووداو دروستکراوە

لە لایەن چەند کەسێتییەکەوەو خوێنەر پێویستی بە لێوردبوونەوە هەیە بۆ دۆزینەوەی رووداوی راستەقینە.

دوای نمایشکردنی رووداوەکانی هەڵاتنو بەجێهێشتنی شار لە لایەن کەریمەوە، پچڕانێك لە کاتدا روو دەداتو رووداوەکان دەگوێزرێنەوە بۆ کاتی دوای هەڵاتنی کەریم بۆ گوندی (گۆڕەشێر)ی سەر بەهەرێمی (شێرکوژ) "سێ رۆژ بوو کەریم خۆی لە نێو مزگەوتی گوندی (گۆڕەشێر)دا گرتبووەوە" ﴿ئە: ٢٢﴾، گێڕەرەوە لە رێی باسکردنی ئەو ناوچەیەو ناوهێنانی چەند پێگەیەکی وەك "ئەژدیها، پەریان، بەرازگر، میران"ەوە چیرۆکی سەرەکیی جێدەهێڵێتو چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەگێڕێتەوە "زۆر لە مێژە، هەزارو چەند سەدساڵێك بەر لە ئەمڕۆ، دۆڵی (شێرکوژ) ناوی (شێران) بوو، ئەو دەمە چەندین شارو بازاڕو قەڵاو شورەی هەبوو ... چەندین میری جوامێرو عەگید حوکمڕانی ئەو هەرێمەیان کردووە" ﴿ئە: ٢٦﴾، ئەم چیرۆکەش کە بریتییە لە "چیرۆکی میرێکی زۆردار بەناوی (ئەسەدولا)وەو هەمیشە دانیشتووانی هەرێمی شێران دەچەوسێنێتەوە، بە جۆرێك کە زۆربەیان ناچاردەبن جێی باوو باپیرانیان جێبهێڵنو رووبکەنە زنجیرە چیای (کەلۆەزنشینان). پاشان زۆرو زەوەندی ئەم میرە دەگاتە ئاستێك کە دەستدرێژیی بکاتە سەر نامووسی ئافرەتانی هەرێمەکە، تا لە کۆتایداو لەسەردەستی ئافرەتێك بە ناوی (پەری)یەوە دەکوژرێتو دەبێت بەبەرازو روودەکاتە زنجیرە چیای بەرازگر، پەریش دەبێتە تەوارێكو ناوەکەی دەگۆڕێت بۆ (زێڕین)" ﴿ئە: ٢٧ - ٤٢﴾، چیرۆکێکی تەواو دوورە لە چیرۆکی سەرەکیی دەقەکەوەو گێڕەرەوە تێهەڵکێشی رووداوەکانی رۆمانەکەی کردووە، بۆ دروستکردنی بەراوردێك لە نێوان کەریمو حاجی رەزادا ـــ بە پێی گوزارشتی کەریم"کەریم، جارجارێ هەستی دەکرد (یلماز)و (حاجی رەزا) یەك زنجیرە ماسولکەو خوێنن، تێکەڵن بە خوێنەکەی (شێخە کەوباز ــ سیخوڕی میر)و ئەسەدوڵلا، (موعەزەز)و (ئەمنەخانیش) رەچەڵەکی حەرەمخانەکەی ئەسەدوڵلان ... بێدەنگییەکەی (پەری) هەمان ئەو میراتییە گران بەهایەیە کە (شەرافەت) بووەتە، میراتگری" ﴿ئە: ٤٣﴾، لە مەشدا گێڕەرەوە ئامانجی خستنەڕووی هەڵوێستی کەریمە بەرامبەر بەو چیرۆکە، کە هەست دەکات جارێکی دیکەو لە رێی چەند کەسێتییەکی جیاوازەوە خۆی دەنوێنێتو دووبارەدەبێتەوە.

دوای ئەم رووداوانەش، جارێکی دیکە گێڕەرەوە پـچڕانێك لەکاتـدا دەخولقێنێـتو لـە پاری دووەمی رۆمانەکەدا دەمانگوێزێتەوە بۆ ئەو کاتەی کـە کـەریم دەبێتـە پێـشمەرگە "چل رۆژ بوو کەریم ببووە پێشمەرگە، لەگەڵ مەفرەزەکـەی حەمەکـەریم، لەگـەڵ سـەعد، ئەحمەد، جەوهەر جەولەیان بەناوچەکە دەرکرد" ﴿ئە: ٧٠﴾، پاشـان چیرۆکی ئاسـایی تایبەت بـە کـەریم دەپـچڕێنێتو رووداوەکاتـەوە گێڕانـەوەی چیرۆکە ئەفـسانەییەکەو دوای خستنەڕووی چەند رووداوێك، لە زاری کەسێتییەکەوە کە نـاوی (خـدرە زلـە)یـەو یـەکێك بووە لە پیاوانی باوکی میر ئەسەدولا، تەواوکەری چیرۆکەکەو هەنـدێك بەسـەرهاتی خـۆی دەگێڕێتەوە ﴿ئە: ٧١ - ٨٠﴾

لە پاری چوارەمدا، جارێکی دیکە گێڕەرەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ نێو چیرۆکی کەریمو لە زاری ئەوەوە رووداوەکـان دەگێڕدرێنـەوە، پاشـان لـە رێـی گفتوگۆیەکـەوە، کـە لـە نێـوان کەریمو کەسێتییەکی دیکە بـەناوی (قـادر ئەفەنـدی)یـەوە روو دەدات، گێـڕەرەوە تیـشك دەخاتەسەر تێڕوانینی (قادر ئەفەندی) سەبارەت بە سیاسەتو خەباتکردن، کـە هـەمووی بە رووپۆشێك دەزانێت بۆ ناوەڕۆکێکی جیـاواز، کـە ئـەوانیش دەستخستنی بەرژەوەنـدی تایبەتـە لەسـەر حسابی کۆمـەڵو نەتـەوە، سـەرەڕای تێرکردنـی غـەریزە جەسـتەییو سێکسییەکان، واتـە کورتکردنـەوەی ئامـانجو خەونـەکان لـە چـەند خواسـتو حـەزێکی کۆنکرێتیدا "تـۆ ئێـستا پێـشمەرگەی، بـچۆ خـەمی (فاتـە)ت بـێ، بـەدووی (خونـچە)دا بگەڕێ .. ئەوان .. فێری کونو کەلەبـەرەکانی سیاسـەتت دەکـەن .. سیاسـەتی کوردیـت حاڵی دەکەن، ئەوان دەزانن چۆن دەتکـەن بـە سیاسەتـچیو لـە مەزادخانـەکانی (فـسکە فسکدا) مامەڵە بە قسەو خوێنو خـەباتو خیانـەت بکـەن" ﴿ئـە: ٨٣﴾، چونکە" وەك گێڕەرەوە لە کۆتایی رۆمانەکەدا ئاماژەی پێدەدات، ئـەم کەسـێتییە "نـاوی راسـتەقینەی فەرهاد بوو، کوڕە ئاغایەکی دەسترۆ بوو، ئەوەندە بە نـازو نیعمـەت پـەروەردەکرابوو، لـە هەرزەکاریـدا هەمیـشە دوو نۆکـەری لەگەڵدابوو ... هـەموو خـەمێکی ئـەوەبوو لەگـەڵ مارکـسییەکاندا خـەباتی ژێـرزەمینی بکـات" ﴿ئـە: ٢٢٣ - ٢٢٥﴾، پاشـان زانکـۆ جێدەهێڵێتو هەوڵ دەدات ویستە ئازادەکانی پیادە بکات، بەڵام لە ئێوارەیەکی بەهارداو کاتێك لەگەڵ کچێکی هاوڕێیدا ژوانێـك رێکدەخـەن، ژمارەیـەك پیـاوی رژێـم دەسـتگیری دەکەنو لەبەرچاوی خۆی دەستدرێژیی سێکسیی دەکەنە سەر هاوڕێکەیو سـوکایەتییەکی زۆریش بەخۆی دەکەن، پاشان بۆماوەیەکی زۆر زیندانیی دەکەن "خۆیشی نەیزانی چەندێك

زیندانی کرا" ﴿ئه: ٢٢٧﴾، ئەم ڕووداوو بەسەرهاتانەشی لێی ڕوودەدەن" لە کەسێکی خاوەن هەڵوێستو بیروڕای ئازادیخوازانەوە دەیگۆڕێت بۆ کەسێکی تێکشکاوو بێهیواو بێهەڵوێست، بە جۆرێك لە تێرکردنی ویستە جەستەیی‌و غەریزە سێکسییەکانی بەولاوە، هیچ خەونێکی دیکەی نامێنێتو هەموو هەوڵو ئامانجێکیشی لە سنووری بەرتەسکی جەستەیدا کورتدەبنەوە.

تێبینی دەکەین" زۆربەی چیرۆکو بەسەرهاتەکانی نێو ئەم ڕۆمانە باسی سێکس‌و پەیوەندی جەستەیی نێوان کەسێتییەکان دەکەن‌و لە پێش هەموویانەوە کەسێتیی سەرەکیی ــ کەریم، کە هەر لە سەرەتاوە (بەبێ ویستی خۆی) هاوسەرو کچی خاوەن کارەکەی بەکاریانهێناوە بۆ تێرکردنی غەریزە سێکسییەکانیان‌و هەر ئەو کێشانەیشی لەو پەیوەندییانەوە سەریانهەڵداوە" بوونەتە هۆی دەربەدەربوونی. لەوبارەیەوە" گێڕەرەوە لە ڕێی دوواندنی (زێڕین) لە لایەن کەریمەوە، هەڵوێستی (کەریم)مان بۆ دەردەخات سەبارەت بەو سروشتەو هۆکاری قبوڵکردنی ئەو واقیعەی تیایدا ژیاوە "زێڕین باسی (ل، ن، هـ)شت لەبەرئەوە بۆدەکەم بزانی، چ پەروەردەیێك شێواندومیەتی، بەناحەزی دڵی خۆ بوون، هەر تەنها بۆئەوە لەگەڵیاندا دەنووستم، تا لەدەمیان ببیستم، غەیری ئەو قسانەی کە موعەزەزو ئەمنەخان‌و گولدەران‌و فەیمەخان دەیانگوت: کەریم کوردە .. گەوجەو ناحاڵی. (ل، ن، هـ) دەیانزانی کوردم، دڵخۆش ئەبووم کە دەیانگوت: کوردە، لێزانە، دەزانێ، قەدرزانە، وەك حیزەڵەکانی خۆمان نییە. زێڕین .. پێت سەیر نەبێ، ئەم قسانە وایان لێکردم کوردم خۆشبوێ" ﴿ئه: ١٤٥﴾، واتە" سەرەڕای بەکارهێنانی لە لایەن کەسانی دیکەوە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان‌و مامەڵەکردنی وەك ئامێرێك نەك وەك مرۆڤێکی خاوەن ئیرادەو ماف، کەریم هێشتا هەست بە جۆرێك لە کامەرانیی‌و لەخۆڕازیبوون دەکاتو ئەو ڕووداوانە ناتوانن تێکیبشکێنن، چونکە پێیدەڵێن "کوردە، لێزانە".

هەروەها لە ڕێی گفتوگۆی نێوان کەریم‌و چەند ئافرەتێکی تورکمانەوە کە لەگەڵیاندا نوستووە، تێڕوانینی ئەو کەسێتییانەمان بۆ دەردەخات پەیوەست بە هەمان بابەتو کاریگەریی ئەو تایبەتمەندییە جەستەییە لەسەر کەسێتیی کورد "یەکێکیان کە خوێندنی لە دەرەوەی وڵات تەواوکردبوو، زۆر بە ڕاشکاوی دەیگوت: زۆربەی میللەتانم تاقیکردووەتەوە، هەزاران دینارم سەرفکردووە بەتەجرەبە گەیشتوومەتە ئەم قەناعەتە:

مادامیّ کورد خاوەنی ئەم هێزەیە، ئەوا هەرگیز لەناوناچیّ .. مادامیّکیش پشت ئەستووری تەنها (پیاوەتی)یە هەرگیز نابیّ بە شتیّ، لە نێو مانو نەماندا دەژی، بەلاّم هەرگیز نامریّ، هەرگیزیش نابێتە خاوەن ئەو ئەستوونە کە ئالاّی پیّ هەلّکا، چونکە ئەستوونێکی دیی کردووەتە بریکار" ﴿ئە: ١٤٥﴾، تێبینی دەکەین" تێڕوانینی خاوەن ئەم وتەیەی سەرەوە (کە وەك کەریم دەلّێت، کەسێکی رۆشنبیر بووە)، تا رادەیەك تەواوکەری بیروڕای کەریمە، چونکە کەریم بەوە خۆشحالّ دەبوو کە ئافرەتەکان سەرسامی ئەو توانا جەستەییەی ئەونو بە جۆرێك لە ئازایەتیی دەزانیو کوردبوونی خۆی لەو هێزەدا دەبینییەوە، تێڕوانینی دووەمیش هەمان ئاراستەی هەیە، چونکە ئەو پێیوایە" کورد تەنها خاوەنی هێزی جەستەییو سێکسییەو هۆکاری مانەوەو لەناونەچوونیان خستنەگەڕی ئەو هێزەیە بۆ خستنەوەی زۆرترین ژمارە مرۆڤ، ئەمەش پۆلێنکردنی مرۆڤی کورد پیشان دەدات لە ریزی ئاژەلّدا، چونکە ئاژەلّیش تەنها لە رێی ژمارەوە مانەوەی خۆی دەسەلمێنێتو بەرنامەی دوارۆژ لە بیرکردنەوەیدا بوونی نییە، بەدەر لە هەولّی مانەوە.

لە چیرۆکی دووەمدا، کە تێهەلّکێشی چیرۆکی سەرەکیی کراوە، گێڕەرەوە ئاماژە بە باوەڕهێنانی دانیشتووانی (شێران) دەکات بە ئەفسانە لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی دیاردەو رووداوی بالاّتردا لە دەسەلاّتیان، ئەوەش لە رێی وتووێژی نێوان کەسێتییەکانەوە دەردەکەوێت "مردنی خدرە زلەو پوور ئەسمەر هەموو ناوچەکەی هەژاند ژنو پیاو گەورەو بچووك ... پوور ئەسمەر سەدجار زیاتر گووتبووی هەر کارێکتان لە دەست عاسی بوو و عەقلّتان پیّ نەشکا، پەنا بەرنە بەر زێڕین ... زێڕین لەبەرچاوی خەلّکەکەو لە نێو حەشاماتەکەدا نیشتەوە ... زێڕین بە ئاگرەکەی پاشیەوە سیّ جار بەسەر بەرزترین ترۆپکی (بەرازگر) پێچی کرد ... زێڕین بەرەو حەلحەلەی ئاسمان هەلّچوو ئالەوێوە شمشێرەکەی هەلّدایە خوارەوە ... شمشێرە (میّ)یەکە چل گەز بەنێو رەقترین بەردی لوتکە بەرەو خوار رۆچوو ... گەلێکیان هەولّدا شمشێریان بۆ نەهاتە دەر ... بە نۆرە حەوت شەوو حەوت رۆژ لە بەرازگر، حەوت شەوو حەوت رۆژیش لە ئەژدیها جەژن سازکرا." ﴿ئە: ٢٣٦ - ٢٤٧﴾

لە پاری پێنجەمدا" گێڕەرەوە درێژەی چیرۆکی کەریمو هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە، دوای ئاوارەبوونو رووکردنە ولاّتی ئێران، کە ئەو بارودۆخە دەبێتە مایەی ئازارو بێهیوایی بۆیان

"کەریمو حەمە کەریمو رەوەزو فازیلو شوانو ئەبو شەهاب، کاروان، لە(سەقز)و لە ئوتێلی نەکەرۆز دابەزیبوون .. ژیانی رۆژانەیان رۆتینێکی گەلێ بێ مانا بوو" ﴿ئە: ٢٤٩﴾، ئەمەش وا لە کەریم دەکات هەمیشە لە دنیای خەیاڵو فانتازیادا بژیو زوو زوو سیناریۆی چیرۆکێك لە مێشکیدا دروست بکات "حەمە کەریم بە نیمچە سەرزەنشتێکەوە گوتی: پێدەچێ ئەوەندە تێکەڵی (خەیالات) بوویت .. دنیاشت لابووەتە خەیاڵ" ﴿ئە: ٢٥٢﴾، چیرۆکی یادگارەکانی پێشووی لە شارو نەهامەتییەکانی ژیانی، ئەو نەهامەتییانەی کە ئەمیان خستووتە نێو جەنگێکی بەردەوامەوە لە ژیانیدا، جەنگێك“ کە لە باووباپیرانیەوە بۆی مابووەوە دژی لەناوچوون "لە نێو جەنگدا لەدایك بوویت، لە نێو جەنگدا ژیایت، جەنگت کرد، دۆڕایت! تۆ بۆخۆت نەدەجەنگایت .. دەیانجەنگاندیت! ... باوو باپیرانم بۆ جەنگێك ئامادەیان کرد، خۆیان تیایدا دۆڕابوون" ﴿ئە: ٢٦١ - ٢٦٢﴾، ئەم تێڕوانینەی کەریم بەرامبەر ململانێی ژیانی پڕ لە نەهامەتییو بێچارەیی، وای لێکربوو "هەرکەسێ (کەریم- ی) دیبا، پێی وادەبوو مەستە." ﴿ئە: ٢٦٤﴾

پاشان گێڕەرەوە لە میانی گفتوگۆیەکی نێوان کەریمو حەمە کەریمی هاوڕێیەوە، تیشك دەخاتەسەر هەڵوێستی حەمە کەریم بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی نادادپەروەرانەی مرۆڤەکان بەرامبەر یەکتر، لە پێناوی چەند ئامانجێکدا کە زۆر لەوە کەمترن لە پێناویاندا ژیانو گیان لە هاورەگەزەکانیان زەوت بکەنو بێبەرییان بکەن لە مافە مرۆییەکانیان، ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ بوونی ئینسانێکی شاراوە لە ناوەوەیدا، کە بوونەوەرێکی بەدکارەو کۆنترۆڵی مرۆڤەکەی دەرەوەی کردووە "ئینسان لە هەر کوێدا بێ، سەر بە هەچ ئایینو نەتەوەییێك بێ، بەدکارە .. بەدکاریش دەڕوێنێ .. ژنان مەمکەکانیان پڕ شیر دەبن، یەکەم مژە شیری بەدکاری دەدەنە نەوەکانیان ... هەموو ئینسان لە هەر کوێدا بێ ـــ ئینسانەکەی تریش ـــ دەتوانێ کارامەتر بێ، لە هونەری کوشتنو کوشتنکاری" ﴿ئە: ٢٦٥﴾، ئەم هەڵوێست دەربڕینەی حەمە کەریم سەرچاوەکەی بیستنی چیرۆکی جینۆسایدی ئەنفالە دژ بە میللەتی کورد، کە لە زاری (پیرەمێردێك)ی قووتاربوو لە کارەساتەکەوە دەگێڕدرێتەوە "تاقە یەك گوند نەماوە، هەر هەموویان خاپوور کرد، کانیاوەکانیشیان بە کۆنکرێت پۆشیوە، دارە بەبەرەکان بە دەنەمێت لە نێو چوون، هەموو ئەو خەڵکە لادێ نشینانەیان بە (ئەنفال) برد" ﴿ئە: ٢٧٠﴾

ئەم تێڕوانینەی کەسێتیی حەمە کەریم، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ، ئەگەر لە روانگەی تیۆری دەروونشیکارییەوە لێی بکۆڵینەوە، دەبینین کاریگەرە بە قوتابخانەی دەروونیی فرۆیدیی، کە " قوتابخانەیەکی دەروونشیکارییە، لە روانگەیەکی سێکسییەوە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ لێکدەداتەوە"[1]و دامەزرێنەرەکەی (سیگمۆند فرۆید ــ ١٨٥٦ – ١٩٣٩)ە، بە هۆی بەکارهێنانی زاراوەکانی "ئینسانو ئینسانەکەی تر لە ناویدا"، کە ئەم زاراوانە لە قوتابخانەی فرۆیددا بەکارهێنانیان دەبینرێتو بریتین لە:

١- ئەو ــ ID: ئەو سیستەمە راستەقینەیەی دەزگای دەروونییە، کە گۆڕانکاریی بەسەردا نایەتو لە هەموو ئەو لایەنە سایکۆلۆجییانە (بە غەریزەکانیشەوە) پێکدێت کە لە باوانەوە بۆ نەوەکان دەگوێزرێتەوە لە کاتی لەدایکبوونی مرۆڤداو پەیڕەوی هیچ بنەماو یاسایەکی عەقڵییو مۆراڵیی ناکاتو هێزێکی نابینایەو تەنها پەیڕەوی بنەمای چێژوەرگرتن دەکات.

٢- من ــ EGO: دەزگای بەڕێوەبردنو جێبەجێکاری کەسێتییە، لە لایەك کۆنترۆڵی (ئەو) دەکاتو رێکی دەخات، لە لایەکی دیکەشەوە کاروباری (منی باڵا) رێکدەخاتو سیستماتیکی دەکات. دروستبوونی (من) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی" پاش لە دایکبوون بە ماوەیەکی کەم، هەست کردن بە جیهانی دەرەوە روو لە زیادبوون دەکاتو لە بەشێك لە پاڵنەرەکانی (ئەو) جیادەبێتەوەو دەبێتە خودێك کە ئەرکی سەرەکیی هەڵبژاردنی واقیعێکە، تاوەکو بتوانێت (پەرچەکردار ــ Reasction)ەکانی بگۆڕێت بۆ (ئاکار ــ سلوك)ێکی سیستماتیك کراوی پەیوەست بە واقیعو پێویستییەکانیەوە، ئەوەش (من)ە کە دیوی دەرەوەی دەروونە کە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا مامەڵە دەکات.

٣- منی باڵا ــ Super EGO: پەیوەندییەکی وێرانکەرو رێبەرایەتیکەرەو هەوڵی نەفیکردنو لەناوبردنی (من) دەدات، چونکە (منی باڵا) ویژدانێکی (ناخودئاگا ــ Inconcious)یەو رەفتارو ئاکاری (تاك ــ Individual) ئاراستە دەکاتو لە رێی چەند فەرمانێکەوە کۆنترۆڵی (من) دەکات، سەرچاوەکەشی جیهانی ناوەوەی مرۆڤە.[2]

---

[1] علم النفس في القرن العشرين (الجزء الأول)، د. بدرالدين عامود، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص ٢٧١ – ٢٧٣ www.Awu-dam.org.

[2] علم النفس في القرن العشرين، ص ٢٨٢ – ٢٨٤.

بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی ئەم تیۆرە لە لایەن نووسەرەوە بە پێی تێڕوانینەکانی (ئەریك فرۆم ـــ ١٩٠٠ – ١٩٨٠)ە ـــ کە سەر بە تەوژمی (فرۆیدیزمی نوێباو)ە*، نەك تێڕوانینەکانی خودی فرۆید، چونکە "ئەریك فرۆم لە روانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوەو پێیوایە مرۆڤ بە پلەی یەکەم بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام فرۆید مرۆڤ وا دەبینێت، کە بوونەوەرێکە تەنها پەیوەستە بەخودی خۆیەوەو هۆکارە غەریزییەکان کاریگەرییان بەسەر رەفتارییەوە هەیەو دەیجوڵێنن"[1]، لێرەشدا لێکدانەوەی کەسێتیی (حەمە کەریم) بۆ کردەوەکانی مرۆڤ، لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتییە نەك سێکسیی، چونکە ئەو باسی زاڵبوونی (کەسی ناوەوەی مرۆڤ) دەکات بەسەر (کەسی دەرەوەدا)، لە هەڵبژاردنی شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ هاورەگەزەکانیدا، کە شێوازێکی نادادپەروەرانەو تاوانکارانەیەو دەرەنجامەکەی بێبەرییکردنی قوربانییەکانە لە مافە سروشتییو مرۆییەکانیان، ئەمەش مامەڵەکردنێکی کۆمەڵایەتییە نەك سێکسیی.

پاشان گێڕەرەوە ئاماژە بە هەڵوێستی کەریم دەدات، کە ئەویش دوای بیستنی چیرۆکی ئەو کارەساتە هەست دەکات وەك هەر قوربانییەك بەو ئەزموونەدا تێپەڕیوەو ئەو ئازارەی چەشتووە "(زێڕین) .. راستە .. راست دەکات، بە روح لە نێو تەلبەندەکەی (نوگرە سەلمان)دا بووم" ﴿ئە: ٢٧٦﴾

لە کۆتایداو دوای ئەوەی گێڕەرەوە تەواوکەری چیرۆکی تێهەڵکێشراو دەگێڕێتەوەو لەخاڵێکی دیاریکراودا کۆتایی پێدەهێنێت، دەمانگوێزێتەوە بۆلای کەریم "کەریم خوی بەوەوە گرتبوو شەوان تا درەنگ ـــ گەلێ جار تا بەرەبەیان ـــ بەتەنها شەقامەکانی (سەقز)ی پەی دەکرد" ﴿ئە: ٢٩٨﴾، کە لە خەیاڵیدا واقیعێکی ئەفسانەیی دەخوڵقێنێتو

---

* سەرهەڵدانی ئەم تەوژمە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی (قوتابخانەی واشنتن بۆ پزیشکیی عەقڵییو پەیمانگای ئەلیام ئالانسۆن هوایت) لە ئەمریکاو جیابوونەوەی ئاراستەی کارەکانیان لە بنەما سەرەکییەکانی فرۆیدیزمو کارکردن بە پێی چەند بنەمایەکی کۆمەڵایەتیو رووکردنە لایەنە پۆزەتیڤەکانی مرۆڤو جەختکردنەوە لەسەر گواستنەوەی توێژینەوە دەروونییەکان بۆ زانستی کۆمەڵایەتی، بۆ گەڕان بەدوای پاڵنەرە مرۆییەکانو بە مەبەستی دەستخستنی پێداویستییەکان لە نێو کۆمەڵدا، لە دیارترین کەسێتییەکانی ئەم قوتابخانەیە: (هاری ستاك سلیڤان ـ ١٨٩٢ – ١٩٤٩)، (ئیبرام کاردینەر ـ ١٨٩١ – ١٩٨١)، (ئەریك فرۆم ـ ١٩٤١).
بڕوانە: الفرويدية، الموسوعة الإسلامية المعاصرة، www.islampedia.com.

[1] الفرويدية، www.islampedia.com.

لە ڕێی وێناکردنی (زێڕین)ەوە دەچێتە نێو چیرۆکە ئەفسانەییەکەوە "نیوەشەوێکی درەنگ کەریم لەگەڵ دارو درەختو ئەرزو ئاسماندا دەدوا، سێ پەلەوەری (ڕۆشن) لە قوولایی ئاسمانەوە داکشان، ڕۆشناییەکی ئەوتۆی سوریان بەدواوە بوو، چاوی کەریمیان خستە ڕێشکەوپێشکە، هەرسێ پەلەوەرەکە لە بەرپێی کەریمدا نیشتنەوە، ناسییەوە (زێڕینو میرو پەریزاد) بوون" ﴿ئە: ٢٩٨﴾و تێبینی دەکات "ڕێك ئەسەدوڵڵا هەمان ڕوخسارو قەدو باڵای کەریمی هەبوو .. خاوەریش لەگەڵ شەرافەتی دایکی کەریم سێوێك بوون کرابوونە دوو کەرتەوە .. زێوەریش ژنەکەی کەریمە .. بەوردی تێیان ڕاما دڵنیابوو کە هەموو تەمەنی (تێکەڵێیکی) ڕابوردوو و ئێستایەتی" ﴿ئە: ٢٩٩﴾

تێبینی دەکەین" گێڕەرەوە هەر لە سەرەتاوە چیرۆکێکی ئەفسانەیی تێهەڵکێشی چیرۆکی سەرەکیی کردووەو بە شێوەی پچرپچڕ گێڕاویەتییەوە، کە ڕووداوەکانی بە تەواویی جیاوازو نامۆن بە ڕوواوەکانی دەقی سەرەکییو تەنها لایەنێك کە پێیانەوە دەبەستێتەوە، وێناکردنیانە لە لایەن کەسێتیی سەرەکیی ـ کەریمەوە، بەڵام لە کۆتایدا گێڕەرەوە لە خاڵێکدا پێکیانەوە گرێ دەداتو لە کۆتاییەکی کراوەدا کۆیان دەکاتەوە، بە جۆرێك" چیرۆکە ئەفسانەییەکە ــ چیرۆکی تێهەڵکێشکراو لە کۆتایدا وەك ڕنگپێدەرەوەیەکی چیرۆکی سەرەکیی خۆی دەنوێنێت، ئەمەش پراکتیزەکردنی تێڕوانینێکی (جان ڕیکاردۆ)ی ڕەخنەگری فۆرمالیستە، کە بە چیرۆکی (نەرجسی) ناوی دەباتو دەڵێت "هەندێك جار گێڕەرەوە چیرۆکێکی جیاواز تێهەڵکێشی چیرۆکی سەرەکیی دەکات، بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ پێشبینیکردنی کۆتاییەکەی"[1]، بۆیەش پێیدەڵێت نەرجسی، چونکە پێیوایە چیرۆکی سەرەکیی هاوکات لەگەڵ چیرۆکی تێهەڵکێشکراودا ڕێ دەکاتو چیرۆکە تێهەڵکێشکراوەکە وێنەی چیرۆکە سەرەکییەکەی تێدا ڕەنگدەداتەوە.

لە ڕێی لێکدانەوەی ئەو شێوازەی ڕۆماننووس بەکاریهێناوە لە داڕشتنو ڕێکخستنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا، دەردەکەوێت" کردەی بنیاتنانی ڕووداوەکان ــــ کە پراکتیزەکردنی بنیاتی تێهەڵکێشە، لەسەر دوو تەوەر ئەنجامدراوە:

١- ڕاگرتنی پرۆسەی گێڕانەوە لە لایەن گێڕەرەوەی دەرەکییو گواستنەوەی ئەرکی گێڕانەوە بۆ کەسێتییەکانی نێو ڕۆمانەکە، لە ڕێی چەند پرۆسەیەکی وەك دیالۆگ،

---

[1] البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص ١٢.

مۆنۆلۆگو یادکردنەوەوە، بە مەبەستی ڕێگەدان بە کەسێتییەکان، بۆ گوزارشتکردن لە هەڵوێستو تێڕوانینیان، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوو دیاردەکانی دەوروبەریان.

٢- تێهەڵکێشکردنی چیرۆکێکی دیکەی جیاواز بە چیرۆکی سەرەکییو گرێدانەوەیان لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی" کە گێڕەرەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانی (ئەژدیها)، لە گێڕانەوەو ڕێکخستنی ڕووداوەکاندا پراکتیزەی تایبەتمەندییەکانی بنیاتی تێهەڵکێشی کردووە لەسەر هەردوو ئاستەکە "ئاستی خودیی ـ هەڵوێستو تێڕوانینی کەسێتییەکانی چیرۆکی سەرەکییو ئاستی تێهەڵکێش، تێهەڵکێشکردنی چیرۆکێکی بێگانە بە چیرۆکی سەرەکیی، بە مەبەستێکی تایبەتی"[1] و ئامانجی لە بەکارهێنانی ئەم بنیاتەدا، تەنها پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە نییە کە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دەخولقێن، وەك چۆن لای هەندێك ڕۆماننووس بەدی دەکرێت، کە ئامانجیان لە بەکارهێنانی بنیاتی تێهەڵکێشدا "پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەیە لە میانی گێڕانەوەدا دێنەڕێیان"[2]، بەڵکو کاملکرنی چیرۆکی سەرەکییە لە ڕێی تێهەڵکێشکردنی چیرۆکی دووەمەوە، بەڵام لایەنێکی گرنگ کە جێی سەرنجە، لێکدانەوەی ئامانجو مەبەستی گێڕەرەوەیە لە تێهەڵکێشکردنی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییە بە چیرۆکی سەرەکیی، چونکە ئەگەر لە ناوەڕۆکی ئەو دوو چیرۆکە بکۆڵینەوەو بەراوردێکی ڕۆڵو ئەرکی کەسێتییەکانی ناویان بکەین، جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا بەدیدەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گێڕەرەوە وەك ڕەنگپێدەرەوەی یەکتر دەیانبینێت، لەبەرئەوە پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی ناوەڕۆکی ئەو دوو چیرۆکەیە، بەمەبەستی ئاشکراکردنی ڕادەی سەرکەوتوویی گێڕەرەوە لە تێهەڵکێشکردنی ئەو دوو چیرۆکەو سەرەنجام ئەو گوتارەی بەرهەمی دەهێنێت.

چیرۆکی یەکەم" کە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی ژیانی کەسێتیی سەرەکیی (کەریم)ە، بەسەرهاتی ژیانی کەسێتییەکی ئاساییو هەژارە، بەسەرهاتی مرۆڤێکە، لە لایەن چەند کەسێکەوە بەکاردەهێنرێت بۆ سوودو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان (حاجی ڕەزا، موعەزەز، ئەمنە خان، ئامۆژنی موعەزەز، یەڵماز)، ڕووداوەکانی ژیانیو شێوازی

---

[1] البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص ١٤.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

هەڵسوکەوتو مامەڵەکردنی دەوروبەرەکەیشی لەگەڵیدا، وێنەی مرۆڤێکی پەراوێزخراوو چەوساوە لە بیری خوێنەردا دەخولقێنن، هەروەها بە هۆی توندوتیژیی دەوروبەرەکەیەوە لە ماڵوحاڵی خۆی دەکرێتو ئاوارەدەبێت، بەڵام چیرۆکی دووەم ـــ چیرۆکی تێهەڵکێشکراو، بەسەرهاتی چەند کەسێتییەکە بە تایبەت (میر ئەسەدوڵا)، کە کەسێکی زۆردارو چەوسێنەرە، مرۆڤێکە خەڵکانی دەوروبەری بۆ ویستی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێتو بە هۆی زەبروزەنگییەوە چەندین کەس ئاوارەدەبێت (پەری ـــ زێڕین، بارام، ئاوارەبوونی دانیشتووانی شێران بەرەو چیاکانی کەڵوەزنشینان.)

بەڵام گێڕەرەوە لە کۆتایدا بە جۆرێك ئەم دوو چیرۆکە تێهەڵکێش دەکات، کە تێبینی لای خوێنەر دروست دەکات، چونکە گێڕەرەوە لە کۆتایدا ناوەڕۆکی رووداوەکانی چیرۆکە ئەفسانەییەکە لە چیرۆکی کەریمو بەسەرهاتە ئاساییەکاندا رەنگپێدەداتەوە، هەروەها بە شێوەیەك وێنەی کەریمیش دەکێشێت کە وێنەدانەوەی میر ئەسەدوڵا بێتو دایکیشی (شەرافەت) دایکی میرە، لە کاتێکدا ئەو کەسێتییانە تەواو جیاوازن، تایبەتمەندییەکانیان زۆر لەیەکەوە دوورەو رۆڵو کردارەکانیشیان تەواو پێچەوانەی یەکترن. بۆ نموونە" کەریم کەسێکی چەوساوەیە، بەڵام میر کەسێکی چەوسێنەرە، کەریم ئاوارە بووە، بەڵام میر بووەتە هۆی ئاوارەکردنی خەڵکی، شەرافەتی دایکی کەریم کەسێکی بێدەسەڵاتو پاكو بێتاوان بووە، بەڵام دایکی میر کەسێکی لادەرو دەستڕۆیشتوو بووە.

لەبەرئەوە دەکرێت بپرسین" مەبەستی گێڕەرەوە لە تێهەڵکێشکردنی ئەم دوو بەسەرهاتە جیاوازە چییە؟ لە کاتێکدا ناوەڕۆکەکانیان تەواو دوورن لە یەکترو یەکناگرنەوە، چونکە بە پێی پێوەرەکانی بنیاتی تێهەڵکێش" دەبێت ئەو چیرۆکە بێگانەیەی تێهەڵکێشی چیرۆکی سەرەکیی دەکرێت، لە کۆتایدا پەیوەندییەکی دەلالیی کۆیانبکاتەوە، بەڵام لەم دەقەدا ئەو تایبەتمەندییە بەدیناکەین، ئەمەش نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر ئەو گوتارەی کۆی دەقەکە بەرهەمی دەهێنێت، چونکە دوڕدۆنگییەك لە نێوان پەیامی دەقەکەدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە" کەریم سەرەتا هەست بە بێتاوانییو بوونە قوربانیی خۆی دەکات، بە هۆی ئەو رووداوانەی لە لایەن چەند کەسێکەوە بەسەریهاتوون، بەڵام لە کۆتایدا خۆی لە بەرگی کەسێتییەکدا دەبینێتەوە، هەموو ژیانی بە چەوساندنەوەو ئازاردانی خەڵك بەسەربردووە، بەدەر لەوەش" لەجێیەکدا گێڕەرەوە باس لەو رووداوانە دەکات کە بەسەر کەریم هاتوون، کە سەرەڕای قێزەونیيو نەویستراوییان

قبولّیان دەکات، ئەمەش جۆرێك لە وێناکردنێکی کەسێتییەکە، کە هەڵوێستەکانی لە هەمان کاتدا چەند ئاراستەیەکی جیاوازیان هەیە، چونکە لەیەك کاتدا هەست بە بوونە قوربانییو رازیبوونیش دەکات بەرامبەر بەو رووداوانە، ئەمەش جێی سەرنجە، هەروەها وامان پیشان دەدات" کە مرۆڤەکان لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی سەختییو نەهامەتییەکانی ژیاندا بێئیرادەنو زوو بێهیوا دەبن (وەك لای کەریمو قادر ئەفەندی بەدیدەکەین).

جۆرێکی دیکەی بەکارهێنانی بنیاتی تێهەڵکێش، ئەو بنیاتەیە کە لە میانەیدا تەنها لەسەر یەك تەوەر کردەی تێهەڵکێشکردنی رووداوەکانی نێو رۆمانێك ئەنجام دەدرێت، ئەویش پچڕاندنی زنجیرەی کاتی ئاسایی رووداوەکانە، بۆ دەرخستنی هەڵوێستی کەسێتییەکان بەرامبەر بەرووداوو دیاردەکانی دەوروبەریان، سەرەڕای ئاماژەدان بە هەندێك رووداو کە کاتی روودانیان کەوتووەتە پێش کاتی حیکایەت یان کاتی گێڕانەوەوە.

بنیاتی رووداوەکانی ئەو رۆمانانەی کە لە پرۆسەی تێهەڵکێشکردنی رووداوەکاندا بە تەنها پشتی بەیەك تەوەری بنیاتی تێهەڵکێش بەستووە، دەکرێت وەك بنیاتێکی زنجیرەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە بە شێوەی گشتی گێڕەرەوە لە زنجیرەکی یەك لە دوای یەکدا رووداوەکان پێشکەش دەکات، لەگەڵ پراکتیزەکردنی کردەکانی پچڕاندن لە هەندێك شوێندا، بۆ ئاماژەدان بەهەڵوێستی کەسێتییەکان بەرامبەر رووداوەکان.

یەکێك لەو رۆمانانەی بەم شێوەیە بنیاتی تێهەڵکێشی تێدا بەکارهاتووە، رۆمانی (کۆچڕەو ... کۆچڕەو)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)ە[1].

لە خوێندنەوەی کۆی رووداوەکانی رۆمانەکەوە، بۆمان دەردەکەوێت" بنیاتی سەرەکیی لەم رۆمانەدا بنیاتێکی زنجیرەییە، بەڵام گێڕەرەوە لە چەند شوێنێکدا زنجیرەی کاتی ئاسایی رووداوەکان دەپچڕێنێت، بەمەبەستی تیشکخستنەسەر هەڵوێستو تێڕوانینی کەسێتییەکان سەبارەت بەهەندێك رووداو، یاخود گێڕانەوەی هەندێك رووداوی ئاسایی، کە پێش کاتی حیکایەت یان کاتی گێڕانەوە روویان داوەو پێویستیان بەوەیە ئاماژەیان

---

[1] کۆچڕەو ... کۆچڕەو (رۆمان)، عەبدوڵڵا سەڕاج، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

پێبدرێت، لە پێناو کاملکردنی پەیکەری ڕووداوەکانی چیرۆکی سەرەکیدا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك چیرۆکێکی بێگانە یان بەسەرهاتێکی دەرەوەی سنووری زنجیرەی ڕووداوی ئاسایی تێهەڵکێشی دەقەکە نەکراوە ــ وەك لە دەقی پێشوو (ئەژدیها)دا بینیمان.

ڕووداوەکانی ڕۆمانی (کۆچڕەو ... کۆچڕەو) تەرخانن بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی کۆچڕەوی کوردانی باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٩١)داو بە نمایشکردنی دیمەنی هەڵکشانی کەسێتیی سەرەکیی ــ جوامێر بە بناری چیای قەندیلدا، دەست پێدەکات "لە بنارەوە، بڕوانیتە سەرکلاوەی قەندیل، دیمەنێکی دڵدوێنو سامناکە ... بەو ڕەوەزە تووشو سەختەدا هەڵدەکشایو ... هەڵدەکشای. جووتە سکلی نیگات بەو دوندە سەرکەشەوە، لکابوون"﴿ك. ك: ٥﴾، پاشان گێڕەرەوە" کە بە جێناوی (کەسی دووەمی تاك ــ تۆ) چیرۆکی کەسێتیی سەرەکیی دەگێڕێتەوە" بەردەوامیی دەدات بە ڕۆمانەکە، تا لە لەخاڵێکی دیاریکراو و بە کۆتاییەکی کراوە "بەم جۆرە تەقسو سروتی کۆچڕەوە ڕۆحییەکەت گەیاندە ئەنجام" ﴿ك. ك: ٩٤﴾، کۆتایی بە ڕۆمانەکە دەهێنێت، بەڵام لە میانی گێڕانەوەدا" چەندین جار گێڕەرەوە تیشك دەخاتە سەر هەڵوێستی کەسێتییەکان، بۆ نموونە" کاتێك جوامێر بەسەر چیای قەندیلدا هەڵدەکشێت، لە دەروونیدا ئەو واقیعە تاوتوویی دەکات کە تێیکەوتووەو بەم شێوەیە خۆی دەدوێنێت "هەستم پێم دەڵێ: مرۆی پاکژی ناو ئاژاوەو ئالۆزیی ئەم جیهانە، نامۆیەکی بێ سەنگەرو پەناو مەتەرێزە، پەڕاوێکێ هەڵدراوەی بەر ڕەشەبایە، بۆیە خۆپاراستنی لە ئابلۆوقەی ڤایرۆسی هەلپەرستو نێزەی سیخوڕان زۆر زۆر دژوارو ستەمە. مەگەر کەسێك گرەوەکە بباتەوە کە، ڕشتو پێداگرو سەرسەخت بێ وەکو گابەردی ئەم قەندیلە، مەگەر ئەوسا، لێشاوی پڕ ژەنگو کێمو قەوزەو کەڕوو ڕاینەماڵێ..." ﴿ك. ك: ٦﴾، هەروەها لە ڕێی گفتوگۆی نێوان جوامێرو هاوسەرەکەیەوە، گێڕەرەوە ئاماژە بە هەڵوێستی ئەو دوو کەسێتییە دەدات بەرامبەر ئەو بارودۆخەی تێیدان "گرمەی تۆپو زیقەی ساوایان تێکەڵ بوون، تۆ لە هیچ سڵت نەکردەوە چونکە لە فرۆشگەی درۆخانەو هەڕەشەدا، خۆت هەرزانفرۆش نەکردبوو، دڵنیا بووی، چوون تۆوێکی نوێ، قسەکانت لە کێڵگەی دڵاندا شین دەبێ، دەڕسکێ، بە نەرمی چرپاندتە گوێی دایکی منداڵانەوە:

- ئەم گەمەیە کاتو پشووی دەوێ. خوێنو ڕەنجی گەرەکە
- باوکی شوان، ساویلکەییو نووچدان بەس نەبێ!

- ئەوانە، ئەنگیو ریسواینن بە تەویڵمانەوە. لە شەش سەدو دوازدەی پێش زایینەوە، هەتا هەنووکە، چاومان بڕیوەتە ئاسمان و هەڵەکانمان ــ وەکو دڵۆپەی بارانو ئەستێرە ــ لە یەك دەچن!! چەند پات دەبنەوە!! رادەپەڕین، قوربانی دەدەین، ئەنجام: تەفروتوونا دەبین، کردەی هەژارەو بردەی کەمتیار" ﴿ك. ك: ٢٠﴾.

هەروەها" لە میانی گفتوگۆیەکی نێوان جوامێرو کەسێتییەکی دیکەدا ـــ وریا، وریا باسی ئەو ئەشکەنجەدانو شەرەفتکاندنانە دەکات کە پیاوانی رژێمی بەعس، لە گرتووخانەکانیاندا دژ بەکوردەکان ئەنجامیان دەدات "مامۆستا، ژنو پیاویان پێکەوەو بەڕووتی دەبەستایەوە ... بە(کاویە)ی کارەبا لەشیان کونکون دەکرد، بەزۆرەملێ وایان لە زیندانی دەکرد، کە سواری یەکدی بن! لەشیان دەرزیژەن دەکرد! پاشان خوێ سیپەرتۆیان پێدا دەکرد" ﴿ك. ك: ٦٦﴾، پاشان دێتەسەر باسی خۆی، کە ئەمیش یەکێك بووە لە قوربانییەکانیانو جۆرێکی ئەشکەنجەیان بەسەردا سەپاندووە، کە ناوی (ئازارە رەشەکە) بووە

- "تووشی ئازارە رەشەکەیان کردم.
- خێرا پرسیت: رەش!! بۆ لەوێدا ئازاریش رەنگی هەبووە؟!
- بەڵێ، مامۆستا میرزا، سورو رەش، بە ئاسنێکی سوورەوەکراو، شوێنی ناسکی بەندییان داخ دەکرد. ئەوە ئازاری سوور بوو. رەشەکەش بەشی من بوو. بردمیانە ئەمنی گشتی. لەوێ لەسەر دەم خستمیانو چوار کەتە زەلام، هەر یەکەو پێی نایە سەر دەستو قاچو ملمو..." ﴿ك. ك: ٦٧﴾، بیستنی ئەم وتانەش وا لە جوامێر دەکات بەراوردێك بکات "تۆ بیرت چووە لای پیکاسۆو براكو ڤانکۆخ، ئەوان سوورو رەشیان بۆ چێژی چاوو گیان دەسازاند. ئەم جەللادانەیش، بۆ ئازارو ژانو ئێش، کە دوو چەمکی زۆر جودان" ﴿ك. ك: ٦٧﴾.

ئەم دەقانەی پێشەوە" کە لە رۆمانەکە وەرمانگرتوون، نموونەی ئەو پێگانەن کە گێڕەرەوە تەرخانی کردوون بۆ تیشکخستنەسەر هەڵوێستی کەسێتییەکانی نێو رۆمانەکە، پەیوەست بە رووداوو دیاردەکانی دەوروبەریان. بەڵام سیمایەکی دیکەی (کۆچڕەو ... کۆچڕەو) ئەو کردەی پچڕاندنو پاشو پێشخستنەیە کە لە زنجیرەی رووداوەکاندا ئەنجام دراونو گێڕەرەوە لە میانی کردەی گێڕانەوەدا چەندین جار ئەم پرۆسەیەی دووبارەکردووەتەوە.

چیرۆکی سەرەکیی رۆمانەکە، کە تەرخانکراوە بۆ گێڕانەوەی رووداوی کۆچڕەوو سەرەتاکەی بە هەڵکشانی جوامێر دەست پێدەکات بە چیای قەندیلدا، لە چەندین شوێندا گێڕەرەوە زنجیرەی ئاسایی رووداوەکان دەپچڕێنێت. بۆ نموونە" کاتێك جوامێر بەدامێنی چیاکەدا هەڵدەگەڕێتو گوێی لە گرمەگرمی تۆپو چەکە دوورهاوێژەکانی حکومەتی بەعس دەبێت، کە لە پێدەشتەکاندا کوردە ئاوارەکانیان کردووەتە ئامانج، چەند رووداوێکی کۆنی دێتەوە یاد، وەك کۆچی دوایی هاوسەرو پاشان کچەکەی ــ کە گێڕەرەوە لە رێی گەڕانەوەیەکی دەرەکییەوە ئاماژەی پێدەدات "لە بیرتە، لەو گەرمەسێرەدا مامۆستا بووی لە (حەوتەغار). هاوسەرەکەت سەرەڕای دووگیانیو مانگی خۆی، تووشی دەردێکی گران ببوو ... هەنگاوی توندت بەرەو ماڵەوە نا. لە نزیکەوە گوێت لە گریانو فیغان بوو ... بەیانییەك پاش تەواوکردنی وانەکانت، چوویتە شارو یەکسەر بەدایکت گوت: دەزانم لەیلا نەماوە، دایکت بەچاوێکی پڕ فرمێسكو دەروونێکی غەمگینەوە گوتی: بەڵێ وابوو .. چۆنت زانی؟! تەمەنی دا بەتۆو هەر ئەمڕۆ ئەویش لەتەك دایکی دەنێژین" ﴿ك. ك: ١٣ - ١٤﴾.

لە شوێنێکی دیکەشدا" کاتێك جوامێر دیمەنی بێچارەی ئەو ئاوارانە دەبینێت، کە ماڵو حاڵیان بەجێ هێشتووەو رووەو ئاراستەیەك هەنگاودەنێن کە خۆشیان نازانن بەکوێو بە چ چارەنووسێکیان دەگەیەنێت، هەست دەکات لێپرساوێتییەکی لەسەرشانەو بەئەرکی خۆیو هەموو کەسێکی هۆشیاری دەزانێت، ئەو کارەساتانە بنووسێتەوەو تۆماریان بکات "هەڵەبجەو ئەنفالەکان، مەگەر بەسەدان پەرتووك بنووسرێنەوە، هەش بەسەرم. چۆن لەم پاییزە تەمەنەدا، ئەم قەرزی ئەستۆیەم بدەمەوە" ﴿ك. ك: ٥٥﴾، ئەم هەڵوێست دەربڕینەش دەیخاتە سەر یادێکی کۆن "قەڵەم بنووسە، بەرلەوەی بخرێمە بەر خوێندن، خولیای نیگارو قەڵەمی رەنگ بووم ... لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، قەڵەمی رەنگو (مەلا خەنەکە)م ناسی. بەڵام لە تافی هەرزەکاریدا، (Profile)ی لینینم بە ئاوی پیاز دەکردو بە هاوڕێکانم دەگوت: کاغەزەکە لە ئاگری ماقەڵیو ئۆجاخ نزیك بکەنەوە" ﴿ك. ك: ٥٥ - ٥٦﴾.

بەم شێوەیەو لە چەند جێیەکی دیکەشدا، گێڕەرەوە زنجیرەی کاتی رووداوەکان دەپچڕێنێتو هەندێك رووداوی پێشتر تێهەڵکێشی رووداوەکانی رۆمانەکە دەکات.

کەواتە" لەم دەقەدا بنیاتی تێهەڵکێش لەسەر یەك ئاست بەکارهێنراوە، ئەویش پچڕاندنی زنجیرەی ئاسایی کاتی رووداوەکانە لە لایەن گێڕەرەوەوە، بۆ تیشکخستنەسەر هەڵوێستو تێڕوانینی کەسێتییەکانی نێو رۆمانەکە، سەرەڕای پشتبەستن بە کردەی گەڕانەوە لە میانی پرۆسەی گێڕانەوەدا، لە پێناو ئاماژەدان بە هەندێك رووداو پێشتر روویان داوەو کەوتوونەتە پێش کاتی حیکایەت یان کاتی گێڕانەوەوە.

بە لێکدانەوەیەکی وردی بنیاتی رووداوەکانی ئەو دوو رۆمانەی لە پێشەوە بە نموونە وەرمانگرتن، دەگەینە ئەو ئەنجامەی" کە لە رۆمانی کوردیدا دووجۆر بەکارهێنانی بنیاتی تێهەڵکێش بوونیان هەیە:

١- بنیاتێك" کە لەسەر دووتەوەر پرۆسەی تێهەڵکێشکردنی رووداوەکانی نێو رۆمانەکەی پێ ئەنجام دەدرێت، وەك لە رۆمانی (ئەژدیها)دا بەدیمانکرد.

٢- بنیاتێك" کە لەسەر یەك تەوەر پرۆسەی تێهەڵکێشکردنی رووداوەکانی نێو رۆمانەکەی پێ ئەنجام دەدرێت، وەك لە رۆمانی (کۆچڕەو ... کۆچڕەو)دا بەدیمانکرد.

هەواڵنامەی کتێب

# بنیاتی هاوسەنگ

بنیاتی هاوسەنگ بە هەمان شێوەی بنیاتی تێهەڵکێش، سەرەتای دەرکەوتنی لە ژانری رۆماندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی رابردوو، کاتێك هەندێك لە نووسەران لەبری بەکارهێنانی بنیاتی تێهەڵکێش پشتیان بەم بنیاتە بەست بۆ دارشتن‌و رێکخستنی رووداوەکانی رۆمانەکانیان، چونکە ئەو تایبەتمەندییانەی لەم بنیاتەدا هەیە، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ رووپۆشکردنی رووبەرێکی فراوانتری ئەو رووداوانەی رۆماننووس مەبەستێتی بییانگێڕێتەوە، سەرەڕای ئەوەی لە رووی هونەرییەوە رووخسارێکی ئیستاتیکیتر دەبەخشێت بە دەقەکە، چونکە ئەم بنیاتە" وەك لە ناوەکەیەوە دیارە "گێڕانەوەی دوو چیرۆك یان زیاترە، کە رووداوەکانیان لە هەمان کات یاخود دوو کاتی یەکساندا روودەدەن"[1] و "گێرەرەوە بە نۆرە بەشێك لە چیرۆکی یەکەم دەگێڕێتەوە، دواتر لە گێڕانەوەی ئەو دەوەستێت‌و دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکی دووەم، پاشان لە گێڕانەوەی ئەویش دەوەستێت‌و بەشێك لە چیرۆکی سێیەم دەگێڕێتەوە تا دەگات بە کۆتایی"[2]، واتە رۆماننووس لە کاتی گێڕانەوەی رووداوەکاندا، بە نۆرەو بە چەند تەوەرێك تیشك دەخاتە سەر چیرۆکەکانی نێو رۆمانەکەی، بە جۆرێك" لە چوارچێوەی چەند پارێکدا رووداوەکان دابەش دەکات‌و بە شێوەی نۆرەیی لەخاڵی سەرەتاوە دەیانگەیەنێت بە خاڵی کۆتایی، چونکە ئەو رووداوانەی کە دەیانگێڕێتەوە" لەیەك کاتدا یاخود لە دووکاتی هاوسەنگ‌و نزیك لەیەکدا روویان داوە، ئەمەش ناچاری دەکات رێگەیەکی نۆرەیی بگرێتەبەر بۆ ئاماژەپێدانیان، بەڵام پێمانوایە بەکارهێنانی (هاوسەنگ) دروستتر بێت لە (نۆرەیی) بۆ ناونانی پرۆسەیەکی لەم شێوەیە*، چونکە دەشێت شێوازی نۆرەیی لە گێڕانەوەیەکدا بەکاربهێنرێت بەبێ ئەوەی خودی بنیاتەکە

[1] البناء الفني لرواية الحرب في العراق، ص ٥٥.

[2] معجم مصطلحات نقد الرواية، ص ٦٥.

* رێزان عوسمان مستەفا لە نامەکەیدا (بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە رۆمانی کوردی باشوری کوردستان ساڵی ١٩٨٥-١٩٩٠) ئەم بنیاتەی ناوناوە "بنیاتی نۆبەتی/ هاوتەریب".

هاوسەنگ بێت، لەم روانگەیەشەوە دەتوانین (بنیاتی تێهەڵکێش) وەك نموونە وەربگرین، بەوەی لەو بنیاتەو لە میانی پرۆسەی تێهەڵکێشکردنی رووداوەکاندا گێڕەرەوە بە نۆرە بەشێك لە رووداوی سەرەکیی دەگێڕێتەوەو دواتر ئەو بەجێ دەهێڵێتو بەشێکی رووداوی لاوەکیی باس دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بنیاتە وەك خۆیو بە بنیاتی تێهەڵکێش دەمێنێتەوە، لە بەرامبەردا" بنیاتی هاوسەنگیش لە گێڕانەوەی رووداوەکانیدا گێڕەرەوە دەبێت بە نۆرە تیشکبخاتە سەر رووداوە گێردراوەکان، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی گۆڕینی بنیاتی رووداوەکان، کە بنیاتێکی هاوسەنگە.

لەناو بنیاتەکاندا" ئەم بنیاتە زیاتر لە هونەری سینەماییەوە نزیکە، ئەویش لە میانی بەکارهێنانی هونەری مۆنتاژەوە، کە "بریتییە لە نمایشکردنی دیمەنێك، دواتر پچڕاندنی ئەو دیمەنەو گواستنەوەی کامێرا بۆسەر دیمەنێکی دیکەو نمایشکردنی دیمەنێك یان چەند دیمەنێك لەو، لە پاشاندا ئەو دیمەنەش دەپچڕێنرێتو کامێرا دەگوێزرێتەوە بۆ یەکێکی دیکە (ئەگەر ناوەڕۆکی فیلمەکە پەیوەستبوو بە گێڕانەوەی زیاتر لە دوو چیرۆك)، بەم شێوەیە بەش بەش لە دیمەنەکان نمایش دەکرێن تا گەیاندنیان بە کۆتاییو یەکگرتنەوەیان لە خاڵێکدا بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی مەبەستە"[1]، پشت بەستنی فیلمیش بەم هونەرە" سەرچاوەکەی بەرپەرچدانەوەی نمایشی زنجیرەی مێژوویی‌و پشت بەستنە بە هونەرێك کە چێژێکی زیاتر بە بینەر ببەخشێت، چونکە "لە سینەمادا هیچ دیمەنێك ناتوانێت تا ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت، بەڵکو گێڕانەوەی فیلم پشت بە (تەولیف) دەبەستێ لە نێوان گرتە جیاوازەکان لەدیمەنی جیاوازدا، کە لە سادەترین نمایشەکاندا راستەوخۆ پشت بە بەدوایەکدا هاتنێکی لۆژیکی یان مێژوویی دەبەسترێت، لە پێناو گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، لەم بارەشدا پێی دەوترێت (تەولیفی رۆماننووسی)"[2]، بۆیەش ئەم ناوەی لێنراوە، چونکە لە رۆمانەوە وەرگیراوەو یەکەم جار لە رۆماندا بەکارهاتووەو پاشان گواستراوەتەوە بۆ نێو هونەری سینەما.

---

[1] فن المونتاج، منى الصبان، الأستاذة بمعهد السينما – أكاديمية الفنون بالقاهرة، مديرة المدرسة العربية للسينما والتليفزيون على شبكة الإنترنت www.arabfilmtvschool.edu.eg.

[2] البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص ٢٤ – ٢٥.

بەکارهێنانی بنیاتی هاوسەنگ دەکرێت لە دوو روانگەوە لێی بڕوانرێت، روانگەیەکی کاتییو روانگەیەکی شوێنیی، لەم بارەیەوە (دیڤید دەچز) دەڵێت "مۆنتاژ دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١- مۆنتاژی کاتیی: کەسەکە دەتوانێت لە شوێنێ جێگیر بێت لە کاتێکدا زەینی لە زەمەندا دەسورێتەوە

٢- مۆنتاژی شوێنی: کات بەجێگیریی دەمێنێتەوەو رەگەزی شوێن دەگۆڕێت."[1]

واتە بنیاتی هاوسەنگ لە هەردوو بواری کاتییو شوێنییدا دەشێت بەکاربێتو تەنها پەیوەست نییە بە کاتەوە، ئەمەش مەودای دەق فراوانتر دەکاتو رۆڵی رەگەزەکانی کاتو شوێنی پەیوەست بەرووداوەکانەوە زیاترو کاراتر دەکاتو سەرەنجام چێژێکی زیاتر بە خوێنەر دەبەخشێت، چونکە لە میانی خوێندنەوەدا" بەدەر لە هەمەجۆریيو فرەیی رووداوەکان، لایەنێکی دیکەش خۆی دەسەپێنێت، ئەویش هەمەجۆریی ئەو ژینگانەیە کە رووداوەکانیان تێدا روو دەدات.

رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)[2]، یەکێکە لەو رۆمانانەی ئەم بنیاتەی تێدا بەدی دەکرێت.

ئەم رۆمانە کە پێکهاتووە لە (٢٠) پار، رووداوەکانی بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراونو لە کۆتایدا بە نیوەی دووەمی پاری (١٨)و دوو پاری (١٩ و ٢٠) بەیەکەوە بەستراونەتەوەو لە خاڵێکدا کۆتاییان پێهێنراوە، بە جۆرێك هەندێك رووداو بە ئەنجام یاخود بنبەست گەیشتوون، هەندێکی دیکەش لە کۆتاییەکی کراوەدا بۆ خوێنەر بەجێهێڵراون، رووداوەکانیش لە ڕێی کەسێتیی سەرەکییەوە دەگێڕدرێنەوە، کە ئەویش (موزەفەری سوبحدەم)ە.

---

[1] تیار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ت: د.محمود الربيعي، دار المعارف بمصر، ١٩٧٥، ص ٧٢ — ٧٣.

[2] دواهەمین هەناری دونیا (رۆمان)، بەختیار عەلی چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

ناوەڕۆکی رووداوەکانی دواهەمین هەناری دنیا بەم شێوەیە دابەشکراون:

تەوەری یەکەم: "١ ـ ٣ ـ ٥ ـ ٧ ـ ٩ ـ ١٣ ـ ١٥ ـ ١٧"

نیوەی ١٨+ ١٩ - ٢٠

تەوەری دووەم "٢ ـ ٤ ـ ٦ ـ ٨ ـ ١٠ ـ ١١ ـ ١٢ ـ ١٤ ـ ١٦ ـ ١٨"

سەرەڕای ئەوەی لە هەندێك پاردا رووداوەکانی هەردوو تەوەر تێکەڵکراون، بە هۆی ناچاربوونی نووسەرەوە بۆ پڕکردنەوەی هەندێك بۆشایی کە لە زانیارییەکانی چیرۆکەکانیدا خوڵقاون.

بۆ تیشکخستنەسەر دیارترین ئەو رووداوانەی تەوەرە سەرەکییەکانیان پێکهێناوە، سەربەخۆ لە پارەکانی هەر تەوەرێکیان دەدوێینو سەرەتا بە رووداوەکانی ئەو تەوەرە دەستپێدەکەین کە دەستپێكو چیرۆکی سەرەکیی رووداوەکانی پێکهێناوە، واتە پارەکانی: "١ ـ ٣ ـ ٥ ـ ٧ ـ ٩ ـ ١٣ ـ ١٥ ـ ١٧"و دواتر ئاماژە بە پارەکانی تەوەری دووەم دەدەین.

رووداوەکانی پاری یەکەمی رۆمانەکە" سەرەتاکەی بیستو یەك ساڵ دوای سەرەتای حیکایەتی راستەقینەیەو گێڕەرەوە ـ موزەفەری سوبحەدم" لە رێی گەڕانەوەیەکی دەرەکییەوە تیشکی دەخاتەسەر "نازانم چیرۆکی منو یاقوب کەی دەست پێدەکات ... بیستو یەك ساڵ زیندان جگە لە کەمێك یادەوەری زیاتر هیچی بۆ نەهێشتوومەوە" ﴿د. هە: ٤﴾، چونکە "رووداوەکانی کاتی حیکایەت پێش کاتی گێڕانەوەن"[1]و کاتی گێڕانەوە لە یەکەم بەرەبەیانی ئازادکردنی موزەفەرەوە دستپێدەکات "من لە بەرەبەیانی یەکەمەوە زانیم کە دیلیکردوم. لە کۆشکێکدا، لەناو جەنگەڵو دارستانێکی نادیاردا، ئەو پێیگوتم لە دەرەوە دەردێکی کوشندەی وەك تاعوون بڵاوبۆتەوە ... من لە کۆشکێکی گەورەدا دیلبووم، کتێبی زۆری بۆ هێنامو گوتی بیانخوێنەوە" ﴿د. هە: ٣﴾.

رووداوەکانی ئەم پارە تایبەتن بە گێڕانەوەی چیرۆکی کەسێتیی سەرەکییو لە رێی مۆنۆلۆگێکی ئەو کەسێتییەوە" کە هەر خۆیشی گێڕەرەوەی رووداوەکانەو بەهیچ جۆرێك هەست بە بوونی گێڕەرەوەی دەرەکی ناکرێت، وەك دەستپێکێك ئاماژەکانی کاتو شوێنی

---

[1] شعرية السرد في الرواية العربية المعاصرة، د. احمد جبر شعث، مطبعة القادسية للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، فلسطين، ٢٠٠٥، ص ٤٦ — ٤٧.

ڕووداوەكانی تێدا بەدی دەكرێتو بە شێوەی گشتی بیرێكی سەرەتایی سەبارەت بە ڕووداوەكانی دوای خۆی دەخاتەڕوو، سەرەڕای ئاشناكردنی خوێنەر بە كەسێتیی (یاقوبی سنەوبەر)و (سەریاسی سوبحدەم) ـــ دووەم كەسێتیی سەرەكییو كوڕی موزەفەر، كە یەكەمیان هۆكاری سەرەكیی خوڵقاندنی ئەو ڕووداوانەیە كە بووەتە هەوێنی دروستبوونی چیرۆكەكانو دووەمیان“ ئەو كەسێتییەیە كە دەبێتە خوڵقێنەرو هەڵسوڕێنەری زۆربەی ڕووداوەكانی داهاتوو.

بە لێكدانەوەیەكی ئەو ڕووداوانەی لەم پارەدا خراونەتەڕوو، دەردەكەوێت كە دەستپێكی ئەم ڕۆمانە دەستپێكێكی سادە نییە، چونكە هەر لە سەرەتاوە چڕوپڕییەك لە ڕووداوەكاندا ئامادەیی هەیەو خوێنەر ڕاستەوخۆ خۆی لە بەردەم زیاد لە چیرۆكێكدا دەبینێتەوە“ كە سەرەتایەكی نادیارو ئاڵۆزیان هەیە (كەسێكی نیشتەجێی كۆشكێكو چەند ڕووداوێكی سەیرو پێشبینی نەكراو، مێژوویەكی پڕ لە بەسەرهاتی سەیرو تایبەت، زیندانییو دوورخستنەوە، دەركەوتنی كەسێك بە شارایەك نهێنیو چیرۆكی نامۆوە ـــ یاقوبی سنەوبەر، هاتنەناوەوەی كەسێتیی سێیەم ـ سەریاسی سوبحدەمو لە دایكبوونی چیرۆكێكی دیكەی تەمەن (٢١) ساڵە لەگەڵیدا)، ئەم ڕووداوانەش بە هەموویان (سوژێت ـ Plot)ێك پێك دەهێنن، ئەمەش خوێنەر ناچاردەكات هەر لە سەرەتاوە سەرنجێكی تایبەت بەكاربهێنێت بۆ تێگەیشتنو ئاشنابوون بە ڕووداوەكان، بە تایبەت كاتێك لە كۆتایی پارەكەدا نووسەر ئاماژەیەك دەخاتەڕوو سەبارەت بە چڕتربوونەوەو پەرتبوونی زنجیرەی ڕووداوەكانی داهاتوو "ئەو شەوەی كە گەڕامەوە نەمدەزانی سەریاسی سوبحدەم لەكوێیە، نەمدەزانی كە دواجار منو ئەویش لەناو جۆرە بیابانێكی دیكەدا وندەبین، كە نە بیابانی من بوو نە بیابانی ئەو" ﴿د. هە: ١٢﴾.

پاری سێیەم بە گەڕانەوەی یاقوب بۆ كۆشكەكە دەست پێدەكاتو لە ڕێی دروستبوونی گفتوگۆیەكەوە لە نێوان ئەووو موزەفەردا، سەرەتایەكی ڕاستەقینە بۆ ڕووداوەكانی داهاتوو دادەمەزرێت "یاقوبی سنەوبەر هاتو ماچیكردم، وەك ئەوەبوو لەناو ترسەكانی منەوە قسەبكات ... ئەو نەهاتبوو باوەشم پیابكات، دەیویست پێم بڵێت كە دەبێت لەو كۆشكەدا بمێنمەوە ... لە ساتێكدا هەستمكرد نازانێت بۆچی هاتووە بۆلام، نازانێت لەكوێوە دەستپێبكەینەوە، بەڵام بەو شێوازە سەیرو ئاڵۆزو پڕ حیكمەتەی خۆی تێیگەیاندم كە دیلم، تێیگەیاندم دەرەوە دەمكوژێت" ﴿د. هە: ٢١ - ٢٩﴾، چونكە

یاقوب دەیەوێت موزەفەر لە کۆشکەکەدا بهێڵێتەوە، بەڵام هەوڵو خەونەکانی موزەفەر تەواو پێچەوانەی ئەم ویستەن، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دڕدۆنگییەك لە نێوان ئەو دوو کەسێتییەدا، بە تایبەت کاتێك موزەفەر دەڵێت "نا یاقوبی هاوڕێو دۆست ... سەرۆکی من، منو تۆ هیچ حیسابێكو خەونێکمان لە نێواندا نییە ... یەك حیساب نەبێت ... یەك حیساب، پێمبڵێ ... سەریاسی سوبحدەم لەکوێیە؟" ﴿د. هە: ٢٩﴾و دواتر (لە پاری پێنجەمدا) یاقوب پێیدەڵێت مردووە "کە لێمپرسی سەریاسی سوبحدەم لەکوێیە، بەئەسپایی وەڵامیدامەوەو گوتی: مردووە ... سەریاسی سوبحدەم مردووە" ﴿د. هە: ٤٤﴾، بەڵام موزەفەر خۆی بەدەست ئەو واقیعەوە نادات، چونکە "ئەگەر سەریاسی سوبحدەم نەبایە ژیانی من بە جۆرێکی دیکە دەبوو، من لە قووڵترینو تاریکترین شوێنی ژیانمەوە هاوارێکم دەبیست، هاوارێکی گەورە" ﴿د. هە: ٥٤﴾، هەر ئەمەش هانیدەدات هەوڵی چوونەدەرەوەو گەڕان بدات بەدوای چارەنووسی کوڕەکەیدا، دوای ئەوەی (لە پاری حەوتەمدا) کەسێك بەڕێکەوت ڕێیدەکەوێتە ئەو کۆشکە "شەوێك غەریبەیەك منی لەو میوانخانە دوورو فەرامۆشەدا دۆزییەوە" ﴿د. هە: ٦١﴾و موزەفەریش داوای لێ دەکات رزگاریبکاتو ڕێبەری بکات بۆ بەجێهێشتنی ئەو کۆشکە "هۆ ئەی برای ڕێبوار، برادەری گەڕیدەم، وەرەو رزگارمکە" ﴿د. هە: ٦٥﴾.

پاری نۆیەم پەیوەستە بە گێڕانەوەی وردەکارییەکانی بردنەدەرەوەی موزەفەر لە لایەن ئیکرامی کێوەوە ــ ئەو کەسێتییەی کە موزەفەر داوای لێ دەکات رزگاریبکات "ئەو شەوە بەر لەوەی بڕۆین منی گۆڕی، یەکەم جارم بوو دوای چەندەها ساڵ جلێکی دیکەی جیاواز لەو دسداشەیەی زیندان لەبەرکەم" ﴿د. هە: ٨٧﴾و دواتر ئاشنابوونی بە (لاولاوی سپیو شادەریای سپی) ــ ئەو دوو کەسێتییەی کە دوو هاوڕێی نزیکی سەریاس بوون، کە دەیبەنە سەر گۆڕەکەی سەریاس (پاری سیانزەیەم) "لە شەوی دووەمی ئازادیمدا خوشکە سپییەکان بۆسەر گۆڕەکەی سەریاسی سوبحدەم پێشمکەوتن" ﴿د. هە: ١٤١﴾، بەڵام ڕووداوەکان لەم پارەدا جارێکی دیکە ئاڵۆزدەبنەوە، بە هۆی دەرکەوتنی دوو کەسێتیی تر بە هەمان ناوەوە "ئەو شەوە نەمدەزانی کە سەریاسێكو سەریاسێكو سەریاسێکی دیکە لە زەویدا هەیە" ﴿د. هە: ١٤١﴾، ئەوەش سەرەداوی چەند چیرۆکێکی نوێ زیندوو دەکاتەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت“ لەم پارەدا تێکەڵییەك لە نێوان رووداوەکانی تەوەری یەکەمو تەوەری دووەمدا دەخولقێت، چونکە گێڕەرەوە لە باسی رووداوەکانی ئەو شەوەوە کە لە گۆڕەکەی سەریاسەوە دەگەڕێتەوە، دەمانگوێزێتەوە بۆ نێو رووداوەکانی تەوەری دووەم "لەو شەوەدا تێگەیشتم کە لە دونیادا سەریاسێكو سەریاسێکی دیکەش هەیە. ریشەکانی چیرۆکی ئەو شەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێك ساڵ لەوەوبەر، کاتێك محەمەدی دڵشوشە لە یەکێك لە ئێوارە پڕسەفاکانی خۆیدا گوێی لە گۆرانی داواکراوی یەکێك لە رادیۆ حیزبییەکان دەگرت ... سەریاسی سوبحدەم ئەم گۆرانییە بە وەستا مەجید، بەهێی ژنیو شیلانی کچیان پێشکەش دەکات" ﴿د. هە: ١٤٦﴾، ئەم رووداوانەش تایبەتن بە تەوەری دووەم، بەڵام لە ناوەڕاستی پاری چواردەیەمەوە ـــ کە ناوەڕۆکەکەی تایبەتە بە گێڕانەوەی رووداوەکانی تەوەری دووەم، جارێکی دیکە دەمانگێڕێتەوە بۆ نێو رووداوەکانی تەوەری یەکەم "گەڕانەوەی من ئاسوودەیی ئەو خوشکانەی شێواند ... ئەو شەوە کە منیان بردە سەر ئەو گۆڕە دەیانویست کەسێكو هاودەمێكو هاوخەمێك بۆخۆیان بدۆزنەوە تێیانبگات." ﴿د. هە: ١٦١ - ١٦٣﴾

رووداوەکانی ئەم پارە بە هۆی پاری پانزەیەمەوە درێژەیان پێدەدرێت، بە هۆی دەرکەوتنی چەند نهێنییەك دەربارەی سەریاسی دووەم ـــ بە پێی ناولێنانی گێڕەرەوە "رۆژێك دوای ئاشکرابوونی نهێنی سەریاسەکان خوشکە سپییەکان منیان خستە ناو ئوتومبێلێکی تایبەتییەوەو بردیانم بۆ شار" ﴿د. هە: ١٦٩﴾، پاشان موزەفەر بۆی دەردەکەوێت کە سەریاسی دووەم زیندووە، بەڵام زیندانییە. لەم پارەشدا جارێکی دیکە گێڕەرەوە بەناچاریی رووبەرووی رووداوەکانی تەوەری دووەممان دەکاتەوە، چونکە چیرۆکەکان بە دۆزینەوەی سەریاسی دووەم لێك نزیکدەبنەوە "سەریاسی دووەم لە شوێنێکی دوور زیندانیی بوو، جێگایەك وەك قەڵایەکی کۆن، شوێنێك لە شوێنی زیندانە دێرینەکان دەچوو ... سەریاس لەو قەڵا تاریکەدا دەژیا" ﴿د. هە: ١٧٨ - ١٧٩﴾، بەڵام هەرزوو دەمانگێڕێتەوە بۆ نێو چیرۆکی تەوەری یەکەمو باس لە هۆیەك دەکات بۆ بەستنی پەیوەندی لە نێوان خۆی ـ موزەفەرو سەریاسی دووەمدا "چوونە ژوورەوە نییە، ئەوە لە خەیاڵی خۆتان دەرکەن بتوانن بچنە ژوورێ ... ئەو تەنیا دەتوانێت کاسێتەکانتان بەرێتە ژووریو بیداتە دەست سەریاسو دواتر کاسێتەکانی ئەوتان بۆ بهێنێت ... من لە شەوی دواترەوە دەستمکرد بە تۆمارکردنی یەکەمین کاسێتی خۆم."﴿د. هە: ١٨٠ -١٨١﴾

گێڕەرەوە لە پاری حەڤدەیەمدا تەواوکەری پرۆسەی کاسێت گۆڕینـەوەی نێـوان خـۆیو سەریاسی دووەم دەخاتەڕوو، کە لە رێیەوە چەند نهێنییەکی بۆ ئاشکرادەبێت، بە تایبەتی ئەو چیرۆکانەی لە لای (سـەی جـەلالی شـەمس)نو هۆکـارێکن بـۆ گەیـشتن بـە هەنـدێك راستیی یەکلاکەرەوە "من دەبایە بچم بۆلای سەی جەلالی شەمس. کە یەکەم جار نـاوی ئەو پیاوەم لە کاسێتەکانی سەریاسدا گوێ لێوەبوو، وەك نـاوێکی ئاشـنا هاتـە بـەرگوێم" ﴿د. هە: ٢٤٧﴾، دواتر لە رێـی ئـەو گفتوگۆیانـەوەی لـە نێوانیانـدا روو دەدات، نهێنیـی بوونی "سەریاسی سێیەم" ئاشکرادەبێت.

لەم پارەدا" گێڕەرەوە بە شێوەی گەڕانەوەی دەرەکیی، باسی سەرەتاو هۆکاری خولقانی ئەو رووداوانە دەکات کە بوونەتە هۆی دروسـتبوونی ئـەو چـیرۆکانە "ئـەو شـەوە کـە لـە چەندەها لاوە تەقەیان لێدەکردین بەیاقووبی سنەوبەرم گووت لە پـشتەوە دەرچـۆ، تـا تـۆ دەرباز دەبیت من دوژمن دەخلافێنم، گووتم بەڵام ئاگـات لـە سەریاسـی سـوبحدەم بێـت." ﴿د. هە: ٢٥٤﴾

لە کۆتایی ئەم پارەدا رووداوەکانی تەوەری دووەم دێنەوە ناوەوەو لەگـەڵ رووداوەکـانی ئەم تەوەرەدا تێکەڵ بەیـەك دەکـرێن، چونکە گێـڕەرەوە سـەرەتای دروسـتبوونی چیرۆکی سەریاسی یەکەم ئاشکرا دەکاتو بەدوایدا ــ لـە رێـی گفتوگۆکـانی نێـوان خـۆیو سـەی جـەلالی شەمـسەوە، چۆنیەتی بلاوبوونـەوەی سەریاسـەکانو ئـەو رووداوانـەی لێیـان روو دەدات" دەخرێتەڕوو (ئەم رووداوانە لـە میـانی لێدوانانـدا لـە تـەوەری دووەم تیـشکیان دەخەینەسەر).

بۆ توێژینەوەو خستنەڕووی رووداوەکانی تەوەری دووەمی رۆمانی (دواهـەمین هـەناری دونیا)، پێویستمان بـە لێوردبوونـەوەو بـەکارهێنانی سـەرنجێکی تایبـەت هەیـە، چـونکە ئەگەر رووکەشانە سەرنجی رووداوەکانی ئەم تەوەرە بـدەین" دەبیـنین تایبـەتن بـە چـەندین کەسێتیی وەك (خوشکە سپییەکان، محەمەدی دلشوشەو ... تد)، بەڵام لـە قـووڵایی ئـەو چیرۆکانەدا چیرۆکی دیکە خۆیان حەشارداوە" کە ئەوانیش چیرۆکەکانی (سەریاسـەکان)نو ئەو رووداوانەی کەسێتییەکانی دیکە رۆڵی تێدا دەبینن" چەند سەرەداوێکن بۆ گەیشتن بە چیرۆکی راستەقینەو مەبەستی سەرەکیی نووسـەر، لەبەرئـەوە هـەوڵ دەدەیـن لـە میـانی خستنەڕووی دیـارترین رووداوەکـانی ئـەم تـەوەرەوە بـە نـاوەڕۆکی چیرۆکی راسـتەقینەی (سەریاسەکان) بگەین، تا بتوانین لە کۆتایدا قسە لەسەر چۆنیەتی سوودوەرگرتنی نووسەر

بکەین لە بنیاتی هاوسەنگ، بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی، سەرەڕای کاریگەریی ئەم بنیاتە لەسەر تایبەتمەندیی و پێکهاتەی ئەو گوتارەی لەسایەیدا بەرهەم دێت.

وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، تەوەری دووەمی ڕووداوەکان لە ڕێی پارەکانی "٢ ـ ٤ ـ ٦ ـ ٨ ـ ١٠ ـ ١١ ـ ١٢ ـ ١٤ ـ ١٦ ـ ١٨"وە گێڕدراونەتەوە، بەڵام تێبینی دەکەین، هەندێك جار جۆرێك لە چوونە ناویەکی ڕووداوەکانی هەردوو تەوەر لە یەك پاردا ڕووی داوە، بە هۆی ناچاربوونی نووسەر بە تیشکخستنەسەر دیاردەیەك یان ڕووداوێك، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لە زانیارییەکانی تایبەت بە چیرۆکەکاندا دەردەکەون.

پاری دووەم" کە تەوەری دووەمی ڕۆمانەکەیە، وەك دەستپێکێك زنجیرەیەك ڕووداوی خستووەتەڕوو، کە باس لە چۆنیەتی پێکگەیشتن و ناسینی (محەمەدی دڵشوشە، لاولاوی سپی و شادەریای سپی) دەکات، کە دواتر ئەم ناسینە زنجیرەیەك ڕووداوی لێدەکەوێتەوە "ئەو ئێوارەیە هێدی هێدی باران دادەکات، محەمەدی دڵشوشە سەیری ئاسمان دەکات و سەرەنجی ئەوە دەدا تائێستا هەوری بەوجۆرە ترسناکی لە ژیانیدا نەبینیوە ... بێباکانە ئاو دەیبات و کوچە بە کوچە لافاو دەیهێنێت ... لە یەکێك لە پەنجەرەکاندا دوو کچ دەبینێت، دوو کچ کە هەردووکیان لە دوو دەست جلی سپیدان و هەردووکیان دوو پرچی درێژیان تا ناو ئاوەکان بەرداوەتەوەو لەسەرەوەڕا تەماشایدەکەن، یەکێکیان ناوی "لاولاوی سپی"یە و ئەوی تریان خوشکە گەورەکەیەتی "شادەریای سپی" ... ئەو ئێوارەیە چیرۆکی عەشقێکی ناکام دەست پێدەکات" ﴿د. هە: ١٣ - ١٧﴾، ئەم ڕووداوانە درێژەیان لە پاری چوارەمدا دەخرێتەڕوو، کە کۆتاییەکەی بە مردنی محەمەدی دڵشوشە کۆتایی دێت، دوای ئەوەی داوا لە لاولاوی سپی دەکات شووی پێبکات و ئەویش ڕەتی دەکاتەوە "لاولاوی سپی دەمەوێت بتخوازم، تۆ ڕازیت؟ هەردووکیان بەو چاوە ساردانەوە تەماشایاندەکرد ... پەنجەرەکانیان دادەخست و پەردەکانیان دادەدایەوەو بێئەوەی هیچ بڵێن لەودیو ئەو پەردە ئەستورانەوە تەماشای محەمەدی دڵشوشەیان دەکرد، کە خوێنی سەر دڵی خۆی نیشاندەدان و دەیگوت: ئەوە زامی ئێوەیە ... ئەوە سەرەتای ئێوارە تاڵ و خەمگینەکانی مردنێتی ... سات دوای سات پتر دڵی دەشکێت و کەلێنی نێوان مەودا شوشەییەکانی گەورەتر دەبن ... لە دوورەوەڕا سیمای فریشتەیەك لە قووڵاییە دوورەکانی

ئاسمانەوە دێتە خوارێ ... دەستیدەگرێتو دەڵێت: هەموو شتێك تەواو هەستە با بڕۆین ... فریشتەکە دەستیدەگرێتو وەك دوو کۆتر لە تەپوتۆزی جەنگەڵێك هەڵبێن، بەناو تەپوتۆزی مردنێکی شوشەییدا پێکەوە رووەو نادیار دەفڕن." ﴿د. هە: ٣٦ - ٤٣﴾

لە پاری شەشەمدا" بۆ یەکەم جار کەسێتیی (سەریاسی سوبحەم) دەردەکەوێت، ئەویش لە میانی سەردانکردنی خوشکە سپییەکاندا بۆسەر گۆڕی محەمەدی دڵشوشە "ڕۆژێکی باڕەش بوو، جوانترین جلی سپی خۆیان لەبەرکردو رۆیشتن بۆسەر گۆڕی محەمەدی دڵشوشە ... ئەو رۆژە پێکەوە لەسەر گۆڕەکەی دەستیان بە گۆرانی گوتن کرد ... لە ناکاو لە نابەینی گۆڕەکانەوە گەنجێك هەستایە سەرپێ ... کوڕەکە بە هێمنی لە دوو خوشکە سپی پۆشەکە نزیکبووەوەو گوتی من ناوم سەریاسی سوبحەدمە ... بەوجۆرە سەریاسی سوبحەدمو خوشکە سپییەکان یەکتریان ناسی" ﴿د. هە: ٥٨ - ٥٩﴾، ناسینو دروستبوونی پەیوەندیی لە نێوان ئەو دوو خوشکەو سەریاسدا، لە پاری هەشتەمدا دەخرێتەڕوو، سەرەڕای تیشکخستنەسەر چەند لایەنێکی ژیانو هەندێك بەسەرهاتی ئەو کەسێتییە.

رووداوەکان لە پاری دەیەمیشدا بە هەمان شێوە تا رادەیەك ئاسایی تێدەپەڕن، بەڵام گێڕەرەوە لە کۆتایی پارەکەدا باسی ئەو هەنارە شوشەییە دەکات کە لە دوای محەمەدی دڵشوشە بەجێماوەو بە جۆرێك لەجۆرەکان دەست خوشکە سپییەکان دەکەوێت "خوشکە سپییەکان کاتێك داوەتی سلێمانی گەورەیان قبوڵکرد، حەزیاندەکرد شتی زیاتر دەربارەی محەمەدی دڵشوشە بزانن، بەڵام ئەو رۆژە بە هەنارێکی شوشەوە گەڕانەوە" ﴿د. هە: ١٠٢﴾، رووداوەکان ئاراستەیەکی نوێ وەردەگرن، چونکە دەرکەوتنی ئەو هەنارە" کە سەریاس خاوەنێتیو محەمەدی دڵشوشە دەیبات، بەمەبەستی ئاشکراکردنی نهێنی ژیانی سەریاس، کەشی رووداوەکان دەشڵەقێنن.

تێبینی دەکەین" هەتا ئەم ئاستە رووداوەکان تایبەتن بەچەندین کەسێتییەوە، بە تایبەت (خوشکە سپییەکان)، کە لە تەوەری یەکەمدا ناویان هاتووە، ئەمەش وامان لێ دەکات کە هەست بکەین ئەم رووداو و چیرۆکانە تەوەری دووەمی رۆمانەکەن، بەڵام کاتێك پارەکانی یانزەیەمو دوانزەیەم دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت" ئەو کەسێتییانەی پێشتر ناویان هاتووە، تەنها چەند کەسێتییەکی لاوەکینو زیاتر رۆڵی دەرخستنو گێڕانەوەی ئەو رووداوانە دەبینن کە لە سەریاس روویان داوە، بە تایبەت

کاتێـك گێـڕەرەوە باسـی دەرکـەوتنی هـەنارە شوشـەییەکە دەکـات، ئامـاژە بـەوە دەدات هۆکاری پێککگەیشتنی محەمەدی دڵشوشەو خوشکە سپییەکان، ئەو هەنارە بـووە، چـونکە کاتێك محەمەد بەدوای ئاشکراکردنی نهێنی ئـەو هـەنارەی سەریاسـدا دەگـەڕێت، ڕێـی دەکەوێتە مـاڵی خوشـکە سـپییەکان، لـە پـاری یانزەیـشدا گێـڕەرەوە بـاس لـە چۆنیەتی ناسینی سەریاسو محەمەد دەکات "کاتی ئەوە هـاتووە پێتـان بڵـێم سەریاسـی سـوبحەمو محەمەدی دڵشوشە چۆن یەکتریان ناسـی" ﴿د. هـە: ١٠٤﴾، هـەروەها لـە پـاری دوانـزەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زۆربەی چیرۆکەکانی سەریاسی بە هـۆی خوشـکە سـپییەکانەوە لا ئاشکرابووە "ئەوان کۆی ئەو چیرۆکە سەیرانەیان بۆ گێڕامەوە." ﴿د. هە: ١٢٠﴾

کەواتـە تـەوەری دووەمـی ڕووداوەکـانی (دواهـەمین هـەناری دونیـا) پەیوەسـتە بـە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی تایبەتن بە "سەریاسەکان"، بۆیـەش دەڵـێین "سەریاسـەکان"، چونکە گێڕەرەوە لە پاری دوانزەدا ئاماژە بە کوژرانی سەریاسی یەکـەم دەدات "کوشـتنی سەریاسی مارشاڵی عەرەبانەکان پەیوەندی بە هەموو ئەو جـەنگو پێکدادانـە بـەردەوامو ڕۆژانەیـەوە هـەبوو کـە لـە مەیـدانی عەرەبانەکانـدا ڕوویـدەدا، کوشـتنێکی بێمانـاو بێتەفسیربوو" ﴿د. هە: ١٢٧﴾و دواتر هاتنەناوەوەی چیرۆکی سەریاسی دووەمو سەریاسی سێیەم، (لە ناوەڕاستی پاری سیانزەدا ــ پێشترو لە میانی ڕووداوەکانی تەوەری یەکەمـدا ئاماژەمـان پێـدا)، هـەروەها لـە کۆتـایی پـاری چواردەدا چیرۆکی خوشـکە سـپییەکانو موزەفەر یەکدەگرنو ئەو کەسێتییانە پێکەوە لە چەند ڕووداوێکـدا ڕۆڵ دەبیـنن، ئەمـەش بەتـەواوی ئاراسـتەی تـەوەری ڕووداوەکـان دەردەخـات، کـە تـەوەری یەکـەم (موزەفـەری سوبحەم) کەسێتیی سەرەکییە تێیدا، تەوەری دووەمیش (سەریاسەکان ــ یەکـەمو دووەمو سێیەم) سێ کەسێتیی سەرەکیین تێیدا، ئەو کەسێتییانەی دیکەش کـە ناویـان دێـتو لـە هەندێك ڕووداودا ڕۆڵێك دەبینن، چـەند کەسێتییەکی لاوەکیین. بۆیـە دەبیـنین گێـڕەرەوە پاری شانزە بەتەواوی تەرخان دەکات بۆ گێڕانەوەی چـیرۆکی ژیـانی سەریاسـی دووەم، لـە ڕێی گفتوگۆیەکی ناراستەوخۆوە ــ بە هۆی کاسێتەوە، هـەروەها لـە ڕێـی گەڕانەوەیـەکی ناوەکییەوە ئامـاژە بـە شـێوەی ژیـانی هـەردوو سەریاسـەکە دەدات، سـەرەڕای چۆنیەتی بەشداریکردنی سەریاسی دووەم لە شەڕەکانی ناوخۆدا "لە دوای ڕاپەڕین بەوە ناسـرام کـە لــە هــەموو بــەرەکانی شــەڕی نــاوخۆدا شــەڕمکردووە" ﴿د. هــە: ٢٣٣﴾، دواتــر دەستگیرکردنو زیندانییکردنی لە لای یەکێك لە لایەنە شەڕکەرەکان.

چیرۆکی سەریاسی سێیەمو تەواوی بەسەرهاتی هەرسێ سەریاسەکە لە پاری حەڤدەدا دەخرێتەڕوو، دوای ئەوەی لە ڕێی گفتوگۆیەکەوە سەی جەلالی شەمس تەواوی چیرۆکی ئەو کەسێتییە باس دەکات، کە لە یەکێك لە بۆردوومانەکاندا سووتاوە "هێشتا منداڵ بوو کە دەموچاوی سووتا، بۆمبێك لە بۆمبە تێزابییەکان کەوت بەسەر ئەو خانووەدا کە تیا دەژیا." ﴿د. هە: ٢٥٧﴾

لە ناوەڕاستی پاری هەژدەدا هەردوو تەوەری ڕووداوەکان یەکدەگرنەوە، چونکە موزەفەر شوێنی دوایەمین سەریاس دەدۆزێتەوە "لە بەشی منداڵانی پشکۆ، شوێنی ئەو کوڕانەی لە جەنگدا سووتابوون، سەریاسی سوبحەدم دۆزییەوە" ﴿د. هە: ٢٧١﴾، کە یەکێك لە دەزگا خێرخوازییەکان داڵدەیانداوەو بەخێوی دەکەن، دواتر دەیباتە دەرەوەو هەندێك کات بەسەردەبەن.

لە پاری نۆزدەو لە میانی گفتوگۆیەکی نێوان موزەفەرو یاقووبی سنەوبەردا، نهێنیی هاتنەئارای چیرۆکی سەریاسەکان ئاشکرا دەبێت، کاتێك یاقووب دڵی خۆی بۆ موزەفەر دەکاتەوەو ئەو چیرۆکی خۆشەویستییە ئاشکرا دەکات کە بەرهەمەکەی دوو منداڵ بوو "موزەفەری سوبحەدم لێگەڕێ با سەرەتای ئەو چیرۆکەت بۆ بگێڕمەوە، کە هیچ کەس جگە لەمن لەمسەر ئەستێرەیە نایزانێت ... تۆ دەزانیت باوکی یەکێك لەو سەریاسانەیت؟ ... ئەو دووانەی تر کوڕی منن، ئەو دوو سەریاسەی تر کە کوڕی تۆ نین کوڕی منن، حەرامزادەی منن ... ئەو دوو سەریاسە دوو نهێنی من بوون، دایکیان بێوەژنی جووتیارێك بوو، من لەگەڵیدا خەوتمو نەمدەزانی دەکرێت دوو کوڕ لە ژوانەکانمان دروستبێت" ﴿د. هە: ٢٩٩ - ٣٠١﴾، دواتر لەگەڵ سەریاسی یەکەمی کوڕی موزەفەردا یەك ناویان لێدەنێت، بۆئەوەی نهێنییەکان ئاشکرانەبنو دەیانسپێرێت بە سەی جەلالی شەمس، بەڵام بە هۆی جەنگەوە وندەبن.

کۆتایی چیرۆکەکان" کە بریتییە لە گەشتکردنی موزەفەری سوبحەدم بۆ دەرەوەی وڵات، تا بچێت بۆلای دوایەمین سەریاس ــ کە لە یەکێك لە بیمارخانەکانی ئینگلتەرا چارەسەردەکرێت، لە پاری بیستدا دەگێڕدرێتەوە، بەڵام کۆتایی ڕۆمانەکە بەکراوەیی بەجێهێڵراوەو نازانرێت چارەنووسی هەریەکە لە موزەفەرو دوایەمین سەریاس چی لێ بەسەردێتو ڕووداوەکانی داهاتوو چ ئاراستەیەك وەردەگرن، چونکە گێڕەرەوە ڕوومان تێدەکاتو دەڵێت "دۆستان نازانم سبەی شەو دەبێت باسی چیتان بۆ بکەم، ئەم چیرۆکەی

من هەرگیز کۆتـایی نایـەت، چیرۆکی ئـەو کـوڕە شوشـانەی لـە وڵاتێکـی شوشـەدا، لـە زەمانێکی شوشەییدا ژیان"﴿د. هە: ٣٢٦﴾، بەمەش نووسەر ڕێ بۆ خوێنەر واڵا دەکـات بـە پێـی ئـەزموونو ئاسـتی تێگەیـشتنی خـۆی شـیکارێك بـۆ ئاراسـتەو چارەنووسـی ڕووداوەکـان بدۆزێتـەوە، چـونکە وەك "ئـەنتوان چـیخۆف ـــ ١٨٦٠ - ١٩٠٤" دەڵێـت "دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان دوو شتدا: چارەسەرکردنو پێشکەش کردنی کێشە"[1]، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕۆمانی (ئانا کارنینا) بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێت "لە ئاناکارنینـادا هیچ کێشەیەك چارەسەرنەکراوە، بەڵام هەموویان پێشکەشکراون، ئەمەش وا لـە نووسـەر دەکات هەست بە لە خۆڕازیبوونو دڵنیایی بکات"[2]، واتە مەرج نییە نووسەر هەمیـشە کۆتـایی هـەموو ڕووداوەکـان بـە چارەسـەرێکی یەکلاکـەرەوە بگەیـەنێتو پێـشکەشی خوێنەریان بکات، بـەڵکو بەجێهێـشتنی هەنـدێك کێـشەو ڕووداو بـەکراوەیی جۆرێـك لـە جوانیی دەبەخشێت بە دەقەکە، چونکە هەستو بیری خوێنـەر دەبزوێنێـتو هـانی دەدات بۆ بیرکردنەوەو لێکدانـەوەی دیـاردەو ڕووداوەکـان، لـە پێنـاو پڕکردنـەوەی ئـەو کەلێنـەی نووسەر لە کۆتایی دەقەکەدا خولقاندویەتی، لەم ڕۆمانەشدا نووسەر هەنـدێك کێـشەی بـە چارەســەرو ئــەنجام گەیانــدووە، بــەڵام هەنــدێکیانی بەتــەنها پێــشکەش کــردووەو بەجێیهێشتوون، تاوەکو خوێنەر خۆی تەواویان بکات.

بەڵام لێرەدا دەبێت تێبینی خاڵێکی گرنگ بکەین، ئـەویش جیاوازییکردنـە لـە نێـوان (دەقی کۆتایی کراوە)و (دەقـی کـراوە)دا، چـونکە ئـەم دوو زاراوەیـە لـە یـەك جیـاوازنو هەریەکەیان واتاو مەبەستی تایبەت بە خۆیان هەیە.

(دەقی کۆتایی کراوە) کە لە پێشەوە لێیدوواینو تیشکمان خستەسەر، "دەقێکـە کـە کۆتایی ڕووداوەکانی بەشیکارنەکراوی بۆ خوێنەر بەجێهێڵراوە"[3]، بـەڵام زاراوەی (دەقـی کراوە ـ Opera Aperta)، کە بـۆ یـەکـەم جـار (ئـەمبێرتۆ ئیکـۆ ـــ ١٩٣٢) لـە سـاڵی

---

[1] السيرة عملا فنيا، أندريه موروا، ت: ناجي الحديثي، م: الثقافة الأجنبية ـ مجلة تعني بشؤون الأدب في العـالم، العدد: ٤، السنة الرابعة، دار الشؤون الثقافية والنشر، ١٩٨٤، ص ١٦.

[2] السيرة عملا فنيا، ل ١٦.

[3] ألأثر المفتوح، أمبرطو ايكو، ت: عبدالرحمن بو علي، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الثانيـة، ألاذقيـة ـــ سوريا، ٢٠٠١، ص ٦.

(١٩٥٨)دا بەکاریهێنا، واتایەکی تەواو جیاوازی هەیەو هیچ پەیوەندییەکی نییە بە کاملّیی دەقەکەو پەیکەری ڕووداوەکانەوە.

(ئیکۆ)" کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زاراوەیە، چەند کارێکی مۆزیکیی کلاسیکیی بە نموونە وەرگرتووەو تێیدا "مایسترۆکان لە کۆتایی دەفتەری نۆتەکاندا پەراوێزێکیان بۆ موزیکژەنەکان بەجێ هێشتووە، تا بە ئارەزووی خۆیان بەشێك یان پارچەیەکی لێ بژەنن یاخود نەیژەنن، بەوەش سەربەستییەکیان پێبەخشیون بۆ پڕکردنەوەی کۆتایی دێڕو ئاوازە موزیکییەکان" [1]، مەبەستی لە زاراوەکە "ئەو بەرهەمانەن کە لە تۆڕێك کۆدو پەیوەندی پێکهاتوونو بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستمان بە ڕاڤەکردنو لێکدانەوەیان هەیە، لە پێناو دامەزراندنی پەیوەندیی لە نێوان جیهانی دەقەکەو دەروونو بیری خۆماندا، تاوەکو کارتێکردنی فکریو ڕۆشنبیریی بەرهەم بێت"[2]، لەم بارەو بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو زاراوەیەی پێشوو، ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا) دەقێکی کۆتایی کراوەیە ــ ئەمە پەیوەست بە کۆتایی دەقەکەوە، چونکە (قسەکردن لەسەر کراوەیی دەقەکە پێویستی بە خوێندنەوەو توێژینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە).

پەیوەست بە ڕووداوەکانەوە، ئەو پارچە کورتانەی لە پێشەوە لە دەقەکە وەرمانگرتنو لێیان دووایین" دیارترین ئەو ڕووداوانە بوون کە لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)دا بە دوو تەوەرو بە پێی بنیاتی هاوسەنگ گێڕدرابوونەوە، بەڵام ئەوەی هێشتا پێویستی بە لێتوێژینەوە هەیە" (ڕەگەزی کات)ی ڕووداوەکانە، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بنیاتە ڕێکخستنی پرۆسەی گێڕانەوەیە لە نێوان ئەو ڕووداوانەدا کە دابەشکراون بەسەر چەند تەوەرێکدا، بە جۆرێك کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان هاوسەنگی یەکتر یان نزیکی یەکتری بێت.

دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی کاتی ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا، تاڕادەیەك کارێکی ئاڵۆزەو پێویستی بە سەرنجو تێبینیکردنێکی تایبەت هەیە، لەبەر سێ هۆ:

١- لە ڕۆمانەکەدا زیاد لە چیرۆکێك گێڕدراوەتەوە، کە هەریەکە خاوەنی کاتی خۆیەتیو جیاوازە لەوانی دیکە، ئەویش پەیڕەوکردنی جۆرێکی بنیاتی هاوسەنگە کە

---

[1] ألأثر المفتوح، أمبرطو ايكو، ت: عبدالرحمن بو علي، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، ألاذقية ــ سوريا، ٢٠٠١، ص ٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ١٦-١٧.

بریتییە لە "گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی جیاواز لە چەند چیرۆکی جیاوازەوە بە شێوەی هاوسەنگ."[1]

٢- ڕۆماننووس" سەرەڕای ئەوەی بنیاتی هاوسەنگی هەڵبژاردووە بۆ دارشتن‌و ڕێکخستنی ڕووداوەکان، بەڵام ڕەگەزی کاتی چیرۆکەکانی بە نادیاری هێشتووەتەوەو لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا نەبێت، ئاماژەکانی کات بەدیناکرێن، بۆ نموونە هەتا کۆتایی ڕۆمانەکە هەست بەوە ناکرێت" کە ماوەی ئازادبوون‌و گەڕانی موزەفەر چەندەیە.

٣- زۆر بەکارهێنانی هونەرەکانی گەڕانەوەی دەرەکیی‌و ناوەکی لەکردەی گێڕانەوەدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی سەرنجی خوێنەری ڕۆمانەکە پەیوەست بە کاتەوە ــ کاتی حیکایەت‌و کاتی گێڕانەوە، بۆ نموونە" ئەگەر کاتی گێڕانەوە بە تەنها وەرگرین، تایبەتمەندی بنیاتی هاوسەنگ لە ڕووداوەکاندا نامێنێت، لەبەرئەوە" بۆ لێتوێژینەوەی کاتی ڕووداوەکان، پێویستە ڕووبکەینە کاتی حیکایەت (کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان نەك کاتی گێڕانەوەیان).

بۆ دەستنیشانکردنی کاتی ڕووداوەکانی هەردوو تەوەری ڕۆمانەکە، بە جیا کاتەکانی هەریەکێکیان وەردەگرین‌و لە کۆتاییدا بەراوردیان دەکەین، بە مەبەستی دەرخستنی پەیوەندییان بەیەکەوە لە ڕووی کاتی ڕوودانەوەو ڕادەی سەرکەوتووی ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی بنیاتی هاوسەنگدا:

**یەکەم:** کاتی ڕووداوەکانی تەوەری یەکەم/ گێڕەرەوە" لە پاری یەکەمدا ئاماژە بەوە دەدات، کە سەرەتای چیرۆکی ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە بۆ (٢١) ساڵ لەوەوبەر "نازانم چیرۆکی من‌و یاقووب کەی دەست پێدەکات، بیست‌و یەك ساڵ زیندان جگە لە کەمێك یادەوەری زیاتر هیچی بۆ نەهێشتوومەتەوە" ﴿د. هە: ٤﴾، هەروەها لە پاری حەوتەمدا ئاماژە بەوە دەکات کە (٦) مانگیش لەو کۆشکەدا دەمێنێتەوە کە یاقووبی سنەوبەر لە دوای ئازادکردنی لە زیندان دەیگوێزێتەوە بۆی "ئێرە شوێنی منە، من شەش مانگە لەم ماڵەدا دەژیم" ﴿د. هە: ٦١﴾، سەرەڕای چەند مانگێکی دیکە، دوای ئەوەی بە یارمەتی ئیکرامی کێو کۆشکەکە بەجێدەهێلێت‌و دەست دەکات بە گەڕان بە دوای سەریاسداو

[1] قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت: صباح الجهيم، منشورات الثقافة والإرشاد القومي، الطبعة الأولى، دمشق، ١٩٧٧، ص ٣٥٧، لە (تقنيات السرد في روايات أحمد خلف، آريان عبدالقادر عثمان ــ رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٧، ص ٢٥).

دواتر دۆزینەوەو گێڕانەوەی لە لایەن یاقووبی سنەوبەرەوە "ئەو چەند مانگەی من نەمدیبوو، تەواو پیربووبوو" ﴿د. هە: ٢٩٣﴾، واتە ئێستا زنجیرەی ڕووداوێکمان هەیە، کە ماوەکەی (٢١) ساڵو نزیکەی دە مانگێکە.

**دووەم:** کاتی ڕووداوەکانی تەوەری دووەم/ لەدایکبوونو بەجێهێشتنی سەریاس بەر لە هەمان مێژوو "کە من سەریاسی سوبحەمم بەجێهێشت تەمەنی چەند ڕۆژێك بوو" ﴿د. هە: ١٠﴾، لە کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١)دا سەریاس تەمەنی (١١) ساڵان بووە "لەو شەوەدا کە هەموو شارو گوندێکی باکووری بیابان، هاتنە دەرەوەو بەرەو چیاکان هەڵهاتنو لەسەر سنووری وڵاتەکانی دی کۆبوونەوە، سەریاسی سوبحەم تەمەنی یانزە ساڵان بوو" ﴿د. هە: ١٠٤﴾. تا ئەم ساتە یەك کەسێتیی هەیە بە ناوی سەریاسەوە، بەڵام دواتر دوو کەسێتیی دیکە بە هەمان ناوەوە دەردەکەون. کەواتە تەوەری دووەمی ڕووداوەکان سێ کەسێتیی ڕۆڵی تێدا دەبیننو بەشداریی لە چیرۆکەکانیدا دەکەن "سەریاسی یەکەمو دووەمو سێیەم"، کە هەرسێکیان مێژووی دەرکەوتنیان لە ڕۆمانەکەدا نزیکی یەکە "سێ منداڵ بوون کە لە شەوە تاریکەکانی شۆڕشدا لە دایکبوون" ﴿د. هە: ٣٠٥﴾، بەڵام گێڕەرەوە بەسێ چیرۆکی یەك لە دوای یەك ڕووداوەکانی ژیانیان دەگێڕێتەوە، ئەم سێ چیرۆکەش تەمەنیان هەمان تەمەنی ڕووداوەکانی تەوەری یەکەمیان هەیەو هاوتەریب لەگەڵ چیرۆکی زیندانییو دواتر ئازادبوونو گەڕانی موزەفەردا ڕێ دەکەن، تا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا چیرۆکی دوایەمین سەریاس لەگەڵ چیرۆکی موزەفەری سوبحەمدا یەکدەگرێتەوەو دەبنە یەك چیرۆك.

کەواتە" لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)دا دوو تەوەری ڕووداومان هەیە کە هاوسەنگی یەکتر ڕێ دەکەن (ڕووداوەکانی پەیوەست بە موزەفەری سوبحەمەوە، ڕووداوەکانی ژیانی هەر سێ سەریاسەکە)، بەڵام بە هۆی هاتنەناوەوەی چەند چیرۆکێکی دیکەوە، ئاڵۆزییەك لە بنیاتەکەدا دەخوڵقێت، چونکە ئەوانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان گرنگییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەیەو لە نێوان ئەو چیرۆکە لاوەکییانەشدا جارێکی دیکە ڕۆماننووس بنیاتی هاوسەنگی بەکارهێناوەتەوە، بۆ نموونە چیرۆکی ژیانی سەریاسی یەکەمو سەریاسی دووەم ـــ دوای بەیەکگەیشتنیان، کە گێڕەرەوە بە نۆرە هەندێك بەسەرهاتی ژیانیان دەگێڕێتەوە، یاخود ماوەی ئەو چەند مانگەی کە موزەفەر ئازاد دەکرێتو گەشتی گەڕان دەست پێدەکات بۆ دۆزینەوەی سەریاسەکانو لە بەرامبەریدا

ڕووداوەکـانی تایبـەت بـە خوشـکە سـپییەکان ـــ کـە بـە شـێوەی هاوسـەنگ ڕوودەدەن" دەگێڕدرێنەوە، سەرەڕای چیرۆکی گۆڕینەوەی کاسێتەکان لـە نێـوان موزەفـەرو سەریاسـی دووەمدا، کە ئەویش بە هەمان شێوە ڕووداوەکانی بە پێی بنیاتی هاوسەنگ ڕێکخراون.

بە پێی ئەو ئەنجامانەی لە لێکدانـەوەکانی پێـشەوە پێیـان گەیـشتین، دەتـوانین بڵـێین" نووسەری (دواهەمین هەناری دونیا) سەرکەوتووبووە لە بەکارهێنانی بنیـاتی هاوسـەنگدا، بۆ داڕشتنو ڕێکخستنی ڕووداوەکـان، بـەڵام ئـەو بنیاتـەی کـە بـەکاریهێناوە، بەسـەر دوو تەوەردا دابەش دەبێت، کە ئەوانیش بریتین لە:

١- گێڕانـەوەی دوو ڕووداوی جیـاواز، کـە کـاتی ڕوودانیـان هاوسـەنگ یـان نزیکـی یەکترە (چیرۆکی موزەفەر بەرامبەر بە چیرۆکی سەریاسەکان).

٢- گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکـی جیـاواز لـە چـەند چیرۆکی جیـاوازەوە بـە شـێوەی هاوسـەنگ (ئـەو چیرۆکانەی دیکـە کـە تایبـەتن بـە خوشـکە سـپییەکان، یـان ژیـانی سەریاسەکان)[1]

هەواڵنامەی کتێب

---

1 قضايا الرواية الحديثة، ص ٢٥٧.

# بنیاتی بازنەیی

بنیاتی بازنەیی" یەکێکی دیکەیە لەو بنیاتانەی کە سەرەتای بەکارهێنانی لە ژانری ڕۆماندا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەمو مەبەست لێی "دەستپێکردنی ڕووداوەکانە لە خاڵێکی دیاریکراوداو دواتر گەڕانەوەیانە بۆ هەمان خاڵ"[1]، واتە گێڕەرەوە لە شێوەی بازنەیەکدا ڕووداوەکان ڕێکدەخاتو دەیانگێڕێتەوە، بە جۆرێك خاڵی دەستپێکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان، دەبێتە کۆتایی هەمان زنجیرە.

ئەم بنیاتە" کە بە (بازنەی هەڵگەڕاوە) ناسراوە "گێڕەرەوە لە سەرەتادا بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەست پێدەکات کە ڕوویان داوەو کۆتاییان پێهاتووە، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتاو ڕووداوەکان لە زنجیرەیەکدا ڕێکدەخات، تا دەیانگەیەنێتەوە بە هەمان ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستی پێکردووە"[2]، واتە لە کاتی گێڕانەوەدا" گێڕەرەوە لە سەرەتای گێڕانەوەدا خاڵی کۆتایی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی سەرەتاو لەوێوە دەست دەکات بە گێڕانەوە، پاشان ئاماژە بەو هۆکارانە دەدات کە بوونەتە هۆی گەیاندنی ڕووداوەکان بە ئەنجام یان خاڵی کۆتایی ڕووداوەکانو لەو خاڵەدا کە کۆتایی ڕووداوو سەرەتای گێڕانەوە بووە، کۆتایی بە دەقەکە دێنێت، کاتێکیش دەلالەتی خۆی وەردەگرێت "کە هەموو ڕووداوێك لە ڕۆماندا، لە یەك کاتدا سەرەتاو کۆتایی ڕۆمانەکە پێك دێنێت، بەواتایەکی تر، ڕووداوێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی زنجیرەی ڕووداوەکاندا پێویستە، کە لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا بێت، کەچی دەبینین لە سەرەتاوە باسکراوە."[3]

---

1 البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص ٤٤.

2 الفضاء الروائي عند جبرا إبراهيم جبرا، إبراهيم جنداري، دار الشؤون الثقافية العامة ، الطبعة الاولى، بغداد، ٢٠٠١، ص ٨٠.

3 تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا، ل٢٣.

لە رووی دارِشتنو رێکخستنی رووداوەکانەوە“ ئەم بنیاتە زیاتر لە بنیاتی شوێنکەوتەوە نزیکە، چونکە لە بنیاتی شوێنکەوتەدا رووداوەکان هەر لە سەرەتاوە لە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکدا ریزدەکرێن تا دەگەن بە کۆتاییو ئەنجام، لەم بنیاتەشداو دوای پێشکەش کردنی کۆتایی رووداوەکان لە سەرەتای گێڕانەوەدا، گێڕەرەوە راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی رووداوەکانو لەو خاڵەوەو لە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکدا رووداوەکان رێك دەخات تا دەگات بە کۆتایی. بنیاتی بازنەیی "زیاتر لە چیرۆکی پۆلیسییو حیکایەتی میللییدا بەرچاودەکەوێت، دەبینین هەر لە سەرەتای رۆمانەکەوە رووبەڕووی تاوانێکی کوشتن یان دزییەکی گەورە دەبینەوە، ئیتر لەگەڵ گێڕەرەوە یان کەسێتیی سەرەکیی رۆمانەکەدا، بەشداریی دەکەین لە گەڕان بەدوای تاوانباردا، تاکو دەگەینە ئەو هۆکارانەی کە هانی تاوانباریان داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە"[1]، واتە گێڕەرەوە لە سەرەتای گێڕانەوەدا کۆتایی چیرۆکەکە دەخاتەڕوو“ کە تاوانێکی کوشتن یان دزییە، پاشان دەمانگێڕێتەوە بۆ خاڵێك کە سەرەتای سەرهەڵدانی رووداوەکانەو لەوێوە بە شێوەی زنجیرەیی رووداوەکان دەگێڕێتەوە، تا دەگات بە ئەنجامو ئەوخاڵەی کە لێیەوە دەستیکردووە بە گێڕانەوە، کە دەکرێت ناویبنێین "بنیاتی بازنەیی داخراو"*، بەڵام مەرجیش نییە هەمیشە لەو خاڵە (خاڵی کۆتایی چیرۆكو سەرەتای گێڕانەوە)دا کۆتایی بە رۆمانەکە بهێنێت، بەڵکو دەشێت گێڕەرەوە خاڵی دەستپێکردنی پرۆسەی گێڕانەوە تێبپەڕێنێتو درێژە بە زنجیرەی رووداوەکان بدات، تا دەگات بە

---

[1] الألسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة، ص ٨٦.

* ئەم ناونانانە "بازنەیی کراوە، بازنەیی داخراو" بەرهەمی تێڕوانینی خۆمانە.

** رووداوەکانی ئەم رۆمانە باس لە رووداوێك دەکەن کە لەگوندێکی بچوکی ئینگلتەرا روویانداوەو لە زاری پزیشکێکەوە دەگێڕدرێنەوە:

"هێرکۆل بوارۆ"ی لێکۆڵەری پۆلیس رێی دەکەوێتە ئەو گوندە بۆ پشوودان، دوای ئەوەی بڕیاری خانەنشینیی دەدات، بەڵام هەرزوو دەکەوێت بەسەر تاوانێکی کوشتندا، کە "رۆجەر ئاکرۆید"ی بەناوبانگترینو دەوڵەمەندترین کەسێتیی ناو گوندەکە قوربانییەکەیەتی، دواترو لە میانی لێکۆڵینەوە بوارۆ بۆی دەردەکەوێت کە ئاکرۆید بێوەژنێکی خۆشویستووەو ویستوویەتی بیخوازێت، بەڵام بێوەژنەکە لە ناکاو خۆی دەکوژێتو لە نامەیەکدا کە لە دوای خۆی بەجێیهێشتووە، دانی بەوەدا ناوە کە مێردەکەی خۆی کوشتووەو بەهۆی کەسێکیشەوە کە بەو تاوانەی زانیوەو بەردەوام بێزاری کردووە بڕیاری خۆکوشتنی داوە، هەر لەو نامەیەشدا داوا لە ئاکرۆید دەکات سزای ئەوکەسە بدات، ◄◄

کۆتاییەکی نوێ، ئەمەش دەکرێت ناوبنێین (بنیاتی بازنەیی کراوە)، بۆ نموونە (ئاگاتا کریستی ــ ١٨٩٠ – ١٩٧٦)ی رۆماننووسی بەریتانی، لە رۆمانی (کوژرانی رۆجەر ئاکرۆید ـ THE MURDER OF ROGER ACKROYD ــ ١٩٢٦)* *دا" کە رۆمانێکی پۆلیسییە، بەم شێوەیە سوود لە بنیاتی بازنەیی وەرگیراوە بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان، لە رۆمانە کوردییەکانیشدا (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)ی (شێرزاد حەسەن)[1]، بەم شێوەیە سوودی لە بنیاتی بازنەیی وەرگرتووەو (بازنەیی کراوە)ی بەکارهێناوە، بەڵام ناوەڕۆکی رووداوەکانی ئەم رۆمانە باس لە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی دەکەن. *

**نموونەی بازنەی داخراوو بازنەی کراوە، لە گێڕانەوەی رووداودا:**



بازنەی کراوە

بازنەی داخراو

◄◄ بەڵام ئاکرۆید لە ناکاو دەکوژرێتو نامەکەش ون دەبێت، ئەوەش دەبێتەهۆی گرانبوونی دۆزینەوەو گەیشتن بەو کەسە. بەم شێوەیە رووداوەکان دەست پێدەکەنو لە کۆتاییدا بوارۆ کەسەکە دەدۆزێتەوەو دەیگەیەنێت بە سزای خۆی.

(هێرکۆل بوارۆ)ی لێکۆڵەری خانەنشین کەسێتیی سەرەکیی رۆمانە پۆلیسییەکانی (ئاگاتا کریستی)یە.

بڕوانە: مقتل روجر آكرويد، أجاثا كريستي، ت: أمل شرقي، الأجيال للترجمة والنشر، الطبعة الأولى، مصر، ٢٠٠٥، www.al-ajyal.com .

[1] پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان (رۆمان)، شێرزاد حەسەن، چاپەمەنیو ئۆفسێتی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١.

* سابیر رەشید لە (رۆمانی کوردی ــ خوێندنەوەو پرسیار)دا بەوردیی لە ناوەرۆکی رووداوەکانی ئەم رۆمانەو چەند رۆمانێکی دیکەی کوردیی دوواوەو لێیکۆڵیونەتەوە.

بڕوانە: رۆمانی کوردی (خوێندنەوەو پرسیار) ــ بەشی یەکەم، سابیر رەشید، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٧٦-١٨٦.

سەرەتای گێڕانەوە لە رۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)دا بریتییە لە گەڕانەوەی کەسێتیی سەرەکیی (بایز) لە راوە ریشۆڵە "کە ئاوڕت دایەوە پێدەشتێکی پانو بەرینت جێدەهێشت، رووت وەك بەری دەست، بە ئاسمانەوەش، نزیك بە سەرسەرتەوە، قاژە قاژی دەیەها پۆلە ریشۆڵە کە خۆی دەدا لە هەزاران کاسیان دەکردی"، پاشان گێڕەرەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەرەتای رووداوەکان (دروستبوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستیی لە نێوان بایزی شایەری ئاغای گوندو هەمینی جوانترین کیژی گونداو پاشان هەڵگرتنی هەمین لە لایەن بایزەوە)، ئیتر لەوە بەدواوە گێڕەرەوە درێژە بە رووداوەکان دەدات، هەر لە هەڵاتنیانەوە لە گوندەکەیان بەرەو شاری هەولێرو نیشتەجێبوونیان لەوێو پەنابردنی بایز بۆ راوو شکار لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا، تا دەگات بەو ساتەی کە ئێوارەیەك بایز لە راوە ریشۆڵەکەی دەگەڕێتەوە ـــ سەرەتای گێڕانەوە، بەڵام گێڕەرەوە لەم خاڵەدا ناوەستێت، بەڵکو بەردەوامیی دەدات بە چیرۆکەکەو چەند رووداوێکی دوای ئەو ساتانە دەگێڕێتەوە، گەڕانەوەی بایز بۆماڵەوەو دەستکردن بە گەڕان بە دوای هەمیندا، کە وەك پیشەی هەمیشەیی رۆژانە دەچێت بۆ ماڵانو ئیشی ناوماڵیان بۆ دەکات "ئەمشەو لە دەرگای ماڵی هەموو پیاوماقوولەکان دەدەی، ئاغاو بەگزادەکان، کوێخاو مەلازادەکان، بازرگانە قەبەکان، ئەوانەی هەمین هێلکەو شیریان پێ دەفرۆشێ، نانیان بۆ دەکات، جلیان بۆ دەشوات .. کەوتیتە ناوجەرگەی شار.. پڕ بە جادەو کۆڵانەکان ئاو تافەتاف دەڕوی، باران هەموو شتێکی دەشووشتەوە، لەوەدەچێ ئەمشەو دڵی بەردیش تەڕبکات، تۆبڵێی هەنووکە هەمین نەچووبێتەوە؟" ﴿پ. کا: ١٣٤ - ١٣٥﴾، پاشان لە خاڵێکدا کۆتایی بە رۆمانەکە دەهێنێت کە رووداوەکانی خاڵی سەرەتای گێڕانەوەیان بە تەواوی تێپەڕاندووە " بەدەم ئەو ئاوازەوە دڵت خوێن دەدەڵێنێ، خوێنێکی رەش، سەرت خستە ناو کۆشتو قوڵپی گریانێك دەیبردیتەوە ئەو ئێوارە زۆر غەمگینەی کە هەمین تا ئەبەد ئاوابوو.. نەهاتەوە." ﴿پ. کا: ٢٢٢ - ٢٢٣﴾

تایبەتمەندییەکی دیکەی بنیاتی بازنەیی پەیوەستە بە روونیی‌و ناڕوونیی ئەنجامی کۆتایی رووداوەکانەوە، چونکە لەم بنیاتەدا" گێڕەرەوە لە سەرەتای پرۆسەی گێڕانەوەدا تیشك دەخاتە سەر ئەو خاڵە کە رووداوەکان تێیدا کۆتاییان پێهێنراوە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاشنای چارەنووسی رووداوەکان بێتو هەر لە سەرەتاوە بزانێت رووداوەکان بە چ ئەنجامێك کۆتاییان پێهێنراوە، لەبەرئەوە رۆماننووس

پێویسته لەسەری جۆرێك لە ناڕوونیی بەكاربهێنێت لە دەستپێكی ڕۆمانەكەیداو ڕێگەنەدات خوێنەر ئاگاداری تەواوی ئەنجامی ڕووداوەكانو وردەكاریی هەندێك دیاردەو ڕووداو بێتو چەند لایەنێك بە شاراوەیی بهێڵێتەوە، تاوەكو بەرهەمەكەی ئەو چێژەی هەیەتی لە دەستی نەدات، چونكە ئەگەر هەرلە سەرەتاوە خوێنەر ئاگاداری چارەنووسی ڕووداوەكان بوو، ئەو حەزەی نامێنێت بۆ بەدواداچوونی زنجیرەی ڕووداوەكانو چۆنیەتی ڕوودانو بە ئەنجام گەیشتنیان. لەم ڕوانگەیەشەوەو بە پێی سروشتی دەستپێكی ڕۆمانە كوردییەكان، دەتوانین دوو جۆر دەستپێك دەستنیشان بكەین:

١- دەستپێكی ڕوون: دەستپێكێكە كە تیایدا گێڕەرەوە ئەنجامی كۆتایی ڕووداوەكانی خستووەتەڕوو و هەر لە سەرەتاوە خوێنەر دەزانێت كە چارەنووسی ڕووداوەكان چیۆو بەرەو كوێ دەچن، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین ڕۆمانی (بوهژین)ی (نافع ئاكرەیی)[1] بە نموونە وەربگرین.

٢- دەستپێكی ناڕوون: دەستپێكێكە كە تیایدا گێڕەرەوە هەندێك لایەنی بە نائاشكرایی‌و نهێنیی هێشتووەتەوەو لە سەرەتادا باسینەكردوونو خوێنەر ناچاردەكات بۆ گەیشتن بە چارەنووس‌و ئەنجامی كۆتایی ڕووداوەكان، تا دواساتی چیرۆكەكان شوێن ڕووداوەكان بكەوێت ــ بە ئاشكرابوونیان بێت یان بە نهێنیی هێشتنەوەیان، بۆ ئەم خاڵەش ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)[2] نموونەیەكی بەسوودە.

دوا لایەنی تایبەتمەندی بنیاتی بازنەیی، شێوازی بەكارهێنانی بنیاتەكەیە لە میانی پرۆسەی گێڕانەوەدا، چونكە بە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە كوردییانەی لە ڕێكخستنی ڕووداوەكانیاندا بنیاتی بازنەیی بەكارهاتووە، دەردەكەوێت بە دوو شێواز سوودیان لەم بنیاتە وەرگرتووە، كە ناویان دەنێین (سادە، ئاوێتە):

١- **سادە:** لەم شێوازەدا" گێڕەرەوە سوود لە تێكەڵكردنی هەردوو بنیاتی (بازنەیی‌و شوێنكەوتە) وەردەگرێت ــ كە خودی بنیاتی بازنەیی لە بنەڕەتدا بەم شێوەیە بنیات دەنرێت، بە شێوەیەك كۆتایی ڕووداو دەخاتەڕوو، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاو لە زنجیرەیەكی یەك لە دوای یەكدا ڕووداوەكان ڕێك دەخات، تا دەیانگەیەنێتەوە بە كۆتایی،

---

[1] بوهژین (ڕۆمان)، نافع ئاكرەیی، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری‌و لاوان، چاپی یەكەم، هەولێر، ١٩٨٩.
[2] ئێوارەی پەروانە (ڕۆمان)، بەختیار عەلی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

بەبێ پشتبەستن بە کردەکانی پچڕاندن یاخود پێش و پاشخستن و تێهەڵکێشکردنی ڕووداوەکان، وەك لە ڕۆمانی (بوهژین)ی (نافع ئاکرەیی)دا بەدیدەکەین.

٢- **ئاوێتە:** لەم شێوازەدا" گێڕەرەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، سەرەڕای بەکارهێنانی بنیاتی بازنەیی، پەنادەباتە بەر بەکارهێنانی بنیاتەکانی دیکەش، وەك (بنیاتی تێهەڵکێش ــ پێش و پاشخستنی ڕووداوەکان، بنیاتی هاوسەنگ)، وەك لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا بەدیدەکەین. لەبەرئەوە پێمان باشە لە بنیاتی هەردوو ڕۆمانەکە بکۆڵینەوە.

## ١- نموونەی بنیاتی بازنەیی سادە:

## ڕۆمانی بوهژین

ئەم ڕۆمانە" یەکێکە لەو ڕۆمانانەی لەداڕشتن و ڕێکخستنی ڕووداوەکانیدا بنیاتی بازنەیی بەکارهێناوە و لە پراکتیزەکردنی بنیاتەکەشدا پشتی بە شێوازی سادە بەستووە و بە پێی تایبەتمەندیی دەستپێکەکەشی، لەخانەی (دەستپێکی ڕوون)دا پۆلێنی دەکەین.

گێڕەرەوە لە دەستپێکی ئەم ڕۆمانەدا ئەو ساتە دەخاتەڕوو کە تێیدا کەسێتیی سەرەکیی ــ سەعید بڕوانامەی کۆلێژی پزیشکیی وەرگرتووە و بیر لەژیانی رابردووی دەکاتەوە، کە چەند بە ناخۆشیی و نەهامەتیی ژیاوە و خۆی پێگەیاندووە، هەروەها لە هەمان کاتدا وێنای داهاتوویەکی ڕۆشن و پڕ لە بەرهەم دەکات و هەردووکیان لەگەڵ ئەو خۆشییەی ئێستای تێکەڵ دەکات کە بە هۆی بەدەستهێنانی بڕوانامەکەیەوە هەستی پێدەکات "دەرگەهێ مەزن پێڤەداو ڕێکا ئووا خو گرت .. دەرگەهێ ئو دێ ب توندی قەپات کرو ب هیلاکیو بێ زاری ڤە خو ب سەر کورسیکەکا نێزیك دادا .. رونیشت .. هەناسەکا کویر هەلمژی .. خوشیو شادی یا ئەڤرو دگەل ئاه و نالیت دوینێو پێرێو رابردوو. روناهی یا پاشە رۆژێ هەمی تێکهەل دکرنو د کرنە هەفیرو دگەل هەوای د چوناڤ سپیلکەکانی داو دەر دەکەفتو ژ دفنو دەڤ چاڤ و رومەتێت وی ... روندکەك ل چاڤی وی هاتە خارێ.. گرێ و حەسرەت و پەشێمانی بو ژیانا تێپەڕی ل سەر، کو تەژی ژانو ماندی بینو ئازار بوو، دیسان شادیو خوشی بوو ل سەر وێ رۆژێ کو هێشتا ب دوماهی نەهاتی یە .. ئەو رۆژەیا ئەو تێدا ئەڤرو .. رۆژا باوەرناما خۆ ل کولیجا لێ د

خویند وەرگرتی" ﴿بو: ٥ - ٦﴾، پاشان دەفتەری یادگارەکانی دەردێنێت، کە پڕە لەو یادگارو بیرەوەرییانەی ڕۆژانێك خۆی لە ناویاندا ژیاوەو لەژێر باری ناخۆشییەکانیاندا ناڵاندویەتی، بەڵام ئێستا بوون بە چەند دێڕێکی سەر کاغەزو لە چەند وێنەیەکی ناو بیرەوەری زیاتر هیچیان لێ نەماوەتەوە.

تێبینی دەکەین" لەم دەستپێکەدا گێڕەرەوە بە کورتیی بیرێکی گشتی سەبارەت بە کۆی چیرۆکەکە خستووەتەڕوو، هەر لە باسکردنی ژیانی پڕ ــ تەژی لە ژانو ماندووبوونی دوێنێوە، کە لە چەند یادەوەرییەك زیاتر هیچی نەماوە، تا بەخۆشییو شادیی ئەمڕۆ دەگات، بە هۆی هاتنە بەرهەمی هەوڵو تێکۆشانی بەردەوامییەوە ــ ئەمەش ئەو جۆرەی دەستپێکە کە لە میانەیدا خوێنەر ئاشنای ئەنجامی کۆتایی ئەو چیرۆکە دەبێت کە دەیخوێنێتەوە. لە کۆتایشدا ڕوودەکاتە پێشبینیکردنی داهاتوویەکی گەشو پڕ بەرهەم لە سایەی ئەو بڕوانامەیەی بەدەستیهێناوە، بەڵام هەست دەکەین لەم دەستپێکەدا گرنگییەکی ئەوتۆ بە ڕەگەزی شوێن نەدراوەو لە وەسفکردنێکی سادەی ژوورەکەی سەعید زیاتر هیچ ئاماژەیەکی گرنگیی ژینگە لە ڕووداوەکاندا بەدی ناکرێت، ئەمەش لە سروشتی ڕووداوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە سێنتەری گرنگیی ڕووی لە پرۆسەی وەرگرتنی بڕوانامەکەو هەستو یادو خەونەکانی کەسێتیی سەرەکیی کردووە" کە ئەمانەش چەند ڕووداوێکن لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، نەك شوێنو کاتی وەرگرتنو بە دەستهێنانی، هەروەها شوێنی ئێستایی ڕووداوەکان تەنها شوێنی گێڕانەوەنو کاریگەرییان لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکان نییە.

لەم خاڵەوە" کە سەرەتای پرۆسەی گێڕانەوەو کۆتایی زنجیرە ڕووداوێکە، گێڕەرەوە ــ لە ڕێی یادەوەرییەوە ــ دەمانباتەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکانو لە بەسەرهاتەکانی منداڵیی سەعیدەوە دەست پێدەکات "بیرا زاروکی یا وی هاتە پێش چاڤ ئەو د کەل سێ برایێت دیکەو بابو دەیکا وی د ناڤ وی کۆلی خانکی بچیکدا د ژین" ﴿بو: ١٤﴾، پاشان بە وەسفێکی گشتی شارەکەی سەعیدو گێڕانەوەی هەندێك بەسەرهاتی منداڵیی سەرەتایەك بۆ زنجیرەی ڕووداوەکان دادەمەزرێنێت.

گێڕەرەوە باس لە منداڵیی سەعید دەکات، کە منداڵێکی وریاو زیرەك بووەو بە پرسیارە سەیرو پێشبینی نەکراوەکانی دەوروبەرەکەی سەرسام کردووە "گەلەك پرسیار ل بابێ خۆد کرن چەوا دز هێن؟ بۆ خودانێ ماڵێ دکوژن؟ بو دخەندقنین؟ مروڤ بۆ زیاد

دکەت ..؟ گەلەك پرسیار" ﴿بو: ١٦﴾، ئەوەش مامۆستایەکی هاوڕێی باوکی سەعیدی هان داوە، داوای لێبکات کە بینێرێتە بەر خوێندن، چونکە ئەو پێیوایە کە ئەم تایبەتمەندییەی سەعید دەشێت بکرێتە هەوێنی بەرهەمهێنانی پاشەڕۆژێکی ڕۆشن، بەڵام لەبەر دەستکورتییو کەمدەرامەتییو لە هەمان کاتیشدا هەستکردن بە ناشایستەیی سەعید بۆ پرۆژەیەکی بەخەرجیی وەها، باوکی ڕازی نەبووە ئەم داوایە جێبەجێ بکات "جیرانەکێ وان سەیدای مەکتەبێ بوو ... گۆتە بابێ وی بۆچی تو ڤی کورە ناهنێریە مەکتەبێ؟ بابێ وی ب کەنی ڤە گوتی: ئەڤ کورە بێ دینەو هێژای خوێندنێ نی یە" ﴿بو: ٢٥﴾، بەڵام پێداگریی مامۆستا دەبێتە هۆی ڕازیبوونی باوکیو ڕێگەپێدانی بۆ چونە بەر خوێندن، ئەگەرچی ئەو بڕوای وابووە کە بچێتە لای مەلا بۆ فێربوونی خوێندنو قورئان باشترە. بەم شێوەیە سەعید دەچێتە قوتابخانەو لە پۆلی یەکەوە تاوەکو پۆلی پێنج یەکەم دەبێت، بەڵام لە نیوەی ساڵی پێنجەمدا سێیەم دەبێت، ئەوەش باوکی تووڕە دەکات، چونکە "بابی وی وەسا دزانی کو قوتابی نابیت پاشڤە بچیت ... خۆ میزا حێشترێ نییە" ﴿بو: ٢٦﴾، پاش تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی سەعید ساڵێك لە خوێندن دادەبڕێت، چونکە قوتابخانەی ناوەندی لە شارەکەیان نییەو بۆ بەردەوامیدان بە خوێندنەکەی پێویستی بەوەیە بچێتە "شارا مەزن" ﴿بو: ٢٧﴾و باوکیشی ئەو توانایەی نییە، لەبەرئەوە ئەو ساڵە بە ئیشکردن بەڕێ دەکات "ڕونیشت مژوڵی شوڵو کارێ دیکە بوو ... پالەیی دکر بەر هوستایا چایخاناو کەباب خانا دکر" ﴿بو: ٢٧﴾، بەڵام دوای ئەو ساڵە قوتابخانەی ناوەندی لە شارەکەی دەکرێتەوەو دەست دەکاتەوە بە خوێندن، بە خەونی بوونە پزیشك لە پاشەڕۆژدا "هیچ دەمەکی ئەو دەرسا ئینشاییێو سەیدای زمانێ عارەبی ل هزرێت وی ناچن کو بابەتەك بۆ ئینای وێ جارێ ل ژێر ناڤ و نیشانێت (ل پاشە ڕۆژێ تە د ڤێت ب بی یە چێ) سەعیدی گەلەك ب جوانیو ڕێكو پێکی ئینشا نڤیسی بوو کو : من دڤێت ببمە نوژدار." ﴿بو: ٤٠﴾

پاشان گێڕەرەوە ئاماژە بەو هۆکارانە دەکات کە بوونەتە هاندانی سەعید بۆ زیاتر هەوڵدانو کۆششکردن، لە پێناو گەیشتن بەو خەونەیو بوونە کەسێکی دیارو بە پلەوپایە لەناو خەڵکدا، چونکە کاتێك دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە سەعید دەیەوێت لە دوارۆژدا ببێتە پزیشك، هاوڕێو کەسو خەڵکانی دەوروبەری گاڵتەی پێدەکەنو پێیان وایە کە ئەو خەونە لە سەروو توانای کەسێکی هەژاری وەك ئەودایە، ئەمەش کاردەکاتە سەر سەعیدو

دەبێتە هۆی گۆڕینی شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروبەرەکەیداو لە کەسێکی هێمنو کراوەوە دەبێتە کەسێکی تووڕەو دوور لە خەڵکی "گەلەك رەوشتێت وی هاتنە گوڕین .. زۆی تویرە د بوو د گەل هەڤالێت خۆ شەڕ د کرن .. وەلێ هات ئاخفتن د گەل کەسێ نە د کرن ... شەهادا هەژاریێ .. شەرو جڤینێت دەیكو بابا زیدە بینا بینا خوشكو برا .. کچا جیراناو لڤلڤینا دلێ وی هەمی د ناڤ مێشكو هەناڤێت وی پەنگیابوون .. هەر گیرو گرفتەکی ل وان بۆ ئیکی ل وان بۆ بینتە ڤە ... هەر هندە ل بەر چاڤا مابوو کۆ زیاتر د خویندنێ دا زیرەك بیتو سەر بکەڤیت" ﴿بو: ٤٣ - ٤٥﴾، بەڵام رووداوی شووکردنی (پەری) دراوسێیان، دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونیی سەعید، چونکە زۆری خۆشدەویستو بە دڵداری خۆی دەزانی، ئەگەرچی خۆشەویستییەکەی تاکلایەنە بوو و پەری ئاگای لێنەبوو، هەربۆیە رۆژ بە رۆژ سەعید بەرەو دواوە دەچێتو هەڵسوکەوتی بەتەواوی دەگۆڕێت "سەعیدێ جارا نەما یێ مایەڤە شڕ د هزرو بیرێت خۆدا بی یە دالغەچی .. نە دزانی چەوا بخوینیت .. سەیداییت وی سەرسام بوون بۆ وێ هندێ .. چە وا وەسا هاتە گۆڕین .. زیرەکیو چالاکیو زیخیا وی وەکو پێشا نەما" ﴿بو: ٥٢ - ٥٣﴾، بە تایبەت دوای ئەوەی دەزانێت کە ئەو زەردەخەنەو هەڵسوکەوتە تایبەتەی پەری لەگەڵیدا، سەرچاوەکەی دڵ پێسووتانو بەزەیی هاتنەوە بووە، نەك خۆشەویستیی "زەردەخەنەو گرنژینا (پەری)یا سوزا دل سوتنا هەژاری یا وی یە ... دل پێ سوتنە .. نەوەك ڤیانو خوشەویستی یە" ﴿بو: ٥٤﴾، ئەم بارە زۆر درێژە ناکێشێتو سەعید دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەکەی، بەڵام جارێکی دیکە دەکەوێتەوە داوی خۆشەویستیی "ڤیان"ی خوشکی پەرییەوە، ئەویش کاتێك دێت بۆماڵی سەعیدو داوای لێ دەکات یارمەتی بدات لەوانەی (جەبر)دا، سەعیدیش هەست دەکات کە ڤیان دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە پەری لە دەروونیدا خولڤاندویەتی "وا هزر د کر کۆ (ڤیان) دێ جیهێ (پەری)ێ گریت" ﴿بو: ٥٨﴾، ئەوەش سەعیدی هان دەدا لە خوێندنەکەیدا هەوڵو کۆشش بکاتو زیرەکییو چالاکییەکەی بگەڕێتەوە ئاستی جارانیو قۆناغی ناوەندیی بە یەکەمیی تەواوبکات.

پاش تەواوکردنی ناوەندیی، سەعید روودەکاتە (شارا مەزن) بۆ درێژەدان بەخوێندنەکەی، بە پێچەوانەی رابردووشەوە، لەم قۆناغەدا باوکی هانی دەداتو پاڵپشتیی لێ دەکات بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەیو بەدەستهێنانی پلەو پایەیەکی دیار،

کە سەری خۆیو خێزانەکەی پێ بەرزبکاتەوە "بابێ وی هندەك پارە داینێ گۆتی یێ: کورێ من ما ئەز حەز ناکەم هەموو رۆژێ تۆ ل دەڤ تەنیشتا من بی ..؟ هەر چی یێ چاکە بو تە بکەم .. بەلێ تۆ یێ مەو مالا مە د بینی ئیكو تشتی دووێ ژی ئەوە کۆ تۆ ب خۆ بزاڤێ ب کەی" ﴿بو: ٦٦﴾، هەروەها لە (شارا مەزن)یش مالّی هاورێیەکی باوکی یارمەتی دەدەنو تا شوێنێکی لە بەشی ناوخۆیی دەستدەکەوێت دالّدەی دەدەنو خزمەتی دەکەن. دوای ماوەیەك مانەوە لە (شارا مەزن) بۆ خوێندن، سەعید لە پشوویەکدا دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەکەی خۆیو چەند رۆژێك لەناو خێزانو هاورێکانیدا دەباتەسەر، بەلاّم بەبیستنی هەوالّی شووکردنی ڤیانی خوشکی پەری خۆشییەکەی لێدەبێتە دلّتەنگییەکی گەورە، ئەمجارەیان بۆ بارودۆخی ڤیان نەك خۆی، چونکە دەزانێت کە ڤیان بە زۆرو بێ ویستی خۆی بەشوو دراوە بە کەسێکی دەولّەمەند "ل وان دوو مەهادا کو ل باژەرێ خۆ دویر کەتبوو گەلەك تشت روی دا بوون .. یەك ل وان (ڤیان)ێ ژی مێر کربوو .. دەولّەمەندو دەسەلات دارەکی (ڤیان) ژی بو خو بربوو ... روندەك ل چاڤادا هاتە خارێ .. بەلێ وەکو وێ جارێ نەبوو کو (پەری) چویو شوی کری .. دزانی شویێ (ڤیانێ) یێ ب دلّی وێ نەبی." ﴿بو: ٧٩ - ٨٠﴾

پاش ئەم رووداوە سەعید بە دلّتەنگیی دەگەڕێتەوە بۆ (شارا مەزن) بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی، بەلاّم پاش ماوەیەك تووشی رووداوێکی ناخۆش دەبێت، ئەویش کاتێك ئافرەتێکی نزیك بەشی ناوخۆییەکەی بە زۆر کاری سێکسیی لەگەلّدا ئەنجام دەداتو هەڕەشەی لێ دەکات، کە ئەگەر لای خەلّك بیدرکێنێت، ئەوا تۆمەتی ئەوەی دەخاتە پالّ، کەوا سەعید دەستدرێژیی کردووەتە سەر ناموسی، ئەوەش سەعید دەخاتە بارێکی دەروونیی ئالّۆزو ناخۆشەوەو ماوەیەك لە خوێندن دادەبڕێتو بەرێژەیەکی بەرچاو ئاستی زیرەکیی دادەبەزێت "سەعید نەدەشیا پەرسڤا ب دەتەڤە .. ئەگەر زۆری لێ کربا دا گریت .. توانا ئاخافتنێ نەمابوو .. ل دەڤ هەمیا تشتەکێ سەیر بوو .. هیچ دەمەکی ل قوتابخانێ پاش نە دکەت چۆ جارا دەرسەك ژی لێ نە دچو .. رێڤەبەرێ خوێندن گەهێ ب خۆ هاتە مالا وان .. ل وێ ئیڤاری یێ ژ بابێ وی پرسیبوو .. بۆ سەعید ناهێتە مەکتەبێ ..؟" ﴿بو: ١٠١﴾، کۆی ئەم رووداوانە وا لە سەعید دەکات رقی لە ئافرەت ببێتەوە، چونکە ئەو خۆشەویستیی بەلاوە شتێکی پیرۆزە، نەك تەنها تێرکردنی غەریزە جەستەییەکان.

ئەم ئەزموونانە وا لە سەعید دەکەن دەستبداتە نووسینی دەقی ئەدەبیی، بۆ گوزارشتکردن لە ئەندێشەو خەمو هەستە کپکراوەکانی "ل وی دەمیٚ ژی دەست پیٚ کر ب هەنارتنا نڤیسنێت خۆ بۆ رۆژنامەو گوڤارا هوزان د نڤیسین بو یارەکا نادیار .. ئەو د دلی دا پەنگی یا بوو کۆ نەدشیا ب زمانیٚ زگماکی ییٚ خۆ ڤان تشتا بنڤیسیت، بەلکو ب زمانیٚ خویندنیٚ هوزانو واترو چیروك د نڤیسین" ﴿بو: ١٠٣﴾، پاشان وردە وردە ئەم خۆشەویستییەی دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستیی نیشتیمانو نەتەوەکەی، کە هەندێك جار بە هۆی نووسینەکانییەوە تووشی لێپرسینەوەو سزا دەبێت.

پاش تێپەڕین بەم ئەزموونەدا، سەعید جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر رێڕەوی خوێندنەکەی قۆناغی ئامادەیی بەسەرکەوتوویی دەبڕێتو دوای تەواوکردنی ئامادەیی لە (شارا مەزن) دەمێنێتەوە بۆ کارکردنو دابینکردنی خەرجیی کۆلێژ "ئەڤە دەرچوو .. سەرکەت .. نمرێت وی ژی د باش بوون ..! دیٚ چەوا شێت کارێت خۆ بینتە سەر یەكو بچیتە کولیجەکا باش ئەگەر دراڤ و پارە نەبن ..؟" ﴿بو: ١٠٥﴾، بە هۆی هاوڕێیەکیشیەوە "ژا النون" لە کارگەیەکی رستنو چنین دادەمەزرێت، کە هی مامی " ژا النون "ە، هەر لەو ماوەیەدا نمرەی کۆتایی ئامادەیی وەردەگرێتەوەو یەکەم دەبێت لەسەر ئاستی خوێندنگاکەی.

لە پاش گێڕانەوەی ئەم رووداوانە، گێڕەرەوە پچڕانێك لە کاتدا دەخولقێنێتو بەسەرهاتێکی دیکەی ژیانی خوێندنی سەعید دەخاتەڕوو لە قۆناغی ئامادەییدا، کە بریتییە لە چیرۆکێکی ئەڤینداریی لە نێوان سەعیدو (هەیفا)ی خوشکی (سامی) ــ یەکێك لە هاوڕیٚ خوێندکارەکانی سەعید.

سەعید پاش بینینی هەیفا، هەستێکی خۆشەویستیی لە ناخیدا دروستدەبێت بەرامبەری، بەڵام پرسیارێك لە ناخیدا سەرهەڵدەدات" کە بۆچی هەمیشە ئەمی هەژار دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کەسانی دەوڵەمەندەوە؟ "ئەڤە چ حالەکە؟ ..هەمی گاڤا دەبیا ب کەڤیتە د گرداڤا ڤیانا دەوڵەمەندو خۆدان پارادا؟" ﴿بو: ١١٨﴾، هەروەها بە هۆی ئەزموونە تاڵەکانی پێشووەوە هەوڵ دەدات خۆی لە هەیفا بەدوور بگرێت، بەڵام بە پێچەوانەی جارەکانی پێشووەوە، هەیفا بە شێوەی راستگۆیانە رازی دڵی خۆی لا دەدرکێنێتو بە شێوازی مامەڵەکردنیشی لەگەڵیدا، دەیسەلمێنیت کە خۆشەویستییەکەی

راستگۆیانەو بێگەردە، ئەوەش دەبێتە هـۆی دروسـتبوونی پەیوەندییـەکی خۆشەویـستیی بەهێزو بێگەرد لە نێوانیاندا.

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی‌و تێپەڕینی پشوو، سـەعید دەیـەوێت لـە زانکـۆ بخوێنێت، بۆئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەکەی‌و قسە لەگەڵ دایك و باوكو کەسوکاریدا دەکات، بەڵام جارێکی دیکە باری ئابووری خێزانەکەی دەبێتەوە بە ئاسـتەنگ لـە بـەردەم ویستەکانیداو باوکی ئامۆژگاریی دەکات کە واز لـە خـەیاڵی بـەرزفڕین بهێنێـتو ببێتـە فەرمانبەر لە شارۆچکەکەیان، چونکە لە لایەکەوە ناتوانێت خەرجیی خوێـندنی بـۆ دابـین بکاتو لە لایەکی دیکەشەوە نایەوێت لێیان دووربکەوێتەوەو بچێت بۆ شارێکی دیکە بۆ خوێندن "کورێ من ئەز دزانم کولێج یێ دهەین .. بەلێ تویێ دبینی دەبیا مرۆڤ بزانیـت چ بزاڤێ بکەتو تەمەت بەرکا خۆ پێ‌و پێنگاڤێت خۆ درێـژ کـەت، چـەرمو پێـستێ مـە توانا ڤێ هوسینو دەباغی ێ نی یە .. بۆچی وەسا خـۆ گێـلو نـەزان د کـەی..؟" ﴿بـو: ٤٢﴾، بەڵام سەعید خۆی بەدەست ئـەو داوایـەوە نـاداتو پـەنا دەباتـە بـەر بەڕێوەبـەری خوێندنگاکەی، بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزێتەوەو ڕێنمایی بکات، ئەویش پلانێکی وەهای بۆ دادەڕێـژێت کـە قەناعـەت بـە خێزانەکـەی بکـات، ڕێیبـدەن بـە ویـستی خـۆی بخوێنێتو بچێتە زانکۆ "دەبیا تو ڤەگەرێ بەڤە باژەرێ خۆ .. دێ خزمو کەسێت خـۆ خڕ ڤەکەی‌و دێ بێژی یێ .. دەولەتێ بڕیاردا من ڤرێ کەتە دەرڤـە بـۆ خوینـدنێ .. هـەمی قوتابێت زیرەك دەبیا بچنە دەرڤە بۆ خویندنێ .. هەمی شـوڵو کـارو پێتـە ڤێـت وان ژی یێ ب سەر ئیك ڤە هینایەو .. ببێژێ ناڤێ من بو خویندنا ئەنـدازیاری یـا ئـەتۆمی یـێ دەرچووی .. ڤێجا هوین د بێژن ئەز لێرە ل زانکۆیێ دابمەزرێم یان ژی بچمە دەرڤە بخوینم ..؟ بێ گۆمان ئەز وەسا دزانم کو دێ ڕێکـا دەرڤـە ل تـە گـرنو ڕێکـا خویـندنا ڤێـرە دێ بووتە ڤەکەن" ﴿بو: ١٥٩﴾، سەعیدیش بە پێی ئەو پلانە دەجوڵێتەوەو بە باوکی دەڵێت، یان ئەوەتا دەبێت بچمە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن، یـان دەبێـت ڕێگـەم پێبـدەن لێـرە لـە زانکۆ بخوێنم، هەروەها بەڵێنی ئەوەیش بـە بـاوکی دەدات کـە خـۆی خـەرجیی خوێنـدنو پێداویستییەکانی دابین بکاتو داوای یارمەتی لـە کـەس نـەکات، بـەم شـێوەیەش بـاوکی ڕازیدەبێتو ڕێی پێدەدات بچێتە زانکۆ.

سەعید دوای ڕازیبوونی بـاوکی لەسـەر خوێـندنی زانکـۆ، داوا پێـشکەش دەکـات بـۆ وەرگرتنی لە یەکێك لە کۆلێژەکان، لەبەرئەوەشی نمرەکانی زۆر بـەرزن، نـاوی لـە کۆلێـژی

نوژداری دەردەچێت "رێڤەبەری گازی کری: وەرە کوڕێ من سەعید وەرە ژۆر .. مزگێنی یەك خۆشا ل دەڤ من وەرە دا ب بێژمە تە ...! تۆ ل کۆلێجا نوژدارییێ هاتی یە وەرگرتن ل ڤێرەو ئەڤە ناڤێ تە ناڤێ ئیکێ یە د رۆژنامێ دا." ﴿بو: ١٩١﴾

دوای وەرگیرانیشی لە کۆلێژی نوژداری، سەعید بەردەوام دەبێت لە ئیشکردنو پەیداکردنی خەرجیی خوێندنەکەی، کە لە زانکۆدا دووبەرابەر بوو، بەڵام لەم قۆناغەدا هەوڵ دەدات نەهێڵێت کەس بزانێت کە ئیش دەکات، چونکە هاوڕێو هاوپۆلەکانی بە گشتی لە رووی پۆشاكو رووکاری دەرەوەیان زۆر لەم جیاوازبوونو تا رادەیەکیش لووتبەرز بوونو بەکەم سەیریان دەکرد، بە تێپەڕینی قۆناغەکانیش ئەرکی سەرشانی گرانتر دەبێتو زیاتر ماندوودەبێت، بەڵام رێگەنادات ئەو کۆسپانەی دێنەڕێی کاریگەریی نێگەتیڤ بکەنە سەر خوێندنەکەی.

بەم شێوەیە سەعید رووەو کۆتاییهێنان بە خوێندنەکەیو بەدیهێنانی خەونەکانی هەنگاودەنێت، کە بە شێوەی گشتی لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی کۆلێژی نوژداریو گەیشتن بە هەیفادا خۆیان دەبیننەوە، بەڵام لە یەکێك لەڕۆژانەکانیاندا هەیفا تووشی رووداوێکی ئۆتۆمبێل دەبێتو دەمرێت "ل وی دەمێ پێ خۆ سڤك کرو هاتە پێشو چەند پێگاڤا گەهیشتە نیڤا جاددێ .. قەمارەکا سپی رەنگ وەکو کوللەی هاتو هەیفا وەرپێچاو ئێخستە سەر قیرێ جاددێو خوێن ل دەڤو دفنا دەرچوو .. لەشێوی ل گۆمەکا خوێنی دا گەڤزی .. هەمی جلکێت وی .. فیستانێ سپیو بلوزێ کەسك ب گۆلێت خوینێ هاتنە رەنگ کرن" ﴿بو: ٢٤٤﴾، ئەمەش سەعید تووشی بێهیواییو خەمێکی گەورە دەکات، چونکە هەیفا گەورەترینو جوانترین خەونو تەنیا هاوڕێو پشتیوانی راستەقینەیو ئەفرێنەری پلانو بەرنامەکانی داهاتووی بوو، بەڵام ئەو بەڵێنانەی هەیفا پێشتر لە سەعیدی وەرگرتبوو و وتەکانی لە سەرەمەرگدا" کە داوا لە دایك و باوكو سامی برای دەکات پشت لە سەعید نەکەنو ئاگایان لێی بێت "هەیفایێ سەرێ خۆ لڤلڤاندو گەلەك ب زەحمەتو گرانی چاڤێت خۆ ژ ئێك ڤەکرنو گۆتی: دایکێ .. باب .. برای من سامی چاك دزانیت .. سەعیدی گەلەك ژان نەخۆشێت دیتین .. هەر هند داخاز دکەم هنگو ئاگا ل وی هەبیت، پشی یا هەیفایێ تەنگ بوو .. چاڤێت وی بەرەڤ سپی بوونو سەرێ وی شووربووڤەو دلێ وی ل تەپە تەپێ راوەستا" ﴿بو: ٢٤٩ — ٢٥٠﴾، دەبنە پاڵنەرو هاندەر بۆ سەعید، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کۆستە گەورەیەداو تەواوکردنی

خوێندنەکەی "مرنا هەیفایێ بی یە هاندەرو پال پێڤەنەر بۆ پێشڤە چوونا سەعیدی، تا ئەڤرو کو بروانامما نوژداریێ وەرگرتیو ل پێش چەند سەعەتا ل ئاهەنگا دەرچوونێ هاتی یەڤەو های چوو .. نقست دا رۆژەکا دی ب دیڤدا بێت ..!" ﴿بو: ٢٥٠﴾

تێبینی دەکەین" گێڕەرەوە لە کۆتایی رووداوەکانی رۆمانەکەدا گەیشتووەتەوە بەو خاڵەی لە سەرەتای پرۆسەی گێڕانەوەدا تیشکی خستووەتەسەر، ئەویش دانیشتنی سەعیدە لە ژوورەکەیدا پاش گەڕانەوەی لە ئاهەنگی دەرچوونو بەدەستهێنانی بڕوانامەکەیدا. وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بنیاتی بازنەییش، لەم رۆمانەدا هۆو هۆکار لە دروستکردنو خولقاندنی رووداوەکاندا ئامادەییان هەبوو، بەڵام بە هۆی تایبەتمەندیو سروشتی رووداوەکانی رۆمانەکەو ئەو ژینگەیەی رووداوەکان تیایدا روویاندەدا، هۆکارەکانیش تایبەتمەندیی خۆیان هەبوو، چونکە رووداوەکان پەیوەستبوون بەکەسێتییەکی ئاسایی نێو کۆمەڵگای کوردی ــ کەسێتییەکی هەژاری پەروەردەی خێزانێکی ئاست نزم لە رووی رۆشنبیریو باری داراییەوە، ژینگەی رووداوەکانیش بریتیبوون لە (شارۆچکەکەی سەعید ــ کە مەبەست لێی ئاکرێ یە، شارا مەزن ــ موسڵو بەشێکی پایتەخت ــ بەغداد)، لەبەرئەوە هۆو هۆکارەکانیش سروشتێکی سادەیان هەبوو و نەدەگەیشتنە سنووری دیاردەو رووداوی چاوەڕواننەکراوو لە ناکاو، وەك رێگیریی باوکی بۆ چوونە قوتابخانەی سەعید، بە هۆی باوەڕپێنەبوونییەوە لە لایەكو نزمیی باری ئابووری خێزانەکەی لە لایەکی دیکەوە، یاخود ناجێگیرییو بەرزونزمبوونەوەی ئاستی زیرەکییو توانای سەعید لە خوێندندا، بە هۆی ئەو رووداوانەی رووبە رووی دەبوونەوەو دەبوونە ئاستەنگ لە بەردەمیدا، سەرەڕای چەند دیاردەو رووداوێکی دیکە، کە سەرجەمیان لە سنووری لۆجیكو واقیعدا دەسوڕانەوەو ئەگەری ئەوەیان هەیە رووبەڕووی هەریەکێك لە ئێمە ببنەوە لە ژیانی رۆژانەماندا. پەیوەست بە شێوازی بەکارهێنانی بنیاتەکەوە، بۆمان دەرکەوت نووسەری ئەم رۆمانە لە رێکخستنی رووداوەکاندا بنیاتی بازنەیی سادەی بەکارهێناوە، چونکە" دوای پێشکەش کردنی کۆتایی رووداوەکان لە سەرەتای پرۆسەی گێڕانەوەدا، گێڕەرەوە راستەوخۆ گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتای رووداوەکانو لەو خاڵەوەو بە شێوەی بەردەوام رووداوەکانی لە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکدا رێکخستووە تا گەیشتووەتەوە بە کۆتایی رووداوەکانو خاڵی دەستپێکی گێڕانەوە.

**٢- نموونەی بنیاتی بازنەیی ئاوێتە :**

## رۆمانی ئێوارەی پەروانە

ئەم رۆمانەش بە هەمان شێوەی رۆمانی (بوهێزین)، گێڕەرەوە بنیاتی بازنەیی لە رێکخستن‌و دارشتنی رووداوەکانیدا بەکارهێناوە، بەڵام ئەمیان بە شێوازی ئاوێتە سوودی لە بنیاتەکە وەرگرتووەو دەستپێکەکەشی دەستپێکێکی روون نییە.

وەك سروشتێکی بنیاتی بازنەیی، گێڕەرەوە لەم رۆمانەدا" کە کەسێتیی سەرەکییە (خەندانی چکۆلە)، لە دەستپێکدا بیرێکی گشتی دەربارەی ناوەڕۆك‌و تایبەتمەندیی ئەو چیرۆکە دەخاتەڕوو کە دەیەوێت بیگێڕێتەوە، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە زانیاریی لە بارەی هەموو شتێکەوە نییەو گومانی هەیە ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە چیرۆکێکی تەواوبێت‌و بەم شێوەیە دەست پێدەکات "من (خەندانی چکۆلە) چەندین ساڵ لەمەوبەر هەموو ئەو رووداوە سەیرانە ژیام کە دواجار ئەستەم بوو تا کەمێك گەورە نەبم بتوانم لە هەموو ماناکانیان تێبگەم‌و بیانووسمەوە، ئەو رووداوانەی وەك یەکەیەکی لە یەك نەترازاو لێیاندەڕوانم، نەك لەبەرئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە روویاندا پەیوەندییەکی گەورەیان بەیەکەوە هەبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی واتێدەگەم قەدەری مرۆڤەکانیش بە ئاسانیی لە یەك جیاناکرێنەوە." ﴿ئ. پە: ٥﴾

تێبینی دەکەین" بە هەمان شێوەی رۆمانی (بوهێزین)، لە دەستپێکی ئەم رۆمانەشدا شوێن گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بێگومان ئەمەش لەبەر سروشتی رووداوەکانە، چونکە هەمیشە لە ساتی گێڕانەوەدا شوێنی گێڕەرەوە گرنگییەکی ئەوتۆی لەسەر ئاراستەو چارەنووسی رووداوەکان نییەو تەنها شوێنێکە کە گێڕەرەوە لێوەی رووداوەکان دەگێڕێتەوە، هەروەها گێڕەرەوە لە سەرەتاوە ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەو رووداوانەی دەیانگێڕێتەوە لە رابردوودا روویان داوەو ئەو لە چرکەساتێکی ئانیدا دەیانگێڕێتەوە.

بەڵام گێڕەرەوە لەم خاڵەدا ناوەستێت‌و پێشوەخت پێمان رادەگەیەنێت، کە دەشێت ئەو رووداوانەی دەیانگێڕێتەوە، تەواونەبن‌و چەندین لایەنیان بەنهێنیی مابێتەوە "(نەسرەدینی بۆنخۆش) ئێستاش پێمدەڵێت: (پەلەمەکە)، فەتانەش لەو باوەڕەدایە کە هێشتا ناتوانین لە راستیی ئەو رۆژانەو ئەو رووداوانە تێبگەین ... هەردووکیان گومانیان هەیە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی تەواو بێت، نەوەك تەنها لەبەرئەوەی ئەوانەی کە لەو رۆژە سەیرانەدا ژیان،

هەواڵنامەی کتێب

ئەمڕۆ مردوون یان سەفەریانکردووە یاخود لە لۆچێکی ئەم وڵاتە ماندووەدا ونبوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو جێگایانەش کە منو پەروانە (هەریەك بەجیا) ئەو ڕۆژانەمان تیا بردەسەر شوێنەواریشیان نەماوە" ﴿ئـ. پە: ٥﴾، ئەم هۆکارەش پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێت شوێن ڕووداوەکان بکەوێت، تاوەکو بزانێت بۆچی (خەندانی چکۆلە) کە گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕووداوەکانە، ئاگای لە هەموو نهێنیی ئەو چیرۆکانە نییە کە دەیانگێڕێتەوەو چی وایلێکردووە چیرۆکێك بگێڕێتەوە کە خودی خۆی بەنهێنی هەندێك لایەنی نەگەیشتووە؟ ئەمەش چێژێکی زیاتر بە دەقەکە دەبەخشێتو ئاماژەیەکیشە بۆ لێهاتوویی نووسەر، چونکە هەر لە سەرەتاوە بە خوێنەر ڕادەگەیەنێت" لە بەردەم دەقێکدایە کە هەندێك لایەنی بە نهێنییو ناڕۆشنیی ماونەتەوەو دەشێت هەرگیز پێیان نەگات، بێگومان ئەم خاڵەش دەبێتە هۆی هاندانی خوێنەر بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکانو ئاشکراکردنی ئەو لایەنانەی بوونەتە هۆی خولقاندنی ئەو ناڕۆشنییە.

سەرەڕای ئەو دانپێدانانەی گێڕەرەوە بە ناکاملییو ناتەواویی ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە، بەڵام ئاماژە بەو هۆکارانە دەدات کە پاڵیان پێوەناوە بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ئەو چیرۆكو بەسەرهاتە "لەگەڵ ئەوەشدا وەسواسێکی نەزانراوو تاریك پاڵم پێوەدەنێت ئەو چیرۆکە بگێڕمەوە، ڕەنگە ئەوە وەسواسی تێڕامانی ئینسان بێت لەو جیهانانەی کە تیایاندا ژیاوەو نەیتوانیوە تێیانبگات، وەسواسی تێڕامانی ئینسان بێت لەو ڕۆژانەی بەجێمان دەهێڵنو دواجار لە ڕێگەی چیرۆکەکانەوە نەبێت بۆمان ناگێڕدرێنەوە" ﴿ئـ. پە: ٥﴾، هەروەها "دۆزینەوەی ئەو سەرپۆشە سپییەی (میدیای غەمگین)، ئەو سەرپۆشەی پڕبوو لە هەموو دەستنووسەکانی میدیا لەو جەنگەڵی نائومێدییەدا، هاندەرێکی سەیربوو تا سەرلەنوێ بیر لە گێڕانەوەی چارەنووسی خۆمان بکەمەوە." ﴿ئـ. پە: ٦﴾

لەم خاڵەوە" کە سەرەتای پرۆسەی گێڕانەوەو کۆتایی ڕووداوو بەسەرهاتە گێڕدراوەکانە، گێڕەرەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕووداوەکانو لەوێوە دەست دەکات بەگێڕانەوەو باسی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە دەکات کە خۆی (خەندانی چکۆلە)و پەروانە گۆشتی قوربانییان بەخشیوەتەوە "ئەو ڕۆژە کە دەستمانکرد بە بەشینەوەی بەشە قوربانییەکان، پێدەچوو لە هەموو ڕۆژەکانی دیکە قوربانی زیاتر سەربڕدرابێت، ئەو ئێوارەیە من گووتم شار خوێن دەبیات، من گووتم گایان لەسەر عەرد نەهێشتووە" ﴿ئـ.

پە: ٧﴾و بە هۆی ئەو گۆشت بەخشینەوە بە "فەرەیدونی مەلەك" ئاشنادەبێت "لەوێ لەدەرگایەکی قوبەدارو گەورەماندا، دەرگایەك یەکپارچە بەمێروولە داپۆشرابوو ... چەندین جار لە ئەڵقەڕێزێکی کۆنو لە زەنگی پاڵ قاپییەکەمان دا، پاش تۆزێك گەنجێکی باریك دەرگاکەی لێکردینەوە، نیمچە سەرسامو حەپەساو گووتی: چاوەڕوانم دەکردن ... ئەوە (فەرەیدونی مەلەك) بوو کە دواتر من تەنها لە شەوەزەنگو بەربەیانو تەپوتۆزە سپییەکاندا دەیبینم." ﴿ئ. پە: ٨ - ٩﴾

لە دوای ئاشناکردنی خوێنەر بە سەرەتای دەستپێکردنی رووداوەکان، گێڕەرەوە لە ناکاو پچڕانێك لەکاتدا دەخولقێنێتو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی رووداوەکانو لە پاری دووەمدا باسی دەرچوونی خۆیو (فەتانەو مەعسوم) دەکات لە قوتابخانەی خوشکە نۆبەرەکان، وەك خۆیشی دەڵێت" ئەم رووداوانە دوای مردنی پوریو ئەو گۆڕانکارییانە بوون کە لەو سەردەمەدا ژیانو نیشتمانیان هەژاند، پاشان بەردەوامیی دەدات بە رووداوەکانو باسی شێوەی ژیان وگوزەرانی دەکات لە دوای کۆچکردنی براکانی بۆ ئەوروپاو مردنی دایك و باوکی "من ئەوکات براکانم سەفەریان کردبوو، بابیشمو دایکیشم لە مێژبوو مردبوون، دەبایە بە تەنها لەو ماڵە چۆڵو هۆڵو گەورەیەدا بژیمو هەر لەوێدا ئەو ژیانو زیندەگییە سەیرانە پێکەوە بنێمەوە کە لە ساڵانی ترسو تەنهاییمدا، بە شێوەی سەیر هەموو بەرەو کارەساتو تاریکی داگەڕابوون" ﴿ئ. پە: ٩﴾ سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ زیندووکردنەوەی پەروانە، لە رێگەی نووسینەوەی حیکایەتەکانییەوە، چونکە بە بۆچوونی ئەو نووسینەوەی چیرۆکی پەروانە "بۆ من ئەم چیرۆکە چیرۆکێك نییەو بەس، بەڵکو هێنانەوەی پەروانەیە بۆ ئەم جیهانە" ﴿ئ. پە: ٩﴾، هەربۆیە پلان دادەنێت بۆ دۆزینەوەی (نەسرەدینی بۆنخۆش ــ وێنەگرێکی ئاهەنگەکانو یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی دەستخستنی زانیاری بۆ خەندان)و بەدەستهێنانی سەرپۆشەکەی (میدیای خەمگین)، کە دەستنووسەکانی پەروانەی تێدایە، بەڵام دوای ئەوەی خەندان نەسرەدین دەدۆزێتەوە، ئەو نایەوێت هیچ بڵێت "خەندانی چکۆلە لێمگەڕێ .. من چیتر بیر لە رابردوو ناکەمەوە" ﴿ئ. پە: ١٢﴾و هەوڵ دەدات لە رابردووی هەڵبێت، چونکە وەك خەندان باسی دەکات "من درەنگ زانیم کە ئەو لەژێر ئازارێکی ویژدانیی قووڵدا دەیناڵاند، درەنگ تێگەیشتم لە سێبەری چ غەمێکدا هەڵدێت، بە درێژایی ئەو ساڵانە ئەو لەژێر وەحشەتی ئەو هەستە سەیرانەدا ژیابوو کە مردنی پەروانە لە ئەستۆی ئەوە،

گوناهی ئەوە فەرەیدون لەو خەرەندەوە گلا، گوناهی ئـەوە عـەشـقـەکان کالبوونـەوە" ﴿ئـ. پە: ١٢﴾، لەگەڵ ئەوەشدا خەندان وازناهێنێت‌و داوای دەفتـەری یاداشـتـەکانی مـیـدیای غەمگینی لێ دەکات، کە فەرەیدون وەك (بەحرێك لە نهێنی ترسناك) وەسفیان دەکات.

دوای ئەنجامـدانی ئـەم پـچڕاندنەی کـات، گێـڕەرەوە جـارێکی دیکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سەرەتای رووداوەکان‌و سەرەتای چیرۆکەکانی پەروانە، کـە لـە وەرزێکـدا دەست پێدەکـەن گێـڕەرەوە ناویـنـاوە (وەرزی خـەیالات)و لـە میانەیـدا باسـی پەیوەندییـە بێـشومارەکانی پەروانـە دەکـات، کـە فەرەیـدونی مەلـەك دوایەمینیانـە "لـە کۆتـایی ئـەو وەرزەدا کـە فەرەیدونی مەلەك یەکەمین نامەی بۆ پەروانە نووسی (ئەگەرچی سەرەتای وەرزی خەیالات بوو)، بەڵام دلتەنگییەکی کوشندە باڵی بەسەر هەردووکماندا کێشابوو" ﴿ئـ. پـە: ١٥﴾، پاشان باسی ویست‌و خەونی بەردەوامی پەروانە دەکات بۆ سەفەرو بەجێهێـشتنی مـاڵـەوە "هەنـدێ جـار نیوەشـەوان هەڵدەسـتام‌و دەمبـینی خـەریکی کۆکردنـەوەی شـتـەکانێتی، ئـاوڕێکی دەدایـەوەو دەیگـوت: (خەنـدان دەمبوریـت لەوانەیـە بـڕۆم، دەبێـت خـۆم ئامادەبکـەم)" ﴿ئـ. پـە: ١٨﴾، کـە سـەرەنجام‌و لـە نیوەشـەوێکی بـەهاردا خـەونی هەڵهاتنەکەی دەبێت بەڕاست‌و لە بەرەبیانێکدا دەڕوات.

لە پاری پێنجەمدا گێڕەرەوە باسی ئێوارەی دوای هەڵهاتنی پەروانە دەکات، کـە چـۆن رۆیشتنی لە ماڵ ئاشکرادەبێت‌و ئەم دەبێتە قوربانیی ئەو کردەوەیە "ئەو رۆژە تا ئێـوارێ کەس لە ماڵ نەیزانی پەروانە رۆیشتووە، (باوك) وەك هەمیشە لە بازاڕی زەڕەنگەرەکانـدا سـەرقاڵی بـازن‌و ئەنگوسـتیلەو لاگیرەکـانی خـۆی بـوو، براکـانم بـەیانی خۆیـان گـۆڕی‌و رۆیشتنە دەرەوە، کەس نەیپرسی (پەروانە کوا؟) ... لە ئێوارێدا کە گەڕانەوە، یەکەم جار بابم پرسی (پەروانە لە کوێیە؟)، من گووتم: (ئەمڕۆ نەمبینیوە، بەیانی هەستام‌و ئـەو لـە جێگاکەیدا نەبوو، ئیتر نەمبینیوە) ... هەر ئـەو شـەوە (بـاوك) بـەدەم گریانـەوە هـەموو پەنجـەرەکانی شـکاند، دەرگاکـانی شـکاند، هـەموو شـتە جـوان‌و ئەنتیکـەکانی مـاڵی وردوخاشکرد، براکانم منیان بە قژ کێشکردە ژێرزەمینەکە، بە پلەکاندا رایانکێشام‌و وەك شێت کەوتنـە لێـدان‌و وێرانکـردنم" ﴿ئـ. پـە: ٢٦ - ٢٧﴾، هـەروەها ئامـاژە دەدات بـە گەڕانەکانی خزم‌و کەسوکاری بـە کوچـەو کۆڵانـەکانی شـاردا، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی پەروانەو فەرەیدون‌و سزادانیان، چونکە بـە بۆچـوونی ئـەوان "ئـەو دوو گەنجـە زیناکـارن‌و دەبێت بکـوژرێن"، بـەڵام نایاندۆزنـەوە، پاشـان بـاوکی بـە پـوری دەڵێـت (کـە کەسـێکی

ئیمانداره) بیبات بۆخۆیو پێیدەڵێت "ئەو کچە ببە بۆخۆت... لەگەڵ کچەکانی خۆتدا گەورەییبکەو فێری هەموو ئەو شتانەی بکە کە دەبێت ژنێکی باش بیزانێت" ﴿ئـ. پە: ٤١﴾و خەندانیش کە دەزانێت دەرفەتی دەربازبوونی نییە، ناچار بڕیار دەدات ملکەچی ئەو واقیعە ببێت "بڕیارمدابوو هەموو ئەو شتانە جێبەجێبکەم کە ئەو پێمدەسپێرێت. لەگەڵ هەموو ئەو ژنە دەف بەدەستانەدا دەچووینە پرسەکان، دەچووینە خەتمەکان، لەوێدا هەموو مەملەکەتە بەرینەکانی لاواندنەوە، لە خۆدانو خۆڕنینەوەو حاڵ لە خۆهێنانم بینی" ﴿ئـ. پە: ٤٦﴾، هەر لەو ماوەیەشدا بەجیهانی پوریو (ژنە دەف بەدەست)و ئەو پیاوانە ئاشنادەبێت، کە پوری دەیشاردنەوە "ئیدی بەردەوام یەك لە دوای یەك ئەو پیاوە شەونشینە سەیرانە دەردەکەوتنو چەند شەوێك لەوێدا دەمانەوەو پاش ماوەیەك دەڕۆیشتنو ئیدی سەرو شوێنیان نەدەما. هەندێکیان ژنەکانی خۆیان کوشتبوو، هەندێکیان خوشکەکانی خۆیان سەربڕیبوو، کەسانێکیان تێزابیان کردبوو بە کچانی قوتابخانەدا، یاخو فتوایەکی مەلاکانیان لە کوشتنی زندیقێك یان زیناکەرێکدا جێبەجێکردبوو" ﴿ئـ. پە: ٤٨﴾، بەڵام دوای تێپەڕینی ماوەی سێ مانگ لە ماڵی پوریو خەوتنی خەندان لەگەڵ یەکێك لەو پیاوە نەناسراوانەی ماڵی پوری "لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا"، رۆژێك پوری پێش خۆی دەداتو دەیباتەوە بۆ ماڵی خۆیان، دوای بەسەربردنی ماوەیەکیش لە ماڵەوە، رۆژێك یەکێك لە هاوڕێکانی پەروانە دێت بۆلایو هەواڵی پەروانەی پێڕادەگەیەنێتو پێیدەڵێت کە پەروانە ماوەو لەگەڵ فەرەیدوندا لەدارستانێکی چڕی دوورەدەستدا دەژین، پەیکەرێکیشی بۆ خەندان ناردووەو لە ژێریدا بەوردیی ناوی خۆی لەسەر هەڵکەندووە.

تێبینی دەکەین" لەم چەند پارەی پێشوودا گێڕەرەوە بە شێوەی زنجیرەیی رووداوەکانی گێڕاوەتەوەو رێکیخستوون، ئەمەش پراکتیزەکردنی بنیاتی زنجیرەییە، بەڵام لە پاری نۆیەمدا کاتی رووداوەکان دەپچڕێنێتو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی بەر لە دەستپێکردنی رووداوە سەرەکییەکانی چیرۆکەکە، واتە بەر لە دەستپێکردنی (وەرزی خەیاڵات)و لەوێوە سەرەتایەکی قووڵتری رووداوەکان دەردەخاتو لە پاری نۆیەمدا باسی چۆنیەتی پێکگەیشتنو یەکترناسینی فەرەیدونی مەلەكو نەسرەدینی بۆنخۆش دەکات، کە بەرێکەوت لە یەکێك لە وێنەکانی نەسرەدیندا دەردەچێتو دواتر ئەو و نەسرەدینو گۆڤەندی پەیکەرتاش" کە فەرەیدون پێی دەناسێنێت، دەبنە سێ هاوڕێی نزیکی یەکتر

"لە یەکێ لە ئێوارەکاندا سێ مۆسیقاری تازە پێگەیشتوو کە هەرسێکیان بە شێوەی سەمفۆنیستە بەناوبانگەکان قژیان هێنابووە سەرچاویان، تکایان لەنەسرەدین کرد وێنەیەکیان بگرێت، بەڕێکەوت لەو وێنەیەدا فەرەیدون، وەکو تارماییەکی ڕەشپۆش بە سیمایەکی کەمێك غەمگینەوە دەرچووبوو" ﴿ئـ. پە: ٦٨ - ٦٩﴾، پاشان ڕێڕەوی ڕووداوەکان دەگەیەنێتەوە بە سەرەتای چیرۆکی ئاساییو تیشك دەخاتە سەر یەکەم پێکگەیشتنی فەرەیدونو پەروانە لە وەرزی خەیاڵاتداو لە کۆتایدا باسی پلانو هەوڵەکانیان دەکات بۆ سەفەرکردنو بەجێهێشتنی شارو ڕووکردنە جێگەیەك کە ئازادیو عەشقی تێدابێت، کە سەرەنجام بە یارمەتی نەسرەدین هەوڵەکەیان سەردەگرێتو دەڕۆن، ئەمەش دوای ئەوەی نەسرەدین خۆی شار بەجیدەهێڵێتو ڕوودەکاتە سروشتو جەنگەڵو شوێنە عاسییەکان، لە پێناو دۆزینەوەی شوێنێکدا، کە بیکاتە مەملەکەتی ئەو عاشقانەی لەتاو زەبروزەنگ لە شار هەڵدێن "لەو هەفتەیەدا بوو کە هەموو ژیانمان گۆڕاو پەروانە ڕۆیشت ... ڕۆیشتو لە جیهانێکی دیکەدا، لەناو جەنگەڵە دوورەکاندا، نەسرەدینی بۆنخۆش وەکو ژمارەیەکی تر لە عاشقان بەرەو بنی خەرەندێکی قووڵ بردنی." ﴿ئـ. پە: ٩٩﴾

هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە گێڕەرەوە خۆی یەکێکە لە کەسێتییەکانی نێو ڕۆمانەکە، هەموو ڕووداوەکان لە زاری ئەوەوە ناگێڕدرێنەوە، بەڵکو پرۆسەی گێڕانەوەکە لە لایەن زیاد لە کەسێتییەکەوە ئەنجام دەدرێت، واتە گێڕانەوەکە فرەدەنگییە، ئەمەش بوار بۆ کەسێتییەکان دەخولقێنێت، تا گوزارشت لە هەڵوێستو تێڕوانینەکانیان بکەن بەرامبەر بە دیاردەو ڕووداوەکان، بۆ نموونە نەسرەدین لە باسی ئەو هۆکارانەی هانیان داوە شار جێبهێڵێتو ڕووبکاتە شوێنە عاسییەکان" دەڵێت "من ئێستا خەباتگێڕێکی ناسراوم بۆ وڵاتەکەم، بەڵام ئەوەتا ئەم نیشتمانە لە عەشقی بێسوودو کوژراو دروستبووە، من هاتوومەتە سەر خەیاڵێکی سەیر، هاتوومەتە سەر ئەو بڕوایەی کە لە جێگایەکدا هەندێ عەشق ئازادبکەم، هاتوومەتە سەر ئەو خەیاڵەی پارچە زەوییەکی عاسی بکەمە مەڵبەندی هەندێ لەو عاشقانەی کە جێگایەکیان نییە پێکەوە تیا بژین" ﴿ئـ. پە: ٨٣﴾، هەروەها فەرەیدونیش لە چۆنیەتی دروستبوونو لەدایکبوونی عەشقی پەروانە لە دڵیدا، بە پەروانە دەڵێت "من هەموو ئێوارەیەکی فێنك تۆم دەبینی، بەڵام خۆشمنەویستیت، تا ئێوارێیەك هەستمکرد هەوا سەرتاپای پڕبووە لە گەردی پەپولە، هەستمکرد جلەکانم،

دەستم، سیمام، برۆم هەمووی تۆزی نازکی پەپولەکانە، تۆزێکی نەرم کە هیچ کەسێکی دی نەیدەبینی من نەبێت، من لەو باوەڕەدا نەبووم مرۆڤێك هەبێت وەکو پەپولەکان گەردو غوبارێکی وەها نازکی هەڵگرتبێت" ﴿ئ. پە: ٨٧﴾، هەر ئەم هەڵوێست دەربڕینە لەلای کەسێتییەکانی دیکەش دووبارەدەبێتەوە سەبارەت بە رووداوەکان، کە گێڕەرەوە ناچاردەبێت بۆ ئاماژەپێدانیان زیاد لە جارێك زنجیرەی ئاسایی رووداوەکان تێکبشکێنێت، ئەمەش پەیڕەوکردنی بنیاتی تێهەڵکێشە لە رێکخستنی رووداوەکاندا.

تاوەکو ئەم ساتە" گێڕەرەوە لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا سەرەڕای بەکارهێنانی بنیاتی بازنەیی، بنیاتی تێهەڵکێشیشی بەکارهێناوە، بەڵام لە خوێندنەوەی پارەکانی داهاتووی رۆمانەکەوە دەردەکەوێت" کە تەنها ئەم دوو بنیاتە بەکارنەهێنراون، بەڵکو بنیاتی هاوسەنگیش پشتی پێبەستراوەو لە سەرەتای پاری یانزەیەمەوە تاکۆتایی رۆمانەکە رووداوەکان بە پێی بنیاتی هاوسەنگ رێکخراونو گێڕدراونەتەوە، بەم شێوەیە:

رووداوەکانی تەوەری یەکەم لە پارەکانی "١١، ١٣، ١٥، ١٧، ١٨، ٢٠" پێکهاتوون، تەوەری دووەمیش پارەکانی "١٢، ١٤، ١٦، ١٩، ٢١"ی لە خۆگرتووە.

گێڕەرەوە لە پاری یانزەدا باسی سەفەرکردنو گەیشتنی پەروانەو فەرەیدون دەکات بۆ جەنگەڵەکەو پاشان ئاشنابوونیان بە سیامەندی باڵندەو مەعسومە، کە یەکەم کەس بوون هاتوونەتە ئەم چڕستانە "سیامەندی باڵندە یەکەمین کەس بوو کە هاتە ئەم چڕستانە، دوابەدوای ئەویش هەندێ لە عاشقانی شەرمنو بێخەیاڵی دیکە روویانکردە ئەم هەرێمە، هەندێ لەو عاشقە ناکامانەی نەسرەدین لە دەمێ زەمانەوە دەیناسین، زۆربەیان ئەو کچو کوڕە ناکامانە بوون کە پێشتر لە ئەشکەوتو بن بەردەکاندا خۆیان شاردبووەوە" ﴿ئ. پە: ١٠٥﴾، لە پاری سیانزەشدا درێژە بەرووداوەکان دەداتو لە سەرەتای پارەکەدا باسی ژیانی ناو جەنگەڵەکە دەکات، کە عاشقەکانی نیشتەجێی کەپریان تێدا هەڵداوەو ژیان بەرێ دەکەن، پاشان پچڕانێك لە کاتدا دەخولقێنێتو دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چیرۆکەکانو لە رێگای گفتوگۆیەکی نێوان خۆیو نەسرەدینەوە هەندێك رووداومان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کۆتایشدا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر چیرۆکی ناو جەنگەڵستانەکەو بەسەرهاتی کەسێتیی (شەهلای خوداناس) دەگێڕێتەوە، کە یەکەم کەسە پەروانە دەیناسێتو ئاشنایدەبێت.

رووداوەکان لە پاری پانزەدا جۆرێك گۆڕانو پێشکەوتن بە خۆیانەوە دەبینن، چونکە ئەو بارودۆخەی وڵاتی تێکەوتووەو ئەو شەڕو کاولکارییەی بەخۆوە دەیبینێت، کاریکردووەتە سەر شێوەی ژیانی جەنگەڵو جۆرێك لە نائومێدییو گۆشەگیریی خولّقاندووە“ کە گێڕەرەوە ناوینـاوە وەرزی گۆشەگیریی، چونکە ئەو پەیکەرانەی دروستیاندەکردن دەیانناردن بۆ شار تا بژێوی ژیانیانیان پیێ دابینبکەن، چیتر نەدەفرۆشرا "چیتر تاشینی پەیکەری ئەو عاشقانە سوودی نییە، جەنگ لە هەموو جێگایەکدا هەڵگیرساوە، زەوی ئاگری گرتووە، لە جۆرە زەمانێکی وادا کەس ئامادەنییە پەیکەری عاشقان بکڕێت، من چەندین ڕۆژە بەو تورەکانەوە دەگەڕێم، کاتێکی زۆر شارەوشار دەکەم، بەڵام چیتر کەس سەیری ئەو پەیکەرانە ناکات" ﴿ئـ. پە: ١٦٨﴾، هەروەها لە هەمان کاتدا جۆرێك لە دوورکەوتنەوەو بە یەکتر نامۆبوون لە نێوان عاشقەکاندا سەرهەڵدەداتو پەرەدەستێنێت، چونکە هەست دەکەن ئەو خەونو خولیایانەی هەیانبووە، لە چەند وەهمو خەیاڵێکی ئەندێشەکراوێکی خۆیان تێپەڕیان نەکردووەو گێڕەرەوە لە زاری مەعسومەوە دەڵێت "ئەو وەرزە ڕۆژو ڕۆژگارێکی سەیری لەگەڵ خۆیدا هێنا، هەموو وامان هەست دەکرد دونیا لە یەکتری دەترازێت، دونیا پارچە پارچە دەبێتو ئێمەش هەریەکەمان دەبینە دوورگەی پەرتەوازەو گۆشەگیر، هەموو دەمانزانی ژیان مانایەکی نییە" ﴿ئـ. پە: ١٦٧﴾، هەر بۆیە لە ڕۆژەکانی داهاتوودا "گەردەلولی غەمێکی ترسناك دێتە ناو جەنگەڵ، وەرزێکی پەژارەو غەم، کە وەرزی فرمێسكو گریانەکانی پەروانەیە" ﴿ئـ. پە: ١٨٠﴾، هەروەها مەعسومەش بە هۆی ئەو ئازارانەی بەدەستی سیامەند تووشیاندێت، لە جەنگەڵ هەڵدێتو دەگەڕێتەوە.

گێڕەرەوە پاری حەڤدەی تایبەتکردووە بە باسکردنی چیرۆکی هەڵهاتنو گەڕانەوەی مەعسومە بۆ شار، کە دەکەوێتە دەست مەلایەك (مەلا کەوسەر)و پاشان سەرتاپای چیرۆکی خۆیو جەنگەڵستانو کچو کوڕە عاشقەکانی نیشتەجێی بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوە، ئەمەش مەلاو کۆمەڵی ئیمانداران هان دەدات بڕیاری دۆزینەوەو لە ناوبردنی ئەو هەرێمە بدەن کە پێیان وایە شەیتان نیشتەجێیەتیو بەڕێوەی دەبات، لە پاری هەژدەشدا دەگەڕێتەوە بۆ لای بەسەرهاتی سیامەند، کە "دوای ڕاکردنی مەعسوم، ئێوارەیەك سیامەندی باڵندەش هەموو شتەکانی پێچایەوەو بێئەوەی ماڵئاوایی لە کەس بکات جەنگەڵی بەجێهێشت ... ئیدی کەسیش دواتر هەواڵێکی ڕاستەقینەی دەربارەی

چارەنووسی نەبیست" ﴿ئـ. پە: ٢٠٣﴾، هـەروەها پەروانـەش بـە تێپـەڕینی کـاتو زیـاتر چوونە خەلۆەتی فەرەیدون هەست دەکات "لە دونیایەك هەڵهاتین هەموو شتەکانی پێشتر دیاریکرابوون" ﴿ئـ. پە: ٢٠٧﴾.

لە پاری بیستەمدا" گێڕەرەوە تەواوکـەری رووداوەکـانی جەنگـەڵو بەجێهێـشتنی ئـەو هەرێمە دەکات لە لایەن پەروانەو میدیای غەمگینـەوە، چونکە دوای ئـەوەی نەسـرەدین هــەواڵی هێرشــهێنانی لەشـکری ئیمانــداران دەبیــستێت بــۆ لــەناوبردنی جەنگەڵەکــە، رووداوەکاتە جەنگەڵو هەوڵی رزگـارکردنی عاشـقە نیـشتەجێکانی دەدات، بـەڵام گۆڤەنـدو فەرەیدون لەگەڵی ناچنو دەمێننەوە، ئەویش ناچـار تـەنها میـدیاو پەروانـە لەگـەڵ خـۆی دەباتو لە ماڵێکی گوندێکدا، کە خاوەنەکەی ناوی (پیر موسای خەزانناس)و هاوڕێیەکی دێـرینی نەسـرەدینە، دەیانـشارێتەوە، پاشـان هـەوڵ دەدات بگەڕێتـەوە بـۆ عەشقـستانو فەرەیدونو گۆڤەند رزگاربکات، بەڵام شکستدێنێت.

گێـڕەرەوە لـەم ئاسـتەدا رووداوەکـانی تـەوەری یەکـەم بـەجێ دەهێڵێـتو رووداوەکاتـە گێڕانـەوەی رووداوەکـانی تـەوەری دووەم، کـە لـە کۆتایـداو بـەپاری (بیـستو دوو) بـە یەکیانـەوە گـرێ دەداتو دەچێتە سەر ئەو خاڵـەی کـە کۆتـایی رووداوە گێڕدراوەکـانو سەرەتای پرۆسەی گێڕانەوە پێکدەهێنێ.

لە پاری دوانزەدا" گێڕەرەوە باسی بارودۆخی پڕ نائارامییو شێواوی شار دەکـات، کـە دانیـشتوانەکەی بـە هــەموو شـێوەیەك هــەوڵ دەدەن لێیــدەرباز بـبنو خولیـای سـەفەرو بەجێهێـشتنی لەسـەری هـەموو کەسێکدا چەکەرەی کردبـوو، خەنـدانیش وەك یـەکێك لەدانیشتوانەکەی بێبەش نەبوو لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی، چـونکە ئیمانـدارەکان ئـەو شاڵاوی سـەفەرەیان بـە گونـاهێکی گـەورە دەزانـیو هـەوڵیان دەدا رووبـەڕووی ببنـەوەو قوتابخانەی خوشکە نۆبەرەکان دادەمەزرێنن، تاوەکو لە رێگەیەوە کیژەکان لـەو گوناهانـە پاکبکەنەوە، کە کەسوکاریان کردویانەو خەندانیش بە هۆی هـەڵهاتنی پەروانـەوە دەبێتـە یـەکێك لـە قوربانییـەکانو رەوانـەی ئـەو شـوێنە دەکرێـت "مـن (خەنـدانی چـکۆلە)، عەسـرێکی فێنـك جیهـانم لێهەڵگەڕایـەوە... عەسـرێکی فێنـك بـە پێچەوانەی هـەموو چاوەڕوانییەکانی منەوە، باوکم زوو لە بازاڕی زەڕەنگەران گەڕایەوەو بە هێمنی پێیگووتم: خۆت بگۆڕە، کراسێکی رەشی درێژ لەبەربکـەو لەچکێك ببەسـتەو بـابڕۆین." ﴿ئـ. پـە: ١١٥﴾

لە پاری چواردەدا، گێڕەرەوە درێژەی چیرۆکی چوونی بۆ قوتابخانەی خوشکە نۆبەرەکان دەگێڕێتەوە، کە ئەو سێ ئافرەتەی دەیبەن پێیدەڵێن "دەتبەین بۆ بەهەشت" ﴿ئـ. پە: ١٤٦﴾، هەرلەوێ (فەتانەی غەمگین) دەناسێت، کە خوشکی میدیایە، پاشان لە پاری شانزەدا باسی وانەکانی پاکبوونەوە دەکات کە مامۆستا (زەینەبی کوێستانی) پێیاندەڵێتو هەوڵ دەدات بە ئامۆژگارییو وتە سەرنجڕاکێشەکانی لەسەر ژیانی نوێی قوتابخانە رایانبهێنێت، ئەمەش وا لە خەندانو سەرجەم کچەکانی دیکە دەکات "لە رۆحی هەمووماندا هەستێکی سەیری دروستکردبوو، هەمووان هەستمان بەپیسێتی دەکرد، هەستماندەکرد هێندە پیسین دەبێت بەناو دەیەها رێگای ئالۆزو سروتی سەیردا تێبپەڕین تا پاکدەبینەوە" ﴿ئـ. پە: ١٨٧﴾، هەر لەو ماوەیەدا خەندان هەست دەکات ئەو پیاوەی کە لە ماڵی پوری لەگەڵیدا خەوتبوو، دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی، بەڵام کاتێك بۆ هاوڕێکانیو زەینەبی دەگێڕێتەوە باوەڕی پێناکەنو زەینەب پێیدەڵێت "خەندان، خەندانی چکۆلە، (تۆبە) دەبێت لە قووڵایی دڵەوە بێت، تۆ هێشتا وەسوەسەی گوناهەکان یاریت پێدەکەن، تۆ هێشتا ئارەزووەکانت دەتجوڵێنن." ﴿ئـ. پە: ١٨٩﴾

لە پاری نۆزدەدا" گێڕەرەوە باسی بارودۆخی قوتابخانەکە دەکات، کە چۆن بە ئاسایی تێدەپەڕێتو ئەمیش بە هۆی وەرگرتنی پۆستی لێپرسراوی کتێبخانەی قوتابخانەکەوە جۆرێك لە ئاسوودەیی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر زوو ئەم کەشە سروشتییەی قوتابخانە بە هۆی خۆسوتاندنی "لەیلا ـ یەکێك لە کچەکان"وە تێکدەچێت، ئەو زەردەخەنەیەشی چەندین ساڵ بوو لەسەر لێوی خەندان بوو، تێکەچێتو وندەبێت "دوای سووتانی لەیلا ئیدی ئەو زەردەخەنەیە لە ژیانو لە سیمامدا سڕایەوە." ﴿ئـ. پە: ٢٢٩﴾

لە پاری بیستو یەکدا کە دوا پاری تەوەری دووەمی رووداوەکانە، گێڕەرەوە باسی دوا رۆژەکانی خۆی دەکات لەناو قوتابخانەی خوشکە نۆبەرەکاندا، تادەگات بەو رۆژەی ناوی دەنێت شەوی بەر لە ئێوارەی پەروانەو تێیدا بە هۆی سنووربەزاندنی سەرکێشییەکانی خۆیو فەتانەوە مامۆستا زەینەب پێیان دەزانێتو سزایان دەداتو بۆ بەیانی دواتر خەندان دەباتەوە ماڵی خۆیان "من نازانم چۆن بە ئاگاهاتمەوە، بەڵام کە بە ئاگاهاتمەوە بەیانییەکی ساردبوو، گوێم لەدەنگی پورمو باوکم بوو، لەودیو ژوورەکەمەوە لەگەڵ زەینەبی کوێستانیدا قسەیان دەکرد، گوێم لێبوو پورم دەیگوت: خەندان خۆی کچێکی چکۆلانەیە، بەڵام ئیلهامی ئەم هەموو سەرکێشییەی لە پەروانەوە بۆ دێت، پەروانەش

دەمرێت ... بەڵێ ئەمڕۆ پەروانە دەمرێت" ﴿ئـ. پە: ٢٥٨﴾، لە کۆتایشدا باسی بەیانی دوای ڕووداوەکان دەکات، کە کەسێك بە ئاگای دێنێتەوەو داوای لێ دەکات خۆی ئامادەبکات بۆ ڕۆیشتن.

لە پاری بیستو دوودا گێڕەرەوە هەردوو تەوەری ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە بەیەکەوە گرێ دەداتەوە، لە سەرەتادا باسی سەفەری خۆیو پوریو فەتانەو باوکی فەتانەو چەند کەسێتییەکی دیکە دەکات بۆ ئەو گوندەی کە نەسرەدین پەروانەو میدیای تێدا شاردۆتەوە، پاشان باسی بە یەکتر شادبوونەوەی خۆیو پەروانە دەکات لە ژوورێکی ماڵی (پیر مووسا)دا، بەڵام بە هۆی ئەو کەژاوەیەوە (کەژاوەی مەرگ ــ بە پێی ناونانی خەندان) کە لە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خەڵك پێکهاتبوو و خۆیان بۆ سزادانی پەروانەی میدیا ئامادەکردبوو، ناتوانن کاتێکی زۆر پێکەوە بمێننەوەو هەر زوو خەڵکەکە پەروانەو میدیا ڕاپێچ دەکەنو لەبن دارێکدا دەیانکوژن "یەکێك لە مامۆستاکان هاتەپێشو بەچەند فەرمانێك هەمووانی ئاگادارکردەوە کە جگە لە براو کەسی کیژەکان کەسی دیکە هەقی بەشداریکردنی نییە، هەر ئەو مامۆستایەش بە هێمنی دوای ئارامبوونەوەیەکی ناوەخت دەستیکردە خوێندنەوەی سروتێکی درێژ. کە مامۆستا سروتەکەی خۆی تەواوکرد گەڕایەوە جێگای خۆیو ئەوجا براکانم لەگەڵ سەرجەمی گروپی تیربارانەکەدا چەکەکانیان بەرزکردەوە. لەوساتەدا کە پەروانە ڕووبەڕوو تەماشای مردنی دەکرد، کە ئێوارەی مردنی ئەو لە ئاسۆکانەوە هەڵ دەهات، کە هەمووان چاوەڕوانی دەنگی ترسناکی تفەنگەگان بووین، بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر دونیادا گرت ... کە دەنگی تفەنگەکان بەرزبووەوە، دونیا لە چاوتروکانێکا پڕبوو لە گەرد، من دڵنیابووم کە پەروانە دەبێتە گەرد، دەبێتە ئەو تۆزە ئاوریشمییە بریقەدارو نەرمە، تفەنگەکان بێدەنگ دەبوونو پەروانە هەر بەپێوەبوو، میدیا کەوتو پەروانە بە پێوە مایەوە، پێنەدەچوو بکەوێت، بەڵام بە شێوەی سەیر پەخشدەبووەوە" ﴿ئـ. پە: ٢٧١ - ٢٧٢﴾، لە کۆتایشدا گێڕەرەوە باسی کۆتاییهاتنی "ئێوارەی پەروانە" دەکات کە ئێوارەیەکی غەمگینەو ئەو ناوەش ئەوو فەتانە وەك کۆدێك لە نێوان خۆیاندا بەکاریانهێناوە.

لە پاری کۆتاییدا گێڕەرەوە ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو ئەو خاڵە دەباتەوە، کە تێیدا کۆتایی بە ڕووداوەکان هێناوەو لێیەوە دەستی بە گێڕانەوە کردووە، سەرەتای ئەم پارەش بە گەیشتنی مەعسومە بۆ قوتابخانە دەست پێدەکات، کە لە زاری ئەوەوە چیرۆکەکانی

عەشقستان دەبیستن، دواتر باسی گەڕانەوەی خۆیو فەتانەو مەعسوم دەکات بۆ ماڵی خۆیان، کە دوای مردنی باوکیو کۆچکردنی براکانی بۆ دەرەوەی وڵات بۆی مابووەوە، پاشان دێتەوە سەر باسکردنی چۆنیەتی نووسینەوەی چیرۆکەکان، کە چۆن پچڕپچڕو ناتەواو گەیشتوونەتە دەستی " کە دەستم بە چیرۆکەکەم کرد، تەنها دەلیلی من نەسرەدینی بۆنخۆش بوو" ﴿ئـ. پە: ٢٨٩﴾، لە کۆتاییشدا ئاماژە بەو ساتە دەکات کە تێیدا سەرقاڵی نووسینەوەو گێڕانەوەی چیرۆکەکانەو دەڵێت "من قەڵەمەکەم دادەنێمو دەڵێم بەسە." ﴿ئـ. پە: ٢٩٢﴾

بەم شێوەیە گێڕەرەوە لەو خاڵەدا" کە کۆتایی رووداوە گێڕدراوەکانو سەرەتای پرۆسەی گێڕانەوە پێك دەهێنن، کۆتایی بە رۆمانەکە دەهێنێت، بەڵام کۆتاییەکە کۆتاییەکی کراوەیە، چونکە خودی گێڕەرەوە دان بەوەدا دەنێت کە ئاگاداری تەواوی رووداوەکان نییەو دەشێت هەندێك رووداو لەو ئاراستەو رێڕەوە جیاوازبن کە ئەم بۆی کێشاون، هەروەها پاشەڕۆژو چارەنووسی خۆیو چەند کەسێتییەکی دیکەی رۆمانەکە (مەعسومەو فەتانەو نەسرەدین) بەکراوەییو نادیاریی ماونەتەوەو ئاراستەیان نادیارە، لەبەرئەوە ئەم رۆمانەش بە هەمان شێوەی رۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا) رۆمانێکە کۆتاییەکەی کراوەیە.

لە خستنەڕووی دیارترین رووداوەکانی رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)وە، بۆمان دەردەکەوێت کە بنیاتی بازنەیی لەم رۆمانەدا بنیاتێکی ئاوێتەیە، چونکە نووسەر لە رێکخستنی رووداوەکاندا" سەرەڕای بەکارهێنانی بنیاتی بازنەیی، هەریەکە لە بنیاتەکانی "تێهەڵکێشو هاوسەنگ"یشی بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە پاری "١"دا پراکتیزەی بنیاتی بازنەییەکەی کردووەو لەو پارەدا کۆتایی رووداوەکانی خستووەتەڕوو، پاشان لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ سەرەتای رووداوەکانو دەستیکردووە بە گێڕانەوە، بەڵام لە پاری "٢"دا پچڕانێکی لە کاتدا خوڵقاندووەو گەڕاوەتەوە بۆ کۆتایی رووداوەکان، لە پارەکانی "٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨"دا پەیڕەوی بنیاتی شوێنکەوتەی کردووەو بە شێوەی زنجیرەیی رووداوەکانی گێڕاوەتەوە، بەڵام لە پاری "٩"دا جارێکی دیکە پچڕانێکی لە کاتدا خوڵقاندووەو بە شێوەی گەڕانەوەی دەرەکیی گەڕاوەتەوە بۆ خاڵی بەر لە دەستپێکردنی رووداوەکان، جارێکی دیکەو لە پاری "١٠"دا گەڕاوەتەوە سەر زنجیرەی ئاسایی رووداوەکان، دواترو لە پاری "١١"وە تاکۆتایی رۆمانەکە بنیاتی هاوسەنگی بەکارهێناوە، هەروەها بە درێژایی

دەقەکەش تیشکخستنەسەر تێڕوانینو هەڵوێستی کەسێتییەکان ئامادەیی هەیەو بەردەوام بەرچاودەکەوێت، لە پاڵێشیدا پچڕاندنو پێشو پاشخستنی رووداوەکان دیاردەیەکی هەستپێکراوەو لە زیاد لە پارکیدا دووبارەبووەتەوە، ئەمانەش هەموویان بنیاتەکە دەگۆڕنە سەر بنیاتێکی ئاوێتە.

لە میانی توێژینەوەو لێدووان لە تایبەتمەندیی جۆرەکانی بنیاتی رووداو لە رۆمانداو پراکتیزەکردنیان لەسەر چەند رۆمانێکی کوردی باشووری کوردستان، دەگەین بەو ئەنجامەی کە بڵێین:

١- پەیوەست بە سروشتو ئەو زەمینەیەی بۆ ئەدەبی کوردی بە گشتیو ژانری رۆمان لە کوردستاندا رەخساوە، دەتوانین بڵێین" رۆماننووسانی کورد سەرکەوتوو بوون لە بەکارهێنانی ئەم بنیاتانەدا، چونکە زەمینەو بارودۆخی هاتنەئارای رۆمانی کوردیو ئەو قۆناغانەی پیایاندا تێپەڕیوە، جیاوازە لە هی نەتەوەکانی دیکە*، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازبوونی تایبەتمەندییەکانی لە رۆمانی نەتەوەکانی دیکە، لە بارێکی وەهاشدا پێویست دەکات توێژەر ئەم لایەنانە بە هەند وەربگرێت، وەك چۆن لای توێژەرانو رەخنەگرانی نەتەوەکانی دیکە بەدی دەکەین، بۆ نموونە (فۆرستەر ــ ١٨٧٩ - ١٩٧٠) بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی ناوخۆیی بە شێوەی هاوسەنگانە رۆمانی خۆیانی هەڵسەنگاندووە"[1]

---

* زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەم بابەتە دوواون، جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کە "نابێت رەهایانە بەپێی پێوەرە جیهانییەکان لە رۆمانی کوردی بکۆڵینەوە، چونکە رۆمانی کوردی زادەی سروشتی سیاسییو کۆمەڵایەتیی باری ژیانی کوردەو ئەنجامدانی کارێکی لەو شێوەیە دەبێتەهۆی لە دەستدانی تایبەتمەندیی کولتووریی".

بڕوانە: أ- رۆمانی کوردیو تایبەتمەندییەکانی، سابیر رەشید، گ: ئایندە، ژ: ٦٦، ٢٠٠٠، ل ٢٩.

ب- پێناسە .. بنەما .. تێبینی، عەبدوڵڵا سەڕاج، گ: کاروان ژ: ١٠٨، ١٩٩٧.

پ- رۆمانی هێلانە لە نێوان نووسینەوەی واقیعو بە ئەدەبکردندا، عەتا قەرەداغی، گ. ئایندە، ژ: ١، ١٩٩٩، ل ٢٦-٢٨.

ت- گەڕانەوە بۆ رەفزەکانی رابردوو لە کورتە رۆمانی "سۆناتای رۆح"ی عەبدوڵڵا سەڕاجدا، عەتا قەرەداغی، گ. گەلاوێژی نوێ، ژ: ٢٢، ٢٠٠١.

[1] رەخنەی (ڕەخنەی رۆمانی کوردی ١٩٧٣-١٩٩٩)، فوئاد رەشید، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٢٠.

٢- بە شێوەی گشتی مەبەست لە گۆڕانکاریی لە بەکارهێنانی ئەم بنیاتانەدا، هەمەڕەنگکردنی پرۆسەی گێڕانەوەو هونەرکارییە لە شێوازی پێشکەش کردنی رووداوەکاندا، چونکە رۆماننووس بەهەر شێوەیەكو بە پێی هەر بنیاتێك رووداوەکان رێك بخاتو پێشکەشیان بکات، لە بەهاو ناوەڕۆکیان ناگۆڕێت، یاخود کاریگەریی لەسەر واتاکانیان نابێت، بەڵکو لە رێگەی ئەو گۆڕانکارییانەوە جوانییەك بەڕووخساری دەقەکە دەبەخشێت.

٣- پانتایی‌و رووبەری ئەو رووداوانەی رۆماننووس دەیەوێت لە چوارچێوەی رۆمانێکدا کۆیانبکاتەوەو بییانگێڕێتەوە، بە رێژەیەك کاریگەرییان هەیە لە دیاریکردنی ئەو بنیاتەی پێویست دەبێت پشتی پێببەسترێت، چونکە رووداوەکان تاوەکو لە رووی چەندێتییەوە زۆربن ــ بە تایبەت بە پێی کاتی روودانیان، پێویستیان بەبنیاتی ئاڵۆزتر دەبێت، بۆ نموونە:

أ- ئەگەر رووداوەکان خۆیان سروشتێکی سادەیان هەبێتو تایبەتمەندییەکی مێژووییان لە خۆیاندا هەڵگرتبێت ــ وەك لە رۆمانی (پاشایان کوشت) یان (بوهڕین)دا بەدیمان کرد، رۆماننووس دەتوانێت بە تەنها بنیاتی شوێنکەوتە یاخود بازنەیی بە شێوە سادەکەی بەکاربهێنێت.

ب- بەڵام ئەگەر رووداوەکان لە رووی چەندێتییەوە زۆربن، کاتی روودانیشیان هاوکات یان نزیکی یەکتر بوو، رۆماننووس ناچاردەبێت بە پێی تایبەتمەندییان رووبکاتە بەکارهێنانی یەکێك لە بنیاتەکانی (تێهەڵکێش) یاخود (هاوسەنگ).

٤- بە شێوەی گشتی ئەو بنیاتەی رۆماننووس لە رێکخستنی رووداوەکاندا بەکاری دەهێنێت کاریگەریی هەیە لەسەر دیاریکردنی ئاستی ئاڵۆزیی دەقەکەو جۆری خوێنەرەکەی، بۆ نموونە:

أ- کاتێك رۆماننووس بنیاتی شوێنکەوتە بەکاردەهێنێت، رووداوەکان لە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکی مێژووییدا رێك دەخاتو کردەکانی پاشو پێشخستن لە رێڕەوی رووداوەکاندا بەرپا ناکاتو کۆی دەقەکە شێوەیەکی سادە لەخۆدەگرێت، لەم بارەشدا خوێنەر پێویستی بە قووڵبوونەوەو بەکارهێنانی سەرنجێکی ئەوتۆ نابێت لە پەیکەری رووداوەکانداو تەنها لە رێگەی بەردەوامیدان بە خوێندنەوەوە دەتوانێت لە تەواوی رووداوەکان بگات (ئەم خاڵە بۆ بنیاتی بازنەییش تا رادەیەك هەر راستە).

ب- بەڵام خوێنەر بۆ تێگەیشتنی تەواو لە ناوەڕۆكو دەرخستنی پەیامی ئەو ڕۆمانەی لە ڕێكخستنی ڕووداوەكانیدا هەریەكێك لە بنیاتەكانی (تێهەڵكێش) یان (هاوسەنگ)ی بەكارهێناوە، پێویستی بە سەرنجو لێوردبوونەوەیەكی تایبەت دەبێت، سەرەڕای بوونی ئەزموونو باكگراوندێكی مەعریفیو هونەریی، چونكە لەم بنیاتانەدا ڕووداوەكان ئاڵۆزنو خوێنەر لە هەمان كاتدا ڕووبە ڕووی زیاد لە ڕووداوێك دەبێتەوە كە هەریەكەیان خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتیو ئاراستەو كۆتاییەكی تایبەتو جیاوازی هەیە لەوانی دیكە، لەبەرئەوە دەقێكی لەم جۆرە پێویستی بە خوێنەرێكی (ڕاستەقینە ــ بە پێی ناونانەكەی ڕامان سڵدن) هەیە، چونكە بە بۆچوونی (ڕامان سڵدن)، "دەتوانرێت خوێنەر بكرێت بە دوو جۆرەوە، خوێنەری خودیو خوێنەری ڕاستەقینە، یەكەمیان ئەو خوێنەرەیە كە دەق خۆی دروستی دەكات، بەڵام خوێنەری ڕاستەقینە لە ئەزموونی ئیستاتیكی خۆیدا كۆمەڵێك پێشینەی هەیەو دەقیش لە میانی خوێندنەوەدا لەلای خۆیەوە ڕووبە ڕووی چەندین كۆتو بەندی دەكاتەوە"[(1)]، بەم پێیەش دەتوانین بڵێین ئەو ڕۆمانانەی بنیاتە ئاڵۆزەكانی وەك (تێهەڵكێش)و (هاوسەنگ)یان تێدا بەكارهاتووە، پێویستیان بە خوێنەری ڕاستەقینە هەیە، لە كاتێكدا خوێنەری خودی دەسەڵاتی بەسەر ئەو ڕۆمانانەدا دەشكێت كە ڕووداوەكانی بە پێی بنیاتی (شوێنكەوتە٩ ڕێكخراون.

---

[1] النظرية الأدبية المعاصرة، ص ١٦٧.

# بەشی سێیەم

# شێوازەکانی گێڕانەوەی رووداو

# لە رۆمانی کوردیدا

هەولێرنامەی کێبر

هەواڵنامەی کتێب

# چەمکی گێڕانەوە

گێڕانەوە" یەکێکە لەو پرۆسانەی هەر یەکێك لە ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا بە شێوەی بەرفراوانو بەردەوام پراکتیزەی دەکەینو پشتی پێدەبەستینو مێژووی دەرکەوتنی هاوکاتی مێژووی دروستبوونی زمانە، چونکە گێڕانەوە "گێڕانەوەی رووداوێك یان چەند رووداوێك یاخود هەواڵێك یان پتر لە هەواڵێکە، کە سەرچاوەیەکی راستەقینەی هەبێت یاخود دروستکراوو داهێنراوی خەیاڵ بێت"[1]، لەبەرئەوە سادەترین گفتوگۆی نێوان دوو کەس یان زیاتر" بەویست بێت یاخود بێ ویست ئەم پرۆسەیەی تێدەکەوێت، چونکە گواستنەوەو گەیاندنی زانیاریو هەواڵی تایبەت بەهەر لایەنێکی ژیان، لێدووان لە دیاردەو رووداوە جۆراو جۆرەکانو تەنانەت گوزارشتکردن لە سادەترین هەستو ویستی دەروونی مرۆڤ لە رێی گێڕانەوەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، ئەم دیاردەیە سەرجەم بەرهەمەکانی بیرو مێشکیش دەگرێتەوە (هەر لە بابەتە زانستییەکانەوە تادەگات بە هونەرو بابەتە ئایدۆلۆجییەکان).

پرۆسەی گێڕانەوە لە دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا بە گشتیو ژانری رۆماندا بە تایبەتی گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە، چونکە ئەو دەقانە لە پێناو گوزارشتکردن لە تێڕوانینێکی تایبەتی نووسەرێك بەرامبەر دیاردەیەك یان رووداوێك، یاخود بۆ دەربڕینی هەستێکی

---

[1] دراسات في القصة العربية الحديثة (أصولها، إتجاهاتها، أعلامها)، د. محمد زغلول سلام، المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٧، ص ٤٥، منقول من (محي الدين زنكنة روائيا، رؤوف عثمان معروف، أطروحة دكتوراه، كلية الأداب ـ قسم اللغة العربية وآدابها، جامعة المستنصرية، ٢٠٠٧، ص ٨).

* دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ژانری رۆمان، یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم توێژینەوەی ئەو توێژەرانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، چونکە بە دانپێدانانی خودی توێژەرانو رەخنەگرانی ئەم بوارە، بەپێی قوتابخانە رەخنەییەکان، گۆشەنیگاو شێوازی لێکۆڵینەوەی توێژەرانو رەخنەگرانو تایبەتمەندیی خودی هونەرەکە بەپێی قۆناغەکان، چەندین پێناسەی جیاواز بەدی دەکرێت.

بڕوانە: Nation and Novel – A Study of Persian and Kurdish Narrative Discourse، Hashem Ahmadzadeh، Uppsala University Library، Uppsala، Sweden، 2003، P: 34-64.

پەنگ خواردووی دەروون بەرهەم دەهێنرێن، رۆمانیش*" کە بریتییە لە "چیرۆکێکی ئەندێشەیی دارێژراو لە شێوەی پەخشانداو لە لایەن گێڕەرەوەیەکەوە دەگێڕدرێتەوە، کە رووداوەکانی چەند مۆتیڤێکی (کۆمەڵایەتیی یان ئیرۆسیی یاخود بابەتێکی ژیانی رۆژانە) کۆنترۆڵیان دەکەن"[1]، (میشێل بوتۆر) بە "تاقیگای گێڕانەوە"[2] پێناسەی دەکات، خودی گێڕانەوەش "هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ چنینو رێکخستنو دابەشکردنی رووداوە واقیعییو خەیاڵئامێزەکان لە پەیکەری دەقی رۆماندا، سەرەڕای نواندنەوەی (پێشینە ــ مرجعیە) رۆشنبیرییەکانو گوزارشتکردن لە تێڕوانینو هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان"[3]، لەبەرئەوە بەرهەمهێنانی دەقێکی رۆمان بەبێ پراکتیزەکردنی پرۆسەی گێڕانەوە کارێکی مەحاڵە.

سەبارەت بە چۆنیەتی گێڕانەوەو پێشکەش کردنی رووداوەکانی رۆمان، رەخنەگران خاوەنی زیاد لە بۆچوونێکنو هەندێکیان پێیان وایە "شێوازو رێگاکانی گێڕانەوە بە پێی چەندێتی گۆشەنیگاو شێوازی تێڕوانینی رۆماننووس بۆ رووداوەکان دەگۆڕدرێت"[4]، هەروەها (واین بووس ــ Wayne Booth ــ ١٩٢١ – ٢٠٠٥) دەڵێت "پێنج ملیۆن رێگە هەن بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێك، بە پێی ئەو ئامانجەی لەو کردەیەدا مەبەستمانە"[5]، واتە رۆماننووس کاتێك رۆمانێك بەرهەم دەهێنێت چەندین رێگای لە بەردەمدایە بۆ گێڕانەوەو پێشکەش کردنی رووداوە جۆراوجۆرەکانو بە شێوەی گشتی پەیوەست نییە بە تەنها رێگایەك یان شێوازێکی تایبەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سروشتو تایبەتمەندیی رووداوەکان بە هەند وەربگرێتو ئاستی هونەریی دەقەکە پشتگوێ نەخات، چونکە "گێڕانەوە هونەرە نەك زانست"[6]و "پرۆسەی گێڕانەوە هەر ئەوە نییە کە بە شێوەی ئاساییو زمانێکی ساکار رووداوێك بگێڕدرێتەوە، بەڵکو پێویستە گێڕەرەوە لە

---

[1] Nation and Novel، P: 56 .

[2] الرواية الفرنسية الجديدة ــ الجزء الأول، نهاد التكرلي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥، ص ٥٤.

[3] السرد في الرواية العربية المعاصرة، عبدالله إبراهيم، www.abdullahibrahem.com.

[4] المتخيل السردي، ص ١١٦.

[5] نظرية السرد من وجهة نظر الى التبئير، جيرارد جينيت وآخرون، ت: ناجي مصطفى، بدون مكان وتأريخ الطبع، ص١٠.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

گێڕانەوەدا لێهاتوویی بنوێنێت لە بەکاربردنی رەگەزی چێژو خەیاڵ، لە پێناو گواستنەوەی تەواوی چێژو هەژانەکانی بابەتی گێڕدراوە بۆ وەرگر یان گوێگر"[1]، هەربۆیە (ئـالان رۆب گـریێ) دەڵێـت "چیرۆکنووسـی راسـتەقینە ئـەو کەسـەیە کـە دەزانێـت چـۆن چـیرۆکەکەی بگێڕێتەوە"[2]. کەواتە" سەرەڕای بوونی چەندین شێوازو رێگـەی جیـاوازو جۆراوجـۆر بـۆ گێڕانەوەی رووداوەکانی رۆمانێك، هێشتا هەندێك پێـودانگی ئامـادەیی هـەن لـە بـەردەم ویستو توانای رۆماننووسدا، بەڵام ئەو پێودانگانە زیاتر پەیوەستن بـە لایـەنی هونـەریی‌و ئیستاتیکییەوە، واتە بەپراکتیزەکردنیان ئاستی هونەریی دەقەکە باڵا دەکات، لە کاتێکدا نائامادەییان کاریگەریی پێچەوانەی دەبێت.

سەرەڕای ئەم تێڕوانینانەو چەندین تێڕوانینی دیکە" پەیوەست بەو رێگایانەی دەشـێت رۆماننووس پەیڕەویان بکات لە گێڕانەوەی رووداوەکانی رۆماندا، لە رووی پراکتیکیشەوە بە شێوەی گشتی چەند رێگایەك خراونەتەڕوو، لەم روانگەیەشەوە فۆرمالیستە رووسـەکان گێڕانەوە دابەش دەکەن بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا، ئـەوانیش "گێڕانـەوەی (بابـەتیی ـــ Objective)و (گێڕانـەوەی خـودی ـــ Subjective)ن"[3]، هـەروەها (والاس مـارتن ـــ ١٨٥٨ – ١٩٣٧) پێیوایە "گێڕانەوە دەکرێت بە چەند رێگەیەکەوە، ئـەوانیش (گرتـە ـــ Scene)، (پیشاندان ـ Showing)، (لاساییکردنەوە ـMimic)ن، سەرەڕای نواندنـەوەی وتــەو کــرداری کەســێتییەکان بــە شــێوەی راســتەوخۆ، یــان ئیقتیباســی بــیرو مۆنۆلۆگەکانیان"[4]، هەروەك چـۆن هەنـدێك توێـژەری دیکـە ئـەم دابەشـکردنەیان زیـاتر وردکردووەتەوە بۆ:

١- گێڕانەوە لە رێی حیکایەتخوانەوە.

٢- گێڕانەوە لە رێی کارەکتەرەوە.

٣- گێڕانەوە لە رێی دیالۆگەوە.

---

[1] تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا، ل ٦.

[2] عالم الرواية، رولان برونوف وريال أوئيلية، ، ت: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافيـة العامـة، الطبعـة الأولى، بغداد، ١٩٩١، ص ٣٧.

[3] نظرية المنهج الشكلي، ص ١٨٩.

[4] نظريات السرد الحديثة، والاس مارتن، ت: حياة جاسم محمد، المجلس الأعلى للثقافـة، بغـداد، ١٩٩٨، ص ١٦٣، (ساڵی چاپی لەسەر نییە).

٤- گێڕانەوە لە ڕێی مۆنۆلۆگەوە.
٥- گێڕانەوە لە ڕێی فلاش باکەوە[1].

ئێمەش بە گونجاوی دەزانین ڕێگەی یەکەم ـ دابەشکردنەکەی فۆرمالیستە رووسەکان، کە پێکهاتووە لە (گێڕانەوەی بابەتییو گێڕانەوەی خودیی) ـ لەسەر رۆمانە کوردییەکان پراکتیزە بکەین، چونکە دابەشکردنەکانی دیکە بە شێوەی گشتی فراوانکردنەوەی ئەم دابەشکردنەو بەشیکردنەوەو قووڵبوونەوەش لەم دابەشکردنەدا هەردوو دابەشکردنی دووەمو سێیەم لە خۆدەگرێت.

## یەکەم: گێڕانەوەی بابەتیی:

گێڕانەوەی بابەتیی لە رووی مێژوییەوە کۆنترین جۆری گێڕانەوەیەو چیرۆكو حیکایەتە میللییەکان بەم شێوازە گێڕدراونەتەوەو پێشکەشکراون، لەم شێوازی گێڕانەوەدا "گێڕەرەوە هەوڵ دەدات هەموو شتەکان بگێڕێتەوە بۆ سنووری دەسەڵاتی خۆی، لە ڕێی نیشتەجێبوونو خۆشاردنەوە لە نێو کەسێتییەکانی رۆماندا"[2]، واتە لە کاتی گێڕانەوەو پێشکەش کردنی رووداوەکانی چیرۆکێك یان بەسەرهاتێکدا، گێڕەرەوە هەوڵ دەدات خۆی رووداوەکان بخاتەڕوو، دەبێتە زمانحاڵی کەسێتییەکانو شارەزا لە کاتو شوێنی رووداوەکانو جووڵەی کەسێتییەکاندا.

دەرکەوتنی راستەقینەی ئەم شێوازەی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە بۆ داستانەکان، چونکە بە شێوەی گشتی گێڕەرەوەی ئەو ژانرە "وەك پەیامبەرێکی نێوان کەسێتییەکانو خوێنەر"[3] هەڵسوکەوت دەکات، لەوبارەیەشەوە (ئایان بۆس) دەڵێت "هۆمیرۆس لە میانی نووسینی داستانەکانیدا، یەك لاپەڕە نانووسێت بەبێ ئەوەی جۆرێك لە روونکردنەوەی راستەوخۆ سەبارەت بە پاڵنەرو ویستەکانی کەسێتییەکانو گرنگیی رێژەیی رووداوەکان نەخاتەڕوو"[4]، رۆمانیش وەك "نەوەی نوێی ژانری داستان"[1] بوونی ئەم جۆرەی گێڕەرەوە تێیدا وەك شتێکی ئاساییو باو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

---

[1] بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە رۆمانی کوردیدا، ل ١١٩.
[2] البناء الفني في الرواية الحرب في العراق، ص ١٦٨.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨.
[4] مدخل الى نظرية الرواية.

سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی بابەتیی (تۆماشڤسکی ـــ ١٨٩٠ — ١٩٥٧) دەڵێت "لە گێڕانەوەی بابەتیدا نووسەر ئاگاداری هەموو شتێکە، تەنانەت بیرو هەستە پەنهانەکانی کەسێتییەکانیش"[2]، واتە لەم جۆرەی گێڕانەوەدا ڕۆماننووس بە شێوەی شاراوەو لەژێر رووپۆشی گێڕەرەوەیەکی دەرەوەی ژینگەی ڕۆمانەکەدا رووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوەو وێنەی دەروونو هەستو ویستەکانی کەسێتییەکانمان بۆ دەنەخشێنێت، بەڵام (تزفتیان تۆدۆرۆف) زیاتر قووڵدەبێتەوەو سێ جۆر گێڕەرەوەی بابەتیی دەستنیشان دەکات، ئەوانیش:

١- گێڕەرەوە زانیاریی لە کەسێتیی زیاترە (بینین لەدواوە)

٢- گێڕەرەوە هێندەی کەسێتیی زانیاریی هەیە (بینین لەگەڵ)

٣- گێڕەرەوە زانیاریی لە کەسێتیی کەمترە (بینین لە دەرەوە)[3]

گێڕەرەوەی بابەتیی "خۆی رووداوەکان هەڵدەبژێرێتو هۆکارەکانیان لێکدەداتەوە بەبێ ئەوەی هیچ سنوورێك لە نێوانیاندا بکێشێت، کەسێتییەکانیش لە چوارچێوەی ئەو ململانێ فیکریی‌و دەروونیی‌و پەیوەندییەیانەی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە" دەخاتەڕوو، جگە لەوەی وەسفی تەواوی ژینگەو هۆکاری بەرپابوونی رووداوەکانو دەکات"[4] ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی "سەربەستییەکی تەواوی هەبێت لە جووڵەو گەڕان بەنێو جیهانە جیاوازەکانی کەسێتییەکاندا، هەروەها توانای پێشاندان یاخود شاردنەوەی دیاردەو لایەنە جیاوازەکانی روداوەکانی لە خوێنەر هەبێت."[5]

بەڵام دەسەڵاتی ئەم جۆرەی گێڕەرەوە لە کاتی رێکردنی رووداوەکانی ڕۆماندا گۆڕانی بەسەردا دێتو بەو پتەویی‌و رەهاییە نامێنێتەوە، چونکە لە دوای ئەو ئاستەوە کە رووداوەکان بەیەکدا دەچنو ئاڵۆزییەك لە پێکهاتەیاندا بەرپادەبێت، ژینگەو شوێنی رووداوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێتو هەروەها کەسێتییەکانیش کارایییان پەرەدەسێنێتو

---

1 سەرچاوەی پێشوو.

2 أساليب السرد في الرواية العربية، د. صلاح فضل، دار المدى للثقافة والنشر، ط١، دمشق، ٢٠٠٣، ص ٢١.

3 ألإنشائية الهيكلية، تزفتيان تودوروف، ت: مصطفى التواتي، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد: ٣، السنة الثانية، ١٩٨٢، ص ١٢.

4 البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق، ص ١٦٨.

5 النقد التطبيقي التحليلي، ص ٨٦.

گوزارشت له هەستو ویستەکانیان دەکەن، لەبەرئەوە دەسەڵاتی گێڕەرەوەی بابەتیی لاواز دەبێتو لە هەندێك شوێندا بە پێی پێویست کردەی گێڕانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێتییەکانو لە رێی یەکێك لە تەکنیکەکانی تری گێڕانەوەوە چەند رووداوێك دەگێڕدرێنەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین "ئەو سەربەستییەی چیرۆك گێڕەرەوەی هەمووشتزان لە رووی زانینی ئەو زانیارییانەی دەیانزانێتو ئاشکراکردنی یان شاردنەوەی ئەو زانیارییانەو ئامادەبوونی لە هەموو کاتو شوێنێکدا سەربەستییەکی رەهای هەیە، بەڵام لە رووی دارشتنی چیرۆکەکەوە بە پێی یاسا ئاڵۆزەکانی ناوەوە دەبێ پەیرەوی چەند رێسایەك بکات، بێگومان ئەمەش سەربەستییەکی دیاریکراوو دەداتە چیرۆك گێڕەوەی هەمووشتزانو ناهێڵێت بە ئارەزووی خۆی پەل بهاوێتو هەرچی بە خەیاڵیدابێت بیکات."[1]

ئەم جۆرەی گێڕانەوە لە چەندین رۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا بەکارهێنانی بەرچاو دەکەوێتو دووبارەبووەتەوەو زۆربەی رۆماننووسان پشتیان بەم جۆرەی گێڕانەوە بەستووە لە پێشکەش کردنی رووداوو بەسەرهاتی کەسێتییەکانی رۆمانەکانیاندا.

لە گێڕانەوەی بابەتیدا" کە گێڕەرەوە تێیدا گێڕەرەوەیەکی دەرەکییە، بەدوو (شێوە ـــ جێناو) گێڕەرەوە رووبەڕووی کەسێتییەکانو کردارو رووداوە لێڕوودراوەکانیان دەبێتەوە، ئەوانیش جێناوەکانی (ئەو ـ کەسی سێیەمی تاك)و (تۆ ـ کەسی دووەمی تاك)ن، واتە گێڕەرەوە" یان لە کاتی گێڕانەوەدا بە شێوەیەك رووداوەکان دەخاتەڕوو کە پەیوەستن بە کەسێکی نادیارەوە، یاخود بە شێوەیەك دەیانگێڕێتەوە، کە خوێنەر هەست دەکات رووی دەمی گێڕەرەوە لەوە، ئێمەش بۆ تیشکخستنەسەر تایبەتمەندییەکانیان بەدوو تەوەر لێیان دەدوێین:

### أ- جێناوی (ئەو ـ کەسی سێیەمی تاك)

ئەم شێوازەی گێڕانەوە" کە تێیدا مامەڵەکردنی گێڕەرەوە لەگەڵ کەسێتییەکاندا بە جێناوی کەسی سێیەمی تاکە، دێرینترین شێوازی پێشکەش کردنو گێڕانەوەی دەقە

[1] بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢١٧-٢١٨.

چیرۆك ئامێزەكانە، ئەم شێوازە "لە نێو شێوازەكانی گێڕانەوەدا باوترینیانەو بۆ نووسەرو خوێنەریش زۆر ئاسانە"[1]، ئەمەش وای كردووە بەكارهێنانی لە لایەن ڕۆماننووسانەوە زۆر بەربڵاوبێت، چونكە:

١- ڕێگەیەكی باشە بۆ ئەوەی گێڕەرەوە لە پشتییەوە خۆی بشارێتەوەو بیروڕاو ئایدیۆلۆجیاكانی بخاتەڕوو.

٢- لە ڕێی بەكارهێنانی ئەم جێناوەوە خۆی لە تێكەڵبوون بە ڕووداوەكان دەپارێزێتو دەقەكە لەوە دووردەخاتەوە كە وەك ژیاننامەیەك دەربكەوێت.

٣- بەكارهێنانی جێناوی (ئەو) گێڕەرەوە دەپارێزێت لە (تۆمەتی درۆ) پەیوەست بە ڕووداوەكانەوە، چونكە ئەم تەنها گێڕەرەوەو پێشكەشكەری ڕووداوەكانەو تەنها پەیامبەرێكی نێوان ڕووداوە خوڵقاوەكانو خوێنەر/ وەرگری چیرۆكەكانە.

٤- هەروەك چۆن بەكارهێنانی ئەم جێناوە هەل بۆ ڕۆماننووس دەڕەخسێنێت زانیاریی تەواوی دەربارەی كەسێتییەكانو ڕووداوەكانی نێو ڕۆمانەكەی هەبێت، لەسەر بنەمای (ئەو وردەكاریی هەموو ڕووداوەكانی پێگەیشتووە بەرلەوەی بییانگێڕێتەوە).[2]

یەكێك لەو ڕۆمانە كوردییانەی باشووری كوردستان كە پشتی بەم شێوازە بەستووە بۆ گێڕانەوەی ڕوداوو پێشكەش كردنی كەسێتییەكان، ڕۆمانی (ئەژدیها)ی (محەمەد موكری)یە.

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەو لە بەرگی گێڕەرەوەیەكی بابەتیدا ڕووداوەكانمان بۆ دەگێڕێتەوە كاتو ژینگەو كەسێتییەكانمان پێدەناسێنێتو وەك چاودێرێك ئاگای لە هەموو ڕووداوو بەسەرهاتو وردەكارییەكانی نێو چیرۆكەكانە ـــ واتە گێڕەرەوەیەكی هەموو شتزانە. ئەم ڕۆمانە" كە ڕۆمانێكی تاك پاڵەوانە*و تایبەتە بە گێڕانەوەی چیرۆكی تێوەگلانی كەسێتیی سەرەكیی ـ كەریم لە كێشەیەكی كۆمەڵایەتییەوەو دواتر

---

[1] في نظرية الرواية، ص ١٧٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧ – ١٧٨.

* ڕۆمانی تاك پاڵەوان "ڕۆمانێكە" تێیدا هەمیشە بایەخێكی زۆر بە پاڵەوانی سەرەكیی دەدرێتو پاڵەوانەكانی تریش كە لە پەراوێزدا ناویان دێتو وەسفیان دەكرێت، لە دەوری ئەو پاڵەوانە سەرەكییە دەسوڕێنەوە"

بڕوانە: گەمە هونەرییەكانی تاریكستانی لم، ل ٢٠.

هەڵهاتنی بۆ چیاو بوون بە پێشمەرگەی، گێڕەرەوەی بابەتیی هەر لە دەستپێکەکەوە دەگێڕێتەوە "بەرەبەیانی شەوێکی بە نهێنی ئاوسی جەڕاو ـــ هێشتا نیوە کولێرە پاییزییەکەی مانگ لەرزی تریفەی دەباراند ـ نهۆمی دووەمی خانوویەکی کەلاوە ئاسا (کەریمی) تفاندە خوارێ داخزا وەك یەکەم ساتی ژیانی، کە چۆن لە منداڵدانی دایکییەوە، تووڕهەڵدرا، ئەوا ئەم بەرەبەیانییەش ـــ نەك بە رووتی، بەڵکو بە پانتۆڵێکی رەنگبواردووی پیناوی چاکەتە کۆنێکی لە لنگە کڕاودا ـــ لە بری خوێناو، زوخاوی پەژارەیی، منداڵدانە چرچەکەی، خانووە بە کۆڵان ئاشناکە، رووەو گڵە شێدارەکەی، حەوشە بەرینەکە نارد... هەرکەسێ کەریمی دیبا، یەکسەر چاوی دەبڕییە رەوتە لەتر ئامێزو هەنگاوە سستەکانی، گومانی مەی زەردەیی لێدەکرد.. کەریم جانتاییێکی کۆنی گرتووەتە دەست، هەندێ وردە پێویستی تێئاخنیوە، لۆژلۆژ لەسەر ناردوانەکانەوە بەرەوخوار دەبێتەوە." ﴿ئە: ٥﴾

گێڕەرەوە لەم رۆمانەدا ئاگاداری هەڵسوکەوتو کرداری رووکەشانەی کەسێتییەکەی چیرۆکەکەیەتیو وێنەی شێوەو رووخساری دەرەوەشی بە تەواوەتی کێشاوەتەوە، هەروەها لە رێی راناوی کەسی سێیەمی تاك (ئەو)ەوە ئەو کەسێتییەمان پێدەناسێنێتو کردارو هەڵسوکەوتەکانی دەخاتەڕوو، ئەمەش دەبێتە هۆی دووربوونی لە هەندێك وردەکارییو لایەنی تایبەت بە رووداوەکانو نەبوون یان کەمبوونی زانیاریی لە سەریان، چونکە گێڕەرەوە چەندە نزیکیش بێت لە کەسێتییەکانو رووداوەکانی تایبەت پێیانەوە، هێشتا ناتوانێت ئاگای لە هەندێك بابەتی شاراوەی رووداوەکانو ویستی کەسێتییەکانی بێت.

لەبەرئەوە هەر دوای ئەم دەستپێکە ئەرکی گێڕانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێتییەکەو ئەو تیشك دەخاتەسەر چەند لایەنێك، بە تایبەت هەستە شاردراوەکانی دەروونیو دەڵێت "بریا منداڵدانی دایکیش وەك پەیژە دەبوو، تا هێدی هێدی مەلۆتکەکە، ناردوان بە ناردوان، دەهاتە خوارێ، نەك ژانو خوێن رایماڵنو دەری پەڕێنن." ﴿ئە: ٥﴾ تێبینی دەکەین" گێڕەرەوەی بابەتیی ئاگاداری چۆنیەتی رووداوەکانەو زۆر بەوردییو سەرنجەوە توانیویەتی تەواوی شێوەی دەرەوەو چۆنیەتی رووداونیان بگێڕێتەوەو بیانخاتەڕوو، سەرەڕای کێشانەوەی وێنەی سیماو تایبەتمەندییەکانی کەسێتییەکە، بەڵام کاتێك ئاراستەی رووداوەکان رووەو دەروونو بیری کەسێتییەکە رێ دەکەنو هەڵوێستو ویستی

دەروونی کەسێتیی دێنەقسە، ئەم گێڕەرەوەیە دەوەستێتو رۆڵی گێڕانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێتییەکەو ئەو ئەرکی ئاشکراکردنی هەندێك لایەن دەگرێتە ئەستۆ.

بە خوێندنەوەی کۆی رووداوەکانی ئەم رۆمانە" بۆمان دەردەکەوێت، بەردەوام ئەرکی گێڕانەوە لە نێوان گێڕەرەوەی بابەتییو کەسێتییەکاندا هاتوچۆ دەکاتو هەموو رووداوەکان بە تەنها لە لایەن گێڕەرەوەی بابەتییەوە ناگێڕدرێنەوە، بەڵام لە کۆی دەقەکەدا گێڕەرەوە وەك رێکخەرو ئاگاداری کردەو هەڵسوکەوتی کەسێتییەکانو رێکردنی رووداوەکان ــ سەرەڕای شارەزایی لە کاتو شوێنی رووداوەکان ــ خۆی دەنوێنێت، چونکە بەدەر لە گرتنەئەستۆی ئەرکی گێڕانەوەی زۆرینەی رووداوەکان، لە کاتی گوزارشتکردنی کەسێتییەکان لە هەستە ناوەکییو بیرە شاراوەکانیاندا دەستەوەستان ناوەستێتو بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەو هەستانە، یان بە خستنەڕووی (توانج ــ Comment)ەکانی لە بارەیانەوە، دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێتەوەو بوونی خۆی دەردەخات، ئەمەش لە میانی خوێندنەوەو لێکدانەوەی رووداوەکانی رۆمانەوە هەستی پێدەکرێت. بۆ نموونە" دوای ئەوەی (کەسێتیی سەرەکیی ــ کەریم) دەکەوێتە بارودۆخێکی دەروونیی ناجێگیرو گرانەوە (بە هۆی بێتوانایی لە بڕیارداندا لە نێوان هەڵهاتنو مانەوەدا)، لە دەروونی خۆیدا چەند شتێك تاووتوێ دەکاتو لێکدەداتەوە ــ بێگومان لە دەرەوەی دەسەڵاتی گێڕەرەوەی بابەتیی، "چوار منالی سەرو قنگ، ژنێك هەر تەنها ناوی ژنە ــ قایل، بێدەنگ، (گوی دەخواردو دەیگوت خوا رزقم دەدات) ... ئەرێ ئەمانە بۆ کێ جێ بێلم؟ بێ من چۆن دەژین؟ ... باشە ئەگەر پاشگەز ببمەوە خۆ دەبێ (ئەمڕۆ) خۆم لەدەباخانەدا ببینمەوە، بە دوو چاوی زەقەوە سەیرکەم کە چۆن کەولم دەکەن" ﴿ئە: ٨﴾، بەڵام گێڕەرەوە لە رێی شیکردنەوەو لێکدانەوەی هەستەکانی (کەریم)ەوە هەرزوو خۆی دەخاتەوە نێو پرۆسەی گێڕانەوەکەو لێکدانەوەیەك بۆ ئەو حاڵەتە دەکات، بێگومان لەم رێگەیەشەوە بیسەلمێنێت کە ئەو گوێزەرەوەو پێشکەشکەری رووداوەکانەو بە هۆی ئەوەوە خوێنەر لە نهێنییو وردەکارییان تێدەگات "شەوێ کەریم رێی بۆ رەگەکانی گومانو دوو دڵییەکەی خۆشدەکرد، تا چاکتر رووەو ناخە بەلەسەو سەرکێشەکەی رۆچنو زیاتر پانتایی وجودی داگیرکەن، تا پاکانەی کۆكو پتەو بۆ گێژییەکەی بێنێتەوە، دەیزانی تا ناخە سەرچڵەکەی تێراوی گومانو دوو دڵییو ڕاڕایی نەبێ ناتوانێ رۆشنایی ببەخشێتە دیدەکانیو ناتوانێ وردە کۆسپو لاڕێو هەڵدێرو ژهێلو ژووردان بێنێتە بەر زەین" ﴿ئە: ٩﴾، بەمەش

گێـڕەرەوەی دەرەكیـی بێئـەوەی ڕۆڵێكـی ئـەوتۆ ببینێـت لـە گواسـتنەوەو گێڕانـەوەی ڕووداوەكاندا، بوونی خـۆی دەسـەپێنێتو وەك چاودێرو ئاگـادارێكی گرنگـی وردەكـاریی لایەنە شاراوەو نهێنییەكانی دەروونی كەسێتییەكان خۆی پێناسـە دەكـاتو بـۆ خوێنـەری دەسـەلمێنێت كـە ئـەو كۆنترۆڵكـەری كـۆی پرۆسـەی گێڕانەوەكەیـەو هۆكـاری سـەرەكیی نمایـشكردنەوەی ڕووداوەكانـە، ئەمــەش تایبەتمەندییــەكی گێــڕەرەوەی دەرەكییــە، كــە "هەمیـشە هـەوڵ دەدات لـە كـاتی گێڕانـەوەی ڕووداوەكانـدا وەك ئاگـاداری سـەرجەم وردەكارییــەكان خــۆی بنوێنێــت، لــە كــاتی دروســتبوونی گفتوگۆیــەكی نێــوان كەسێتییەكانیـــشدا، خــۆی وەك پێــشكەشكەر دەردەخــات، كــاتێكیش دیاردەكــان پەیوەستدەبن بە دەروونو هەستە شـاراوەكانی كەسـێتییەكانو گوزارشـتكردن لێیـان، بـە لێكدانەوەو قسە لەسـەركردنیان خـۆی دەخاتـەوە نێـو پرۆسـەكەو خـۆی دەسـەلمێنێت. لـە كۆتایداو لەسەرجەمی پرۆسەی گێڕانەوەكـەدا، چـۆنی بوێـت قـسەو لێكدانـەوەكانی خـۆی دەربارەی ڕووداوەكان دەخاتەڕوو، بێئەوەی گرنگیـی بـدات بـە ڕاسـتیی‌و دروسـتییانو لـە هەمووشی گرنگتر، هیچ گرنگییەك نادات بە خوێنەر."[1] بەم شێوەیە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەكانی ڕۆمانی (ئـەژدیها)، بەهاوبەشیی لـە لایـەن هـەردوو گێـڕەرەوەی بابـەتیی‌و كەسێتییەكانەوە دەگێردرێتەوەو بەردەوامیی پێدەدرێت، بە شێوەیەك گێڕەرەوەی بابـەتیی ئـەركی گێڕانـەوەی ڕووداوەكـان دەگرێتـە ئەسـتۆ، بـەڵام لـەو شـوێنانەدا كـە ڕووداوەكـان ئاڵۆزییەك لە پێكهاتەیاندا دەخولقێت، یـان بـەرەو دەروونـی كەسـێتییەكان ڕێ دەكـەنو بابەتەكان تایبەتدەبن بەو هەستو ویستانەی كەسێتییەكان گوزارشتیان لێدەكەن، ئـەركی گێڕانـەوە دەگوێزرێتـەوە بـۆ كەسـێتییەكانو ئـەوان لـە ڕێـی چـەند كردەیـەكی دیـالۆگو مۆنۆلۆگەوە گوزارشت لە بیروڕاكانیان دەكەن، بەڵام گێڕەرەوەی بابەتیی ــ كە گێـڕەرەوەی سەرەكیی ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەیە، وننابێتو هەمیـشە لـە پـشت كـردەی گێڕانەوەكـەوە ئامادەیەو لە ڕێی لێكدانەوەو قسە لەسەركردنی ڕووداوەكانەوە خۆی دەسەپێنێت.

### ب- (تۆ ــ جێناوی كەسی دووەمی تاك):

شێوازی ڕووكردنە كەسێتییەكانی ڕۆمانو گێڕانەوەی ڕووداوەكان بە (جێنـاوی كەسـی دووەمی تاك) شێوازێكی دیكەی مامەڵەكردنی گێـڕەرەوەی بابەتییـە لەگـەڵ كەسـێتیی‌و

---

[1] البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق، ص ١٧١.

رووداوەكانی رۆمانداو لە رێیەوە خوێنەر وا هەست دەكات لەگەڵ گێڕەرەوەدا رووبەڕووەو "گێڕەرەوە وا دەردەكەوێت كە رووی دەمی لە خوێنەر بێت"[1]، چونكە رووداوەكان بە شێوەیەك پێشكەش دەكرێن، كە خوێنەر هەست دەكات گێڕەرەوە كەوتووەتە گفتوگۆوە لەگەڵیدا. (میشێل بوتۆر ــ ١٩٢٦)" كە دیارترین رۆماننووسێكە ئەم جێناوەی بەكارهێنابێت لە رۆمانەكانیدا*، پێیوایە "جێناوی (تۆ) لە نێو جێناوە بەكارهاتووەكانی پرۆسەی گێڕانەوەدا هێزێكی زیاتری هەیە بۆ نواندنی جیهانو هۆش ــ Consciousnessو نوێنەرایەتیكردنی هزر"[2]، چونكە گێڕەرەوە بەرامبەر خوێنەر دەوەستێتو راستەوخۆ وتەو بیروڕاكانی ئاراستە دەكات.

یەكێك لەو رۆمانانەی لە گێڕانەوەی رووداوەكانو پێشكەش كردنی كەسێتییەكانیدا ئەم شێوازەی بەكارهێناوە، رۆمانی (سەگوەڕ)ی (محمد موكری)[3]یە.

گێڕەرەوە لەم رۆمانەدا" كە چیرۆكی پێشمەرگەیەكی بەندكراوەو چاوەڕێی جێبەجێكردنی سزای لە سێدارەدانە، بە شێوازی كەسی دووەمی تاك رووبەڕووی كەسێتیی سەرەكیی (كەسێتیی سەرەكیی ئەم رۆمانە ناوی نەهاتووە) دەبێتەوەو رووداوەكانی دەگێڕێتەوەو دەڵێت "ئەمشەو، نەخەوتیو بێدار بویت، ئۆقرەت بە خۆت نەدەگرت، لەسەر پشت رادەكشای، هەڵدەستایتە سەرپێ، بە یەك دوو شەقاو ژوورە تاریكەكەت پەی دەكرد، گاه دادەنیشتیو گاه سەرت دەخستە نێو ئەژنۆكانتەوەو پەنجەكانی دەستت هەڵدەپێكا، گاه سەرت بەرز دەكردەوەو خۆت بە خوێندنەوەی ئەو رستە بە زنجیر نووسراوانەی سەر دیوارەكانی ژوورەكەت خەریك دەكرد، كە بەر لە (تۆ) دەیان، بگرە سەدان كەس ئەم ژوورەیان بینیوەو بە دوا سەرنجی پڕ لە سۆزەوە جێیان هێشتووە! تۆیش بە زنجیرەكانی دەستو پێت، هەندێ لە دیوارەكانیت نەخشاندووە! بەڵام نەك وەك كەسانی بەر لە خۆت، بە دروشمی گیان بەخشی نەبەزینو شیعری دڵتەزێن." ﴿سە: ٩﴾

---

1 في نظرية الرواية، ص ١٨٩.

* میشێل بوتۆر لە رۆمانی "پاشگەزبوونەوە ــ La Modification"دا بەجێناوی "تۆ" كەسێتییەكانی رۆمانەكانی پێشكەشكردووەو رووداوەكانی گێڕاوەتەوە.

بڕوانە:

2 في نظرية الرواية، ص ١٩٤.

3 سەگوەڕ (رۆمان)، محمد موكری، چاپخانەی داناز، چاپی چوارەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

تێبینی دەکەین" لەم ڕۆمانەشدا بە هەمان ڕۆمانی پێشوو، گێڕەرەوەی ڕووداوەکان گێڕەرەوەیەکی بابەتییەو ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی گرتووەتە ئەستۆ، هەروەها شێوازی خۆتێکەڵکردنەوەی گێڕەرەوە بە هەستە نادیارو شاراوەکانی دەروونی کەسێتییو شیکردنەوەی ئەو هەستانە، بە هەمان شێوەی ڕۆمانی پێشوو لەم ڕۆمانەشدا ڕەنگیداوەتەوەو گێڕەرەوە لێکدانەوە بۆ هەستو بیرکردنەوەکانی کەسێتییەکە دەکات، بەڵام لێرەدا لە بری جێناوی کەسی سێیەمی تاك گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە نادیاریی، جێناوی کەسی دووەمی تاك بەکارهاتووە.

بۆ نموونە" لە شوێنێکدا گفتوگۆیەك لە نێوان کەسێتیی سەرەکییو دایکیدا دروست دەبێت، گێڕەرەوە پێش کردەکە دەکەوێتو پێشکەشی دەکات "ئەو ئێوارە سەختەی پانزە ساڵ لەمەوبەر، بە چەن وشەیەکی بریندار وەك ئەوەی دەروونت تووشی خوێنڕێژی هاتبێ، دایکت بەڕێ خستو پێیت وت:

- دایکە، ئیتر، لێرەوە، تۆ بڕۆ .. خوا حافیزت بێ .. ئەو دێیەی بەرانبەرت زۆر دوور نییە، هەر دە دەقیقە ڕێ دەبێ، لەوێشەوە سەیارە هەیەو دەتباتەوە بۆ شار، من ناتوانم بێمە ناو دێ .. ئاگات لێ بێ ئەو (نامە چکلێتانە) جوان قایم کە، جگە لە خاوەنەکانیان لە بیرت نەچێ نەیدەیتە دەس کەس .. خوا حافیزت بێت! بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە باوەشی پیاکردیو وتی:

- چاکە کوڕم، ئاگات لە خۆت بێ، سەرەڕۆیی نەکەیت، داویتمەتە دەست (غەوسەوە) ئاگات لە خۆت بێت." ﴿سە: ١٤ - ١٥﴾

هەروەها کاتێك دایکی (تۆ) دەکەوێتە قسەو چەند ڕووداوێك دەگێڕێتەوە، یان دەکەوێتە بارێکی دەروونیی ئاڵۆزەوە ــ لە دەرەوەی سنووری زانیاریی گێڕەرەوەوە، گێڕەرەوە بە لێکدانەوەی هەستەکانی ئەو کەسێتییە خۆی دەسەپێنێتەوە "چاکە .. گەر ئەمڕۆ دایکت بینی، چی لێ دەپرسی؟ هەواڵی چ کەسێ؟ کام خزمو هاوڕێت؟ کێ؟ ... ها؟ ئەوسا دایکت لەبەر دڵی تۆ، بەجۆرە بزەیێکی خەم ئامێزەوە دەیووت:

- هەموو باشن.. هەموویان سەلامت لێدەکەن.. نەسرین چاوەکانت ماچ دەکات...

ئەوکاتە دایکت، قسەکانی بۆ تەواو نەدەکرا، دەیدایە پرمەی گریان، بۆت دەرکەوت شتێ ڕووی داوەو نایەوێ بۆتی باس کات! پەڵپت لێ گرت، پاڕایتەوە، هەر پێی دەووتی:

- باوەڕت بێ هیچ نەبووە .. هەموو ساغو سەلامەتن." ﴿سە: ١٧﴾

بەم شێوەیە پرۆسەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە لایەن گێڕەرەوەی بابەتییو هەندێك جاریش کەسێتییەکانەوە بەردەوامیی پێدەدرێت تا دەگات بەو ساتەی کەسێتیی سەرەکیی بەرەو ژووری لە سێدارەدان ڕاپێچ دەکرێت.

## دووەم: گێڕانەوەی خودیی:

ئەم جۆرەی گێڕانەوە لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت" گێڕانەوەیەکە لە لایەن کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت کە خۆی بەشێکە لە ڕووداوەکانو لە هەڵسوڕاندنیاندا ڕۆڵ دەبینێت، واتە گێڕەرەوەی ڕووداوو بەسەرهاتەکان کەسێك نییە لە دەرەوەی چاودێریی دروستبوونو بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانو هەڵسوکەوتو چالاکیی کەسێتییەکان بکات، بەڵکو کەسێکە لەناو ڕووداوەکاندا دەژیو بە خولقاندنیان یاخود بە کاریگەربوون بە شوێنەوارەکانیان" بەشداریی لە ڕووداوەکاندا دەکات، هەر خۆیشی ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرێتەئەستۆ. سەرەتای دەرکەوتنی ئەم شێوازەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە هونەری ڕۆماندا، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، کاتێك (گۆستاڤ فلۆبێر ــ ١٨٢١ – ١٨٨٠) داوایکرد ڕۆماننووسەکان ڕێ بە کەسێتییەکان بدەن خۆیان گوزارشت لە هەستو تێڕوانینەکانیان بکەنو ڕووداوەکان بگێڕنەوەو ئەو ڕۆڵە لە گێڕەرەوەی دەرەکیی بسەننەوە" کە کۆنترۆڵی هەموو دەربڕینو هەڵسوکەوتەکانی کەسێتییەکانو ئاراستەی ڕووداوەکان دەکاتو وتی "پێویستە هونەرمەند لە هونەرەکەیدا، وەکو خوا وابێت لە خولقاندندا، نادیارو نەبینراو" بەڵام بەهێزو خاوەن دەسەڵات بێت، پێویستە لە هەموو شوێنێکدا هەست بەبوونی بکرێت، بەڵام هەرگیز بەرچاو نەکەوێتو نەبینرێت"[(1)]، ئەم داوایە ڕۆماننووسانی هاندا ڕووبکەنە ڕەنگاوڕەنگکردنی شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکانو ئەرکی گێڕانەوە بسپێرن بە کەسێتییەکانی نێو ڕۆمانەکانیان.

لەو ڕۆمانانەدا کە گێڕەرەوەی خودیی ڕووداوەکانیان دەگێڕێتەوەو خوێنەر ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کەسێتییەکان دەبێتەوە، جووڵەو زیندوویەتییەکی زیاتریان پێوەدیارە، چونکە خوێنەر لە هەمان کاتدا بەرامبەر چەند دەنگو تێڕوانینێك دەبێتەوەو ڕووداوەکانی لە زاری ئەو کەسێتییانەوە پێدەگات کە ڕووداوەکان دەخولقێنن یان لێیان ڕوو دەدات، بەو

---

[1] البناء الفني لرواية الحرب في العراق، ص ١٧٥.

هۆیەشەوە زیاتر "هەست بە ئێش‌و ئازاری کەسێتییەکان دەکات"[1]و لەو هەستە رزگاری دەبێت کە "هەمیشە یەکێك رووداوەکانی بۆ بگێڕێتەوەو شیکردنەوەو راڤەی دیاردەو رووداوەکانی بۆ بکات، کە خۆی لێیانەوە دووربێت‌و لەگەڵیاندا نەژیابێت."[2]

لە گێڕانەوەی خودییدا" دەنگەکان جۆراوجۆرن، تێڕوانینەکان جیاوازن‌و یەکناگرنەوەو هەڵوێستەکانیش دەربارەی رووداوو بەسەرهاتەکان هەمەچەشنەو تایبەتن، چونکە "گێڕەرەوە لەم شێوازەدا خۆی لە رووداوەکاندا بەشدارە یان شاهیدە لە سەریان، هەروەها زانیارییەکانی لە سنوورێکی بەرتەسکدایەو واقیعەکان بە پێی پەیوەندییان بەو گێڕەرەوەیەوە دەگێڕدرێنەوە"[3]، گێڕەرەوەکانیش" کە کەسێتییە بەشدارەکانی نێو دەقەکەن، چەند دانەیەکن‌و خاوەنی تێڕوانین‌و جیهانبینیی تایبەتن، لەبەرئەوە خوێنەری ئەم جۆرە رۆمانانە پێویستی بە سەرنج‌و وردبینییەکی زیاتر هەیە بەراورد بەو رۆمانەی کە گێڕەرەوەکەی گێڕەرەوەیەکی بابەتییەو ئەرکی گێڕانەوەی سەرجەم رووداوەکان دەگرێتە ئەستۆ. دوایین‌و گرنگترین تایبەتمەندیی گێڕانەوەی خودیی، رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی کەسێتییەکان‌و خوێنەرە، چونکە لەم شێوازەی گێڕانەوەدا کەسێتییەکان بە زمانی خۆیان گوزارشت لە تێڕوانینەکانیان دەکەن، واتە جێناوی بەکارهاتوو جێناوی (من)ە، واتە رووداوەکان راستەوخۆ دەگوێزرێنەوە بۆ خوێنەر، نەك لە رێی گێڕەرەوەیەکەوە لە دەرەوەی سنووری رووداوەکان

گێڕانەوەی خودیی لە رۆماندا" بە چەند شێوازێك بەرچاودەکەوێت، ئەوانیش:

أ- گێڕانەوە لە رێی کەسێتییەوە.

ب- گێڕانەوە لە رێی دیالۆگەوە.

پ- گێڕانەوە لە رێی مۆنۆلۆگەوە.

---

1 خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في الرواية التأريخية العربية (١٨٧٠- ١٩٣٩)، رسالة ماجستير، كلية الأداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص ٣٤.

2 بحوث في الرواية الجديدة، ميشال بوتور، ت: فريد أنطونيوس، منشورات دار عويدات، بيروت، ١٩٨١، ص ١٠٤ — ١٠٥.

3 محيي الدين زنكنة روائياً، رؤوف عثمان معروف، أطروحة دكتوراه، كلية الأداب، جامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٧، ص ٣٦.

## أ- گێڕانەوە لە ڕێی کەسێتییەوە:

گێڕانەوە لە ڕێی کەسێتییەوە" یەکێکە لەو ڕێگایانەی ڕۆماننووس لە گێڕانەوەو پێشکەش کردنی ڕووداوەکانی ڕۆماندا پشتی پێ دەبەستێت، لەم جۆرەی گێڕانەوەدا، کەسێتییەکانی ڕۆمانەکە ئەرکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگرنە ئەستۆ نەك گێڕەرەوەیەکی دەرەکیی، لەبەرئەوە جێناوی (مـن) زاڵـە بەسـەر پرۆسـەی گێڕانەوەکەدا، وەك (میشێل بوتۆر)یش دەڵێت "جێناوی (من) دەمانگوێزێتەوە بۆ ناوەوە، ئەم کەسێتییەش تەنها دەتوانێت ئەوەمان بۆ بگێڕێتەوە کە دەربارەی خۆیەتی"[1]، ئەمەش دەبێتە هۆی جۆراوجۆر بوونی ڕووداوەکانو هاتنەکایەی (گۆشەنیگا ــ Point of View)ی جیاواز، چونکە لەم جۆرەی گێڕانەوەدا کەسێتییەکان ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، کەسێتییەکانیش جیاوازنو خاوەنی گۆشەنیگاو جیهانبینیی جیاوازن بۆ دیاردەو ڕووداوەکان، لەبەرئەوە بەهاو شێوەی گێڕانەوەش جیاواز دەبێت، چونکە وەك (نیچە ــ ١٨٤٤ – ١٩٠٠) دەڵێت "بەهاکان بە پێی جیاوازیی ڕوانگە دەگۆڕدرێن."[2]

ئەم بەشداریکردنەی کەسێتییەکانی ڕۆمان لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، دەبێتە هۆی هاتنەکایەی فرەدەنگیی لە ڕۆمانەکەدا، چونکە کاتێك کەسێتییەکان لە گێڕانەوەدا بەشداریی دەکەن، گۆشەنیگای تایبەت بەخۆیان دەبێت سەبارەت بە ڕووداوەکان، (فرەدەنگیی ــ Polyphonic)یش سەرچاوەکەی "بوونی چەند گۆشەنیگایەکی سەربەخۆیە لە ڕۆمانێکدا."[3]

تایبەتمەندیی فرەدەنگیی لە ڕۆماندا" کە (میخائیل باختین) پێیوایە "دۆیستۆڤسکی یەکەم کەسە لەژێر کاریگەریی مۆسیقای (فۆگ)دا ڕۆمانی فرەدەنگی نووسیبێت"[4]، بریتییە لە بەخشینی ئازادیی بە کەسێتییەکانی ڕۆمان، بۆ گوزارشتکردن لە تێڕوانینە

---

1 بحوث في الرواية الجديدة، ص ١٠٤ – ١٠٥.

2 لە ستایشی ئەدەبدا (کۆمەڵێ وتار)، کۆمەڵێك نووسەری بیانی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٤١.

3 شعرية الخطاب السردي، ص ٩٧.

4 قضايا الفن الإبداعي عند دستوفسكي، م. ب. باختين، ت: د. جميل نصيف التكريتي، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، ط ١، بغداد، ١٩٨٦، ص ٦١.

تایبەتەکانیان سەبارەت بە دیاردەو رووداوەکانی دەوروبەریان، لە رێی گێڕانەوەیان بۆ رووداوەکان.

بەڵام مەرج نییە هەموو جۆراوجۆرییەك لە کردەی گێڕانەوەدا ببێتە هۆی هاتنەکایەی فرەدەنگیی و "دەبێت ئەو فرەدەنگانە لە جەوهەرو ئامانجیشدا جیاوازبن، هەروەها دەکرێت ناکۆكو دژ بە یەکیش بن"[1]، لەبەرئەوە بۆ هاتنەکایەی فرەدەنگیی دەبێت لە گێڕانەوەکەدا چەند بنەمایەك بوونیان هەبێت، وەك:

١- بوونی کۆمەڵێك دەنگی سەربەخۆ.

٢- گۆشەنیگای هەر کەسێتییەك راستەوخۆ بۆ کەسێتییە هاوبەشەکانی بگەڕێتەوە لە رۆمانەکەدا.

٣- ڕەنگدانەوەی گۆشەنیگای کەسێتییەکان لە هەڵسوکەوتیاندا.[2]

یەکێك لەو رۆمانە کوردییانەی شێوازی گێڕانەوەی خودیی بەکارهێناوە بۆ گێڕانەوەی رووداوەکانی، رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)یە.

لەم رۆمانەدا کەسێتیی (موزەفەری سوبحدەم)" کە یەکێکە لە کەسێتییەکانی ئەم رۆمانە، ئەرکی گێڕانەوەی بەشێکی زۆری رووداوەکانی گرتووەتە ئەستۆ، بەڵام بە هۆی فراوانیی پانتایی و فرە ئاراستەیی رووداوەکانەوە، لە هەندێك شوێندا رۆڵی گێڕانەوە دەسپێردرێت بە کەسێتییەکانی دیکەو لە زارو تێڕوانینی ئەوانەوە چەند رووداوێك دەگێڕدرێنەوە.

(موزەفەری سوبحدەم) دەستپێکی رۆمانەکە بە خستنەڕووی چیرۆکێکی تایبەتی خۆی دەکاتەوەو دەڵێت "بیستو یەك ساڵم بەتەنیا بردبووە سەر. بیستو یەك ساڵ بێدەنگ بووبووم، لەو بیستو یەك ساڵەدا رەنجێکی گەورەم دابوو زمانم لە بیر نەچێتەوە. نا زمانم لە بیر نەچووەوە، بەڵام لەو ساڵە دوورو درێژانەی زینداندا کاتی ئەوەم هەبوو جۆرە زمانێکی دیکە دروست بکەم، زمانێکی شیعر ئاسا، کە هاتمەدەرێ دەمتوانی هەموو شتێك بڵێم، بەڵام بە جۆرێکی دیکە، بە جۆرێك هەندێ جار تێمنەدەگەیشتن، کە

[1] مەرگی تاقانەی دووەم ـ گێڕانەوەی زیندوو .. خەونی مردوو، ئازاد سوبحی، گ: رامان، ژ: ٤٣، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گوڵان، هەلێر، ٢٠٠٠، ل٧.

[2] الصوت الآخر ـ الجوهر الحواري للخطاب الأدبي، فاضل ثامر، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد، ١٩٩١، ص ٣٦.

هاتەدەرێ بۆنی سەحرام لێدەهات... هەموو سەحرایەك بۆنێکی خۆی هەیە، ئەوانە زیاتر هەستی پێدەکەن کە تەمەنێکی درێژ لەگەڵیدا دەژین." ﴿د. هە: ٤﴾

لە خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافەی پێشوەوە بۆمان دەردەکەوێت" گێڕەرەوە یەکێکە لە کەسێتییەکانی نێو رووداوەکان، چونکە لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا جێناوی (کەسی یەکەمی تاك) بەکاردەهێنێت، هەروەها رۆڵێك لە رووداوەکاندا دەگێڕێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو تەنها کەسێکی نێو رووداوەکانە، لە باسکردنی رووداوێکی پەیوەست بە کەسێتییەکانی دیکەوە، جێناوی (کەسی سێیەمی تاك/ کۆ) بەکاردەهێنێت، چونکە زانیاریی دەربارەی سەرجەم رووداوەکان نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەشدارییکردنی چەند کەسێتییەکی دیکەی رۆمانەکە لە گێڕانەوەی رووداوەکاندا.

بۆ نموونە" دوابەدوای ئەم سەرەتا کورتەی گێڕەرەوە لە قالبی دەستپێکێکدا بۆ ناساندنی خۆیو خستنەڕووی سەرەتای رووداوەکان تەرخانیکردووە، راستەوخۆ دەمانگوێزێتەوە بۆ نێو رووداوەکانی دیکەو چیرۆکی کەسێتییەکی دیکەمان بۆ دەگێڕێتەوە" کە لە رووداوەکاندا رۆڵێکی پێبەخشراوە "چەند ساڵێك بەر لە ئێستا، ئێوارەیەك (محەمەدی دڵشوشە) کە ئارەزووی دۆزینەوەی نهێنییەکانی هەبوو، دەچێت بۆ دیدەنی توحفە فرۆشێك. دیدەنییەك وەك هەر دیدەنییەکی دی نا کە مرۆڤێك لە رێگایەوە یەکێکی دی دەبینێت، بەڵکو دیدەنییەکی گرنگ، سەردانێك دەشێت نهێنی تەلیسمێکی بۆ شیبکاتەوە ... من هەرگیز محەمەدی دڵشوشەم نەبینیوە، بەڵام دەتوانم بیهێنمە پێشچاوی خۆم کە بە کوچەکاندا رووەو باشوور دێتەخوارێو یاری بە کلیلەکانی دەکات ... دەتوانم گەنجێکی خۆشنوود ببینم کە سەیری ئاسمان دەکاتو لە بری ئەوەی بترسێت پێدەکەنێت. گەنجێکە تەنیا ماوەیەکی کەمە ژیانێکی بۆخۆی دروستکردووە لە شوشە، ژیانێك تەنیا خۆی دەزانێ چەند ناسکەو چەند خێرا دەشکێت، بەڵام بێباکانە دەڕواتو گۆرانی دەڵێت." ﴿د. هە: ١٣ - ١٤﴾

تێبینی دەکەین" ئەم گێڕەرەوەیە کاتێك باس لە رووداوێك یان بەسەرهاتێك دەکات پەیوەست بە کەسێتییەکانی دیکەی رۆمانەکەوە، زانیاریی تەواوی دەربارەی نییەو تەنها لە گۆشەنیگایەکی تایبەت بەخۆیو لە چوارچێوەی ئەو زانیارییە سنووردارەدا باسی دەکات کە دەربارەی هەیەتی، بەڵام راستەوخۆ دان بەکەمیی زانیارییەکانیدا دەنێت، لەبەرئەوە بۆ خستنەڕووی زانیاریی زیاتر دەربارەی، پەنادەباتە بەر کەسێتییەکی دیکە

(سلێمانی مەزن ــ باوکی محەمەدی دڵشوشە)، کە زانیاریی زیاتری دەربارەی هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداریکردنی دەنگێکی جیاوازو هاتنەکایەی گۆشەنیگایەکی نوێ لە دەقەکەدا.

(سلێمانی مەزن) لە باسی چیرۆکی عاشقبوونو مردنی (محەمەد)دا دەڵێت "بەڵێ محەمەدی دڵشوشە مرد ... نا وامەزانن من ئەو ناوەم لێناوە، من لە هەموو کەس کەمتر دەمناسی، منو ئەو بەیەك غەریب بووین... رۆژگارێکی سەیرە باوکان نامۆن بە کوڕەکانیان. مردنی مردنێکی سەیر بوو، ناسکترین دڵی هەبوو لەم هەرێمەدا، هەموو خەڵك دەڵێن گوناهی تۆیە، دەڵێن جورمی نارەوای لاولاوی سپییە، ئەو دڵێکی هەبوو بەرگەی هیچ شتێکی نەدەگرت، هیچ شتێك، ئەو دەبایە وا ناکام، خێرا، بێمانا بمرێت." ﴿د. هە: ٥٦﴾

هەروەها تەوەری سەرەکیی رووداوەکانی رۆمانەکە" کە گەڕانی (موزەفەری سوبحدەم)ە بەدوای (سەریاسی سوبحدەم ــ کوڕەکەی)دا، چەند کەسێتییەك بەشداریی لە گێڕانەوەی وردەکاریی چیرۆکی (یەکەمو دووەمو سێیەم سەریاس)و پرۆسەی ئەو گەڕانەدا دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی چەندین چیرۆکی جیاواز بۆ یەك رووداو.

بۆ نموونە" هەر لە سەرەتاوە کە (موزەفەر) باس لە چۆنیەتی گەڕانو دەرخستنی چیرۆکی ژیانو چارەنووسی (سەریاس) دەکات، یەکێك لەسەرچاوەی زانیارییەکانی (یاقوبی سنەوبەر ــ هاوڕێیەکی دێرینی رۆژانی شۆڕشو سەرۆکی موزەفەر)ەو سەرەتای رووداوەکان لە لایەن ئەو کەسێتییەوە دەگێڕدرێنەوە "سەریاسی سوبحدەم مردووە ... دروست نازانم چۆن، بەڵام مردووە ... نازانم کەی لە کوێ مردووە. ئەو ساڵانەی ئەو تیا مرد، تەفسیریان نییە ... ناتوانم هیچ مردنێك تەفسیربکەم، ناتوانم هیچ لەدایکبوونێکیش تەفسیربکەم، هەموو ئەو شتانە بێ هیچ لۆژیکێك روویاندەدا، بەڵام دڵنیاتدەکەمەوە کە بەتەنیا نەژیاوەو نەمردووە، لەگەڵ ئەوانی دیدا بووە" ﴿د. هە: ٤٦﴾

بەڵام (موزەفەر ــ گێڕەرەوەی رووداوەکان) بەم ئەنجامە رازی نابێتو دەست دەکات بەگەڕانو دۆزینەوەی ئەو کەسێتییانەی لەگەڵ سەریاسدا ژیاون، یان ئاگایان لە چیرۆکی ژیانێتی، یەکەم کەسێتییش (ئیکرامی کێو)ە، کە (خوشکە سپییەکان ــ دوو هاوڕێی سەریاس)ی پێدەناسێنێتو ئەوانیش چیرۆکی ژیانو مردنی یەکێك لە سەریاسەکانی بۆ دەگێڕنەوە، سەرەڕای ئاشکراکردنی بوونی سەریاسێکی دیکە، کە گێڕەرەوە زانیاریی

لەسەر بوونی نەبووە، پاشان کەسێتییەکی دیکە (ئادەم مەرجان ــ هاوڕێیەکی سەریاس) چیرۆکی سەریاسی دووەم دەگێڕێتەوە، تائەو کاتەی کە زیندانیی دەکرێت، (سەریاسی دووەم)یش چیرۆکی شەڕکردنو زیندانییکردنی خۆی لە ڕێی کاسێتێکی تۆمارکراوەوە دەگێڕێتەوە، سەرەڕای ئاشکراکردنی چەند نهێنییەکی دیکەی ژیانی (سەریاسی یەکەم)، لە کۆتایشدا (سەی جەلالی شەمس ــ کەسێتییەکی ئەفسوناویی‌و ئاگاداری سەرجەم چیرۆکەکان) تەواوی نهێنیی بوونی سێ (سەریاس)و چیرۆکی ژیانیان بۆ (موزەفەر) باس دەکات "من سەریاسەکانم وەرگرت، سێ سەریاس لەگەڵ سێ هەناری شوشەدا، سێ مەلۆتکەی چکۆلانەو نیوە مردوو ... لە بیرمە یاقووبی سنەوبەر خۆی ئەو سێ کۆرپەیەی بۆ هێنام ... بەشەرمەوە دەیگووت (منداڵی شۆڕشن، کوڕی شۆڕشن، بیرت نەچێت هەرسێکیان یەك ناویان هەیەو کوڕی شۆڕشن) ... سێ منداڵ بوون، هەرسێکیانم برد بۆ سێ ناوچەی لە یەکتر دوور... سیان بوون، دووانیانم هەرگیزاو هەرگیز نەدۆزییەوە ... کە ئەو منداڵانەم ونکرد، حاڵیبووم زەوی چ قەدر گەورەیە" ﴿د. هە: ٢٥٤ - ٢٥٦﴾، هەروەها شوێنی (سەریاسی سێیەم)یشی پێدەڵێت، کە هێشتا نەمردووە بەڵام لە بۆردوومانێکدا سووتاوە "کوڕەکەی تۆ لەوێیە لەوێ، لەگەڵ ئەوانی تردایە. لەگەڵ ئەو منداڵە سووتاوو بریندارو خەمبارانەدا لە ماڵێکدایە، کەسانێکی خێرخواز بەخێویان دەکەن ... لەوێیە لەوێ، لە ماڵی منداڵە سووتاوەکاندایە، لەگەڵ براکانیایەتی." ﴿د. هە: ٢٥٩ - ٢٦٢﴾

بەم شێوەیە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، کە یەکێك لە کەسێتییەکانی ناوی ئەرکی سەرەکیی گێڕانەوەی لە ئەستۆگرتووە، لە چەندین شوێندا ئەو ڕۆڵە دەسپێرێت بە کەسێتییەکانی دیکەو ئەوان ئەو زانیارییانە دەخەنەڕوو کە لە سنووری دەسەڵاتو زانیاریی ئەو بەدەرن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەشداریکردنی چەندین کەسێتیی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانداو سەرەنجام هاتنەکایەی چەندین گۆشەنیگاو دەنگو تێڕوانینی هەمەجۆر بۆ ڕووداوەکان.

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا" مەرجی هاتنەکایەی فرەدەنگیی لە ڕۆمانێکدا تەنها بەشداریکردنی کەسێتییەکان نییە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، بەڵکو بەرجەستەبوونی جیاوازییە لە تێڕوانینو جیهانبینییاندا بەرامبەر بە ڕووداوەکان، لەبەرئەوە پێویستمان بە

ئەنجامدانی توێژینەوەیەك هەیە بۆ ئاشكراكردنی بوون یان نەبوونی ئەم تایبەتمەندییە لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)دا.

لە خوێندنەوەی رۆمانەكەوە دەردەكەوێت" تەوەری سەرەكیی رووداوەكان گەڕانی (موزەفەری سوبحدەم)ە بەدوای كوڕەكەی (سەریاسی سوبحدەم)دا، كە "٢١" ساڵ لەوەوبەرو كاتێك (سەریاس) تەمەنی لە چەند رۆژێك تێپەڕی نەكردووە، (موزەفەر) لە شەڕێكدا دوژمن دەستگیری دەكاتو ئەویش (سەریاس) دەسپێرێت بە (یاقوبی سنەوبەر)ی سەرۆكی، بەڵام (یاقوب) لەگەڵ دوو كوڕی دیكەدا، كە "بەرهەمی خۆشەویستییەكی نهێنیی خۆیو ژنێكی گوندیشنن" ﴿د. هە: ٣٠١﴾، هەرسێكیان ناودەنێت (سەریاس)و دەیانسپێرێت بە (سەی جەلالی شەمس)، ئەویش دوور لەیەكو لە سێ گونددا هەریەكەیان دەدات بە خێزانێك. بەم جۆرە (سەریاسەكان) بڵاودەبنەوە، دوای ئازادبوونو گەڕانەوەشی، ئامانجی (موزەفەر) دۆزینەوەی (سەریاس)ەو لەم خاڵەوە رووداوە راستەقینەكانی رۆمانەكە دەست پێدەكەن. تێبینی دەكەین" لە سەرەتاوە (موزەفەر) پرسیاری (سەریاس) لە (یاقووب) دەكات، بەڵام ئەو ــ لەگەڵ ئەوەی هەرزوو (سەریاسەكان)ی ونكردووەو ئاگای لێیان نییە ــ چیرۆكێك دەخولقێنێتو لە روانگەی خۆیەوە سیناریۆیەك دروست دەكاتو بە (موزەفەر) دەڵێت (سەریاس) مردووە، هەروەها لە رێگەی گفتوگۆی نێوانیانەوە، گۆشەنیگای هەریەكەیان بۆ ژیانو داهاتوویان دەردەكەوێت، چونكە (یاقووب) كۆشكێكی دروست كردووەو دەیەوێت لەگەڵ (موزەفەر)دا وەك پاشاكان، دوا رۆژەكانی ژیانیانی تێدا بەڕێ بكەن، بەڵام (موزەفەر) بە پێچەوانەی ئەوەوە، ئەو شوێنەی وەك زیندانێك دێتەبەرچاوو ئامانجی جیاوازو ناكۆك بەو ئامانجەی هەیە. نموونەیەكی دیكەی جیاوازیی گۆشەنیگای كەسێتییەكان لە جیاوازیی تێڕوانینی (سەریاسی یەكەم)و (سەریاسی دووەم)دا رەنگدەداتەوە بەرامبەر ژیان، چونكە (سەریاسی یەكەم) هەمیشە هەوڵ دەدات ببێتە كەسێكی مەزن، ئەمەش لە هەڵسوكەوتو كردەوەكانیدا رەنگ دەداتەوە، كە هەمیشە هاوكاریی هاوڕێ دەستگیڕو شتفرۆشەكانی دەكات، كە سەرەنجام دەبێتە قوربانیی ئەو هاوڕێیەتییە، سەرەڕای ئامۆژگارییەكانی بۆ (سەریاسی دووەم)، بەڵام (سەریاسی دووەم) بە پێچەوانەوە، كەسێكی بێهیواو بێ خەونە، ئامانجو خەونێكی دیاریكراوی نییە لە ژیانیدا، لە كۆتایشدا سزای كردەوەكانی بەزیندانییكردن وەردەگرێت. ئەمە جگە لە تێڕوانینی (محەمەدی دڵشوشە) بۆ ژیان، كە

خەونو هەوڵەکانی لە دروستکردنی (ژیانێکی شوشەیی)دا خۆیان دەبیننەوە. لە لێکدانەوەی ئەم نموونانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین" هەمەجۆریی دەنگەکانی ئەم رۆمانە، بە تەنها پەیوەست نییە بە زۆریی گێڕەرەوەکان لە رووی چەندێتییەوە، بەڵکو توانیویەتی ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی فرەدەنگییەك لە دەقەکەدا.

## ب- گێڕانەوە لە رێی دیالۆگەوە:

دیالۆگ یەکێکی ترە لەو شێوازانەی رۆماننووس لە گێڕانەوەو پێشکەش کردنی رووداوەکانی رۆماندا پشتی پێدەبەستێت، ئەم تەکنیکە سەرەتا لە هونەری شانۆگەریدا بەکارهاتووەو دواتر گواستراوەتەوە بۆ هونەرە چیرۆك ئامێزەکانی دیکە، چونکە "لە شانۆدا زۆربەی رووداوەکان لە رێی دیالۆگەوە دەگێڕدرێنەوەو پێشکەش دەکرێن"[1]، پرۆسەکەش بریتییە لە "گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتیی یان زیاتری رۆمانێك لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، کە لە رووی بابەتو شێوازەوە یەکگرتوو بێت."[2] وەك هەر شێوازێکی دیکەی گێڕانەوە، دیالۆگیش گرنگیی خۆی هەیە لە گواستنەوەو گێڕانەوەی رووداوەکاندا، گرنگییەکەشی پەیوەستە بەو وردەکارییانەی لە گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتییدا سەبارەت بە رووداوەکان دەخرێنەروو، چونکە کاتێك دوو کەسێتیی گفتوگۆ دەکەن، قسەکردنیان لەسەر رووداوەکان وردەکاریی تێدا بەرجەستە دەبێتو یەك رووداو لە هەمان کاتدا لەدوو گۆشەنیگا یان زیاترەوە لێکدەدرێتەوەو قسەی لەسەر دەکرێت، هەروەها کاتی بەرەوپێشچوونی رەوتی رووداوەکانیش دەگۆڕێت بۆ کاتی ئاسایی، واتە رووداوەکان بەدەمی (ڕانەبردوو/ ئێستا) رووەدەدەن، لە کاتێکدا ئەگەر گێڕەرەوەیەك ئەو رووداوە بگێڕێتەوە، لەیەك گۆشەنیگاوە لێیدەڕوانێتو کاتی رووداوە گێڕدراوەکانیش دەبن بەدەمی رابردوو. بە شێوەی گشتی" لە رۆماندا دووجۆر بەکارهێنانی دیالۆگ بەرچاو دەکەون، ئەوانیش بریتین لە:

١- دیالۆگی راستەوخۆ.

٢- دیالۆگی ناراستەوخۆ.

---

[1] النص المسرحي ــ الكلمة والفعل (دراسة)، فرحان بلبل، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، ص ١٠٦.

[2] البناء الفني لرواية الحرب في العراق، ص ١٨٦.

## ١- دیالۆگی ڕاستەوخۆ:

دیالۆگی ڕاستەوخۆ "گفتوگۆیەکە" دوو کەسێتیی یان زیاتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا ئەنجامی دەدەن، بە جۆرێك دەربڕاوەکان لە کەسێتیی یەکەمەوە ئاراستەی کەسێتیی دووەم دەکرێن‌و دووەمیش بە دەربڕاوێك بە زمانی ئاسایی خۆیان وەڵامی دەداتەوە."[1]

لەم جۆرەی دیالۆگدا ڕۆماننووس ڕاستەوخۆو بەبێ پێشکەش کردن‌و دەستکارییکردن وتەی کەسێتییەکان دەگوێزێتەوە، هەروەها کەسێتییەکان بە زمانی ئاسایی‌و هەڵقوڵاوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی‌و باری ڕۆشنبیریی‌و چینایەتییانەوە دەدوێن، ئەمەش دەبێتە هۆی "کاڵبوونەوەو بچووکبوونەوەی تارمایی گێڕەرەوە بەسەر کردەی گێڕانەوەوە."[2]

لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)ی (خوسرەو جاف)دا" لەگەڵ ئەوەی گێڕەرەوە گێڕەرەوەیەکی بابەتییە، بەڵام لە هەندیك شوێندا نووسەر لە ڕێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە بەبێ پێشکەش کردن یاخود لێکدانەوەو قسە لەسەرکردن، بۆ نموونە لە گفتوگۆیەکی نێوان (مەحمود مەسرەف)و (مەحمود پاشا)ی میری بابانـدا، سەبارەت بە هێرشی سوپای فارس‌و ئامادەکارییەکانی لەشکری بابان‌و هاوکاریی جافەکان" هاتووە:

- نەت وت ئامادەیی تێکڕایی گەیشتە کوێ؟

- وا نازانم کاروبار هێندە ناجۆرو ناڕێك بێت، کە پاشا بەم شێوەیە نیگەران‌و ناشوفتە بێت، قەینا ژمارەی دوژمن زۆرترەو توانای بەربڵاوتر، بەڵام ئەوەی ئێمە هەمانە دوژمن لێی بێ ورەیە.

- وەك چی؟

- ئیمان، قوربان ئیمان.. باوەڕ بەخۆبون.. باوەڕ بەخۆڵ‌و خاکی ئەم وڵاتە.. زۆر ڕویداوە تاقمێکی کەم بەسەر جەماعەتێکی زۆردا سەرکەوتوون، بەئیزنی خوا.

- ئەمانەی ئەی لێی هەمووی ڕاستن‌و منیش ئەیزانم.

---

[1] الحوار القصصي، ص ٤١.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

- ئەوە بڵێ، ئەم عەجەمانە چییان لێمان دەوێ؟ ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان چ خوێنێکمان پێ دەگێڕێ؟! بۆ وازی لە هاندانو دوژمن سازی نەهێناوە، هەر ماوەیەك جارێ ئێرانمان لێ هاندەدا؟!

- پاشا، ئاشکرایە. بە تیکەیەکی چەورو نەرمو ئاسانمان دادەنێن.

- دەیانەوێ هەڵمان لووشن، بەڵام پاشا خۆش بێت، شاخمان لە کەلاوەیاندا گیردەکاو هەڵمان دێننەوە..!

- بە حەولو قوەتی خوا، هەر دەبێت.. بیرو رای عەشایەر چۆنە؟

- هەموو هاتوونەتە دەم شەڕەکەوە، پاشا لە ئامادەیی تێکڕایی ئاسوودە بێت، جێگەی نیگەرانیی نییە.

- ئەی لەشکری جاف بۆ نەگەیشت؟

- قوربان، بە رێگەوەن، هاکا زانیت، خرۆشانو گەیشتن. ﴿پ. ك: ٣٧ - ٣٨﴾

تێبینی دەکەین" لەم پارچەیەی سەرەوەدا دیالۆگێك لە نێوان دوو کەسێتییدا رووی داوە، بۆ باسکردنو تاووتوێکردنی بابەتێك ــ رووداوی هێرشکردنی سوپای فارسو خۆئامادەکردنی سوپای بابان بۆ رووبەڕووبوونەوەی، بەبێئەوەی گێڕەرەوە دەستی خستبێتە نێو پرۆسەکەوە، بە مەبەستی پێشکەش کردن بێت یاخود لێکدانەوەو شیکردنەوەی هەڵوێستو تێڕوانینیان، هەروەها دەتوانین لە رێیەوە بە ئاسانیی هەست بە تێڕوانینو باری کۆمەڵایەتیی و ئاستی چینایەتیی کەسێتییەکانیش بکەین، سەرەڕای بەرجەستەبوونی وردەکارو ئاستی بەرەوپێشچوونی رووداوەکان، لەبەرئەوەی کەسێتییەکان بە زمانی ئاسایی خۆیان دوواونو وتەکانیان دەربڕی هەستو ویستیانە، ئەمەش بەرجەستەکەری بنەمایەکی گرنگی دیالۆگی راستەوخۆیە، چونکە "زمانی گێڕانەوە خودی زمانی نووسەرە، بەڵام زمانی دیالۆگ، زمانی کارەکتەرەکانە."[1]

[1] تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، نەجم خالید نەجمەددین، گ: زانکۆ، ژ:٢٤، ٢٠٠٥، ل ٢٨٥.

## ٢- دیالۆگی ناراستەوخۆ

دیالۆگی ناراستەوخۆش بە هەمان شێوەی دیالۆگی راستەوخۆ، گفتوگۆی نێوان دوو کەسێتیی یان زیاتری رۆمانە، بەڵام لەم جۆرەدا لە بری ئەوەی کەسێتییەکان راستەوخۆو دوور لە دەستتێوەردانی گێڕەرەوە گفتوگۆ بکەنو گوزارشت لە بیرەکانیان بکەن، گێڕەرەوەیەکی دەرەکیی پرۆسەکە پێشکەش دەکات یان لێکیدەداتەوەو قسەی لەسەر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دەربڕاوەکانی (وتی، پرسی، وەڵامیدایەوە، درێژەی پێدا، ..تد) کە تایبەتن بە کەسی سێیەمی تاك/ کۆ، هەروەها لە رووی کاتەوە" کاتی رابردوو تێکەڵ بە کاتی ئێستا دەبێت، چونکە لە دیالۆگی ناراستەوخۆدا "چەند وتەو رووداوو جووڵەی کەسێتییەك کە لە رابردوودا روویان داوە، گێڕەرەوە دەیانگوێزێتەوە بۆ کاتی ئێستاو پێشکەشیان دەکاتەوە، بە هێشتنەوەی پەیکەری بیرو وێنەی دیالۆگەکە وەك خۆی."[1]

ئامانجی رۆماننووس لە بەکارهێنانی ئەم جۆرەی دیالۆگدا "گەیاندنی ناوەڕۆکی دیالۆگەکەیە نەك گواستنەوەی چیرۆکەکەی"[2]، ئەمەش مافی ئەوەی پێدەبەخشێت رووداوە گرنگو گەورەکان کورتبکاتەوەو ئەو پارچەو دیمەنانەش بپچڕێنێتو ئاماژەیان پێنەدات کە بەگرنگیان نازانێت، بەڵام لێرەدا ئەرکێکی زیاتری دەکەوێتە سەرشان، چونکە سەرەڕای رێکخستنی گفتوگۆی نێوان کەسێتییەکان، دەبێت کۆنترۆڵی بیرە دەربڕاوو رووداوە گێڕدراوەکانیش بکات، لە رێگەی کورتکردنەوەو شەنو کەوکردنیان، بەبێ کارکردنە سەر پەیامو ناوەڕۆکی پرۆسەکە.

گێڕەرەوە لە رۆمانی (پاشایان کوشت)و لە زۆر شوێندا دیالۆگەکانی بە شێوەی ناراستەوخۆ پێشکەش کردووەو خۆی بەڕێوەیان دەباتو دەیانگوێزێتەوە.

بۆ نموونە" کاتێك (کەیخوسرەو بەگ) میوانداریی (مستەر ریچ)ی نێردراوی ئینگلیز دەکات، (مستەر ریچ) لە کتێبخانەکەی (کەیخوسرەو بەگ)دا چاوی بە کتێبی (شەرەفنامە) دەکەوێتو داوا لە (کەیخوسرەو بەگ) دەکات پێی ببەخشێت، ئەمەش

---

[1] الحوار القصصي، ص ٩١.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١.

دەبێتە هۆی دروستبوونی دیالۆگێك لە نێوانیاندا، بەڵام دیالۆگەکەیان ناراستەوخۆو لە لایەن گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەوە پێشکەش دەکرێت:

"(ریچ) هەروا چاوی بە چوار دەوری نێو جەواردا دەچەرخاند، چاوی کەوتە سەر ریزە کتاوەکانی سەر مێزەکە هەستایە سەر پا، بەرەو لای کتاوەکان رۆیشت، دانە دانە سەیری قەدو قەوارەیانی دەکردو بە توندی پەڕەکانی هەڵدەدایەوەو لەبەر خۆیەوە دێڕێكو ناوی کتاوەکەی دەخوێندەوە.

حافظ، گوڵستانی سەعدی، خەمسەی نیزامی شانامەو.. و ... دوای چەند قومێك لە قلیان روویکردە کەیخوسرەو بەگو وتی:

- لە عادەتی منەوە دوورە داوای شت لە کەس بکەم، بەڵام ئەمڕۆ لە میر داوایەکم هەیە، نازانم میر بۆمی جێ بەجێ دەکات، یا خەیر؟!

کەیخوسرەو بەگ لەسەر خۆ، جووت جووت دانەی تەزبێحەکەی لەسەرەوە تاخوارەوە لەخوارەوە تا سەر دەگرتو بەرەڵلا دەکرد، تەزبێحەکەی لە لەپێکدا تۆپەڵ کردو دای بەو لەپی تریداو وتی:

- میوانی ئازیزمان داواناکا.. بەڵکو فەرمان ئەدا..

- زاڵم فەرمان نەدا. ئەوی راستی بێت لە دەمێکەوە بەدوای کتاوی "شەرەف نامە"کەی بەدلیسی دا دەگەڕێم وەچنگم نەهێناوە، وا بەخت هێنای، ئەمڕۆ لە نێو کتاوەکانی جەنابتا دیمەوە، دەڵێم بەهیممەت یا...

میر نەیهێڵا "ڕیچ" قسەکەی تەواو بکا، پێی بڕیو وتی:

- جا هەر ئەمە؟ باوەڕ بکە ئەگەر لێم قبوڵ بکەیت ئەسپە "شێ"یش ئەخەمە تەکی، مەگەر خوا بزانێت چەندە ئەسپە شێم بەلاوە ئازیزە..!

- نا میر، ئەسپە "شێ" هەر لایەقی خۆتەو بۆ ئەم شوێنو مێرگوزارە جوانەو، بەمیر جوانتر دەکەوێت تا لای من.. ﴿پ. ك: ١٣ - ١٤﴾

تێبینی دەکەین" ئەم دیالۆگەی پێشەوە بە شێوەی ناراستەوخۆ پێشکەش کراوەو گێڕەرەوەکەی کە گێڕەرەوەیەکی دەرەکییە، لە چوارچێوەیەکی درامیدا گێڕاویەتییەوە، لە رێگای وەسفکردنی شێوازی هەڵسوکەوتو جووڵەی کەسێتییەکانو بەڕێوەبردنی پرۆسەکە، سەرەڕای تێکەڵکردنی هەردوو کاتی ئێستاو رابردووی رووداوەکان ــ ئێستای گێڕانەوەو رابردووی بەڕێوەچوونی رووداوەکان، بەڵام تایبەتمەندییەکانی کورتکردنەوەو

دەستكارییكردن لە پرۆسەكەدا بەرچاوناكەوێت، بەڵكو گێڕەرەوە زۆر وردو بەدوورو درێژیی سەرجەم جووڵەی كەسێتییەكانو دەربڕاوەكانیانی نواندووەتەوە بەبێ دەستكارییكردنیان، تەنها دەستتێوەردانیشی لە پرۆسەكەدا، بەڕێوەبردنو پێشكەش كردنی دیالۆگی نێوان كەسێتییەكانە، ئەمەش یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی دیالۆگی ناراستەوخۆ، كە (سیزا قاسم) ناویناوە (وێنەی گێڕانەوە)، چونكە لە پێشكەش كردنی پرۆسەكەدا "لە نێوان گێڕانەوەو وەسفدا جۆرە تێكچڕژانێك هەیە دەكرێ ناوی بنێین وێنەی گێڕانەوە، ئەم وێنەیە كە شتەكان بە جوڵاوەیی پێشكەش دەكات، بەلام وێنەی وەسفی شتەكان بە وەستاوی پێشكەش دەكات"(1)

كەواتە دەشێت گێڕەرەوەی بابەتیی پرۆسەی دیالۆگەكە بەوشێوەیەی رووی داوەو بەڕێوەچوە" بگوێزێتەوەو پێشكەشی بكات، بەبێئەوەی كردەكانی كورتكردنەوەو پچڕاندن ئەنجام بدات.

### پ- گێڕانەوە لە رێی مۆنۆلۆگەوە:

(مۆنۆلۆگ ـ Monologue) یەكێكە لە نوێترین ئەو هونەرانەی لە دەقە چیرۆك ئامێزەكاندا بەكاردێتو بەیەكێك لە تایبەتمەندییەكانی چیرۆكو رۆمانی نوێ دادەنرێت، چونكە "رۆمانی نوێ زیاتر لەوەی جەخت بكاتە سەر رووداوەكانی جیهانو دونیای دەرەوە، جەخت دەكاتە سەر وێنەیەكی نموونەیی هەموو ئەو حاڵەتو كردارانەی گفتوگۆی نێو هۆشی كەسەكانن"(2)، سەرچاوەی سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدانی چیرۆكنووسانو رۆماننووسان بۆ بڕینی سنووری هەڵسوكەوتو كردارە رووكەشییەكانی كەسێتییەكانو رۆچوونە ناو دەروونو هەستە شاراوەكانیان، لە پێناو لێكدانەوەو ئاشكراكردنو سەرەنجام ئاشناكردنی خوێنەر بەو ململانێو هەڵچوونانەی لە نێوان بیرو ویستە ناكۆكەكانی دەروونیاندا بەرپادەبێت، ئەمەش یارمەتی خوێنەر دەدات "راستەوخۆ

---

[1] بناء الرواية، ص ١١٣.

[2] مدخل لدراسة الرواية، جيمي هوثرن، ت: درويش عطية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٦، ص ٤٥.

بچێته نێو جیهانی ناوەوەی کەسێتییەکانەوە. لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەو لەسەر ڕۆیشتنو دەربڕینی بیری تایبەتو ئەوەی کە لە بابەتی بێئاگاییەوە نزیکە."[1]

(تزفتیان تۆدۆرۆف) مۆنۆلۆگ بە "تویکاریی هۆشی کەسێتیی لە چیرۆکدا"[2] پێناسە دەکات، (ڕۆبەرت هەمفری)یش دەڵێت "ئەو جۆرە تەکنیکەیە کە باری دەروونی کەسێتییەکانو کردە سایکۆلۆجییەکانیان پێشکەش دەکات، لە ساتێکدا کە لە چەند ئاستێکی جیاوازی ڕێکخراوەی هۆشدان، بەرلەوەی وەك دەربڕین گەشە بکەنو لە شێوەی وشەو ڕستەکاندا گوزارشتیان لێبکرێت"[3]، واتە پێویستە ڕۆماننووس لە کاتی خولقاندنی کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەیدا، ئەو ویستو هەڵچوونانەی لە دەروونیاندا وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بە دیاردەیەك یان ڕووداوێك بەرپادەبێت، هەر لە سەرەتای دروستبوونیانداو بەبێئەوەی گوزارشتیان لێکرابێتو دەربڕابێتن" هەستیان پێبکاتو ئاشکرایان بکات، ئەمەش ئەرکێکی گرانە، چونکە هۆشو بیری مرۆڤ لە ئاستێکدایە کە پێیدەوترێت (ئاستی بەر لە وتن)، ئاستی بەر لە وتنیش" ئاستێکە کە خۆی بەدەست پرۆسەکانی "چاودێرییکردن، کۆنترۆڵکردن، ڕێکخستن"ەوە[4] نادات‌و بارێکی ناجێگیری هەیە، واتە لە هەر ساتێکدا ئەگەری گۆڕانکاریی یان لەناوچوون یاخود گۆڕانی هەیە بۆ زمانی ئاسایی/ گۆکراو.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆنۆلۆگ پەیوەستە بەو گۆڕانانەوە کە ئەم پرۆسەیە لە بەهای ڕەگەزەکانی (کات، شوێن، کەسێتیی، ڕووداو)دا بەرپایان دەکات، چونکە لە مۆنۆلۆگدا ڕووداوەکان بەرەو ناخو دەروونی کەسێتییەکان قووڵ دەبنەوەو "هزر لەگەڵ خۆیدا دەدوێتو بیرەکان بە ناخدا ڕۆدەچن"[5]، گۆڕانەکانیش بە گشتی لە چەند خاڵێکدا بەرجەستەدەبن، کە بریتین لە:

---

[1] تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، ڕێزان ڕەحمان خدر، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٧، ل ١٠٩.

[2] شعرية النثر، ت: أحمد المديني، م: الثقافة الأجنبية، العدد: ١، السنة: ٢، ربيع ١٩٨٢، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ص ٥٧.

[3] تيار الوعي، ص ٤٤.

[4] الحوار القصصي، ص ١٠٤.

[5] نظرية الأدب، ص ٢٩٣.

١- كات: پرۆسەی مۆنۆلۆگ كاتەكانی (رابردوو، ئێستا، داهاتوو) ئاوێتەی یەكتر دەكاتو "كاتی هەستپێكراو هەڵ دەمژێت، هەروەها جووڵەیەكی هاتوچۆكەریشە لە شوێنكاتدا، جگەلەوەی بەتاڵە لە پاڵنەرە دینامیكییەكان، واتە لە كردارو رووداوە راستەوخۆكان، بە گوزارشتێكی دیكە، میكانیزمی پاڵنەرەكان تێیدا پێچەوانە دەبنەوەو گۆڕانكاریی لە پێگەكاندا دروستدەبێت، بەوەش لە دەروونـدا دینامیكییەتێك بوونی دەبێت، بەرامبەر بە هێمنییەك لە رووخساری دەرەوەدا"[1]، چونكە لەم پرۆسەیەدا قووڵبوونەوەیەك لە هۆشو دەروونـدا دروستدەبێتو تێپەڕینی كات تەواو هێواش دەبێتەوە، ئەمەش لە رێگەی هەردوو تەوژمی هۆشو تەداعی بیرەوە بەرجەستە دەبێت، كە بریتییە لە "جۆرێكی مۆنۆلۆگ، كە پشت بەیادو بیرەوەرییو زانیارییەكانی (زەین ـــ ذهن)ی ناوەوە دەبەستێت، كاتێكیش بەكاردێت كە باس لە پەیوەندیی واتایەك بە واتایەكی ترەوە دەكرێت، یان كاتێك واتایەكی تر بوروژێنرێت كە پێشترو لە تاقیكردنەوەكانی تردا گەنجینەكراوەو پەیوەستە بەم واتایەوە"[2]، هەروەها كاتێك كەسێتییەك لە دەروونیدا بابەتێك لێكدەداتەوە یان لەگەڵ خۆیدا دەكەوێتە گفتوگۆ، دەتوانێت بە ئازادیی چەندین گەشتی فرەئاراستە بەكاتە جیاوازەكاندا بكات، چونكە لە هەمان كاتدا دەتوانێت رووداوێك وێنابكاتو تێیدا قووڵ ببێتەوە كە هێشتا روونەدابێتو تەنها بەرهەمی ئەندێشەی خۆی بێت، یاخود بگەڕێتەوە بۆ رابردوو و رووداوێك بێنێتەوە بەرچاوی خۆیو لێكیبداتەوە كە پێشتر رووی داوە لێیو شوێنەوارێكی لە دەروونیدا بەجێ هێشتووە.

٢- شوێن: لە مۆنۆلۆگدا رەگەزی شوێن ئەو واتاو بەهایەی نامێنێت كە لەباری ئاساییدا هەیەتی، چونكە ئەو شوێنەی پرۆسەی مۆنۆلۆگی تێدا روو دەدات بیرو دەروونی مرۆڤە، بیریش لە رووی فیزیكییەوە پێكهاتەیەكی بایۆلۆجییە، بۆیە رەگەزی شوێنیش ئەو بەهایەی لە دەست دەدات كە وەك رەگەزێكی كۆنكرێتیی هەیەتی.

---

1 مقاربة الواقع في القصة القصيرة المغربية (من التأسيس الى التجنيس)، نجيب العوفي، المركز الثقافي العربي، بيروت -لبنان، ط ١، ١٩٨٧، ص ٥٣٩.

2 لێكۆڵینەوەی كورتە چیرۆكی كوردی لەكوردستانی باشووردا ١٩٧٠ — ١٩٨٠، ئیبراهیم قادر محەمەد، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٧، ل ١٩٩ — ٢٠٠.

٣- کەسێتیی: لایەنەکانی پرۆسەی مۆنۆلۆگ هەستو بیرو ویستە جۆراوجۆرەکانی دەروونی مرۆڤە، واتە شیکردنەوەو پارچەپارچەکردنی ئەو پێکهاتە هزریی‌و دروونییانەیە کە بە هەموویان لە رووکاری دەرەوەدا بیرو تێڕوانینە دەربڕاوەکانی مرۆڤێك پێك دەهێنن، بۆیە دەکرێت بە شێوەیەك مۆنۆلۆگ لێکبدەینەوە، کە پێکهاتە سەرەکییەکەی هۆشی مرۆڤ لایەنێکیو هەستو ویستو هەڵچوونە دەروونییەکانیش لایەنەکانی دیکەی پێکبهێنن، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە بڵێین بەهای کەسێتیی لە مۆنۆلۆگدا گۆڕانی بەسەردا دێت.

٤- رووداو: تاکە رەگەزێك کە لە مۆنۆلۆگدا لە گۆڕانە هەستپێکراوەکان پارێزراوبێت رەگەزی رووداوە، چونکە گواستنەوەی کردەی گفتوگۆ لە جیهانی دەرەوەوە بۆ دەروونی کەسێتییەکانو خۆ دوواندن، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر رووداوەکانو ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت، تەنها خێرایی بەرێوەچوونی رووداوەکانە.

ئەو سەرچاوانەی لە هونەری مۆنۆلۆگیان کۆڵیوەتەوەو لە تایبەتمەندییو لایەنەکانی دوواون، سەبارەت بە پێکهاتەو شێوازی بەکارهێنانی لە رۆماندا چەند تێڕوانینێکیان هەیە، لەم روانگەیەشەوە چەند دابەشکردنێك بەرچاودەکەون، بۆ نموونە هەندێك سەرچاوە، هونەرەکەی ناوناوە (دیالۆگی ناوەکیی)و دابەشیکردووە بەسەر جۆرەکانی "خۆ دوواندن ــ Soliloquy، تەوژمی هۆش ــ Stream of Consciousness، گەڕانەوەی هونەریی* FlashBack"[1]، بەڵام هەندێك سەرچاوەی دیکە ئەم دابەشکردنەی کورتکردووەتەوە بۆ "مۆنۆلۆگ، موناجات"[2] یان "مۆنۆلۆگ، فلاش باك"[3]، بەڵام هەر خودی ئەو سەرچاوانە لە میانی خستنەڕووی وردەکاریی تایبەتمەندییەکانی ئەو جۆرانەو پراکتیزەکردنیان لەسەر دەقەکان سنوورەکانی نێوانیان کاڵ دەکەنەوەو هەندێك جاریش

* مەبەست لەم ناونانە (گەڕانەوەی هونەریی)، جیاکردنەوەی هونەرەکەیە لە (گەڕانەوە)ی ئاسایی، کە یەکێکە لەو هونەرانەی پەیوەستە بەڕەگەزی کاتەوە، واتە لەو توێژینەوانەدا بەکاردەهێنرێت کە تایبەتن بە "ڕەگەزی کات" نەك رووداو.

1 تيار الوعي، ص ــ الحوار القصصي، ص ١٠٣ — ١٥٠ ــ في نظرية الرواية، ص ١٣٤-١٣٩.

2 السرد في المقامات النظرية، ص ١٧٤-١٧٨.

3 تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، ل ١٠٨ — ١١٠.

تێکەڵاوییەك لە نێوانیاندا دەخولقێنن[1]، بەڵام لە کۆتایدا هەموویان کۆکن لەسەرئەوەی کە ئەم جۆرانە هەموویان لە خاڵێکدا کۆدەبنەوە، کە ئەویش بەرێوەچوونی پرۆسەیەکی هزرییە لە هۆش‌و بیری مرۆڤدا، لە ئەنجامی هەڵچوونێکی دەروونیی یان هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر رووداوێك یان دیاردەیەکی جیهانی دەرەوە، لەبەرئەوە پێمان باشە تەنها بە کورتی لێییان بدوێین‌و تیشکیان بخەینەسەر، بەبێ قووڵبوونەوە لە نێو وردەکاریی لایەنەکانیاندا، چونکە ـ پەیوەست بە تویژینەوەکەمانەوە ـ هەموویان لە یەك خاڵدا یەکدەگرنەوە، ئەویش رووداني پرۆسەیەکی دەروونییە لە هزرو بیری کەسێتییەکانی رۆماندا، قووڵبوونەوەش تیایاندا بەرەو لایەنێکی دیکە دەمانبات کە بابەتی تویژینەوەیەکی سەربەخۆیەو جیاوازە لە ئامانجی تویژینەوەکەی ئێمە.

### ١- خۆ دوواندن ـ Soliloquy

(رۆبەرت هەمفری) لە پێناسەی (خۆ دوواندن)دا دەڵێت "موناجات مۆنۆلۆگە، گفتوگۆی دەروونە لەگەڵ خۆیدا، زمانی گشتی نێوان گێڕەرەوەو کەسێتییەکانە بەڵام بە شێوەی قووڵی رۆچوو بەناخی ئەو کەسێتییانەدا، بە جۆرێك کە راستگۆیی‌و دانپێدانان‌و درکاندنی تێدا بەدی دەکرێت، ئەرکێکی زمانیی‌و گێڕانەوەیی وەهاش بەجێ دەگەیەنێت کە لە توانای هیچ شێوەیەکی گێڕانەوەی دیکەدا نییە"[2]، ئەمەش راستە، چونکە کاتێك کەسێتییەك خۆی دەدوێنێت، بەو زمانە ئاساییە خۆی دەدوێنێت کە لەگەڵ هاوزمانەکانیدا هاوبەشەو هەمان ئەو وشەو رستانە بەکاردەهێنێت کە لە دیالۆگێکدا بەکاریاندەهێنێت، بەڵام ئەوەی لە دیالۆگی جیادەکاتەوە بەرێوەچوونی پرۆسەکەیە لە دەرووندا، سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ کاتێك خۆی دەدوێنێت، قسەکان لە دەروونداو دەرنابڕدرێن، لەبەرئەوە ئازادیی‌و راستگۆیی لە قسەکاندا رەنگ دەداتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا کاتێك پرۆسەکە دەگوێزرێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە، نابێت هەمووشتێك بدرکێنرێت‌و هەندێك بابەت دەبنە نهێنیی تایبەت، سەرەڕای ئاگاداربوون لە شێوازی

---

[1] تيار الوعي، ص ٥٩ ـ الحوار القصصي، ص ١١٠ - ١١٥ ـ في نظرية الرواية، ص ١٣٩.

[2] تيار الوعي، ص ٥٩.

قسەکردن بە پێی بنەمای "قسە بی گێژە، بی بێژە، بی وێژە"[1]، واتە ئەگەر ویستت قسەبکەی، دەبێت لە پێشدا وەکو چۆن گەنم دەدەن لە (سەرەن)و پاشان دەیدەن لە (بێژن)، ئاوەهاش قسەکانت پوخت بکەیت ئینجا بییاندرکێنێت.

یەکێك لەو رۆمانانەی کردەی خۆ دوواندنی تێدا بەدی دەکرێت، رۆمانی (ئەژدیها)ی (محەمەد موکری)یە.

گێڕەرەوە لە زۆر جێگای ئەم رۆمانەدا هونەری خۆدوواندنی بەکارهێناوە بەڵام بەشێوەی ناراستەوخۆ، چونکە گێڕەرەوەی بابەتیی پرۆسەکە پێشکەش دەکاتو لێکدانەوە بۆ رووداوەکان دەکات.

بۆ نموونە" کاتێك (موعەزەز)و (ئەمنەخان) بوختانی شەرەف بۆ (کەریم) هەڵ دەبەستن، گێڕەرەوە وێنەی ئەو بارە دەروونییە ئاڵۆزو ناخۆشەمان بۆ دەکێشێت کە بە هۆی دروستکردنی ئەو تۆمەتە بێبنەمایانەوە (کەریم)ی تێکەوتووە، پاشان لە رێی خۆ دوواندنێکی (کەریم)ەوە بەرجەستەی دەکات "بەڵێ بێ گوناهم.. گەر گوناه ئەوەبێت، منێکی نەفامو نەدار، چڵکنو کاڵفام، فریوی ئەوەم خواردبێت، کچۆڵەیێك تا گەورەبوو، گەمەی ژنو مێردایەتی لەگەڵدا کردبم.. لەو تەمەنەدا، نهێنییەکانی جەستەی ئافرەتی خستبێتە بەردەستم، وردە نهێنی گرێدراوی بۆ کردبمەوە، ئەوا گوناهبارم!

گەورەبووم، ژنم خواست، کاری ژنو مێردایەتیم لا ببوە (زبارە)! ئەوەی (ئەمنە خان) پێی بەخشیم، شتێکی دی بوو.. ویستی ئەو زاڵ بوو، منیش شەرمنۆكو تینوو.. ئەو بە گێلۆکەو بێدەنگی دەزانیم، شەرمی لە منو لە خۆی نەدەکرد...

بەڵێ دەزانم بێگوناهم

بەڵام بێترس بم، ئەمەیان بێ تامە، چۆن نەترسم؟

بۆ لە شێر ترسان عەیبە؟

من دەترسم، ئینسانم، شێرو ورچو پڵنگ نیم" ﴿ئە: ١٩﴾

ئەم هەستە دەروونییەی کەسێتیی "کەریم" کە گێڕەرەوە تیشکی خستووەتەسەر، دەچێتە بواری (خۆ دوواندن)ەوە، چونکە (کەریم) خۆی دوواندووەو لەگەڵ دەروونی خۆیدا تاووتوێیی رووداوێکی کردووە.

---

[1] مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سوجادی، چاپخانەی المعارف، بەغدا، ١٩٥٢، ل ١١٨.

### ٢- تەوژمی هۆش ـ Stream of Conciousness

زاراوەی تەوژمی هـۆش ـــ کـە پێشتر لێیـدووایـن ـــ بـە هـەمان شـێوەی خۆدووانـدن پرۆسەیەکی سایکۆلۆجییەو "بریتییە لە جۆرێکی چیرۆك، کە لە بنەڕەتدا جـەخت دەکاتـە سـەر (ئـاڵوگۆڕ ـــ إرتيـاد)ی ئاسـتەکانی بـەر لـە گـوتن لـە هۆشـدا، بـە ئامـانجی دەستنیـــشانکردنی پێکهاتـــەی ســـایکۆلۆجی کەســـێتییەکان"[1]، ئامانجیـــشی "دوورخستنەوەی سێنتەری قورسایی گێڕانەوەیـە لـە گێـڕەرەوەی بابـەتیی (گێـڕەرەوەی هەمووشتزان ـ Omnificent) بۆ کەسێتیی، بەبێ پشتبەستن بـە هۆکارەکـانی دەفتـەری بیرەوەریی یان نامە، یاخود هەرشتێکی لەو بابەتانە"[2]، واتە بـەکارهێنانی ئـەم هونـەرە ئامانجی ئاماژەدانە بەو هەڵچوونانەی لە دەروونی کەسێتییەکدا بـەرپا دەبێـت، بـە هـۆی بیستن یان رووبەڕووبوونەوەی رووداوێکەوە.

هەر لە رۆمانی (ئەژدیها)دا" کە گێڕەرەوە لـە پـاڵ گێڕانـەوەی رووداوەکـانی چیرۆکی سـەرەکیی، چـیرۆکێکی بێگانەشـی تێهەڵکێـشی دەقەکـە کـردووە، رووداوەکـانی ئـەو چیرۆکەشی بە شێوەی (تەوژمی هۆش) لە رێی زەینی (کەریم)ەوە خستووەتەڕوو.

دوای ئـەوەی (کـەریم) لـە شـار هەڵدێتو روودەکاتـە گونـدی (گۆڕەشـێر)، لـە زاری دانیشتووانی ئەو گوندەوە چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەبیـستێت، بیـستنی رووداوەکـانی ئـەو چـیرۆکەش "زوڵـمو زۆری (مـیر ئەسـەدوڵڵا ــ پاشایەکی زۆردار) لەگـەڵ دانیـشتووانی پاشانشینەکەیدا، زەوتکردنی مافی خەڵكو دەستدرێژییکردنە سـەر نامووسـیان، کوشـتنی (پەریزاد ـ یەکێك لەو کچانەی مل بۆ داواکەی نادات)، بـوون بـە بـەرازی مـیرو گـۆڕانی پەریزاد بۆ هەڵۆو ناونانی بە (زێڕین)" کاریگەریی لەسەر دەروونی بـەجێ دەهێڵێـتو لـە زەیـنی خۆیـدا وێنەیـەك بـۆ "زێـڕین ـــ کەسـێتیی سـەرەکیی چیرۆکە ئەفـسانەییەکە" دەکێشێتو لەگەڵیدا دەکەوێتـە گفتوگـۆ "لـە بەرەبەیانـدا زێـڕینی دیبـا، بـە شـەوقێکی گەورەوە سەیری پاشماوەی چیرۆکە بـە سـەما فڕینەکـەی زێـڕینی دەکـرد.. شـەوانیش بـە کەلیمە ـ پێی وابـوو، پێـی دەگـوترێ ـــ لەبـەری دەکـرد.. دەردە دڵـی خـۆی بـۆ زێـڕین

---

[1] تيار الوعي، ص ٢٠.

[2] في مشكلات السرد الروائي (قـراءة خـلافية في عـدد مـن النـصوص والتجـارب الروائيـة العربيـة، والعربيـة السورية المعاصـرة)، د. جهـاد عطـا نعيـسة، منـشورات إتحـاد الكتـاب العـرب، دمـشق، ٢٠٠١، ص ٨٣ .www.awu-dam.org

هەڵدەڕشت، ئەم لە زەوی ئەو لە ئاسمان، ئەم داخڤی، ئەو گوێ بیست، ئەم پێی وابوو تاقە کەسێ ئامادەو شایستە، بۆ گوێ بیستی، هەر تەنها زێڕینە ...

جێی متمانەم تەنها تۆیت، خۆزیا زمانزان دەبوویت، راستەو راست وەڵامت دەدامەوە... دەزانم زمانزانو ئینسان بوویت، دەدوایت بێدەنگیش بوویت، گریاویت، پێکەنیویت، گاھ کەیلو گاھ دڵخۆش، بەخشندەو رق ئەستوور. دەزانم بەبەرچاوتەوە کۆرپەکانتیان سەربڕی، بێدەنگ بوویت، بریا ئێستا قسانت دەکرد." ﴿پ. ك: ٤٨﴾

هەروەها هەر بە کاریگەریی هەمان چیرۆك، لە زەینی خۆیدا سیناریۆیەك دەخولقێنێت، کە سەرباری خۆی کەسێتییەکانی (زێڕین)و (میر)و (پەریزاد)ی تێدا بەدی دەکات "نیوەشەوێکی درەنگ کەریم لەگەڵ دارو درەختو ئەرزو ئاسماندا دەدووا، سێ پەلەوەری (ڕۆشن) لە قووڵایی ئاسمانەوە داکشان، رۆشنایێکی ئەوتۆی سوریان بەدواوە بوو، چاوی کەریمیان خستە رێشکەو پێشکە، هەر سێ پەلەوەرەکە لەبەر پێی کەریمدا نیشتنەوە، ناسییەوە (زێڕینو میرو پەریزاد بوون) ... زێڕین هەڵفڕی، لەسەر شانی کەریمدا نیشتەوە ... (میر)یش هەڵفڕی لەسەر دەستی راستی کەریما نیشتەوە، (پەریزاد)یش لەسەر دەستی چەپی نیشتەوە، چنگەکانی لێ گیرکرد ... هەرسێکیان دایانە شەقەی باڵ.

بەچاوتروکانێ ئەوەندە بەرزبونەوە کەریم (گلۆپی) دەیان شاری بینی ... (زێڕین) سەرشانی کەریمی بەردا، هەروەها (میر)و (پەریزاد)یش باسکەکانی کەریمیان بەردا ... کەریم بەوردی سەیری ناوچەکەی کرد.. بەخۆی گوت پێدەچێ لە نێوان بەرازگرو ئەژدیهادا بم ... چووە ژوورێ، حەپەسا، پیاوێكو دوو ژن ئەسەدوڵڵاو خاوەرو زێوەر لە هۆڵەکەدا بوون.. رێك ئەسەدوڵڵا هەمان رووخسارو قەدو باڵای کەریمی هەبوو.. خاوەریش لەگەڵ شەرافەتی دایکی کەریم سێوێك بوون کرابوونەوە دوو کەرتەوە.. زێوەریش (ژنەکەی) کەریمە." ﴿ئە: ٢٩٨ - ٢٩٩﴾

تێبینی دەکەین" (کەریم) بەبیستنی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییەو بەراوردکردنی بەرووداوەکانی ژیانی خۆی، هەڵچوونێك لە دەروونیدا بەرپابووەو لە ئەندێشەی خۆیدا وێنەیەکی بۆ رووداوەکانو بەرجەستەکردنی کەسێتییەکانی کێشاوەتەوە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی پراکتیزەکردنی بنەماکانی تەوژمی هۆشەوە، کە توێژەران ئەوە دووپات

دەکەنـەوە "تـەوژمی هـۆش“ لـە سـادەترین پێناسـەیدا بیرهێنانـەوەی رووداوێکـە بـە رووداوێکی دیکە."[1]

### ٣- گەڕانەوەی هونەریی ـ Flash Back

(گەڕانەوەی هونەریی)ش“ کە زاراوەیەکی وەرگیراوە لـە هونـەری سینەما، مەبەست لێـی "پرۆسـەیەکی دەروونییـە، کەسـێتییەکانی چیرۆك ئـەنجامی دەدەنو لـە ڕێیـەوە رووداوەکانی رابردوو دەگەڕێننەوەو لە چوارچێوەی کاتو رووداوەکانی ئێستادا چالاکیی پێدەبەخشن"[2]، ئـەم پرۆسـەیە کەسێتییەکان ئـەنجامی دەدەنو لـە ڕێـی یادکردنـەوەوە رووداوێکی رابردوو کە کاریگەرییەك یان شوێنەوارێکی لە دەروونیانـدا بـەجێ هێشتووە“ دەهێننەوە یادی خۆیان، بەمەش "پچڕانێك لە زنجیرەی ئاسایی رووداوەکانـدا دەخولقێتو یـاد دەگەڕێتـەوە بـۆ هێنانـە پێشـچاوی هەنـدێك رووداوی رابـردوو، بـە مەبەسـتی روونکردنەوەی ئاڵۆزیی پێگەیەك یان دیاردەیەك."[3]

لـە رۆمـانی (سـەگوەڕ)دا گێڕەرەوە وێنـەی (کەسـێتیی سـەرەکیی) دەکێـشێت لـە زیندانەکەیدا، کە کەمتر لە رۆژێکی ماوە بۆ سەپاندنی سزای لـە سێدارەدان بەسـەریدا، بەڵام لەو کاتەدا (کەسێتیی سەرەکیی) لەبری بیرکردنەوە لـە مـەرگ لـە ڕێـی گەڕانـەوەی هونەرییەوە بیرەوەرییە دێرینەکانی دێنێتەوە بەرچاوی "(ئێستایش) نازانی، هۆی ئەم بـێ دەربەسـتییەت لـە رووی مـەرگو ژیانـدا چـی یـە؟ وەکـو ئـەوەی (ژیـان) یـا (مـەرگ) پەیوەندییان بە تۆوە نـەبێ، یـا راسـتتر تـۆ پەیوەنـدییت بەوانـەوە نـەبێ، وەك ئـەوەی بە تاقیکردنەوەی هەردووکیاندا تێ پەڕی بیت!

شەوێ ــ پاش هەواڵەکە ـــ یـاد، مێـشکتی تـەنی بـوو، بـەرەو دوور، دوور، دوورتـر، پەلکێشی دەکردی.. بۆ پانزە ساڵ لەمەوبەر، بووە چاو ساغت ...

---

[1] تيار الوعي (رؤية نفسية زمانية مكانية مع دراسـة تطبيقيـة علـى روايـة "يحدث أمـس" للروائـي الكويتي "إسماعيل فهد")، د. مصطفى عطية، www.mrafee.com

[2] الحوار القصصي، ص ١٣٥ ـ معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د. سعيد علوش، دار الالكتـاب اللبنـاني، بيروت، ١٩٨٥، ص ٩٧.

[3] سەرچاوەی پیشوو، ل ١٣٥.

لەبەر بەفر بەجوانی چاوت نەی دەبینی، ئەو پێدەشتەی بەرپێت رەشایی پێوە دیار نەبوو، چیاکانی بەرانبەریشت، ئەوەندە سپی بوون، رێشکەو پێشکەیان بەچاوانت دەکرد! زستانە رۆژێکی سەخت بوو، دایکت بەرێ دەخستەوە، سەرەرای ئەوەی هەموو شتێ سپی دەچووەوە، کزە بایێکی ساردیش وەك تیغ خۆی دەکێشایە روخسارتانەوە ...

ئەو ئێوارە سەختەی پانزە ساڵ لەمەوبەر، بەچەن وشەیەکی بریندار وەك ئەوەی دەروونت تووشی (خوێنرێژی) هاتبێ، دایکت بەرێ خست، پێیت وت:

دایکە ئیتر لێرەوە برۆ خوا حافیزت بێ.. ئەو دێیەی بەرانبەرت زۆر دوور نییە، هەر دە دەقیقە رێ دەبێ" (سە: ل ١٤ - ١٥)

تێبینی دەکەین" گێرەرەوە لە رێی ئەم گەرانەوەیەوە ئاماژەی بە رووداوێکی رابردووی کەسێتیی سەرەکیی داوە، کە گرنگییەکی هەیە لە بەرێوەچوونی رووداوەکانو ئاشکراکردنی هەندێك هۆی گەیشتنی چارەنووسی رووداوەکان بەم ئاستە، ئەم ئاماژەپێدانەش تەنها لە رێی ئەم هونەرەوە دەبێت، چونکە پچراندنی زنجیرەی رووداوو ئاماژەدان بە چەند رووداوێکی پێشوو کە ماوەیەك بەسەر روودانیاندا تێپەریوە، لەنگییەك لە دەقەکەدا دەخولقێنێت، بەڵام بەم رێگەیە رۆماننووس ئامانجیش دەپێکێتو جوانییەکیش بە دەقەکەی دەبەخشێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هونەری مۆنۆلۆگ بە هەموو جۆرەکانیەوە لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە، ئەویش گواستنەوەو گێرانەوەی چەند رووداوێکە کە لە هۆشو دەروونی کەسێتییەکاندا روویان داوە، یاخود لە رێی بیرکردنەوەو قووڵبوونەوە لە بیرەوەرییەکانیان یاخود هەڵوێستەکانیاندا دەرکەوتووەو گێرەرەوە ئاشکرایکردوونو خستوونیەتەروو، گرنگیشی لەوەدایە، کە لە رێیەوە خوێنەر ئاشنای ناخو دەروونو هەستە شاراوەکانی کەسێتییەکانی نێو رۆمان دەبێت بەر لەوەی بە زمان گوزارشتی لیبکەن، یاخود بتوانن بە پەنهانییو شارراوەیی بیهێڵنەوە.

# ئەنجام

توێژینەوەکە دوو جۆر ئەنجام لە خۆدەگرێت، یەکەمیان ئەنجامی تایبەتە بە بەشەکان، دووەمیشیان ئەنجامێکی گشتییە کە لە کۆی توێژینەوەکەوە هاتووەتە بەرهەم.

**یەکەم: ئەنجامە تایبەتییەکان:**

١- ڕۆمان بەوپێیەی کە هونەرێکە زیاتر لە واقیعەوە نزیکەو کەسێتییەکانی ئەو مرۆڤانەن کە زادەی جیهانی ئاسایین، نزیکییەکی تایبەتی هەیە لە زانستی مێژووەوە، بەڵام ناگاتە ئەو ئاستەی کە تۆمارکردنێکی رووتی مێژوو بێت، چونکە یەکەم تایبەتمەندیی ڕۆمان بوونی گۆشەنیگای تایبەت بە نووسەرە، کە ئەم لایەنە بە تەواوەتی دژی زانستی مێژووە.

٢- ڕۆمانە کوردییەکانی باشووری کوردستان، بە پێی سروشتو تایبەتمەندیی ژینگەی دەوروبەر توانیویانە سەرکەوتووانە پراکتیزەی سەرجەم بنیاتەکانی رووداوی ڕۆمان بکەن، هەر ئەم سروشتەش وای کردووە لایەنی سیاسی تێکەڵی دەقەکان ببێتو خۆی تیایاندا بنوێنێت.

٣- جۆراوجۆریی لە بنیاتی رووداوەکاندا کاریگەریی لەسەر ناوەڕۆکو بەهای رووداوەکان نییەو مەبەست لێی تەنها بەخشینی سیمایەکی هونەرییو ئیستاتیکییە بەدەقەکە.

٤- هەندیك جار رووبەری ئەو رووداوانەی ڕۆماننووس دەیەوێت لە ڕۆمانەکەیدا رووپۆشیان بکات، کاریگەریی لەسەر دیاریکردنی بنیاتێکی تایبەت هەیە.

٥- هونەرەکانی دیالۆگو مۆنۆلۆگ وەك رێگایەکی گێڕانەوەی رووداوەکان رۆڵیان هەبووەو بە تەواوی تایبەتمەندییەکانیانەوە لە ڕۆمانەکاندا بەکارهێنانیان بەرچاو دەکەوێت.

٦- تایبەتمەندیی (فرەدەنگیی ـ Polyphonic) لە ڕۆمانی کوردیدا، لە رێی گێڕانەوەی رووداوەکانەوە بە شێوازی (گێڕانەوەی خودیی) بەرهەمهێنراوە.

**دووەم: ئەنجامە گشتییەکان:**

١- گرنگترین ئەنجام کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە، ئەو قووڵبوونەوەو شیکردنەوەیەیە کە لە بنیاتەکاندا کراوە، چونکە لە میانی خوێندنەوەی ڕۆمانەکانو لێکدانەوەو شیکردنەوەی رووداوەکانییەوە بۆمان دەرکەوت، کە دەتوانین پۆلێنێکی وردتر لە پەیکەری بنیاتی

رووداوەکانیاندا بکەین، لەو پۆلێنەی فۆرمالیستە رووسەکان ـــ دۆزەرەوەو کەستنیشانکەری بنیاتەکان ــ کردوویانە، ئەویش لە هەردوو بنیاتی (هاوسەنگ)و (بازنەیی)دا بەدی دەکرێت، بەم شێوەیە:

أ- بەکارهێنانی بنیاتی هاوسەنگ دەشێت لەسەر چەند ئاستێك بەکاربهێنرێت، هەروەك چۆن دەشێت رووداوێك کە تەوەرێکی بنیاتەکە پێکدەهێنێت، لە هەناوی رووداوێکی دیکەدا خۆی حەشاردابێت کە ئەویش لای خۆیەوە تەوەری بنیاتێکی هاوسەنگی دیکە پێکبهێنێت.

ب- پەیوەست بە بەکارهێنانی بنیاتی بازنەیی لە رۆمانە کوردییەکاندا، گەیشتین بە پۆلێنکردنێکی نوێ:

• بنیاتی بازنەیی بەدوو شێوە بەکارهێنانی لە رۆمانە کوردییەکاندا بەدی دەکرێت، ئەوانیش (بازنەی داخراو)و (بازنەی کراوە)ن.

• هەروەها لە میانی پراکتیزەکردنی پێوەرەکانی بنیاتی بازنەییدا، رۆماننووس دەتوانێت بە پێی توانای خۆیو سروشتو پانتایی ئەو رووداوانەی ئامانجێتی لە دەقەکەیدا رووپۆشیان بکات، بەدوو جۆر بنیاتەکە بەکاربهێنێت، ئەوانیش (بازنەی سادە)و (بازنەی ئاوێتە)ن.

ئەم پۆلێنکردنانەش پێشتر باسیان لێوەنەکراوەو لە کاری فۆرمالیستەکانو توێژینەوەی پێشتردا ناویان نەهاتووە.

٢- گرانیی دابەشکردنی هونەری مۆنۆلۆگ بەسەر چەند خاڵێکداو دەستنیشانکردنی سنوورێکی دیاریکراوو جیاکەرەوە لە نێوانیاندا، ئەمەش لەو پێناسەو لێکدانەوانەو تەنانەت لەو دانپێدانانەوە دەردەکەوێت، کە خودی توێژەرانو رەخنەگران خستوویانەتەڕوو.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێبەکان

### أ- کوردییەکان


١- ئۆتێللۆ، ولیام شکسپیر، و: ئەحمەد سالار، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٧٨.

٢- ئاوەزداریی‌و ڕێزمانی ناوەڕۆك ــ وابەستە، د. محەمەدی مەحوی، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣- بەرەو.. ئاستانەی ڕۆمان‌و گۆشەنیگاکان، عەبدوڵڵا سەراج، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

٤- بنەماکانی هەواڵنووسین، پرۆفیسۆر کۆرتێس ماکدۆگاڵ، و: هەندرێن شێرزاد، لە بڵاوکراوەکانی بەشی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی رادیۆ نەوا، سلێمانی، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٧.

٥- بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، راز)، نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦- بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٧- تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، عەبدولڕەحمان مونیف، و: شیرین .ك، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

٨- ڕۆمانی کوردی (خوێندنەوەو پرسیار) ــ بەشی یەکەم، سابیر رەشید، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

٩- رەخنەسازی (مێژوو و پەیڕەوی کردن)، د. کامل حسن عزیز البصیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٨٣.

١٠- ڕەهەندی تێڕامان‌و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ، ئازاد حەمە، چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٥، ل ٢٠ (ناوی دەزگای پەخشی لەسەرنییە).

١١- ڕێبازە ئەدەبییەکان، ئامادەکردن‌و وەگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. فەرهاد پیربال، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.

١٢- چەند وێستگەیەکی ئەدەبی‌و فیکری (بەهای شێوە ــ فۆرمالیستە رووسەکان)، وەرگێڕان‌و نووسینی: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.

١٣- چیرۆکی هونەری کوردی، حسین عارف، دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد، ١٩٧٧.

١٤- کۆمار، ئەفلاتوون، و: سۆران عومەر حەمە، ڕێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن چۆمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٥- لە ستایشی ئەدەبدا (کۆمەڵێ وتار)، کۆمەڵێك نووسەری بیانی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن، دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠١.


هەواڵنامەی کتێب

١٦- مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، د. محەمەد مەحویو نەرمین عومەر ئەحمەد، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٧- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی، چاپخانەی المعارف، بەغدا، ١٩٥٢.
١٨- نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا (ساڵانی ١٩٥٥ - ١٩٨٨)، حسین عارف، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢.
١٩- هونەری شیعر (شیعرناسی)، ئەرستۆ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیو پێشەکیو پەراوێزی: عەزیز گەردی، خانەی چاپو پەخشی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٠- هونەری شیعر، هۆراس، و: حەمید عەزیز، طبع بمطبعة الزمان، بغداد، ١٩٧٩.

## ب- عەرەبییەکان:

٢١- أدوين موير، بناء الرواية، ترجمة ابراهيم الصيرفي، مراجعة عبدالقادر القط، الدار المصرية للتأليف والترجمة، مصر، (مێژووی چاپی لەسەرنییە).
٢٢- أساليب السرد في الرواية العربية، د. صلاح فضل، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق،الطبعة الأولى، ٢٠٠٣.
٢٣- أعلام الرواية التحليلية، سعد عبدالعزيز، المطبعة الفنية الحديثة، بغداد، ١٩٧٠.
٢٤- ألأثر المفتوح، أمبرطو ايكو، ت: عبدالرحمن بو علي، دار الحوار للنشر والتوزيع، أللاذقية ــ سوريا، الطبعة الثانية، ٢٠٠١.
٢٥- الأدب والأنواع الأدبية، مجموعة من المؤلفين، ت: طاهر حجار، دار طلاس، دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٨٥.
٢٦- البناء الفني لرواية الحرب في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة)، عبدالله إبراهيم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٨.
٢٧- البنيوية والتفكيك (تطورات النقد الأدبي)، س. رافيندران، ت: خالدة حامد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢.
٢٨- البنيوية وعلم الإشارة، ترنس هوكز، ت: مجيد الماشطة، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعةالأولى، بغداد، ١٩٨٦.
٢٩- الحوار القصصي (تقنيات وعلاقات السردية)، فاتح عبد السلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.
٣٠- الحوار القصصي (تقنيات وعلاقات السردية)، فاتح عبد السلام، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.
٣١- الرواية التأريخية، جورج لوكاش، ت. صالح جواد الكاظم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٨٦.
٣٢- الرواية الفرنسية الجديدة ــ الجزء الأول، نهاد التكرلي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥.
٣٣- الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان (دراسة نظرية تطبيقية)، د. علي ابراهيم، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢.
٣٤- زمن الرواية، جابر عصفور، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.

هەوراز کتێب

٣٥- الصوت الآخر ـ الجوهر الحواري للخطاب الأدبي، فاضل ثامر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٩١.

٣٦- الفضاء الروائي عند جبرا إبراهيم جبرا، ابراهيم جنداري، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد، الطبعة الاولى، ٢٠٠١.

٣٧- الالكتابة في درجة الصفر، رولان بارت، ت: د. محمد نديم خشفة، مركز الإنماء الحضاري، الطبعة الأولى، حلب، ٢٠٠٢.

٣٨- المتخيل السردي (مقاربات نقدية في التناص والرؤى والدلالة)، عبدالله إبراهيم، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٠.

٣٩- المدخل الى علم النفس الإجتماعي، د. باسم محمد ولي، أ. د. محمد جاسم محمد، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الطبعة الأولي، ٢٠٠٤.

٤٠- المدخل الى مناهج النقد المعاصر، د. بسام قطوس، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الأسكندرية، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦.

٤١- المرايا المحدبة (من البنيوية الى التفكيكية)، د. عبدالعزيز حمودة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٨.

٤٢- المصطلح السردي (معجم المصطلحات)، جيرالد برنس، ت: عابد خزندار، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣.

٤٣- الممارسة النقدية، كاثرين بيلسي، ت: سعيد الغانمي، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠١.

٤٤- النظرية الأدبية المعاصرة، رامان سلدن، ت: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط ١، ١٩٩٦.

٤٥- النظرية الأدبية المعاصرة، رامان سلدن، ت: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٦.

٤٦- النظرية المعاصرة، رامان سلدن، ت: سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦.

٤٧- النقد الأدبي الحديث، د. علي عبدالرزاق محمود، بغداد، ١٩٩١، (ناوى دەزگای چاپی لەسەرنییە).

٤٨- النقد التطبيقي التحليلي، د. عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٦.

٤٩- الوجود والزمان والسرد (فلسفة پول ريكور)، ديفيد وورد، ت: سعيد الغانمي، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.

٥٠- انيشتاين والنظرية النسبية، د. محمد عبدالرحمن مرحبا، منشورات مكتبة النهضة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٣.

٥١- بحوث في الرواية الجديدة، ميشال بوتور، ت: فريد أنطونيوس، منشورات دار عويدات، بيروت، ١٩٨١.

٥٢- بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ)، سيزا قاسم، مؤسسة التنوير، (مێژووی چاپی لەسەرنییە).

٥٣- بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، المركز الثقافي العربي، بيروت، الطبعة الأولى،١٩٩٠.

٥٤- تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، يمنى العيد، دار الفارابي، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٠.

٥٥- تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، آمنة يوسف، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، الطبعة الأولى، ١٩٩٧.
٥٦- تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ترجمة وتعليق: د. محمود الربيعي، دار المعارف بمصر، القاهرة، ١٩٧٥.
٥٧- حول نظرية النثر، بوريس آيخنباوم، ت: إبراهيم الخطيب، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٢.
٥٨- خمسة مداخل الى النقد الأدبي (مقالات معاصرة في النقد)، تصنيف: ويلبر س. سكوت، ت: عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق الخليلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.
٥٩- د.موريس ابو ناضر، الألسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩.
٦٠- دراسات في الرواية العربية، نزيه أبو نضال و آخرون، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٩٨.
٦١- دراسات في القصة العربية الحديثة (أصولها، إتجاهاتها، أعلامها)، د. محمد زغلول سلام، المعارف بالأسكندرية، ١٩٨٧.
٦٢- دراسات نقدية (من الأسطورة الى القصة القصيرة)، د. احمد زياد محبك، دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، دمشق، الطبعة الأولى، ٢٠٠١.
٦٣- دليل الناقد الأدبي، د. ميجان الرويلي ــ د. سعد البازعي، المركز الثقافي العربي، (سالّى چاپى لەسەرنییە).
٦٤- زمن الرواية، جابر عصفور، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.
٦٥- شعرية السرد في الرواية العربية المعاصرة، د. احمد جبر شعث، مطبعة القادسية للنشر والتوزيع، فلسطين، الطبعة الأولى، ٢٠٠٥.
٦٦- شعرية النثر، ت: أحمد المديني، م: الثقافة الأجنبية، العدد: ١، السنة الثانية، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٢.
٦٧- عالم الرواية، رولان برونوف وريال أوئيلية، ، ت: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٩١.
٦٨- عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، اديث كيرزويل، ت: جابر عصفور، دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.
٦٩- علم التأريخ ومناهج المؤرخين (في علم التأريخ نشأةً وتدويناً ونقداً وفلسفةً)، صئب عبد الحميد، مؤسسة الغدير للطبع والنشر، (مێژووى چاپى لەسەرنییە).
٧٠- علم اللسانيات الحديثة (نظم التحكم وقواعد البيانات)، د. عبد القادر عبد الجليل ــ أستاذ علم اللسانيات، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢.
٧١- فلسفة التأريخ، الإمام السيد محمد الحسيني الشيرازي، مؤسسة المستقبل للثقافة والإعلام، بغداد، الطبعة الثانية، ٢٠٠٦.
٧٢- فن الكتابة الرواية، ديان دوات فاير، ت: د. عبدالستار جواد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٨.زز

٧٣- في النقد الأدبي الحديث (منطلقات وتطبيقات)، د. فائق مصطفى ـ د. عبدالرضا علي، دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، الطبعة الثانية، ٢٠٠٠.

٧٤- في معرفة النص (دراسات في النقد الأدبي)، د. حكمت صباغ الخطيب ـ يمنى العيد، دار الآفاق الجديدة، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٨٤.

٧٥- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز الماضي، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان — بيروت، ١٩٨٥.

٧٦- في نظرية الأدب، د. شكري عزيز الماضي، دار الحداثة للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٥.

٧٧- في نظرية الرواية (بحث في تقنيات السرد)، د. عبدالملك مرتاض، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٩٩٨.

٧٨- قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت: صباح الجهيم، منشورات الثقافة والإرشاد القومي، دمشق، الطبعة الأولى، .١٩٧٧

٧٩- قضايا الفن الإبداعي عند دستوفسكي، م. ب. باختين، ت: د. جميل نصيف التكريتي، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الأولى، ١٩٨٦.

٨٠- الكتاب أرسطو (فن الشعر)، انجرام باي وتر، ترجمة وتعليق: د. ابراهيم حمادة، هلا للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، ١٩٩٩.

٨١- التشكيل الروائي عند نجيب محفوظ (دراسة في تجليات الموروث)، د. محمد أحمد القظاة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠.

٨٢- لذة النص، رولان بارت، ت. د. منذر عياش، Generele Organization of The Alexandri Library، بأتفاق خاص مع دار لوسوي للنشر، الطبعة الأولى، باريس، ١٩٩٢.

٨٣- مدخل الى التحليل البنيوي للقصص، رولان بارت، ت: منذر عياش، دار طلاس، الطبعة الأولى، سوريا، ١٩٩٣.

٨٤- مدخل الى التحليل البنيوي للنصوص، دليلة مرسلي وآخرون، دار الحداثة، الطبعة الأولى، ١٩٨٥.

٨٥- مدخل الى الرواية الأنكليزية، ارنولد كيبتل، ت: هاني الراهب، مطبعة وزارة الثقافة، المجلد الأول، دمشق، ١٩٧٧.

٨٦- مدخل الى علم لغة النص، ڤولڤگانگ هاينەمان ـ ديتر فيهڤگەر، ترجمة وتعليق: أ. د. سعيد حسن بحيري، مكتبة زهراء الشرق، القاهرة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤

٨٧- مدخل الى النص الجامع، جيرارد جينيت، ت: عبدالعزيز شبيل، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، بغداد، ١٩٩٩

٨٨- مدخل لدراسة الرواية، جيمي هوثرن، ت: درويش عطية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٦

٨٩- مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية، د. زكريا ابراهيم، دار مصر للطباعة والنشر، القاهرة، (مێژووی چاپی لەسەرنییە).

٩٠- مغامرة المنطق البنيوي (البنيوية كما هي)، ابراهيم علي محمود، مركز الأبحاث والدراسات الإشتراكية في العالم العربي، الطبعة الأولى، ١٩٩١.

٩١- مفهوم التأريخ (الجزء الأول ـ الألفاظ والمذاهب)، عبدالله العروي، المركز الثقافي العربي، (مێژووی چاپی لەسەرنییە).

٩٢- مفهومات في بنية النص (مجموعة المقالات المترجمة)، د. وائل بركات، دار معهد للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، الطبعة الأولى، ١٩٩٦.

٩٣- مقاربة الواقع في القصة القصيرة المغربية (من التأسيس الى التجنيس)، نجيب العوفي، المركز الثقافي العربي، بيروت ـ لبنان، الطبعة الأولى، ١٩٨٧.

٩٤- نظريات السرد الحديثة، والاس مارتن، ت: حياة جاسم محمد، المجلس الأعلى للثقافة، بغداد، ١٩٩٨.

٩٥- نظرية الادب، اوستن وارين ـ رينية ويليك، ت: محي الدين صبحي، مراجعة، مطبعة خالد طرابيشى، دمشق، ١٩٧٢.

٩٦- نظرية الأدب، رينيه ويليك - اوستن وارين، ت. محي الدين صبحي، ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٧.

٩٧- نظرية البنائية في النقد الأدبي، د. صلاح فضل، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الثالثة، ١٩٨٧.

٩٨- نظرية السرد من وجهة النظر الى التبئير، واين بوث وآخرون، ت: ناجي مصطفى، منشورات الحوار الأكاديمي والجامعي ، دار البيضاء، الطبعة الأولى، ١٩٨٩.

٩٩- نظرية المنهج الشكلي (نصوص الشكلانيون الروس) ف. شكلوفسكي، ت: ابراهيم الخطيب، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٢.

١٠٠- نقد النقد (رواية تعلم)، تزفتيان تودوروف، ت: د. سامي سويدان، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٨٦.

هەوالنامەی کتێب

### پ- ئینگلیزییەکان:

101- Animal Farm، George Orwell، jungle pup، Hopkins، Jocelyn popper، first edition ، اصفهان، الكتابخانه مللى ايران، 2004

102- Hamlet، William Shakspear، Wordsworth Edition Limited، Great Britain، 1996

103- Linguistics and the Novel، Roger Fowler، T. J. press (Padstow)، fourth edition، Great Britain، 1989

104- Nation and Novel – A Study of Persian and Kurdish Narrative Discourse، Hashem Ahmadzadeh، Uppsala University Library، Uppsala، Sweden، 2003

105- Physics، T. B. Akrill & Others، British Library Cataloging in Publication Data، 1st edition، 1979

106- Studying the Novel، (an introduction)، Jeremy Hawthorn، British Library Cataloguing in Publication data، fourth edition، New York، 1989

## دووەم: گۆڤارو رۆژنامەکان:

### أ- کوردییەکان:


١٠٧-بینای رووداو لە چیرۆکدا، محەمەد ئەحمەد حەسەن، گۆڤاری رامان، ژ: ١١٥، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری رامان، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٠٨-بونیادی گێڕانەوە لە کورتە رۆمانی (مولازم تەحیسن و شتی تریش)، نەجم ئەلوەنی، گ. رامان، ژ. ٦٨، ناوەندی رۆشنبیری گولان، هەولێر، ٢٠٠٢.

١٠٩-پێناسە .. بنەما .. تێبینی، عەبدوللا سەڕاج، گۆڤاری کاروان ژ: ١٠٨، ١٩٩٧.

١١٠- التحریف الزمني للسرد في قصص زکریا تامر، د. ظاهرلطیف کریم ــ ئەڤین رمزی حسن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ــ بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەریدەکات، ژ: ٦، ٢٠٠١.

١١١- تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، نەجم خالید نەجمەددین، گۆڤاری زانکۆ، ژ: ٢٤، هەولێر، ٢٠٠٥.

١١٢- توخمەکانی رۆمان، گۆران سەباح غەفور، گۆڤاری: کاروان، ژ: ١٩٤، ٢٠٠٥.

١١٣- رۆمانی کوردیو تایبەتمەندییەکانی، سابیر رەشید، گۆڤاری ئایندە، ژ: ٦٦، ٢٠٠٠.

١١٤- رۆمانی هێلانە لە نێوان نووسینەوەی واقیعو بە ئەدەبکردندا، عەتا قەرەداغی، گۆڤاری ئایندە، ژ: ١، ١٩٩٩.

١١٥- چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (شێرزاد حەسەن)ی رۆماننووس، گۆڤاری سپی تر، گۆڤارێکی ئەدەبی ــ فەرهەنگی ــ هونەرییە، ناوەندی ژیوەر، ژ: ١، پاییزی ٢٠٠٣.

١١٦- چەند پەیڤێك لە بارەی چیرۆکی کوردی، شێرکۆ بێکەس، گۆڤاری ئایندە، ژ: ٤٩، ساڵی ٢٠٠٣.

١١٧- گەڕانەوە بۆ رەفزەکانی رابردوو لە کورتە رۆمانی "سۆناتای رۆح"ی عەبدوللا سەڕاجدا، عەتا قەرەداغی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ: ٢٢، ٢٠٠١.

١١٨- گەمە هونەرییەکانی تاریکستانی لم، سابیر رەشید، گۆڤاری رامان، ژ: ٢١، دەزگای رۆشنبیریو راگەیاندنی گولان، هەولێر، ١٩٩٨.

١١٩- فڕاندن یان رفاندن (توێژینەوەیەکی ئێتیمۆلۆجی)، میران جەلال محەمەد، رۆژنامەی هاوڵاتی، ژ: ٢٢٤، رۆژ: ١٨-٣-٢٠٠٦

١٢٠-قارەمانو رووداو لە چیرۆکی کوردیدا، حەمەسەعید حەسەن، کۆواری شین، ژ: ١٠، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠٥.

١٢١- مەرگی تاقانەی دووەم ــ گێڕانەوەی زیندوو .. خەونی مردوو، ئازاد سوبحی، گۆڤاری رامان، ژ: ٤٣، دەزگای رۆشنبیریو راگەیاندنی گولان، هەولێر، ٢٠٠٠.


### ب- عەرەبییەکان:


١٢٢- ألإنشائیة الهیکلیة، تزفتیان تودوروف، ت: مصطفی التواتي، مجلة الثقافة الأجنبیة، العدد: ٣، السنة الثانیة، دار الشؤون الثقافیة والنشر، بغداد، ١٩٨٢

١٢٣- الروایة (الشکل والمضمون)، بیرنارد برجونزي، ت: د. سلیم الأسیوطي، الأقلام (مجلة فکریة عامة تصدرها وزارة الإعلام)، العدد: ١١، السنة الثانیة عشرة، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد، ١٩٧٧


هەولێرنامەی ئێتێر

١٢٤- السيرة عملا فنيا، أندرية موروا، ت: ناجي الحديثي، م: الثقافة الأجنبية، العدد: ٤، السنة الرابعة، دار الشؤون الثقافية والنشر، بغداد، ١٩٨٤

## سێیەم: ئینتەرنێت:

١٢٥- اركان القصة القصيرة، عزيزة مريدن، www.awu-dam.org.

١٢٦- اسرار التخيل الروائي، نبيل سليمان، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، www.awu-dam.org.

١٢٧- اهمية الزمان في الفلسفة والأدب (مدخل نظري)، آسية البوعلي ـ مدرس بقسم اللغة العربية، جامعة سلطان قابوس، www.nizwa.com.

١٢٨- البنيوية، إعداد الندوة العالمية للشباب الإسلام، www.saaid.net.

١٢٩- تطوّر البنية الفنية في القصة الجزائرية المعاصرة (١٩٤٧ — ١٩٨٥)، شريبط احمد شريبط، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٨، www.awu-dam.org.

١٣٠- تحليل الخطاب الأدبي على ضوء المناهج النقدية الحداثية، محمد عزام، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، www.awu-dam.org.

١٣١- توظيف التراث في الرواية العربية المعاصرة، د. محمد رياض وتار، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢، www.awu-dam.org.

١٣٢- تيار الوعي (رؤية نفسية زمانية مكانية مع دراسة تطبيقية على رواية "يحدث أمس" للروائي الكويتي "إسماعيل فهد")، د. مصطفى عطية، www.mrafee.com.

١٣٣- الرواية العربية البناء والرؤيا (مقاربات نقدية)، د. سمر روحي الفيصل، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، www.awu-dam.org.

١٣٤- السرد في الرواية العربية المعاصرة، عبدالله إبراهيم، www.abdullahibrahem.com .

١٣٥- السيميائية من نظرية المحاكاة إلى النظرية الشكلية، د. أحمد طالب (أستاذ الأدب الحديث و المعاصر- كلية الآداب - جامعة تلمسان)، www.ahmed-talib.com.

١٣٦- شعرية الخطاب السردي (دراسة)، محمد عزام، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، www.awu-dam.org.

١٣٧- شعرية السرد والنحو السردي عند تزيفيتان تودوروف، د. عمر عيلان، مجلة اتحاد الكتاب العرب، www.awu-dam.org.

١٣٨- طريقة جاكبسون في دراسة النصّ الشعري (دراسة)، عبد الفتاح المصري، مجلة الموقف الأدبي (مجلة أدبية شهرية تصدر عن اتحاد الالكتاب العرب بدمشق)، www.awu-dam.org.

١٣٩- علم النفس في القرن العشرين (الجزء الأول)، د. بدرالدين عامود، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، www.awu-dam.org.

١٤٠- الفرويدية، الموسوعة الإسلامية المعاصرة، www.islampedia.com.

١٤١- فن المونتاج، منى الصبان، الأستاذ بمعهد السينما — أكاديمية الفنون بالقاهرة، مدير المدرسة العربية للسينما والتليفزيون على شبكة الإنترنت، www.arabfilmtvschool.edu.eg.

١٤٢- في مشكلات السرد الروائي (قراءة خلافية في عدد من النصوص والتجارب الروائية العربية، والعربية السورية المعاصرة)، د. جهاد عطا نعيسة، منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، www.awu-dam.org.

١٤٣- القراءة البنيوية، جابر عصفور، www.arraee.com.

١٤٤- مدخل الى نظرية الرواية ، د. جميل حمداوي، مجلة الأقلام الثقافية، www.aklaam.net.

١٤٥- مقتل روجر آكرويد، أجاثا كريستي، ت: أمل شرقي، الأجيال للترجمة والنشر، الطبعة الأولى، مصر، ٢٠٠٥، www.al-ajyal.com.

١٤٦- مكونات السرد في الرواية الفلسطينية (دراسة)، د. يوسف حطيني، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩، www.awu-dam.org.

١٤٧- النص المسرحي ـ الكلمة والفعل (دراسة)، فرحان بلبل، من منشورات آتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣، www.awu-dam.org.

١٤٨- النص والأسلوبية بين النظرية والتطبيق، عدنان بن ذريل، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٠، www.awu-dam.org .

١٤٩- من تأريخ الرواية (دراسة)، حنا عبود، من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢، www.awu-dam.org.

١٥٠- نظريات القراءة والتأويل الأدبي وقضاياها، د. حسن مصطفى سحلول، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، www.awu-dam.org.


### چوارەم: رۆمانەکان:


١٥١- ئەژدیها (رۆمان)، موکری، چاپەمەنی زاموا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٥٢- ئەندێشەی مرۆڤێك (رۆمان)، حسین عارف، مطبعة الأجیال، چاپی یەکەم، بغداد، ١٩٩٠.

١٥٣- ئێوارەی پەروانە (رۆمان)، بەختیار عەلی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٥٤- بوهژین (رۆمان)، نافع ئاکرەیی، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیریو لاوان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٨٩.

١٥٥- پاشایان کوشت (رۆمان)، خوسرەو جاف، مطبعة دار الرسالة، بغداد، ١٩٩٣.

١٥٦- پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان (رۆمان)، شێرزاد حەسەن، چاپەمەنیو ئۆفسێتی تیشك، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٥٧- خەونی جاڵجاڵۆکەکانو ژنێکی منگن، دوو نۆڤلێت، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٥٨- دەربار (رۆمان)، خوسرۆ جاف، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

١٥٩- دواهەمین هەناری دونیا (رۆمان)، بەختیار عەلی، نیوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢.

١٦٠- سەگوەڕ (رۆمان)، محمد موکری، چاپخانەی داناز، چاپی چوارەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٦١- شار (رۆمان) - بەرگی یەکەم، حسین عارف، مطابع شركة الاديب البغدادية، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٦.

١٦٢- کۆردەردە (رۆمان)، خوسرەو جاف، مطابع دار الجماهير للصحافة، الطبعة ألأولى، بغداد، ١٩٨٩.

١٦٣- كانگای بەلا (رۆمان)، حسام بەرزنجی، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٨.
١٦٤- كوێخاسێوێ (رۆمان)، عەزیزی مەلای رەش، مطبعة الثقافة والشباب، الطبعة ألأولى، بغداد، ١٩٨٦.
١٦٥- كۆچڕەو ... كۆچڕەو (رۆمان)، عەبدوڵلا سەڕاج، دەزگای چاپو بلاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٣.
١٦٦- هەرەس (رۆمان)، محەمەد موكری، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك، چاپی چوارەم، ٢٠٠٥.

## پێنجەم: نامەكان:

### أ- كوردییەكان:

١٦٧- بنیاتی جۆرەكانی رووداو لە رۆمانی كوردی باشوری كوردستان (١٩٨٥ - ١٩٩٠)، ریزان عوسمان مستەفا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان ــ زانكۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٨
١٦٨- بنیاتی كارنامەیی لە دەقی نوێی كوردیدا، عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد، تیزی دكتۆرا، كۆلێژی زمان ــ زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٧
١٦٩- تەكنیكی گێڕانەوە لە رۆمانەكانی (عەبدوڵلا سەڕاج)دا، رێزان رەحمان خدر، نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردە ــ زانكۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٧
١٧٠- ڕەنگدانەوەی روداوی مێژوویی لە رۆمانی كوردیدا، ئیبراهیم عەبدولڕەحمان، نامەی ماستەر، زانكۆی ئیبن روشد، بەغداد، ١٩٩٠
١٧١- ریالیزم لە رۆمانی كوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، عادل مەجید محەمەد، نامەی ماجستێر، كۆلێجی پەروەردە ــ زانكۆی ئیبن روشد، ١٩٩٦
١٧٢- شاكەس لە رۆمانی كوردی كوردستانی عێراقدا ــ ١٩٩٠-١٩٩٧، محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، نامەی ماستەر، كۆلێجی ئاداب ــ زانكۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٠
١٧٣- لێكۆڵینەوەی كورتە چیرۆكی كوردی لە كوردستانی باشووردا ١٩٧٠ — ١٩٨٠، ئیبراهیم قادر محەمەد، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی ئاداب ــ زانكۆی سەلاحەددین، ١٩٩٧
١٧٤- ناوەڕۆك و تەكنیكی درامای كوردی (١٩٩١ - ٢٠٠٢)، یاسین رەشید حەسەن، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان ــ زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٤

### ب- عەرەبییەكان:

١٧٥- بناء الشخصيات في روايات غسان كنفاني، سرور عبدالرحمن عبدالله، رسالة ماجستير، كلية الآداب ــ جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤.
١٧٦- البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم دغيم العاني، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب ــ جامعة بغداد، ١٩٨٧.
١٧٧- البناء الفني في رواية الحرب العربية في العراق (١٩٨٠- ١٩٨٥)، عبدالله ابراهيم علاوي، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٧.
١٧٨- تقنيات السرد في روايات أحمد خلف، آريان عبدالقادر عثمان، رسالة ماجستير، كلية اللغات ــ جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٧.

١٧٩- التكنيك والموضوعات الدالة بين القصة الإنگليزية والعربية والكردية القصيرة، نيان نوشيروان فؤاد، رسالة ماجستير، كلية الآداب ـ جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥.

١٨٠- خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في الرواية التأريخية العربية (١٨٧٠- ١٩٣٩)، رسالة ماجستير، كلية الاداب ـ جامعة بغداد، ١٩٨٩.

١٨١- السرد عند الجاحظ (البخلاء نموذجاً)، فادية مروان احمد الونسة، رسالة دكتوراه، كلية الاداب ـ جامعة الموصل، ٢٠٠٤.

١٨٢- السرد في المقامات النظرية، هيرش محمد أمين، أطروحة دكتوراه، كلية اللغات ـ جامعة كوية، ٢٠٠٧.

١٨٣- محي الدين زنكنة روائيا، رؤوف عثمان معروف، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب ـ الجامعة المستنصرية، ٢٠٠٧.

## چوارەم: فەرهەنگەکان:

### أ- عەرەبییەکان:

١٨٤- معجم مصطلحات نقد الرواية (عربي ـ إنجليزي ـ فرنسي)، د. لطيف زيتوني، دار النهار للنشر، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢

١٨٥- معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، د. سعيد علوش، دار الالكتاب اللبناني، بيروت، ١٩٨٥

### ب- ئینگلیزییەکان:

186- Oxford French Minidictionary، (French – English، English - French)، edited by Oxford University، Oxford University Press، third edition، 2004

## پێنجەم: چاوپێکەوتنەکان:

١٨٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ پ. د. فاروق عومەر سدیقدا، مامۆستای بەشی کوردی ـ کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی، ڕێکەوتی ٢٩- ١- ٢٠٠٨.

١٨٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز (پ. ی. د. محەمەدی مەحوی)، مامۆستای بەشی کوردی ـ کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سلێمانی، ڕێکەوتی ٢٠ – ٢ – ٢٠٠٨.

١٨٩- چەند چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ (شێرزاد حەسەن)ی ڕۆماننووسدا، کە بەرهەمێکە ئامادەکراوە بۆ چاپو بڵاوکردنەوە لە لایەن چاپخانەی (ڕەنج)ەوە.

## شەشەم: وانەکان:

١٩٠- وانەکانی (ڕەخنەی ئەدەب) لە قۆناغی ماستەردا، (پ. ی. د. دڵشاد عەلی محەمەد)، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧.

* * * * * * * * * * *

**ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی نامەی (ماجستێر) و لە کۆلێجی زمان/ زانکۆی سلێمانی پێشکەش کراوە**

**پ. ی. د. فازیل مەجید مەحمود سەرپەرشتی کردووە**

# Abstract

This research، "Event Structure in Kurdish Novels of Southern Kurdistan"، aims at enlightening one of the elements that composes genre of novel. The research consists of three chapters; a theoretical part and two practical parts .

The first part focuses on the most important definitions and views related to the element of event and they are showed in the narrative texts in general and especially in the genre of novel. Position of event in novels and its relation to other elements (character، place and time) are discussed and finally differences between events of novels and historical events are mentioned .

The second part is devoted to find and specify those structures which are practically adopted in the event arrangement in the Kurdish novels of Southern Kurdistan and each structure is exemplified by a novel .

The third part deals with the role of narration، then methods and types of narration techniques including all their branches and examples for each type are provided from different novels for practicing its characteristics .

Finally، the research is ended by significant conclusions which are obtained throughout this study

**بەمەبەستی خوێندنەوەو وەرگرتنی سەرجەم بەرهەمو بابەتەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی سەردانی ماڵپەڕی مەڵبەندی کوردۆلۆجی بکەن،**

**ناونیشان:**

www.kurdology.com

هەولێرنامەی کتێب

## له بلاوكراوەكانی مەلبەندی كوردۆلۆجی

### بەرهەمی نووسین

١-فەرهەنگی رێزمانی كوردی، د. كەمال میراودەلی.

٢- فەرهەنگی زەویزانی، جەمال عەبدول.

**٣-حركات الخوارج فی غربی إقليم الجبال وشهرزور والجزيرة الفراتية:عطا عبدالرحمن محي الدين.**

٤- سۆفیزم و كاریگەریی له بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورددا: ١٨٨٠- ١٩٢٥، د. جەعفەر عەلی

٥-قـضـــاء هەلـەبجـــە، دراسه فی **الجغرافيه الإقليميه: عطا محمد علاءالدين.**

٦-رۆلی هۆكـــــاره سیاســــییەكان له دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا: جاسم محەمەد حەمەد

٧-پەیوەندییە سیاسییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا، ١٩٩١-١٩٩٨: هێرش عەبدوڵلاّ حەمەكەریم.

٨-رۆژنامەگەریی خوێندكارانی كورد له ئەوروپاو ئەمریكا، ١٩٤٩-١٩٩١ ، نەوزاد عەلی ئەحمەد.

٩-هوشیاری كۆمەلآیەتی، فواد تاهیر سادق

١٠-شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ ، د. ئاكۆ عەبدولكەریم شوانی.

**١١-إقليم كوردستان العراق في دائرة السياسات النفطية العالمية، د. محمد رؤوف سعيد مهندس زمناكو سعيد**

١٢-بەعەرەبكردن له هەرێمه كوردنشینەكاندا ٦٣- ٨٤٧ ز، رحيم ئەحمەد ئەمین

**١٣-تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسي، صلاح الدين انور قيتولي**

١٤-كۆیه، كامەران طاهر سەعید

١٥-بوون له شیعری مەحویدا، د.محەمەد ئەمین عەبدوڵلاّ

١٦-شێواز له شیعری كلاسیكیی كوردیدا، حەمه نوری عمر كاكی

١٧- ئەرمەنۆساید، مامەند رۆژه

١٨-كولتوور و ناسۆنالیزم، د. رەفیق سابیر

١٩- بنیاتی كارنامەیی له دەقی نوێی كوردیدا، د. عبدالقادر حمه امين محمد

٢٠-رستەی باسمەند له زمانی كوردیدا، كاروان عومەر قادر

٢١- جیۆگرافیای باشووری كوردستان، د. عەبدوڵلاّ غەفوور

٢٢-دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر، فاتیمه قادر مستەف

٢٣- ئیدیۆم چەشنو پێكهاتنی له زانی كوردیدا، شیلان عومەر حسەین

٢٤-شیعری ناوچەی موكریان، د. عوسمان دەشتی

٢٥-الهجرة والتغير الديموغرافی و خطط التنمية فی العراق اقليم كوردستان نموذجا، رزگار سعيد قادر.

٢٦-بنیاتی رووداو لەرۆمانی كوردیی باشووری كوردستاندا، میران جەلال محەمەد

26/Report on the Sulaimani District of Kurdistan، E.B. Soane.

### بەرهەمی وەرگێران

١-كۆمەلكوژییەكەی دەرسیم، حوسێن یلدرم، له سوێدییەوە: كاوه ئەمین.

٢-جەنگی عێراق، كاپلان و كریستل، له ئینگلیزییەوە: عەبدولكەریم عوزێری.

٣-یاسا دەستوورییەكانی توركیا و كورد له سەردەمی نوێدا، م. ئە. حەسرەتیان، له روسییەوە: د. دلێر ئەحمەد

٤-سلێمانی ناوچەیەك له كوردستان، ئی.بی. سۆن، له ئینگلیزیەوە: مینه.

٥- شەرەفخانی بەدلیسی- سەردەم، ژیان، نەمریی، یڤگێنیا ڤاسیلیێڤا، له روسیەوە: د.ئارام عەلی

٦-ریشەی كاریگەرییەكانی بریتانیا له میسۆپۆتامیادا: زەكی سالح ، له ئینگلیزییەوە : كامیل محەمەد قەرەداغی

- **گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژماره یەكی ساڵی ٢٠٠٨**
- **گۆڤاری كوردۆلۆجی، ژماره دووی ساڵی ٢٠٠٩**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب